

# نامە ناخوێنرێتەوە

جەلیل عەباسی (قەقنەس)

خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی
چوارچرا

زنجیرە
(      )

ناونیشان: سلێمانی سەرەتای شەقامی
مەولەوی- فەرعی سەعید تەها کۆیی
07701575067-07501128388

Emil: chrachra85@yahoo.com
http://www.facebook.com/chwarchra.chapxanai?ref=tn_tnmn



# نامــه ناخوێنرێتەوە

جەلیل عەباسی (قەقنەس)

ناونیشان:

- ناوە کتێب: نامە ناخوێنرێتـەوە.. (کۆمەڵـە نامەیـەکی نووسراو/ وەرگێڕدراو)
- نووسین و وەرگێڕان: جەلیل عەباسی
- پێتچنین: نووسەر
- کاری بەرگ: ئیبراهیم ساڵح
- تیراژ: 500 دانە
- چاپخانە: چوارچرا
- چاپ: یەکەم، 2018
- نرخ: پێنج هەزار

- لەبەڕێوەبەرایەتی گشـتی کتێبخانـە گشـتیەکان ژمارەسپاردنی (    ) ساڵی 2018ی پێدراوە.

پێڕست:


- سەری نامە، (وەك پێشەکی):...

***بەشی یەکەم، نامەی وەرگێڕدراو:...***

- دوایین نامەی بتهۆڤن:.....
- دوایین نامەی لۆمۆمبا:.....
- نامەی چارلی چاپلین بۆ ژرالدینی کچی:.....
- نامەیەکی ئاشقانەی دکتۆر عەلی شەریعەتی:.....
- نامەی فەخروساداتی موحتەشەمی بۆ مستەفا تاج زادەی...:.....
- رۆژگارێکی سەیرە/ عەلی مەزروعی:.....
- جەژنی لەناوچوونی ملهوڕیی دینی/ نامەی سرووش بۆ خامنەیی:.....
- نامەی موحسین مەخمەڵباف بۆ خامنەیی:.....
- نامەیەکی تووڕە لە (عەبدولکەریم سروش)ەوە:......
- نامەیەك لە (حەسەن مساوات/ حوجەت)ەوە بۆ سەید عەلی:.....

***بەشی دووەم نامە نووسراوەکان:...***

- با ئازیزەکانم لە هەقیقەتی رووت تێبگەن:.....
- سکاڵایەك لەگەڵ ئەدهەمدا:.....
- نامەیەکی کراوە بۆ نێچیرڤان بارزانی:.....
- کوردینە جارێکیدیکەش ببنەوە مەزەی بەدمەستییەکانم:.....
- سکاڵایەکی دڵی شکاوی کانی:.....
- حافز دەڵێت: وەفاتان چیی بەسەر هات؟:.....

- دەردی دڵ بۆکێ بەیان کەم:......
- وڵامنامەیەکی کراوە بۆ ئیلنۆرچەڤیك و فاتح ئالتایلی:......
- بانگ.. بانگ.. بانگەواز:......
- نامەیەکی کراوە بۆ مەسعود بارزانی:......
- حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو کوێ؟:......
- بۆ بەڕێز مەسعود بارزانی:......
- لە بەرانبەر ئیرادەی نەتەوەییدا چۆك دابدەن:......
- وەفاتان گەر ماوە هێشتا:... (پێشنیارێك بۆ سەرۆکی حکوومـەتی هەرێم (نێچیرڤان بارزانی):......
- ئەوەی نەیویست من و تۆ ببینە ئێمە، ماڵی وێران:......
- بەرەو گردەکە (نامەیەکی کراوە لە کەشێکی داخراودا بۆ نما):......
- بروسکە نامەیەکی بەپەلە بۆ سەرۆکی هەرێم:......
- پەیامێك بۆ گەنجە سەر زیندووەکانی کەرکوکی کوردان:......
- مەشخەڵێك بۆ بەردەرکی سەرا:.......



# نـــــامە ناخوێنرێتەوە

سەری نامە:...

***" ئەم جیهانە، بۆ ئەو کەسەی بیر دەکاتەوە، (کومێدی)یە و بۆ ئەو کەسەش هەست پێدەکات، (تراژێدی)یە، هەر بۆیەش (دیمۆکریتۆس) پێکەنی و (هراکلیتۆس)یش گریا"***

بە پێی ئەو قسەیەی سەرەوە بێت، من هیچکات نەمتوانیوە بیر بکەمەوە، چونکە ژیان بۆ من و لای من، تا ئێستاش تراژیدییەکی بەردەوام بووە، بۆیەش هەمیشە گریاوم و هەردەمیش دەگریم.. نازانم، ئایا هیچ پەیوەندییەکی رۆحی لە نێوان من و (هراکلیتۆس)دا هەیە، یانخود لە ولاتی مندا هەموو (هراکلیتۆس)ەکان منن و هەموو (من)ەکانیش هراکلیتۆس.. زۆرکەس پێمدەڵێن رەشبینم و خۆیشم بە (واقیعبینی)ی دەزانم، واتە هەمان (هەست پێکردن).. هەست کردن بە بڕشتی درۆ.. هێزی دراو.. لۆژیکی چەك.. گەرمیی خوێن.. تێکچوونی ئاراستەی ژیان.. باڵکێشانی ناڕاستی و نادروستی بەسەر ژیانی مرۆییدا.. بەرەو هەڵدێر چوونی کۆمەڵگە.. خیانەتی ئەربابەکانی درۆ و دراو.. سپڵەیی دۆستەکانی دوێنێ و بێ ئیرادەیی ئومێدەکانی دواڕۆژ.. چەواشەیی سیاسەت و سیاسیکاران و سیاسەتبازان و بە لاڕێدا بردنی ئاراستەی بزاڤی رزگاریخوازی.. لاوازیی هەستی مرۆیی و سەرگەردانبوونی بیر و مێشکە راستیخوازەکان.. هەموو ئەمانە واقیعی نەخوازراوی داسەپاوی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی مرۆییمانن و مەحکوومیشین بەوەی لەگەڵیان بژین و پاساویشیان بۆ بهێنینەوە. ئەمەیە کە توانای بیر کردنەوە دائەهێزرێت و هەستپێکردن زەقتر دەبێتەوە.. کاتێ وایشی لێهات، ئەوا بیانوویەك بۆ پێکەنین نامێنێت و گریان هەموو جەستەی مرۆڤ دا دەگرێت، چونکە هیچ جوانییەك لە ژیاندا نامێنێ مرۆڤ بخاتە بزە

و خەندەی شادییەوە، بەڵکوو هەر خەمە و خەمە و خەمە.. خەمی ناڕاستی.. خەمی نادروستی.. خەمی نادادپەروەری و حەسرەتی تەقینەوەیەك بە ڕووی بنەما و سەرچاوەکانی ئەو هەموو خەمەدا. کەواتە، پێموایە ئێمە هەموومان دەگرین، چونکە هەست پێدەکەین.. چونکە بێبەشین لە بیانووەکەی دیموکریتۆس و تێکەڵی تراژیدیایەکەی لای هراکلیتۆسین.

زۆرجار خوێندنەوەی مێژووی نووسراو بەهەڵەماندا دەبات، چونکە یا تۆماری (فەرموودە)ی سەرکردەکانە و بەرییە لە راستیی مرۆڤانە یانخود هەڵڕشتنی رقی نەیارانە بەسەر تەرمی دەسەڵاتدارانی دوێنێدا.. دەڵێن: "ستەمکارانی ئەمڕۆ، هەمان ستەمکێشانی دوێنێن" بەمپێیەش هیچکات ناتوانین چاوەڕوانی راستگۆیی بین لە زاری قەڵەمە نەخۆشەکانی سەر بە دەسەڵاتەوە و هەروەها ناتوانین چاوەڕێی دروستیی سەرچاوەی نووسراوە دژ و ناکۆکەکانیش بین، کەواتە، تاقە یە رێگا دەمێنێتەوە بۆ ناسینی مێژووی راستەقینەی هەر وڵات و نەتەوەیەك: ئەدەب. ئەوەندەی لە دوو توێی شیعرێکدا دەتوانی هەقیقەتی مرۆیی لەمەڕ کۆمەڵگەیەك بدۆزیتەوە، نیو ئەوەندەش ناتوانی پشت بە مێژووی رووتی نووسراو ببەستی.. ئەوەندەی لە ناو دێڕەکانی چیرۆکێکدا وڵاتێك دەناسی، نیو ئەوەندە ناتوانی لە رێگەی مێژووی دروستکراوی ژێر دەستی دەستوپەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا پەی پێ بەری.. ئەوەندەی لە رێگەی نامەیەکەوە دەتوانی بگەیتە راستیی رووداوێك، نیو ئەوەندە ناتوانی ئەو راستییە لە رووپەڕی نووسینە (دیکتە کراو)ەکانی کوڵەنووسەرانی ناو دەسەڵاتدا بیگەیتێ. پەنا بردنە بەر نامە و هەڵبژاردنی ئەم چەند نامەیەش بۆ هەمان روانگە و مەبەست

دەگەڕێتەوە: هیوادارم لەم رێگەیەوە توانیبێتم تیشکێك لە هەقیقەتی ژیان وەر بگرم و بیخەمە ناو زەینی خوێنەر.

پێویستە بڵێم ئەم نامانە یەکدەست نین.. یەك زمان و یەك لۆژیك و یەك ئاراستەیان نییە.. جۆراوجۆرن.. هەموو بوار و لایەنەکانی کۆمەڵگە لە خۆ دەگرن.. سیاسین.. کۆمەڵایەتین.. ئەدەبین.. مێژوویین.. دڵدارین و...، هەرکامەشیان پەیامێکی لەمەڕ هەقیقەتی شاراوەی کۆمەڵگەی خاوەن نامەکان تێدایە و دەبنە ئاوێنەیەکی باڵانوێنی ساف و رۆشن بۆ پیشاندانی ئەو هەقیقەتە بە ئێمەی خوێنەر. بەلای منەوە، زۆربەی زۆری ئەو نامانە (بەشە وەرگێڕدراوەکە) نزیکن لە واقیعی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێمە و بە جۆرێك، پشکێکیان لە هاوکێشەکانی ئێمەش لە خۆ گرتووە، هەر بۆیەش هەڵمبژاردوون و وەرم گێڕاونەتە سەر زمانەکەمان.

بۆ (بەشی نووسراو)یش هیچ ناڵێم، چونکە دەزانم گەر هەموویان نا، ئەوا زۆربەی زۆریان قسەی دڵی هاوولاتییەکانی خۆمن و لە زاری منەوە هەڵڕژاون.

هێوادارم توانیبێتم لە بەشە وەرگێڕدراوەکەدا ئەو پەیامە هاوبەشەی نێوان نووسەرانی نامەکە و کۆمەڵگەی خۆمان بگەیەنم و لە بەشی دووەمیشدا قسەی دڵی هەزاران هاوولاتیم دەربڕیبێت و هەنگاوێکم لە رێبازی تۆمار کردنی مێژوویەکی راست و دروستی دەرەوەی بازنەی بەرتەسکی دەسەلاتدا هاویشتبێت و ئیتر شیکاری و ورد کردنەوەو پەیام لێوەر گرتنیان دەکەوێتە ئەستۆی خوێنەری وردبینی راستیخواز.

جەلیل عەباسی 2011/3/5 هەولێر



# نامە ناخوێنرێتەوە

*

# بەشی یەکەم، نامەی وەرگێڕدراو:...

دوایین نامەی بتهۆڤن:

لۆدویك ڤان بتهۆڤن شۆڕەسواری جیهانی مۆسیقاو کەڵە هونەرمەندی نەمری ئەڵمانی لە تەمەنی 26 ساڵیدا, واتە ساڵی 1796 لە ئاکامی دەرد و نەخۆشیەکی سەختدا هەردوو گوێی خۆی( هەستی بیستیاری) لە دەست دان و بۆ هەتا هەتایە لە بیستن بێبەش بوو. بەم دەردە کوشندەیەشەوە تا دوایین ساتەکانی ژیانی پڕ کەسەری هەر تلایەوەو لە هەمان حاڵیشدا بە تەلی کەمانە بێ گیانەکەی مەزنترین و زیندووترین ئاوازی مۆسیقاو سەمفۆنیای خولقاند, دەتوانین وەکوو شاکارێکی جیهانی و بێ وێنەی مۆسیقا، سەمفۆنیی شەشەمی بتهۆڤن ناو بەرین. ئەم شاکارە تاقانەیە کە بە سەمفۆنیای(پاستراڵ) ناسراوە, وێنەیەکی دەقاودەقی سروشتە. کاتێ بە وردی سەرنجی دەدەین و گوێی لێدەگرین, تێیدا چریکەی بولبول و مەلانی دیکەو شنەی شەماڵ و لەرەی گەڵاو هاژەی ئاو و ڕووبار دەبیسین و واهەست دەکەین لە ناو گوڵزارێکداین و ڕاستەوخۆ سەیرانی سروشت دەکەین و گوێمان بۆ شنەی گەڵای دارەکان و چریکەی بولبول و قومری ڕاگرتووە. هەر ئەم بەرهەمە بە نرخ و نەمرەش بۆتە هۆی لێدوان و مشت و مڕی ڕەخنەگرو خاوەن ڕا و پسپۆڕانی بواری مۆسیقا کە سەرەڕای لێکۆڵینەوە لە سەر نۆ سەمفۆنیاکەی بتهۆڤن بە تایبەت سەمفۆنیاکانی دووەم و پێنجەم و شەشەم و نۆیەم, زۆرتر ئاوڕیان لە سەمفۆنیای پاستراڵ داوەتەوەو لە سەری دواون و ڕەخنەیان لێگرتووە کە گوایە بتهۆڤن سیرف لاسایی

سروشتی کردۆتەوە(کۆپیی کردووە)و خۆی هیچ توانایەکی داهێنەرانەی نەبووەو بەتایبەتیش ئەو کارەی واتە سەمفۆنیای شەشەمی, بە شێوەیەکی زەق و دەقاودەق کۆپی کردنی سروشتە! ئەمەش لە حاڵێکدایە کە هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد بتهۆڤن پێش خولقاندنی ئەو بەرهەمەی کەڕ بووەو بەرهەمەکەشی لە کۆتایی 1797دا نواندووە, واتە چەند ساڵێك پاش کەڕ بوونی و لە ڕاستیدا بە هێزی بیری تیژو زەینی بە توانای خۆی خولقاندوویەتی. لە لایەکی دیکەشەوە زۆربەی جەماوەر بە بێ سەرنجدانە ئەو دەردە کوشندەیە کە هەمیشە ئەوی پێوە تلاوەتەوە, زۆر بێ بەزەییانە و ناسوپاسییەوە بە گژیدا چوون و سەرشاخیان گرتووە کە گوایە کابرایەکی شێت و دەمار گرژو خۆبەزل زانەو...هتد! هەر بۆیە لە ساڵی 1800 بە دواوە ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆرترو جەرگبڕتر دەکێشێت و بە تەواوەتی لە هەموو شت هیوا بڕاو دەبێت و هەر ئەو ئازار و ئەشکەنجە ڕۆحییە و ئەو هیوا بڕاوییەشە کە بیری بەرەو مەرگ ڕادەکێشێت و ئەو بیرەش لە ئۆکتۆبەری 1802دا وەکوو بومبایەك لە ناخیدا دەتەقێتەوە و هانی دەدات بۆ نووسینی سکاڵانامەیەك کە بە دوایین نامە یا لە ڕاستیدا وەسیەتنامە دەژمێردرێت کە پڕاوپڕە لە گلەو بناشتی دڵتەزێن و دەردە دڵی هەست هەژێن و هەرواش گەلێ نهێنی لە ژیانی پڕ لە ژانی ئەو ئەستێرە گەشەی ئاسمانی مۆسیقای جیهانیمان بۆ دەر دەخات.

**ئەمەش دەقی وەسیەتنامەکەی بتهۆڤن[1]:...**

**"بۆ براکانم کارل و یووهان بتهۆڤن،**

ئێوە ئەی خەڵکینە، ئەی ئەوانەی کە بە ڕق و بێزارییەوە سەیرم ئەکەن و بە پیاوێکی شێت و دەمارگرژ و تووڕەو لە خۆباییم دەزانن، ئای چەندە سەبارەت بەمن ستەمکارن! ئێوە هۆی شاراوەی ئەو ڕەفتارەم نازانن و لێی تێناگەن و لە خۆتانەوە بە شێتی و دەماربەرزیی لێك دەدەنەوە! ئێوە لەوە بێ ئاگان کە دڵ و گیانی من هەر بە منداڵیش هۆگری جوامێری و خۆشەویستی بوون و من هەمیشە ئامادە بووم بۆ خزمەت و خۆبەختکردن و لە خۆبوردوویی، بەڵام ئێوەش تەنیا بیر لەوە بکەنەوە کە ئەوە شەش ساڵی ڕەبەقە من تووشی دەردێکی خراپ و بارێکی دەروونیی ئاڵۆز و پڕ مەترسی هاتووم کە بە هۆی دکتۆرە نەزان و نەشارەزاکانەوە ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر و ئاڵۆزتریش بووە! ساڵ بە ساڵ بە بەڵێنی چاکبوونەوە فریویان داوم و سەرەنجامیش گەیشتوومەتە ئەو ڕاستییە جەرگبڕەی کە دەبێ لە گەڵ نەخۆشییەکی هەتاییدا ڕابێم و بتوێمەوە، نەخۆشییەك کە ئەگەر دەرمان و چارەسەر کردنی مەحاڵ نەبێت، دڵنیام ساڵەهای ساڵ دەخایەنێت و دەمهاڕێت! من کە بە هەستێکی پاك و بەتین و ئاگراوییەوە هاتوومەتە دنیا، هەموو حەزو تاسەکانی ناو کۆمەڵم خۆش دەویستن و هۆگریان بووم کەچی وام لێهات ناچار ببم هەر زووتر و بەرلە کاتی خۆی لە کۆمەڵ جیا ببمەوەو

---

[1] دەقی وەسیەتنامەکە لە گۆڤاری ـ تلخ ـ شمارە(1)ی ساڵی 1366 وەرگیراوە.

بە تەنیا و بێ دۆست و هاودەم بژیم و گۆشەگیرو لانەواز بم!

ئاخ... گەر جار ناجارێکیش بمویستبا خۆم فریو بدەم و ئەو ڕاستییە تاڵە فەرامۆش بکەم, دەردەکەم بەو پەڕی تاڵی و کوشندەییەوە خۆی دەنواند و وردتر دەی هاڕیم, بۆم نەدەکرا و نەمدەتوانی بە خەڵك بڵێم: ( زۆرتر دەنگتان هەڵبڕن... بقیڕێنن... نابیسم...کورە من کەڕم..!) ئاخر چۆن دەمتوانی کزی و ناتەواوی و لاوازیی یەکێك لە هەستەکانی خۆم بۆ خەڵك ئاشکرا بکەم؟ ئەویش هەستێك کە دەبا لای من لە هەمووکەس زۆرترو کارامەترو بە گوڕتر بێت, هەستێك کە پێشتر بەوپەڕی بڕست و ڕێك و پێکییەوە لە گەڵمدا بوو, بڕست و ڕێکوپێکییەك کە هیچکام لە هاوڕێکانم نەیاندەتوانی و ناشتوانن پێی بگەن! ئاخ... هەرگیز نەمدەتوانی و ناتوانم ئەو ناتەبایی و ناتەوانییەی خۆم ئاشکرا بکەم! گەر دەبینن منی گۆشەگیر و دوورە پەرێز جار جارە حەز دەکەم بێمە ناوتان و تاوێك لە گەڵتاندا بژیم, دەبینم دەردەکەم وەکوو خۆم نامناسێت بۆیە زۆرتر دەمچزێنێت و ئازارم دەدات! من لە بەهرەی ئاسایشی ناو کۆمەڵ و لە چێژی قسەی خۆش و لەزەتی ئاڵوگۆڕی بیرو ڕا و هات و چۆ لە ناو جەماوەردا بێبەش کراوم...! تەنیا..., ئێجگار تەنیا ماومەتەوە, بۆ نیاز و پێداویستییەکی گرینگ نەبێ ناتوانم بێمە ناو کۆڕو کۆمەڵ, ئەبێ وەکوو دەرکراوێکی دوور خراوەی لانەواز هەر بەتەنێ و دوور لە خەڵك و خوا بژیم. هەرکاتێ نزیکی خەڵك دەکەومەوە خەمێکی قورس هەموو گیانم دادەگرێ... ڕەنگە ترسم لەوە بێت کە هەموان پەی بەرن بە نەخۆشییەکەم و گاڵتەم پێ بکەن, هەر بۆ

ئەوەشە کە شەش مانگی ڕەبەقە پەنام بردۆتـە بـەر چـۆڵەوانییەك و بـە تەواوەتی گۆشەگیر بـووم! دکتـۆر هەڕەشـەی لێکـردووم کـە دەبـێ بـە هـەموو توانایەکمـەوە وشـیاری گـوێی خـۆم بم و پشـت لـە حـەز و خواسـتەکانم بکـەم, کەچـی حـەزو ئـارەزووی تێکـەڵبوون لـە گـەڵ جـەماوەری خەڵکـدا هەمیشـە ڕۆحـی داگرتـووم و بـەرەو ئـەوانم ڕادەکێشـێت. کـاتێکیش دێـم, هـەر خـوا دەزانـێ چـەندە هەسـت بـە سووکایەتی و بچووکیی خۆم دەکەم کـە دەبیـنم یـەکێك لـە تەنیشـتمدا دانیشتووەو گوێی لە دەنگی شمشاڵێکی دوورە کەچی من هەر نایبیسم, یان ئەو دەنگی گۆرانیی شوانێك لە دوورەوە دەبیسێت بەڵام من...هەر هـیچ! ئـەم ئەزموونـە پـڕ دەردو ژانـە بـە تـەواوی ئومێـد و هیـوای لێ بڕیبووم، بەڕادەیەك، ئەوەندەی نەمابوو هەر خۆم کۆتایی بە ژیانی خۆم بهینم! هونەر... هەر تەنیا هونەر بوو کە پاراستمی. هونەر وای لێکردم نەتوانم پێش بـە ئـەنجام گەیانـدنی ئەرکـەکانی سەرشـانم ئـەم دونیایـە بەجێ بهێڵم, بۆیـە ئـەم ژیانـە پـڕ ژان و چـارە ڕەشییەشـم تـا ئێسـتای خایاندووە! بەڕاستی ژیانی من پڕە لـە ڕەنـج و مەینـەتی, ئـەویش بـەم هەست و دڵە ناسکەمەوە کە لە گەڵ بچووکترین ئاڵوگۆڕدا لە خۆشـترین دۆخدا دەمخاتە تاڵترین و ناخۆشترین حاڵەتەوە! تامڵ..., ئەمە شتێکە پێشنیارم پێدەکـەن و هـەر ئەویشـە کـە دەبـێ ببێتـە ڕێنومـاو ڕابـەرم. منـیش خـاوەنی سـەبرو تـاملێکی زۆرم و هیواداریشـم ئـەم لێـبڕان و خۆڕاگرییەم تا ئەو کاتەی خواکان بیانەوێ ڕەگی حەیاتم ببڕنـەوە، هـەر بە گوڕو تین بمێنێتەوە. لەوانەیە حـاڵم تۆزێـك بـاش ببێـت و لەوانەشـە

خـراپتر و ئـاڵۆزتریش ببـێ، هەرچـۆنێك بێـت مـن ئامـادەم بـۆ ڕووبـەڕوو بوونەوە لە گەڵ چارەنووسی خۆمدا. زۆر سەختە کـە مـرۆڤ لـە تەمـەنی 28 ساڵیدا بە ناچاری ببێتە فەیلەسووف، بە تایبەتی بـۆ هونەرمەنـدێك هەر زۆر سەختترو سەخڵەت ترە! خوایە... تـۆ بـە بـەرزی و گـەورەیی خۆت لە ناخی دڵی من ئاگاداریت و بە جوانی دەیبینی... تۆ دەزانی کە خۆشەویسـتیی خـەڵك و ئەشـقی جـوامێری لـە دڵ و دەروونمـدا پـەنگی خواردۆتەوە.

ئەی خەڵکینە، گەر هاتو ڕۆژێك ئەم نووسراوەیەتان خوێنـدەوە، بـیر لەوەش بکەنەوە کە سەبارەت بەمن چەندە سـتەمکار بوونـە و حـوکم و ڕای ناڕەواتان لە سەر داوم. بـا چـارە ڕەشـەکانیش دڵیـان خـۆش بێـت بەوەی کە چارەڕەشێکی وەکوو خۆیان سەرەڕای هەموو گـیرو گرفـت و تەنگ و چەڵەمەو کۆسپ و تەگەرەیەکی سروشت، ئەوەی لە توانایدا بوو کردی تا بچێتە ڕیزی هونەرمەندان و هەڵبژێردراوانەوە. ئێوەش، براکانم: کارل و یووهان، پاش مەرگی من، ئەگەر پرۆفیسۆر(ئەشمیدۆت) هێشـتا لــە ژیانــدا مابێــت، لــە زمــانی خۆمــەوە داوای لێبکــەن بــا باســی نەخۆشـییەکەم بنووسـێت و ئـەم نامەیـەش لـە درێـژەی ژیاننامەکەمـدا بنووسـنەوە... بـا دوای مـەرگم دنیـا تـا ڕادەیـەك لـە گەڵمـدا ئاشـت ببێتەوە! هەردووکتان بە تاقانە میراتگری ماڵ و سامانی خۆم دادەنێم، (گەر بکرێ ناوی ماڵ و سامانی لێ بنرێـت)، جوامێرانـە لـە نـاو خۆتانـدا دابەشی بکەن. هەمیشە پشـتیوان و یاریـدەدەری یـەکتری بـن، خۆتـان باش دەزانن کە پێشتر هەرچیتان پێ کردووم، هەر دەمێکە لێبـوردووم،

بــە تایبــەتی لــە تۆ,(کــارل). بــرای خۆشەویســتم, بــۆ ئــەو چــاودێرییە دڵسۆزانەیەی ئەم دواییانەت لـە خـۆم، (منـی نەخۆشـی لاواز و لانـەوان) سوپاســت دەکــەم. ئــاوات دەخــوازم کــە ژیــانی ئێــوە بــێ خــەم و بەختەوەرانـەتربێت لـە هـی مـن. منداڵـەکانتان فێـری هەسـت و بـیری جوامێری بکەن... تەنیا جوامێرییە مـرۆڤ بـەختیار دەکـات نـەك پـارەو سـامانی مـادی. هــەر جــوامێری بــوو منــی لــەو هــەموو نــەداری و چارەڕەشییەدا پاراست, گەر بو خۆ کوشتنەوە کۆتاییم بە ژیـانی خـۆم نەهێنا, ئەوا ئەم تەمەنەم لە سای هونەرو جوامێریدا دەزانم. خواتان لە گەڵ, یەکدیتان خۆش بوێت, سوپاسی هەر هەموو دۆسـتان دەکـەم بـە تایبەتی شازادە(لیشنوسکی)و پرۆفیسۆر(ئەشمیدۆت). هیوادارم ئامێرە مۆسیقاییەکانی شازادە(ل) بـەلای یەکێکتانـەوە بمێنێـت و بپارێزرێـت و نەبێتە هۆی تێك چـوونی نێوانتـان. ئەگـەر پـووڵ و پـارەش لـە هـەموو شتێك بە نرختر دەزانن ئەوا دەتوانن ئەوانیش بفرۆشن! زۆر بەختــەوەر دەبم گەر بتوانم تەنانەت لە گۆڕیشـدا خزمـەتتان بکـەم! گـەر وا بوایـە, ئەوا باڵم دەر دێنان و بەرەو مردن دەفڕیم. ئەگەر پێش ئـەوەی هـەموو ئەرکی سەرشانی خۆم بە جێ بهێنم ئەجەل بـەرۆکم پـێ بگرێـت, ئـەوە خەمی پێدەخۆم. سەرەڕای ئەم چارەنووسە تاڵەیشم هەر هیوادارم ئـاوا شتێك ڕوو نەدات و مەرگم بکەوێتە دواوە, بەڵام گەر ڕووش بدات... هەر ڕازیم... ئەی ئەوە نییە مردن لە چنگی خـەم و مەینەتییـەکی نـەبڕاوە ڕزگارم دەکـات؟!... ئـای مـەرگ... هـەر کاتـێ ویسـتت وەرە... مـن جوامێرانە دێمە پێشوازیتەوە...

خواتان لە گەڵ, پاش مردنم هەر بە یـەکجاری فەرامۆشـم مەکـەن...
شایان و شیاوی ئەوەم کە دوای مەرگم جاروبار یـادم بکەنـەوە، چـونکە
من لە ژیانی خۆمدا زۆر لە بیری ئێوەو بەختەوەریی ئێوەدا بووم.

هەر کامەران بن

لۆدویك ڤان بتهۆڤن

هایلیگنشتاد 6ی ئۆکتۆبەری 1802".

( بەسەر پاکەتی نامەکەوە نووسرابوو: ـ بۆ براکانم کارل و یووهـان
بتهۆڤن کە پاش مەرگم بیخوێننەوەو بەڕێوەی بەرن ـ). هەروەها دیارە
گورج نامەکەی نەناردووە چونکە پاش چـەند ڕۆژێکـی دیکـە و دوای بـە
جـێ هێشـتنی هایلیگنشـتاد ئـەم چـەند دێـڕەی پـێ زیـاد کـردووە:
"هایلیگنشتاد ـ 10ی ئۆکتۆبەری 1802 ـ بـەم چەشـنەو بـەو پـەڕی
خەم و پەژارەوە لێتان جیا دەبمەوە... بەڵێ ئەو بـیری چـاکبوونەوەیە
(هەرچەند تـۆزێکیش) و ئـەو هیـوا خۆشەویسـتەی کـە لـە گـەڵ خۆمـدا
هێنابوومە ئێرە, ئەمێستا بە یـەکجاری بـە جێـی هێشـتووم, وەك چـۆن
گەڵاکانی پـایز وشـك دەبـن و هەڵـدەوەرن, ئـاوا هیـواو ئومێـدی منـیش
هەڵوەریوە... هەر بەو حاڵەوە کە هاتبووم دەگەڕێمەوە, تەنانەت ئـەم
گورو تینە مەزنەش کـە لـە ڕۆژەکـانی هاوینـدا هـەمبوو ئەمێسـتا بنـەبڕ
بووە و لە نێو چووە. ئاخ... خوایە... یەکجار... هەر تەنیا یـەك ڕۆژ
شـادمانیی ڕاسـتەقینەم پـێ بنوێنـە... لـە مێـژە هـەر چەشـنە
ڕەنگدانەوەیـەکی شـادی و خۆشـیی ڕاسـتەقینە لەگـەڵم نـامۆ و
بێگانەیە... ئاخ... کەی... چ وەخت...؟! خوایە... ئاخۆ دیسانەوە

**دەتوانم ڕەنگدانەوەی مەزنی شادمانی لە پەرستگەی سروشت و مرۆڤـدا هەست پێبکەم...؟! هەرگیز... نا... ئاخ... چەندە بێ بەزەییانەیە! ـ ل. بتهۆڤن ـ".**

تێبینـــــــــی: لـــــە لاپـــــەڕە(9)ی ژمـــــارە(200)ی بــــــەرواری 2000/10/27ی برایەتی ئەدەب و هونەردا بڵاو کراوەتەوە.

*

## دوایین نامەی لۆمۆمبا

لەسەر ئەم گۆی زەوییەدا هەموو ڕۆژێك بە هەزاران چەشنە فڕوفێڵ و درۆ و دەلەسەی سەرسوڕهێنەر دەكرێ... ئەوانەی بەسەر خەڵكی ترەوە ژیان ڕائەبوێرن و هەروەها ئەو كرمانەی كە بە دەستی بەرە دواكەوتووەكان لە كۆمەڵدا درێژە بە ژیانی نەفرەتباریان دەدەن، بۆ ئەوەی چاو و گوێی مرۆڤە دواكەوتووەكان نەكرێتەوە و نەتوانن ڕاستیەكان ببینن، هەموو قسەكانی خۆیان لەبیر بردۆتەوە و تەنانەت زۆر جاریش بە پێچەوانەی گفت و بەڵێنی خۆیان دەجوڵێنەوە... لەو ڕێگەیەشدا لە سووكایەتی پێكردن و تۆمەت بۆ هەڵبەستن و لەكەدار كردنی شەرەف و ئابڕوی خەڵك درێغی ناكەن... بۆ بەرژەوەندیی خۆیان مرۆڤە بە شەرەفەكان وەك خائین و تاوانبار و پیاو خراپ لە قەڵەم دەدەن و بە پێچەوانەوە پیاو خراپ و مرۆڤە سوك و ڕسوایەكان وەك پیاو چاك و مرۆڤی شەرەفمەند دەنوێنن، بە كورتی، ڕاستییەكان بە درۆ و درۆیەكانیش بە ڕاست دەرخواردی جەماوەر دەدەن... وڵاتپەروەرە ڕاستەقینەكان بە ناوی كرێگرتەی بێگانە و مارە خۆڵینەی ناوخۆ و دوژمنی وڵات و، لە هەمان كاتیشدا بە كرێگیراوەكانی خۆیان بە ناوی وڵاتپارێزی ڕاستەقینە لە قەڵەم دەدەن. مەسەلەیەك هەیە ئەڵێ (ئێمە لەم جیهانەدا بەسەر دوو پێی خۆمانەوە نەوەستاوین بەڵكو سەرمان لە زەوییە و قاچمان كردووەتە ئاسمان هەر بۆیە هەموو شتێك ئاوەژوو دەبینین) ئەڵبەت ئێمە ئاوەژوو نابینین، بەڵكو ئەوە ئەوانن هەموو شتێكمان بە پێچەوانە پیشان دەدەن. ئەم كرمانەی ناوخۆ و

دەرەوە بۆ ئەوەی جەماوەر فریـو بـدەن و خـەوی قورسـیان لێ بخـەن، هـەر چەشـنە هۆکـار و ئـامێرێکی وێرانکـەر بـەکاردێنن کـە ببێتـە هـۆی دواکەوتنی کۆمەڵ. هەر بەم بۆنەیەوە ئێمەش بۆ ئەوەی لە ڕووداوەکـان تێبگەین و بتوانین چەوت لە ڕاست و چاك لە خراپ و هەڵـە لـە دروسـت لێك بدەینەوە و فریو نەخۆین، دەبێت هەوڵ بـدەین ئـەقڵ و ئەندێشـەی خۆمان بخەینەگـەڕ، لـە مـەڕ هاوکێشـەکانی ڕۆژ بـە ووردی بکۆڵینـەوە، هەرچـەند ئەمـە کـارێکی ئاسـان نیـە و زۆریـش سـەختە... هەمیشـە ساویلکەیی و فریو خواردن زۆر لە وشیاری و خۆ پارێزی ئاسانترە!...

پاتریس لۆمۆمبا کە بۆ ڕزگاری گەلی کۆنگۆ خـەباتی دەکـرد کـوژرا. لۆمۆمبا گیانی لە پێناو ڕزگاری و سەربەخۆیی گەلەکەیـدا بـەخت کـرد. ئێمە چاك لە واتای ڕزگاریی گەل تێدەگەین... ئەو کاتەی کە باپیرانمان لە بەرامبەری داگیرکەرە ملهوڕەکان و کرمەکانی ناو کۆمەڵ بۆ ئازادی و سەربەسـتی وڵات خـەباتیان دەکـرد، منداڵـەکانمان لـە مـەمکی وشـکی دایکیان لە جێی شیر خوێنیان دەنۆشی... ئەوەیە کە دەردی لۆمۆمبـا و هاووڵاتییەکانی هەست پێدەکەین و جوان لێی تێدەگـەین و هـەروا لـە فڕوفێڵی کرمەکانی ناوخۆیش بە تەواوی ئاگادارین... ئـەم هاودەردییـە باشترین هۆی تێکـەڵاوی و لێـك نزیکبـوونی دوو گـەلی سـتەمکێش و زۆر لێکـراوە و ئاشـکراترین وەڵامیشـە بـەو پرسـیارەی کـە: (بۆچـی ئێمـە لۆمۆمبامان خۆشدەوێت؟)...

گۆڤارێکی تونسی دوایین نامەی پاتریس لۆمۆمبای بڵاو کردووەتـەوە کـە چـەند سـاتێك پـێش کـوژرانی لـە بەندیخانـەدا بـۆ هاوسـەرەکەی

نووسـیبوو. بـەلای سـەرووی نامەکـەوە وێنـەی ژنێکـی ڕەش پێسـت چاپکراوە کە قژی ئاڵۆزە و منداڵێکی لـە ئامێزدایـە و ئـەگری، لەوانەیـە وێنـەی هاوسـەری لۆمۆمبـا بێـت یـان بگـرە سـیمبوڵی دەرد و ڕەنـج و مەینەتی نەتەوەیەك... لێی گەڕێین، نامەیەك کـە بـۆ خێزانـی لۆمۆمبـا نووسـراوە هێنـدە قـووڵ و پـڕ واتـا و دڵتـەزێن و هەسـت بزوێنـە کـە هیچکەس (ئەگەر تۆزقاڵێ هەستی جوامێری و مرۆڤایەتیی لە دڵدا بێت) ناتوانێ پاش خوێندنەوەی لە ناخی دڵەوە نەگری و فرمێسك نەڕێژێت..

ئەمەش دەقی نامەکەی لۆمۆمبایە کـە لێـرەدا ئاراسـتەی خوێنـەرانی بەڕێزی دەکەم: ...

**" هاوسەری خۆشەویستم..**

کاتێ ئەم نامەیە دەخوێنیتەوە کە نـازانم لـەم دنیایـەدا مـاوم یـا نـا، لەوانەشە ئەم نامەیە هـەرگیز نەگاتـە دەسـتت. کاتـێ بـۆ ڕزگـاری وڵات خەباتم دەکرد، بۆ سـاتێکیش لـە سـەرکەوتنمان لـەم خەباتـە پـیرۆزەدا دوودڵ نەبووم. من و هاوڕێکانم ژیانی خۆمان کردە فیـدای ئـەو خەباتـە پـیرۆزە، ئێمـە تـەنیا شـتێکمان دەویسـت.. دەمانویسـت خـەڵکی وڵاتەکەمان وەك مرۆڤی ڕاستەقینە، بە سەربەرزی و شەرەفمەندی بژین، بەڵام داگیرکەرانی ملهوڕی بـەلجیکی پێچـەوانەی ئـەو ئـاوات و خواسـتە ڕەوایەی ئێمەیان دەوێ، هەڵسـووڕینەرانی هـیچ لێنـەهاتووی کۆمەڵـەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەوان خـراپترن و کـەمترین بایـەخ بـە ئێمـە و خواسـتە ڕەواکانمـان نـادەن. هەنـدێك لـە هاووڵاتیـەکانی ئێمـەیان هەڵخەڵەتانـدوون و لـە ڕێ بـەدەریان بـردوون. هەندێکیشـیان بـە پـارە

کڕیون بۆ ئەوەی ڕاستیەکان بشێوێنن و خواستەکانی ئێمە سووك و بێ نرخ بکەن. هەرچی لە دەستیان هاتبێ کردوویانە..

دەمەوێ بڵێم، ئەگەر بمرم یا بمێنم.. ئەگەر ئازادم بکەن یانخود تا دوایین کاتی ژیانم هەر لە کۆت و بەندا بم، هیچ بۆم گرنگ نیە و هەرگیز لە بیروبڕوا و مەبەست و ئامانجی خۆم پاشگەز نابمەوە. تەنیا خواست و ئاواتی من ئازادیی کۆنگۆ و ڕزگار بوونی گەلی ستەم لێکراوی ئەم وڵاتەیە کە خەریکە لە ژێر پۆستاڵی ڕەشی دوژمندا دەپلیشێتەوە. بەڵێ تەنیا بیروبڕوام هەر ئەوەیە و لە پێناوی ئەم خواستە پیرۆزەشدا گیانی من و هاوڕێکانم هیچ بایەخێکی نیە. با دۆست و دوژمنم ئەوە بزانن کە یەکبوون و تێکەڵاویم لەگەڵ میللەتدا نەبڕاوەیە و کوشتن و لە سێدارەدان و هیچ فێڵ و تەڵەکەیەکیتریش زەرەیەك لە باوەڕم بە گەلی کۆنگۆ کەم ناکەنەوە. لە ناخی دڵمەوە گوێم لێیە و هەست دەکەم کە گەلەکەمان سەردەکەوێت و دوژمنانی ناوخۆ و دەرەوەش لە ناو دەبات.. لە ناو ئەم گەلەی ئێمەدا مرۆڤی بە شەرەف و جوامێری وا پەروەردە ئەبن کە پێش بەم دوژمنانە بگرن و دەمکوتیان بدەنەوە و سەرکوتیان بکەن.. ڕۆژێك دادێ کە میللەتی ئێمە ژیانی ئازاد و بەختەوەرانە دەست پێدەکات و مافی ڕەوای خۆی لە دوژمنی داگیرکار دەستێنێ.. تەنیا ئێمە نین، هەموو گەلانی ئاسیا و ئەفریقیا و زۆربەی دنیاش ڕۆژێ سەردەکەون و زنجیری ستەم دەپسێنن.. ئێمەش لەگەڵیان هەنگاو دەنێین و دەتوانین چەکدارە جیرەخۆرەکانی بێگانە کە ئێستا وڵاتیان داگیر کردووە لە ناو بەرین و لە گۆڕیان نێین... بە

ڕۆڵــەكانم كــە پــاش خــۆم دێنــە دنیــا و مــن نایــانبینم دەڵــێم: (ڕۆڵــە خۆشەویســتەكانم، ڕۆژە ڕووناكــەكانی كۆنگــۆ لــە داهــاتوودا ئەگــەن، خواســت و مەبەســتی هەریەكــە لــە ئێــوە ئــەبێ ئــازادی و سەربەســتیی كۆنگــۆ بێــت. تێبكۆشــن لــە بەرامبــەر زۆرداران و ســتەمكاران و هــەموو ئەوانەی كە چاویان بڕیوەتە ئاو و خاك و ماڵ و سامانتان خەبات بكـەن و بۆ ساتێكیش مەوەستن.).

هەرچەندە ئازار و ئەشكەنجەم بدەن لە بەرامبەری دوژمنـانی وڵاتـدا چۆك دانادەم... مردن بۆ من باشتر و شیرینترە لە ژیان بەسەرشۆڕی.. هیچكەس و هیچ شتێك ناتوانێ لام پێ بـدا لـە خۆشەویسـتی و عەشـقی نیشتمانی پیرۆزم.. لە پێناو دواڕۆژی ڕووناكی وڵات ئەگەر مـەحكومیش بكرێم، بە سەر بەرزی بەرەو پیری مردن ئەڕۆم.. ڕۆژێ ئـەگا كـە مێـژوو كرمگەلی ناو كۆمەڵ ڕیسوا ئەكات.. ئەوەش ڕۆژێكە كە پیشـانی كۆشـك نشینەكانی برۆكسڵ و دۆستەكانیان دەدەیـن چـۆن لـە دەسـتی نۆكـەر وبووكەشووشەكانیان ڕزگار بووین و شـەڕ و خراپـەمان لـە وڵاتەكەمانـدا بنەبڕ كرد... ڕۆژێك ئەگا كـە ئـەفریقیا مێـژووی خـۆی دەنووسـێتەوە و ئەوسا مێژوویەكمان دەبێت كە لە خۆرهەڵات و خۆراواشدا شانازیی پێوە دەكەین..

بۆ من مەگرین، فرمێسك مەڕێـژن.. مـن دڵنیـام و خـاترم جەمـە كـە گەلەكـــەم بـــۆ ئـــازادی وڵاتـــە ڕەنجكـــێش و ســـتەم لێكراوەكـــەمان ڕادەپەڕن...

بژی كۆنگۆ... و... بژی ئەفریقیا (پاتریس لۆمۆمبا )"

بـەڵێ... ئـەم کرمـە کرمۆڵـە نـاوخۆ و دەرەکییانـەی کـە لۆمۆمبـای شۆڕشـگێڕیان کوشـت، بـۆ فریـودانی گـەلانی جیهـان، پشتەسـەری مەیتەکەشـی هێشـتا لــە درۆ و فــڕوفێڵ و تاوانبــار کــردن دەســتیان هەڵنـــەگرت. تــــاوان پێـــوە لکانـــدن و درۆ هەڵبەســـتن، خنجێـــری نامــەردەکان... درۆزنــەکان... ترســنۆك و خــەتاکار و تاوانبارەکانــە. بەداخــەوە گــەلانی دنیــاش هێشــتا بــە تــەواوەتی پــێ نەگەیشــتوون و هەندێکیان زوو فریو دەخۆن و ئاسان هەڵدەخەڵەتێن.

*

## نامەی چارلی چاپلن بۆ (ژاكلین/ ژرالدین)ی كچی:

**كچم، ژرالدین:...**

لێرە، شەوە، شەوێكی (نۆئێل)، لە قەڵا بچووكەكەی مندا، هەرهەموو لەشكرەكە بە بێ چەك نووستوون.

نە برا و نە خوشكت و تەنانەت نە دایكیشت، بە زەحمەت توانیم بە بێ راچڵەكاندنی ئەم باڵدارە نووستووانە، خۆم بگەیەنمە ئەم ژوورە بچووكە نیوە رووناكە، ئەم ژووری چاوڕوانییەی پێش مەرگ.. من لێت دوورم، زۆر دوور، بەڵام، چاوم كوێر بێت ئەگەر بۆ ساتێكیش وێنەت لە بەرچاوم ون بێت. وێنەكەی تۆ، لەوێ، لەسەر مێزەكەیە، وێنەكەت، لێرەش، لەناو دڵی منیشدا هەیە. بەڵام، تۆ لە كوێی؟ لەوێ، لە (پاریس)ی سیحراوی، بەسەر ئەو سەكۆ جوان و پڕ شكۆیەوە سەما دەكەیت. ئەمەیان دەزانم و وەك بڵێی لەم بێدەنگییە شەوانەدا، دەنگی ترپەی پێت دەبیستم و لەم تاریكستانە زستانییەدا تیشكی ئەستێرەی چاوەكانت دەبینم. بیستوومە تۆ، لەو شانۆییە رووناك و پڕشكۆیەدا رۆڵی ئەو كچە شازادە ئێرانییە دەگێڕیت كە بۆتە دیلی خانی تاتار. كچە شازادە بە و سەما بكە.. ئەستێرە بە و بدرەوشێ، بەڵام ئەگەر قاقای هاندەرانەی بینەران و بۆنی مەستیی ئەو گوڵانەی بۆت دەنێرن دەرفەتی وشیارییان بۆ هێشتی، لە سووچێك دانیشە، نامەكەم بخوێنەوەو گوێ بۆ دەنگی باوكت بگرە. من باوكی تۆم.. (ژرالدین)، من (چارلی چاپلین)م.. كاتێ منداڵ بوویت، گەلێ شەوان لەسەر سەرت دانیشتم و چیرۆكم بۆ گێڕایتەوە: چیرۆكی (جوانی نووستووی ناو جەنگەڵ)..

چیرۆکی (ئـەژدیهای بێـداری بیابـان)...، ئەگـەر خـەو برژابایاتـە چـاوی پیرمەوە، توانجێکم لێدەگرت و پێمـدەگوت: بـڕۆ. مـن لـە خـەونی کچـە نووسـتووەکەمدا خـەونم دەدیـت.. ژراڵـدین، خـەون... خـەونی دوارۆژی تـۆ.. خـەونی ئـەمڕۆی تـۆ.. کچـۆڵەیەکم دەبینـی بەسـەر سـەکۆوە.. فریشتەیەکم دەدیـت بـە ئاسمانـەوە، کـە سـەمای دەکـرد و دەمبیسـت بینـەرەکانی دەیـانگوت: "دەیبینـی؟.. ئەمـە کچـی هـەمان قەشمـەرە پیرەکەیـە.. ناویـت لـە بـیرە؟، چـارلی." بـەڵێ، مـن چـارلیم.. مـن لـە قەشمەرێکی پیر زیاتر نیم و ئەمڕۆ ئیدی نۆبەی تۆیە.. سەما بکـە. مـن بەو پانتۆڵە دەڵب و دڕاوەوە سـەمام کـرد.. تـۆش لـە بـەرگی حـەریری شازادەکاندا سەما دەکەیت. ئەم سەما کردنانە و، لەوەش زۆرتر دەنگی چەپڵەی بینەرانت، هەندێجار دەتگەیەننە ئاسمان.. بڕۆ.. بڕۆرە ئاسمان بەڵام جاروبار وەرەوە سەر زەوی و سەیرێکی ژیانی خـەڵك بکـە: ژیـانی ئەو سەماکارە گەڕۆکانـەی نـاو کۆڵانـە تاریکـەکان کـە بـە سـکی برسـی سەما دەکەن، بەو قاچانەوە کـە لەبـەر هـەژاری و نـەداری دەلـەرزن..! ژراڵـدین، مـن یـەکێك بـووم لەوانـە و، لـەو شـەوانەدا.. لـەو شـەوە ئەفسـانەییانەی منـداڵیی تـۆدا، کـە تـۆ بـە لایلایـەی چـیرۆکەکانی مـن دەخـەوتیت و مـن هـەر بێـدار دەمامـەوەو چـاوم دەبڕییـە چـاوەکانت.. لێدانی دڵـتم دەژمـارد و لـە خـۆمم دەپرسـی: چـارلی، ئایـا ئـەم بەچـکە پشیلە تووکنەرمە، هەرگیز تۆ دەناسێتەوە؟!

.......... تۆ نامناسیت ژراڵدین. ئەو شەوانەی رابردوو گەلێ چیرۆکم بـۆ گێڕایتـەوە، بـەڵام هیچـکات چـیرۆکی خـۆمم بـۆ نـەگوتی. ئەمـە

سەربوردەیەکی شیاوی بیستنە: چیرۆکی ئەو قەشمەرە ڕووت و برسییەی کە لە هەژارترین گەڕەکەکانی لەندەندا گۆرانیی دەگوت و سەمای دەکرد و خێراتی کۆ دەکردەوە، ئەمەیە چیرۆکی من. من تامی برسییەتیم چەشتووە.. من دەردی بێ خانەولانەییم چەشتووە و زۆرتر لەمانەش، من هەستم بە ڕەنج و مەینەتی ئەو قەشمەرە گەڕۆکە کردووە کە زەریایەك فیز و دەمار لە دڵیدا شەپۆل دەدات کەچی پارەیەکی ئاسنینی خێراتی ڕێبوارێکی خۆ بە زلزان وشکی دەکات..!

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، من زیندووم و دیارە نابێ پێش مردنیان، باسی زیندووەکان بکرێت... چیرۆکی من بە کەڵکی تۆ نایەت، کەواتە با باسی تۆ بکەین.. دوای ناوەکەی خۆت، ناوی من دێت: (چاپلن).. من، هەر بەم ناوەوە چل ساڵی تەواو زۆربەی دانیشتوانی ئەم گۆی زەوییەم خستنە پێکەنین و زۆر زیاتر لەوەی ئەوان پێکەنین، خۆم گریام..!

ئەو دنیایەی تۆی تێدا دەژی، هەر تەنیا سەما و مۆسیقا نییە.. نیوەشەو، کاتێ لە هۆڵە گەورە و پڕ شکۆیەکەی شانۆ دێیتە دەرەوە، گورج ئەو هاندەرە دەوڵەمەندە خۆشگوزەرانانە لە بیر بکە، بەڵام لە حاڵی ئەو شۆفێر تەکسییە بپرسە کە دەتگەیەنێتە ماڵەوە.. لە حاڵی ژن و منداڵیشی بپرسە.. گەر زانیت ژنەکەی سکی هەیە و ئەمیش پارەی نییە بۆ کڕینی شتومەکی پێویستی منداڵەکەی، ئەوا (چەك)ێك بنووسە و بیخەرە گیرفانی شۆفێرەکەوە بە بێ ئەوەی پێت بزانێت... (وەکیل)ەکەم لە بەنکی پاریسدا را سپاردووە ئەم چەشنە خەرجانەی تۆ بە بێ سێ و دوو پەسەند و دابین بکات، بەڵام بۆ

خەرجییەکانیدیکەت، دەبێ نووسراو بنێری.

کچم، جاروبار بە پاس لەناو شاردا بسوورێوە.. خەڵك ببینە و لانیکەم رۆژێ جارێك بە خۆت بڵێ: (منیش یەکێکم لەمانە).. بەڵێ، تۆ یەکێکی لەوان کچی خۆم، نەك زیاتر. ئاگادار بە، هونەر بەرلەوەی دوو باڵی تێژپەڕ ببەخشێتە مرۆڤ، زۆرجار هەردوو قاچەکەیشی دەشکێنێ. هەرکاتێ وات لێهات کە بۆ چرکەیەك خۆت لە بینەرانی سەماکەت بەرزتر بزانی، ئەوا هەر ئەو ساتە سەکۆ و هۆڵەکە جێ بهێڵە و بە یەکەمین تەکسی کە دێتە سەر ڕێت، خۆت بگەیەنە شوێنێك لە دەرەوەی دەوروبەری پاریس.. من، ئەو شوێنە چاك دەناسم، سەدان ساڵ لەمەوبەر، ئەوێ بێشکەی بەهارانەی (قەرەج)ەکان بووە.. لەوێ، هەندێ سەماکاری وەك خۆت دەبینی.. لە خۆت جوانتر، لەخۆت چابکتر و لەخۆت دەماربەرزتر.. لەوێ، هیچ نیشانەیەك لە ڕووناکایی شەوارە هێنەری شانۆکانی (شانزەلیزە) نییە.. گڵۆپی نیئۆنی سەماکارە قەرەجەکان، هەر تەنها مانگەشەوە.. بڕوانە، باش بڕوانە، ئایا لە تۆ باشتر و جوانتر سەما ناکەن؟! کچەکەم، دان بەوەدا بنێ کە هەمیشە کەسێك هەیە لەتۆ باشتر و جوانتر سەما دەکات.. هەمیشە کەسێك هەیە لە تۆ باشتر و جوانتر دەژەنێ.. ئەوەش بزانە، لە بنەماڵەی چارلیدا، هیچکات، هیچکەسێك، ئەوەندە لەخۆبایی نەبوە کە جنێوێك بداتە گالیسکەچییەك یانخود دەرۆزەکەرێکی لێواری ڕووباری (سەن).

کچی خۆم، من دەمرم و تۆ دەژیت.. هیوام ئەوەیە هیچکات تووشی هەژاری نەیەیت.. لەگەڵ ئەم نامەیەدا چەکێکی نەنووسراوت بۆ

دەنێـرم.. هەرچـەندت ویسـت تێیـدا بنووسـە و وەری بگـرە، بـەڵام هەمیشە، کاتێ دوو (فرەنك) خەرج دەکەیت، بەخۆت بڵێ: (دووەمینیان هیی من نییە.. ئەمەیان دەبێ هیی کەسێکی نـەناس بێـت کـە ئەمشـەو پێویسـتی بـە یـەك فرەنکـە). پێویسـت بـە هـیچ گـەڕانێك ناکـات، گـەر بتەوێ، لە هەموو شوێنێك ئەم (موحتاج و ئاتاج)ە نەناسراوانە دەبینی. کچی خۆم، گەر دەبینی باسی پارە و پووڵت لەگەڵ دەکەم، بۆ ئەوەیـە کە من چاك ئاگاداری هێزی ئەفسوون و فریوی ئەم زوڕییەتەی شەیتانم. مـن زەمـەنێکی دوورودرێـژ لـە (سـێرك)دا ژیـاوم و هەمیشـە و هـەر ئانوساتیش نیگـەرانی ئـەو (بەندباز)انـە بوومـە کـە بەسـەر دەزوویـەکی ناسکەوە دەڕۆن و دەخووڵێنەوە. بەڵام با ئەو راستییەت پێ بڵێم کچـی خۆم، ئەو خەڵکەی بەسەر زەمینی پـان و پـۆڕەوە دەڕۆن، گـەلێ زیـاتر لەوانە هەڵدەدێرێن و دەکەون، کە وا بەسەر دەزوویـەکی باریکدا دێـن و دەچن. لەوانەیە، شەوێك، ورشەی ئەڵماسێکی زۆر گرانبـایی چەواشـەت بکات و فریوت بدات.. ئەو شەوە، ئەم ئەڵماسە دەبێتە هـەمان دەزووی باریك بۆ تۆ و ئیدی کەوتنت مسۆگەرە.. لەوانەیە رۆژێك، جوانیی کـوڕە شازادەیەك هەڵتخەڵەتێنێ، ئەوا ئەو رۆژە تۆ (بەندباز)ێکی نەشـارەزایت و دیاریشە بەندبازی نەشارەزا، هەر هەمیشە تووشی هەڵدێران دەبێـت و دەکەوێت. دڵ مەبەستە بە زێڕ و زیـو، ئـەوە بزانـە کـە درەوشـاوەترین ئەڵماسی گێتی هەتاوە و خۆشبەختانە ئەم هەتاوەش لە گەردنی هەموو تـاکێکی مرۆڤـدا دەدرۆشـێتەوە. بـەڵام ئەگـەر رۆژێکـیش هـات و دڵـت سپاردە هەتاوی روومەتی پیاوێك، ئەوا پێویستە لەگەڵێ یەکدڵ بیـت..

بە دایکتم راسپاردووە لەم بارەیەوە نامەیەکت بۆ بنووسێت.. ئەو، لەمن باشتر عەشق دەناسێت و بۆ پێناسە و ناساندنی یەکدڵی، گەلێ لە من شایستەترە.

کارت زۆر سەختە.. دەزانم لە هۆڵی شانۆدا، جگە حەریرێکی ناسك، هیچیدی جەستەتی دانەپۆشیوە. تۆش دەبێ بزانی کە لەبەر هونەر و بۆ هونەر، دەکرێ بە رووت و قووتی بچیتە سەر شانۆ و داپۆشراوتر و پاکتریش بگەڕێیتەوە، بەڵێ، تەنها بۆ هونەر، بەڵام ئیتر هیچکەس و هیچ شتێکیدی لەم دنیایەدا نییە شایانی ئەوە بێت کچێك تەنانەت نینۆکی قاچیشی بۆ ئەو بە ڕووتی دەربخات. رووتی، نەخۆشیی ئەم سەردەمەی ئێمەیە.. منیش پیر بوومە و لەوانەیە لای تۆ وابێت خەریکم قسەی بێسەروبن دەکەم.. هەرچۆن بێت، بە لای منەوەو بە بڕوای من، جەستەی ڕووتی تۆ دەبێ بۆ کەسێك بێت کە رۆحی رووتوقووتیت خۆشدەوێت.. خراپ نییە ئەگەر بیرکردنەوەی تۆ لەم بارەیەوە هی دەساڵ لەمەوپێشتر بێت.. هی سەردەمی حورمەتی جەستەی داپۆشراو.. مەترسە، ئەم دەساڵە پیرترت ناکات!....

*

## نامەیەکی ئاشقانە لە دکتۆر (شەریعەتی)یەوە:...

## لەگەڵ تۆ:...

لەگەڵ تۆدا، هەموو ڕەنگەکانی ئەم سەرزەمینە، نەوازشم دەکەن

لەگەڵ تۆدا، مارەکانی ئەم پێدەشتە هاوڕێ و هاوپارییەکانمن

لەگەڵ تۆدا، کێوەکان پارێزەری بەوەفامن

لەگـەڵ تـۆدا، زەمـین لانکەیـەو لـەناو خۆیـدا دەمخـەوێنێ.. هــەور، حەریرێکـــەو لانکەکـــەمی داپۆشـــیوە.. دایکـــم، کـــە لـــەم کێوانـــەدا هاوسێمانە،(پێچەنە)ی لانکەکەمی لەدەستدایە و ڕایدەژەنێ

لەگەڵ تۆدا، دەریا لەگەڵم میهرەبانە

لەگەڵ تۆدا، سپێدەی هەموو بەیانییەك گۆنام ماچ دەکات

لەگەڵ تۆدا، نەسیم هەردەم گێسووم شانە دەکات

لەگەڵ تۆدا، من لەگەڵ بەهاردا سەوز دەبم

لەگەڵ تۆدا، من لە عەتری (یاس)ەکاندا بڵاو دەبمەوە

لەگەڵ تۆدا، من لە شیلەی هەموو گیایەکدا بەجۆش دێم

لەگەڵ تۆدا، من لە هەموو شکۆفەیەکدا دەپشکوێم

لەگەڵ تۆدا، من لەگەڵ هەموو بەیانێکدا پێدەکەنم.. لـە گـەڵ هـەموو هەورەگرمەیەکـدا بـــە شـــەوقەوە دەتریقێمـــەوە.. لـــە گـــەرووی مەلـــە ئاشقەکاندا دەچریکێنم.. لە قوڵپەی کانییەکاندا پێدەکەنم.. لە شمشاڵی جۆبارەکاندا دەجریوێنم

لەگەڵ تۆدا، من لە ڕۆحی سرووشتدا پەنهانم

لەگـەڵ تـۆدا، مـن، لـە بـوون و ژیـان و شـەوق و ئەشـق و جـوانی و میهرەبانیی پاکی خواوەندی دەنۆشم

لەگەڵ تۆدا، من لە خەڵوەتی ئەم پێدەشتەدا.. لە غوربەتی ئەم سەرزەمینەدا.. لە بێدەنگیی ئەم ئاسمانەدا.. لە تەنیایی ئەم بێکەسییەدا، پڕم لە دەنگ و جۆش و خرۆش و (حەشامات).. درەختەکان برامن و باڵندەکان خوشکم و گوڵەکان منداڵم و جەستەی هەموو تاشەبەردێك، پیاوێکە لە خزمەکانم.. شەماڵ پەیامبەری مژدەبەخشی منەو بۆنی باران.. بۆنی پوونگە.. بۆنی خاك..

چڵی داشۆراوی بارانلێداوی پاك، هەموویان خۆشترین بیرەوەریمن.. خۆشترین یادگاریمن

***بێ تۆ:...***

بێ تۆ، رەنگەکانی ئەم سەرزەمینە بۆم بێگانەن

بێ تۆ، رەنگەکانی ئەم سەرزەمینە ئازارم دەدەن

بێ تۆ، مامزەکانی ئەم پێدەشتە بۆ من گورگی هارن

بێ تۆ، کێوەکان دێوی رەش و نەگریسی خەوتوون

بێ تۆ، زەمین گۆڕستانێکی ناپاك و تەماوییە کە بە کینەوە لەخۆیدا دەمگووشێت.. هەور کفنێکی چڵکنە و بەسەر گۆڕەکەمدا دراوە.. (پێچەنە)ی لانکەکەمیان لەدەستی دایکم رفاندووە و خستوویانەتە گەردنم

بێ تۆ، دەریا گورگێکی هارە و مامزە بێتاوانەکەم لەتوپار دەکات

بێ تۆ، باڵندەکانی ئەم سەرزەمینە سێبەری ترس و (ئەبابیل)ی بەڵان

بێ تۆ، سپێدەی هەموو بەیانییەك زەهرخەنەی کینەجۆیانە و نەفرەتباری جەنازەیەکە

بێ تۆ، نەسیم، هەردەم رەنج و مەینەتە نووستووەکانی ناخم ڕادەچڵەکێنێ

بێ تۆ، من لەگەڵ بەهاردا دەمرم

بێ تۆ، من لە عەتری یاسەکاندا دەگریم

بێ تۆ، من لە شیلەی هەر گیایەکدا،

رەنج و مەینەتی هەبوون و (جەڕاحەت)ی ئەو رۆژانە دەچێژم کە هێشتاش تیایاندا دەژیم

بێ تۆ، من لەگەڵ هەموو گەڵایەکی پایزیدا هەڵدەوەرم

بێ تۆ، من لە چنگی سرووشتدا بە تەنهایی وشك دەبم

بێ تۆ، من، ژیان و شەوق و هەبوون و ئەشق و جوانی و میهرەبانیی پاکی خواوەندی لە بیر دەکەم

بێ تۆ، من لە خەڵوەتی ئەم دەشتەدا.. لە غوربەتی ئەم سەرزەمینەدا.. لە بێدەنگیی ئەم ئاسمانەدا.. لە تەنهایی ئەم بێکەسییەدا پاسەوانی بێدەنگیم.. پەردەوانی دەرگەی نائومێدیم.. راهیبی پەرستگەی خامۆشیم.. رێبواری رێگای فەرامۆشیم.. باخی سیسبووی پاماڵی زستانم.. درەختەکان، هەرکامەیان بیرەوەریی مەینەتێك.. سێبەری هەر تاشەبەردێك، ئیبلیسێك، دێوێك، درنجێك کە مات و پڕ کینە نووستووەو بۆسەی لەسەر ڕێم داناوە.. باران زەمزەمەی گریان لە دڵمدا.. بۆنی پوونگە، پەیك و پەیامێك، نەك بۆ من.. بۆنی خاك، بانگێشتێك بۆ نووستنم.. چڵە تەملێنیشتووە خەزانزەدەکان، هەر هەموویان تاڵترین یادەکانم.. تاڵترین یادگارییەکانی منن.

*

### *نامەی (فەخروسادات موحتەشەمی)*
### *بۆ (مستەفا تاج زادە)ی هاوسەری {زیندانیکراوی}*

کۆماری ئیسلامی، هەر لەگەڵ هاتنە سەر حوکم و داسەپانی بەسەر گەلانی ئێراندا، کۆتایی بە شادی.. ئازادی.. خەندە.. سەرفرازی و گەشەی هزری مرۆیی هێنا. ئیسلامی توندڕەوی خومەینی، مەودای هەموو گەشەیەکی ئینسانیی تەنگ و بەرتەسکتر کردەوەو ریشێکی پان و باڵاپۆشێکی ڕەشی لەگەڵ خەم و گریان و ترس و دڵەڕاوکێدا کردە دیاریی ئەو شۆڕشە جەماوەرییەی کە بەخوێنی سەدان رۆڵەی ئازادیخوازی ئەم وڵاتە سەرکەوت.. کۆماری ئیسلامی، هەر لە سەرەتاکانی پاش سەرکەوتنی شۆڕشەوە ناڕاستی و نادروستی و کەجئەندێشیی خۆی بە دیار خست و پشتی لە ئاوات و خواستی رەوای گەلانی ئێران کرد و هەموو ئەو خوێنانەی پێشێل کرد کە رەنگی ئازادیی بەخشییە شەقامەکانی وڵات. هاوڵاتیانی ئێران، هەر زوو پەیان بە نیاز و پیلانی ئەهریمەنانەی خومەینی و دارودەستەکەی برد، بەڵام کارلەکار ترازابوو و ئیدی گەڕانەوەیەك لە ئارادا نەبوو، گەلانی ئێران، نوقمی ناو دەریایەك ببوون، نە کەناری هەبوو و نە بن.. دەریایەك بە شەپۆلی شێت و هار و وێرانگەر، دەریایەکی شێت و لێڵ بەناوی (ولایت فقیە)! بۆیەش پاش حەوتەمینجاری شانۆی هەڵبژاردن، بە کۆی دەنگ و لە ڕاپەڕینێکی بێدەنگدا دەسەڵاتیان گواستەوە بۆ دەستی خاتەمی، تەنها لەبەر ئەوەی کە جیاوازیان دەزانی لەوان و لە بازنەی داخراوی ئاخوندیسم.. کەچی زەمەن تێپەڕی و هاواری ئارامی ئەم ناڕەزامەندییەی جەماوەر

هـیچ دەنگدانەوەیـەکی نـەبوو.. سـتەم و پێشـێلکاری و نامـەردیش تـا دەهات هارتر و گورچکبڕتر دەبوو. دەیەمین خـولی شـانۆی هەڵبـژاردن، پیشـــاندەر و ســـەلمێنەری ئەوپـــەڕی نادروســـتی و ناڕاســـتیی حکوومەتمەدارانی بازنـەی بەرتەسـکی (ولایـت فقیـە) بـوو.. هەقیقـەتی ڕووت و ئاشکرا، بە بێ پەردە و سەرپۆشی درۆ و دەغەڵ و فریوکـاری و چەواشەگەریی ئاخوندی، بۆ جەماوەر دەرکەوت.. جـەماوەری مانـدووی ناڕازی و نیگەران.. جەماوەری بەلارێدا بـراوی هەڵخەڵـەتێنراوی تاسـاو، گەیشتە دروستترین و تاڵترین هەقیقەتی مێژووی تاڵ و ڕەشی ئەم رژێمە پاوانخوازو سەرکوتکارە ئیسلامییە.. سەرەڕای ئەو هەموو زەبروزەنگ و چەوسانەوەو تاساندن و کوشتوبڕەی کە (ولایت فقیە) و بەتایبەتی (بتی گەورە)، واتە ئەو (حجةالاسلام)ەی بە حیلەیـەکی شـەرعی بـە شـەوێك کرایە (ایةاللة) و خۆی داناوە بـە زەبـری (زێـرِوزۆر)ی (پاسـجاش)ەکانی ببێتە (امام)ی گەورەتر لەوەی پێشوو، بەناوی ئیسـلام و بـۆ ئیسـلامە دڵخوازەکـەی خـۆی (ئیسـلامی نـابی محەمـەدی) دەرهـەق بـە گـەلانی ئـازادیخوازی ئێـران کـردی، لـە دەیـەمین پـەردەی شـانۆیی رسـوای هەڵبژاردنـدا دەنگـی جـەماوەری نـاڕازی و ڕاپـەڕیوی دزی و، دوایـیش ئەوانـەی داوای مـافی پێشـێلکراوی خۆیـان کـرد، رەوانـەی کونجـە تاریکەکانی زیندانە رەشە ئیسلامییەکان کران و کەوتنە بـەر رەحمـەتی تێلای ئیسلامییەوە و شەهید کران!. نامە و بیرەوەرییـەکانی زینـدان و نامەی کراوەی خێزان و بنەماڵەو کەسوکاری گیراو و کوژراوەکـانی نـاو دۆزەخی رژێمی ئیسلامی، گەرچی هەندێجار بە نەفـەس و هەناسـەیەکی

ئیسلامیانەش نووسرابن، گەلێ شتیتر و هەقیقەتی رۆشنترمان لەمەڕ گەندەڵیی ئەخلاقی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دینیی ئاخوندەکانی ئەمڕۆی ئێران بۆ ئاشکرا دەکەن، دەکرێ نامەکەی (عەبدولکەریمی سرووش) یا (مونتەزیری) یا (مووسەوی) یا کەڕوبی) یا... و یا نامەکانی (فەخروساداتی موحتەشەمی پوور) بە نموونەی مشتێك لە خەرمان ناوبەرین.. لە پشتەوەی دێڕە ئاشکراکانی ئەم نامانەوە، زۆر راستیی شاراوەمان بۆ دەردەکەوێت کە شیاوی هەوڵوەستە لەسەر کردن و لێوردبوونەوەی زۆرترن تا خوێنەر بتوانێ باشتر پەی بەرێت بە (گەوهەری گەنیو) و ناخی نەخۆشی ئەو شێخە شێتۆکانەی ناو کۆشکی داڕزاوی ئایین و دەسەڵات. هەر ئەم هۆکارەش وای لێکردم، دوای بڵاو کردنەوەی نامەکەی سرووش ئەم نامەیەی خانمی موحتەشەمی پووریش بخەمە بەر دیدی خوێنەری کورد و تەنانەت گەر بۆشم بکرێت، حەز دەکەم وەکوو (پرۆژە)یەك کار لەسەر کۆی ئەو نامانە بکەم کە لەو ئاراستەیەدا نووسراون و بڵاو کراونەتەوە، تا بتوانم پێناسەیەکی تەواوتر لەو ئیسلامە ئاخوندییەی ئەمڕۆی ئێرانی مەلا زەدە بخەمە سەر ناسینەکانی کۆمەڵگەی کوردی، کە دوور نەبووە لە ئاگری ڕەحمەتی کوشندەی ئاخوندیسم.. کەواتە، با پێکەوە دەقی نامەیەکی خانمی موحتەشەمی پوور بخوێنینەوە کە بە دڵێکی بریندارو شکاو و بە هەناسەیەکی ئینسانی و شاعیرانە بۆ هاوسەرە دەربەندەکەی خۆیی هۆنیوەتەوە:...

جەلیل عەباسی

"چاوی من، سەرەنجام تەڕ بوو

سڵاو ئارامی گیان

سبەی، دەبێتە یەك مانگی تەواو کە پیاوانی لاف لێدەرەی (عەدلی عەلەوی)، لەشەوی لەدایکبوونی دایکت (زەهرای پاکیزە)دا، ڕژانە ناو ماڵەکەمان و بە پیشاندانی حوکمێکی تەزویر، تۆیان گرت و بردیتیان. هاوارەکانی من لەو نیوەشەوەدا بووە هۆی ڕاچەنینی هاوسێکان تا شایەت بن کە کاتێ بردیتیان تەندروست بوویت و دەبێ بە تەندروستی بگەڕێیتەوە، ئەو پیاوانەی کە هاتبوون، گوتیان هیچ دەسەڵاتێکیان نییە و پیاوی جەوروستەمن لە کۆماری ئیسلامیدا!!!

دەبوو ئێمە چیمان بکردبا ؟.. لەم چلوشەش ساڵەی تەمەنمدا هیچکات نەمویست و نەمتوانی ژیانێکی خۆش و ئاسوودە و ئارامی فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتیم هەبێت، بەڵام گەلێ تەجروبەم هەبوونە، خێزانی زیندانیی سیاسی نەبێت (سەرەڕای ئەزموونەکانی سەردەمی منداڵیم و ئەو چیرۆکانەی دایکم بۆی دەگێڕامەوە و ئەم ڕۆژانەش پەیتا پەیتا بۆ دڵنەواییمان دووبارە دەکرێنەوە). نووکە، دەورانێکی نوێ لە ژیانمدا دەستیپێکردووە و دەبێ سوود لە ئەزموون و تەجروبەی خەڵکیتر بەرم:..

هەنگاوی یەکەم: یەکگرتن، خۆشبەختانە پێشتر بنەماڵەی خەباتگێڕانی ڕێگای حەق و ئازادیمان ناسیون و پەیوەندیمان لەگەڵیاندا هەبووە و زوو لێك کۆ دەبینەوە، ئەوانیتریش، یا ئێمە دەیاندۆزینەوەودەیانهێنینە ناو کۆڕوکۆمەڵەکەی خۆمانەوە یانخود

ئەوان ئێمە دەدۆزنەوە و ئیدی جەمعمان جەم دەبێت و کۆڕمان گەرم.

هـــەنگاوی دووەم: هـــەوڵی دەسخســـتنی زانیـــاریی ســـەرەتایی، پارێزەرەکـەت گـورج دەکەوێتـە کـارو بەدواداچـوون لای قوتابییەکـەی {پێشـووتری} واتـە (مورتـەزەوی) کـە تەنانـەت {نازانـێ} حورمـەتی مامۆستاکەی بگرێت و بـە تیتـاڵی ولامـی دەداتـەوە، وەك بڵێـی باسـی نامەی دکتۆراکـەی، هـیچ بـۆی گـرینگ نییـە.. جـا، پـاش چـیرۆکەکەی (کوردان) ئیدی چ باك لە تەزویرکردنی بڕوانامە!!..

هەنگاوێك بەرەو پێشتر: ئامادە بوون لـە نووسـینگەی (مورتـەزەوی) لەگەڵ مناڵ و خوشکانت کە وێڵن بەدوای زەرەیەك مرۆڤایەتیـدا تـا دڵـە رەق {وڕەش} ەکـانی پـێ نـەرم بکـەن، تـا بهـێڵن تـۆ بێیتـەوە بـۆ سەرەخۆشـــێکردن لـــە تاقانـــە براکـــەی کـــە داخـــدارو تازیـــەباری (ئەلمیرا)یەتی.. یا بۆ دیـدارێکی کـورتی دایکوبـاوکی پـیرت.. {بـەلام} بریا نەچووباین.. نازانی چەندە سـەرکۆنەی خـۆم دەکـەم کـە وا ئـەقڵی خۆم دایە دەستی پارێزەرەکەت بۆ ئەم دیـدارە پـڕ لەسـووکایەتییە کـە دەرەنجامەکەیم هەر لەسەرەتاوە دەزانـی! بـزەی گاڵتەجاڕانـەی ئـەو و هەوڵدانی بۆ پیشـاندانی خوێنسـاردی و بێموبـالاتی، لـەکاتی دەربڕینـی درۆکانیدا و بەڵێنی درۆیینی بەخشینی دەرفەت بەتۆ بـۆ تەلـەفۆنێك لـە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا، کە هیچکات نەکرا!!

هەنگاوی سێیەم: سازدانی بۆنەی نزاو پاڕانەوەو (نیایش) بۆ پتەوی و مانەوەی هـەنگاوەکانی ئێـوە و هـەرواش بـۆ دڵدانـەوە و دڵخۆشـکردنی خۆمان و باقی خێزان و بنەماڵەکانیش، لە نزای ناوماڵەوە بیگرە تا دوعا

و بۆنە گشتییەكانی ناو پەرستگەش، كە بەداخەوە چاوپۆشـی لـەوانیش ناكەن و تاقمێك چەكدار و تێڵا بەدەست دەنێرنە سەر نزاكاران!

هەنگاوی چوارەم: زانیاری گەیاندن، مـادەم ئێمـە لـە (بێخەبـەری)ی تــەواوداین، دەبــێ خــەڵكیتریش ئەمــە بــزانن.. ســەرۆكی ئەنجومــەن، سەرۆكی دەزگای دادوەری، زانایان و..، نامە كراوەكان ئەم سـوودەیان هەیە كـە، ئەگـەر ئـەوان وڵامیشـمان نادەنـەوە، ئـەوا جـەماوەر ئاگـادار دەبنەوە.. بیستووشمە هەندێكەس هیچ بەمجۆرە نامانە ڕازی نین!!

هـــەنگاوی پێنجـــەم: {هەمـــدیس} زانیاریگەیانـــدن (دیـــدار و چاوپێكەوتن)، فراكسیۆنی (خـەتی ئیمـام)ی ئەنجومـەن رێگایـەكی زۆر باشە، (ماڵی میللەت و نوێنەرانی میللەت و خەمەكانی میللـەت). ئـەوان بــە داخــن.. دەڵــێن هــەوڵێكیان داوە و لەسەریشــی دەڕۆن تــا بــە دیــاریكردنی كۆمیتـــەی بەدواداچـــوون بگەنـــە ئـــەنجامێك. پشـــووی ئەنجومـــەن، بەربەســـتە بـــۆ دیـــدارمان لەگـــەڵ (لاریجـــانی)دا.. ئـــەم چاوپێكەوتنەش هەندێ پەراوێزی بۆ دروست بووە كە دەیانویست دەقی سكاڵاكەی پێ بشارنەوە.. باسێكی دوورودرێـژە و لێـرەدا جێـی نییـە.. هەر ئەوەندە دەڵێم: سكاڵاكەی من دژی هـەواڵنێریی (فـارس) و (ئیرنـا) تەنها بەجێگەیاندنی ئەركی سەرشان بوو، هـەروەكوو سـكاڵاكانی خـۆت دژی (عـەلی جەننـەتی)...، بـە زووتـرین كـات هـەوڵی بینینـی ئاغـەی (هـاشمی شـاهرودی) دەدەیـن، بـەڵام نووسـینگەكەی هـیچ وڵامێكمـان نەداتەوە.. داوای یارمەتی لە بەڕێز (جەمشیدی) دەكـەین بـە حورمـەتی ڕۆژانێك، بەڕێوەبەری گشتی بوو و جاروبار ڕوویـەكی خۆشـی دەدایـنێ، ئەویش دەڵێ: كۆمیتەیەكی سێ كەسـی پێكهـاتووە بـۆ بەدواداچـوون و

پێویستە پەنابەرینە بەر (موحتەشەمی پوور) تا دەرفەتێکی چاوپێکەوتنی (دوڕی نەجەف ئابادی)مان بۆ بڕەخسێنێ!.. دیداری (خاتەمی) هەروەکوو جاران ئومێدبەخشە.. گەرچی ئەو هیچ پلەوپایەیەکی لەناو دەسەلاتدا نییە، بەلام خۆ لە دڵی جەماوەردا هەیەتی.. خۆ نەجابەتی هێشتا ماوەو هاودەرد و هاوخەمی جەماوەری لێقەوماوە، ئەو، دەزگای دادوەری بە بەرپرسیاری یەکەم و راستەوخۆ دەزانێت و دەڵێت: ئەم شۆڕشە (مەخمەڵی)یەی دژی جەماوەر، دەبێ کۆتایی پێ بهێنرێت. بینینی (هاشمی رەفسەنجانی)یش وەك سەرۆکی ئەنجومەنی بەرژەوەندییەکانی رژێم و سەرۆکی ئەنجومەنی پسپۆڕانی رێبەرایەتی، هەر هیوابەخشە، بەتایبەتی کاتێ بەڵێنی ئەوەمان دەداتێ کە بەردەوام بۆ ئەم کێشەیە بەدواداچوون بکات و هەرواش وەرگرتنی دەرفەتی دیداری (دوڕی نەجەف ئابادی) دەگرێتە ئەستۆی خۆی، دەرفەتێك، کە دە ڕۆژی پێدەچێ تا وەربگیرێت ئەویش تەنها بۆ پێنج کەس!! سبەینێ دەڕۆین، بزانین ئایا ئێمە دەبێ دڵی دەسەلاتداران بدەینەوە، یا ئەوان دڵنەوایی لە ئێمەی خێزان و بنەماڵە دڵ بریندارەکان بکەن؟!!! با باسی دیداری عولەما و (مەرجەع)ەکانیشم لە بیرنەچێت، هەر هەمان هەفتەی یەکەم سەردانی (قوم)مان کرد و توانیمان ئایەتوڵڵا (صانعی) و ئایەتوڵڵا (جەوادیی ئامولی) ببینین.. ئەوانیدیش بە میهرەبانییەوە گوتیان لەژێر گوشاری ئەمنیدان و ناتوانن بمانبینن، ئێمەش نامە کراوەکانمان ئاراستە کردن و گەڕاینەوە، بە هیوای وڵامێك. هەفتەی رابردووش من و خاتوو (موجەڕەدی) چووینە لای ئایەتوڵڵا (موسەوی ئەردەبیلی) کە یەکەمین سەرۆکی دەزگای دادوەریی کۆماری

ئیسلامی بووەو لـە ئازایـەتی و بوێریـدا ناوبـانگی زۆرە، زۆر بـەداخ بـوو بەوەی تۆیان دەسگیر کردووە، چونکە زۆرچاك تـۆی دەناسـی.. باسـی ئەوەی گێڕایەوە کە ئەو ژنـی بـۆ (حـەجاریان) مـارە بڕیـوە.. هـەروەها باسی ئەم مەینەتیانەی دوایی کـرد و بـە داکۆکییـەوە گـوتی: دانپیانـان لەژێر ئەشکەنجە و گوشار و ترس و هەڕەشەدا هیچ بایەخێکی شەرعی و یاسایی نییـە و ئەمـە شـتێکە تەنانـەت فـەقێکانیش دەیـزانن.. ئـەویش وەکـوو ئەوانیـدی داوای لێکـردین کـە ددان بەخۆمانـدا بگـرین و گـوتی: بەڵێنیان داوە هەفتەی داهاتوو ڕێژەیەکی زۆریان لە زیندان ئازاد بکەن.. بڕیار بوو نووسـینگەی نـاوبراو هـەواڵی چـاوپێکەوتنەکە بـڵاو بکاتـەوە، کەچی بەداخەوە نەیکرد!!

هەنگاوی شەشـەم: هـەر زانیـاری گەیانـدن (گوتوبێـژ و گفتوگۆ) کـە بەداخــەوە لــەم هەلومەرجــە تاســێنەرەدا و بــە نــەبوونی هــیچ ئــامراز و سەکۆیەکی دەربـڕین بـۆ نـاڕازی و بەرهەڵسـتکارە یاسـاییەکان، زۆر بـە کـەمی و لـە چوارچـێوەیەکی بەرتەسـکدا بـڵاو دەبنـەوە و لـە بەرامبـەر میدیایەکدا کە تۆ نـاوی بەهـەقی (مـەیلی)ت لێنـا، توانـای دەرکـەوتن و پەخشی بەرفرەوان و مانەوەیان نییە.. ئێمە بازێکی گـەورەشمان دا بـۆ نزیکبوونەوە لـە ئێـوە کـە ئـەویش کۆبوونـەوەمان بـوو لەبـەر دەرگـای (ئێـوین)دا، گەرچـی ناشـزانین ئێوەیـان لــە کامــە سووچـی تاریکیـدا شـاردۆتەوە.. بـەڵام بـەو هیوایـە هـاتین کـە گـەرمیی ئـەم (حـوزوورە) وزەیــەکی بــاش بگەیەنێتــە ژوورەوەو ئێــوە گــەرم و ســەوز دابــێن.. دەنگیشـمان بـەرز کـردەوە تـا ئەمـە خوایـە بـەرگوێی ئێـوەی دەربەنـد بکەوێت. نزامان کـرد و پاڕاینـەوە تـا ببێتـە دڵگـەرمی و پشـتگەرمییەك

بۆتـــان.. گوڵەکانیشـــمان دانـــە دەســـتی (ســـەرگورد یـــا ســـەرهەنگ عەبدوڵڵایی) کە دەیگوت، گوایە سەتەلایت ئێوەی کێشاوەتە ئەو شوێنە (زیندان)! ئێمەش پێمـانگوت: منالـّەکانمان لـە (ڕۆژی بـاوك)دا ئێمـەیان گەیاندۆتە ئێرە بۆلای باوکەکانیان نەك سەتەلایت، لەوانەیە سـەتەلایت، ئێـوە بەملاوبـەولادا ڕابکێشـێت!! گـوتی گوڵـەکانتان پێدەگەیـەنێت.. سوێندی بە (شەرەفی) خوارد کە دەیانگەیەنێت، ئایا گەیاندینی؟! مـن گوتم هەرکاتێ هاوسەرەکەمم دیت لێی دەپرسم کە ئایا گوڵـەکانیان پـێ گەیشـتووە یـا نـا، بـەڵام دوایـی هـەر زوو گـوتم: گـەر نـاهێڵن بگەنـە دەستیان، هیچنا بیاندەنە دەستی ئەو گەنجانەی کـە بـۆ مـافی خۆیـان ڕێپێوانیان کرد و گیران و بەردەوام هەواڵی مردنیان دەگاتە دەرەوە.

مستەفا، تۆ سوهراب دەناسـیت؟، نـا، نایناسـی.. منـیش ناینـاسـم.. ئەوەندە دەزانم کە دایکی، دایکی ئاشتییەو کوڕە 18 ساڵەکەیی دلێـرو قارەمـان پـەروەردە کـردووە.. دوێنـێ جـەنازەی کوڕەکـەیان دایـەوە دەستی و بڕیار وابوو ئەمڕۆ بەیانی ببرێتە (بەهەشـتی زەهـرا) و بـەخاك بسـپێردرێت، دایکـی، جلوبـەرگی سـەوزی پۆشـیوە و دەڵـێ: کوڕەکـەم بـووە فیـدای چاکسـازی و ئێرانـی ئـازاد.. دەڵـێن: هـەموو دەرودیـواری ژوورەکـەی سوهرابیشـی بـە ڕەنگـی سـەوز ڕازاندۆتـەوەو ماڵەکـەیی پـڕ کردووە لە ڕەمز و سیمبولی ئاشـتیخوازی. ئـەم قـوڵپی گریانـەی کـە لـە بـــەیانیی بیستوســـێیەمی خـــورداد (جـــۆزەردان)ەوە و پـــاش ئـــەو سووکایەتییە ئاشکرا و بێشەرمانەیە بە جەماوەر و دەنگەکانی گـەرووی گرتـووم، لـە دوێنێـوە زۆرتـر ئـازارم دەدات. کاتـێ بـەڕێز (کـەڕوبی) پەیوەندیی پێوە کردم و گوتی دەیەوێ سەردانمان بکات، من پێم باشتر

بوو لە جیاتیی من بچێت و سەردانی ئەو دایکە داخدار و کۆستکەوتووە بکات، گەرچی من، خۆم بە داخدار و تازیەباری هەموو ئەو گەنجە شەهیدانەی ڕێگای ئازادیی وڵات دەزانم. کەڕوبی هات و دایکت باسی هەموو هەوڵە دڵسۆزەکانی تۆی بۆ کرد و ئەویش گوتی: یادەوەریی ئایەتوڵڵا (فازیل هەرەندی)ی لە لا تازە بووەوە کاتێ خوشکە بەڕێز و پاکیزەکەیی بینی. منیش، کاتێ دایکت گلەیی لەو (پاسدار)ە خۆ فرۆش و بێئاگایە کرد کە گوایە ناڕازییەکانی بە (ئەمەوی) لەقەڵەم دابوون، گریام و فرمێسکم ڕشت. دەبینی..، ئەمانە بوونەتە ئیمام حسێن کەچی دەسەڵاتداریشن.. ئێمەش (یەزید)یین بەڵام یەخسیرین.. ئەمانە ئیمام عەلین بەڵام حکوومەتیشیان هەیە و ڕەنگبێ ئێمەش جەماوەری (سەقیفە) بین بەڵام گۆشەگیرکراو!! عەجەب چیرۆکێکە چیرۆکی ئەم (غەدار)انەی ڕۆژگاری ئێمە کە دینیان پێشێل و رسوا کردو هاواری ئەهلی دین و زانا دینییەکانیشیان بەرز کردۆتەوە.. (جەننەتی) بەردەوام خەریکی پیلانی ناچار کردنی خەڵکە بە دانپێدانان و بەئاشکراش لە خوتبەی نوێژی هەینیدا دەڵێت: (ڕەنگە ئەم کوودەتایە دڵی هەندێکەسی خۆشکردبێ، بەڵام دەبێ بزانن کە (شانامە، کۆتاییەکەی خۆشە)!!

پێویستە بڵێین، با (حەداد عادل) وانەی مێژوویان بۆ بڵێتەوە تا (کۆتایی ستەم و سەرەڕۆیی)یان بێتەوە بیر.. بڵێین چیرۆکەکانی قورئانیان بۆ بخوێننەوە تا چارەنووسی فیرعەون و نەمرود و سەرجەم ستەمکارانی مێژوو بێتەوە یادیان. ئێمە تازەبەتازە واتای (صم بکم عمی)ی قورئان تێدەگەین، ئەویش بە بینینی هەڵسوکەوتی ئەم ڕۆژانەی

ئەو تاقمە.

دڵبەندەکەم، خەمت نەبێ، هەنگاوی دواتریشمان دەسپێدەکات، ئێوە لە قەفەزە تاکەکەسییەکانی زیندانـدا بـە مێشـکێکی سـاف و ئـارام خەریکی بیرکردنەوە و خۆ تەیار کردن بن.. ئێمەش تا گیانمان تێدا بێت و بتوانین، ئەرکی پەیام گەیاندن و رۆشنگەری جێبەجێدەکەین.. بـەڵام داواکارییەکم هەیە: نەکەن کاتـێ ئـەو ناخپیسـانە کەوتنـە ئەشـکەنجەی جەستەییتان، پێیـان بڵـێن: (گـەر بشـمرن و بشسـووتێن هاوارێکمـان لێ نابیستن)، من بیستوومە هـاوار کـردن لـە کـاتی ئەشـکەنجەدا ئازارەکـە کەمتر دەکاتەوەو لەوەش گرینگتر، ئەشکەنجەگەر شێت و هار دەکـات. ئەمانــە هــەوڵ دەدەن لاســایی درنــدەکانی مێــژوو بکەنــەوە، لــە ناسنامەکەشــیاندا نووســراوە (موســوڵمان)، ئەمــەش دەبێتــە هــۆی زەجرێکی کوشندە بۆیان: خەویان لێ حەرام دەبێت.. ژیانی ئاساییان لێ حەرام دەبێت.. چێژ و خۆشیی خێزان و بنەماڵەیان لێ حەرام دەبێـت.. هەموو شتێك لەم (حەرامیانە) حەرام دەبێت!!!

هـاوار بکـە عـەزیزی دڵـم، بـا هـاواری تـۆ لەگـەڵ هاوارەکـانی منـدا یەکبگرن. من بەچاوی دڵم درزەکـانی (هـەیوانی مـەدائین)م بینیـون کـە بڕیار وابوو ببێتە سیمبولی عەدل و داد.. نەك هـەر مـن، بـەڵکوو هـەموو ڕۆشنداڵانیش دیتوویانە.. هەموو ئەوانەی کە دینیان بە دنیای دەسەڵات نەدۆڕاندووە.

و... (الیس صبح بقریب)؟!!!."

*

## رۆژگارێكی سەیرە...
## عەلی مەزروعی

ئەم ڕۆژانە، رۆژی سەیر و سەخت بەڵام چارەنووسسازن بۆ وڵاتی ئێمە و گەلێكیش تاڵ و پەند ئامێزن بۆ كەسانی وەكوو من. ئەوە پترلە سەد رۆژ دەبێت، چاكترین دۆست و برادەر و هاوبیرەكانم كە رۆڵێكی زۆر بەرچاویان هەبوو لە خەباتی دژی رژێمی ستەمكاری پاشایەتی و هەرواش لە خزمەتكردنی جەماوەر و شۆڕشەكەیاندا، تەنیا بە بیانووی سیاسەتی چاكسازیخوازانە، گیراون و توندی ژووره تاكەكەسییەكانی (زانكۆ و مەزگەوت)ی (ئێڤین) كراون و بەمەبەستی لێپێچینەوەو كۆنترۆڵكردن و دانپێدانان و تەوبە پێكردن و... دەسبەسەرن.. منیش كە بە رێكەوت لە دەستی ئەم پیاوانەی خوا رزگار بووم و بە پێی بەختم لەم كاروان و ئاڵوگۆڕە ناچارییە دابڕاوم، سەرم سووڕماوە كە: هاوجیلەكانی من چییان لە شۆڕشی ئیسلامی دەخواست و ئێستا كەوتوونەتە چ ڕۆژێكەوە و دەبێ چ سزایەك وەربگرن بۆ كارەكانی ڕابردوویان؟!..

لەم رۆژانەدا، كاتێ بیرەوەریی رۆژانەی زیندانی برا و هاوسەنگەری بەڕێزم لە (جەبهەی موشارەكەت)، بەڕێز (خودایاری)م بەناونیشانی (گۆشەگیریی 88) دەخوێندەوە و بە داخ بووم كە بەهۆی ئەم هەلومەرجە ئەمنییە داسەپاوەوە، دوای ئەو سەفەرە دوورودرێژە (رۆحانی)یەی، نەمتوانی و ناتوانم بیبینم، هەر دێڕێكی بیرەوەرییەكانی دەیخستمە بیركردنەوە و تێڕامانێكی تاڵ و زەجراوییەوە، لە خۆمم

دەپرسـی: باشـە، ئەمانـە کـە ئـەو و دیکـەی برادەرانـی جەبهـەی موشارەکەت و (موجاهـدینی شۆڕشـی ئیسـلامی)یان توندی بەندیخانـە کردوون، چۆنیان دەناسن و چ بیرکردنەوەیەکیان هەیە بۆیان؟! من، کە سالگارێکە دۆست و هاونشـینی ئـەوانم، زۆر چـاك ئاگـاداری بـڕواداری و پاکـداوێنییانم لـە ژیـانی کۆمەڵایەتییانـدا و چـاك دەزانم، ئەگـەر لـە گۆڕەپانی سیاسـەتدا ڕۆڵێکـی کارایـان هـەبووە و چالاکییان نوانـدووە، تەنیا و تەنیا بە هۆی بڕواداری و هەستکردنیان بووە بە بەرپرسیارێتی و ئەرکۆمەندی، خۆ ئەگەر ئەوانیش بێدەنگ و گوێڕایەڵ بوونایە و تەمـەن و وزە و توانای خۆیان بۆ (شتیتر) و لە (ڕێگەیدیکـەدا) تـەرخان کردبـا، ئـەوا ئـەمڕۆ هـەم پلەوپایـەیان هـەبوو و هـەم ئـەمن و ئاسـایش و خۆشـگوزەرانی و ژیـانی خـۆش!! فـەرموون سـەیری ئـەم بەشـەی بیرەوەرییەکانی زیندانی بەڕێز خودایاری بکەن: " دوانیـوەڕۆی ئـەمڕۆ، بۆ دووەمجار کەوتمە ژێر لێپرسـینەوە.. لەسـەروبەری لێپرسـینەوەکەدا تێگەیشتم لێکۆڵەرەکەم هەمان ئەو کەسەیە کە یەکـەمجار گومـانم بـۆی چووبوو.. سەردەمێك کە من لە وەزارەتی (ئیتیلاعـات)دا کـارم دەکـرد، ئەویش فەرمانبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بوو کە بەڕێوەبەرەکـەی، مـن خۆم بووم.. ئەو، پیـاوێکی زۆر شـەرمن و ڕێکوپێـك بـوو و منـیش زۆرم خۆشدەویسـت.. لـە سـەروبەری لێپرسـینەوەکەدا، خـۆم پێنـەگیرا و پرسیارم لێکرد.. ئەویش گوتی: بەڵێ وایە.. ئیدی مـن (چـاوبەند)ەکەم لە چاوم کردەوە و ئەوم لـە ئـامێز گـرت. پـاش لێپرسـینەوەکە، ئیزنـی ئەوەیان دامێ بە تەلـەفۆن لەگـەڵ مـاڵی دایکمـدا قسـە بکـەم، ئەمـەش

یەکەمین پەیوەندیی من بوو لە ماوەی دەسگیر کردنمدا."

بیری لێبکەنەوە، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا بارودۆخ چۆن گۆڕاوە.. بەڕێوەبەری گشتیی دوێنێی وەزارەتی ئیتیلاعاتی رژێم، ئەمڕۆ تاوانبار دەکرێ بە پیلانگێڕیی دژی ئاسایش و دژی رژێم.. لێکۆڵەرەکەشی هەمان ئەو کەسەیە کە تا دوێنێ فەرمانبەر و ژێردەستی خۆی بووە!! ئایا بەڕاستی هۆکار و هاندەری دنیایی بۆ نان و ناو و.. وای لە (خودایاری) کردووە؟ هەموو ئەقڵێکی تەندروست پێچەوانەی ئەمە دەڵێت، چونکە ئەگەر ئەو چاوی لە ئاست زۆر کەموکوڕی و ناتەبایی و چەواشەگەری و خراپەکاریدا دەنووقاند و باسی چاکسازیی نەدەکرد، بە دڵنیاییەوە رێگای سەرکەوتن و ناوبانگ و دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانیی تەخت و کراوە بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کە بە پێی ئەقڵ و تێگەیشتنی خۆی لە رەوشت و بیروبڕوا و بنەما دینییەکان جووڵاوەتەوە، دەبێ ئەمڕۆ بگیرێت و بخرێتە بەندیخانە و لەلایەن ژێردەستەکانی دوێنێی خۆیەوە بخرێتە ژێر گوشاری لێپێچینەوە!! ئەڵبەت زۆرجار لایەنی دەسەڵاتدار بە ئاسانی ئەم گوتەیەی (ئیمام) دەکاتە ئامراز کە دەڵێ (بارودۆخی ئێستای تاکەکان دەبێتە پێوەر)، بەڵام فەرامۆش دەکەن کە (ئیمام) زۆر قسەی تریشی هەنە باسی پێوەرو پێودانگ دەکەن، بۆ نموونە (پێوەر، دەنگی جەماوەرە)، قسەیەك کە برادەرانی ئێمە بە هۆیەوە ڕەوانەی زیندان کراون. با لەم باسە بێینە دەرەوە کە بۆتە هۆی جەنگ و پێکدادانی ئەمڕۆی دوو جۆرە خوێندنەوەی جیاوازی ئیسلام و شۆڕش و ئیمام و رژێم لە لایەن

دوو جەمســەری فکـری و سیاســیی ئــەم کۆمەڵگەیــەوە و لایــەنێك بــە کەڵکوەرگرتنی هەمەلایەنە لە هێز و دەرفەتــەکانی حاکمییــەت دەیــەوێ لایەنەکەیدیکــە ســەرکوت بکــات و ڕەوابــوونی خــۆی لــە ســای لــۆژیکی (ڕەوایی هەر بۆ دەســەڵاتدارە) بســەلمێنێت!! نموونەیــەك لــەم جــۆرە ســەپاندنەی رەوابــوون، لــە بیرەوەریەکانــدا بــەمجۆرە هــاتووە: " ئــەم دوانیوەڕۆیــە، پاســەوانێك هــات و بــانگی لای لێکۆڵــەری کــردم، چــاویان بەستم و ڕەوانەی بەشی لێپرسینەوەیان کردم، کابرایەکیتر لــە جیــاتیی لێکۆڵــەر هاتــە بــەردەمم و گــوتی: داوامــان لــە برادەرێــك کــردووە کــە شارەزای بواری دینییە، بێتە زیندان و قسە لەگەڵ تۆمەتبارانــدا بکــات، ئەگەر حەزدەکەی، با تۆش چاوت پێبکەوێت.. گوتم: بارودۆخی رۆحــیم بــۆ گفتوگۆیــەکی فکــری لــەبار نییــە، بــەلاّم ئەگــەر ئــەو پێیوایــە ئــەم گفتوگۆیە چارەساز دەبێ، باشە، من هیچ لاریم نییە.. بردمیانە ژوورێك، ئەو کابرایەی لەوێ دانیشتبوو گوتی: دەتوانی چاوت بکەیتەوە، منــیش چاوبەندەکەم لا برد و لەپشت مێزێکەوە ڕووبەڕووی ئەو دانیشــتم.. دوو گلاّس چا و چەند دانە بیسکویت لەسەر مێزەکە دانرابوون، گوتی بخــۆ، گوتم بە ڕۆژووم.. باسی نالەباریی هەلومەرجی رۆحیی خۆم کرد و گــوتم پێموانییە ئەم کات و شوێنە بۆ ئاوەها باسێك شیاو بێت، ئایا گــەر ئــەم گفتوگۆیــە دابنــێین بــۆ دواتــر و بــۆ دەرەوەی زینــدان باشــتر نییــە؟.. هەڵسوکەوتی زۆر باش بوو، گوتی: ئەگەر حەز ناکــەیت، دەتــوانین هــەر لێرە و هــەر ئێســتا کۆتــایی پــێ بهێــنین.. ســەرەنجام مــن رازی بــووم و گفتوگۆ دەستپێکرد و ماوەی یەك کاتژمێر بــەردەوام بــوو. باســەکەی،

زۆرتر تایبەت بوو بە بنەما تیۆرییەکانی (وەلایەتی فەقی).. لە کۆتـایی باسەکەشدا پێشنیاری ئەوەی پێکردم کە چەند بەرگێکی کتێبەکەی (سەحیفەی ئیمام) لە ژوورە تاکەکەسییەکەمدا بخوێنمەوەو ڕۆژانی داهاتووش باسەکەمان درێژە پێبدەین، بەڵام من بە بیانووی نەبوونی ئامادەیی رۆحی و زیهنی، ئەم پێشنیارەم رەت کردەوە. ئیدی باسەکە درێژەی نەکێشا، بەڵام یەك دوو ڕۆژ دوای ئەوە، دوو بەرگ کتێب (وەلایەتی فەقی/ی ئیمام و وەلایەتی فەقاهەت و عەدالەت/ی ئایەتوڵڵا جەوادیی ئامولی)یان هێنایە ژوورە تاکەکەسییەکەمەوە. کتێبەکەی ئیمامم بە تەواوەتی خوێندەوە، ساڵی 1356{1977}یش خوێندبوومەوەو چەند نوسخەیەکم لێ نووسیبۆوە بۆ ئەوەی باشتر بگاتە دەستی خەڵکێکی زۆرتر، خوێندنەوەی دووبارەی ئەو کتێبە، یادەوەریی ئەو ساڵانەی بۆ زیندوو کردمەوە. بەشێکی زۆری کتێبەکەی ئایەتوڵڵا جەوادیی ئامولیشم خوێندەوە."

وا پێدەچێ ئەو هەموو دەرفەت و ئیمکانیاتە زۆرەی بواری ڕاگەیاندن و ڕاهێنان و ...، کە ئەم لایەنەی حکوومەت لەدەرەوەی زینداندا هەیەتی، بۆ ڕاهێنان و ئاگاکردنەوەی هەندێکەس هێشتا کەمە و دەبێ لە ناو زیندانیشدا بە باس و بابەتی فکری و تیۆری و ئایدیۆلۆژی، ئەویش لە هەلومەرجێکی زۆر تایبەتدا، هەقبوون و ڕەوا بوونی لایەنی حاکم بسەپێنن کە (وەلایەتی فەقی) و گوێڕایەڵیی کوێرکوێرانە لێی، لەسەررووی ئەو ڕەوا بوونەوەیە! مەخابن بۆ دینێك، پەیامبەرەکەی بۆ تەواوکاریی (مکارم الاخلاق) هاتووە و بڕوای وایە ئیمان دەبێ هاوڕا بێت

لەگەڵ زانایی و ئازادیدا و هیچ ناچار کردن و سەپاندنێك نابێ لە ئارادا هەبێت، خۆ ئیمامیش زۆرجار دووپاتی دەکردەوە کە حکوومەتی دینی دەبێ حوکمی دڵەکان بکات نەك حوکمی سەر و خەنجەر، ئێستاش کاری گەیشتۆتە ئاستێك کە رەوابوونی خۆی بەم شێوازە {ناڕەوایە} دەسەپێنێت و ئاوها جەماوەر ناچار دەکات تەسلیم و گوێڕایەڵی وەلایەتی فەقی بن.. بەڵێ رۆژگارێکی سەیرە، ئەزموونی ئەم حکوومەتە دینییەی ئێمەش بەوە گەیشتووە کە دەبێ خۆی لە ڕێی زەبر و زەنگ و زیندانەوە بسەپێنێت.. من نازانم پشتیوانەکانی ئەم رژێمە، هەر لە لێکۆڵەری زیندان تا مەلا و زانا ئاینییە گەورەکانیش، بە ڕاستی بۆ ڕەزای خوایە ئەم کارانە دەکەن یا بۆ خورما و پاراستنی پلەو پایە و نان و ناوی خۆیان؟! بەلای منەوە سەیر لەوەدایەوە کە چۆن دەبێ بەم کارانەی کە هەموویان مەبەستی دنیاییان لەپشتەوەیە، دین و ئیمانی خەڵك بپارێزرێت؟!.. چۆنە، حکوومەتێك، کە دەبێ پێوەری کاری دادپەروەری بێت، خۆی بۆتە پێوەری گوێڕایەڵیی حاکم؟!.. و...، ئەگەر شکوگومانێکیشتان لەم بۆچوونە هەیە، ئەوا باشترە بیرەوەریەکانی زیندانی بەڕێز خودایاری بە تەواوەتی بخوێننەوە.

*

**جەژنی لەناوچوونی ملهوڕیی دینی...**

**نامەی سرووش بۆ خامنەیی:...**

**روونکردنەوەیەکی پێویست:**

لە مێـژووی سیاسـیی هاوچـەرخی ئێـران و بەتایبـەتی لـە سـەردەمی ڕەش و تاریکی حاکمییەتی موتڵەقی ئاخونـدیزم بەسـەر گـەلانی ڕۆشـن ئەندێش و ئازادیخوازی ئێراندا، گەلێ جار نامەنووسین و نامە گۆڕینەوەی ئـــەدەبی و فکـــری و فەلســـەفی و سیاســـی و کۆمەڵایـــەتی لـــە نێـــوان نوخبەکانی ئەم وڵاتەدا ئاڵوگۆڕ کراوە و بەتایبەتیش زۆرجار نامەی توند و جۆراوجـۆر بەمەبەسـتی ناڕەزایـەتی دەربـڕین یـانخود ڕۆشـنگەری و هۆشداریدان، ڕووبەڕووی عەلی خامنەیی (کە من ناوم لێناوە بتی گەروە) بوونەتەوە، یەك لەو هەزاران نامە پرسیار ورووژێن و رسواکارانەی کە بۆ خامنەیی و دژی دەسەڵاتی رەها و ملهوڕانەی ئەو نووسراون، نامەیـەکی کراوەی خودی خۆم بوو کەساڵی 1997 لە ئێران بڵاوم کردەوە، بەڵام دەبێ لەگەڵ ئەوەشدا بڵێم: تا ئێستاش هیچکەس.. هیچ فکرێـك.. هـیچ قەڵەمێك، نامەیەکی بە جوانی و ڕێکـوپێکی و پـڕ نـاوەڕۆکیی ئـەم نامـە دواییەی دکتۆر عەبدولکەریمی سرووش نەنووسیوە.. لـە ڕاسـتیدا، ئـەم نامەیە تەنها نامەیەکی سادە نییە و من بـە (مانیفێسـت)ێکی دەزانم کـە تیایدا و بەوپـەڕی کورتبێـژی و وردبینییـەوە نـەگوتراوەکان گـوتراون و نهێنییەکان ئاشـکرا کـراون و دەهـۆڵی بـەدناوی و ڕسـوایی دینسـالاریی ملهوڕانەی خامنـەیی بـە بـەرزترین و ڕاچـڵەکێنەرترین دەنـگ لێـدراوەو ئاسـۆی رابـوونێکی هەمەلایەنـە و گشـتگیر نەخشـێنراوە.. دەبـێ بڵـێم

سرووش بەنووسینی هەر وشەیەك، دەیانجار ئەو دیکتاتۆرە ملهوڕە کۆنەپەرستەی کوشتووە.. ئەویش و (ویلایەتە سەفیهانەکەی فەقی)یش و ئەو سیستەمە سەرەڕۆیەشی هەڵوەشاندۆتەوە تا کۆمار و کۆمەڵگەیەکی کراوەی تەندروستی ئەخلاقی و ئینسانی بنیات بنێت (و هیوادارم ئەم هەڵوەشاندنەیە، هیچنا، ببێتە بناغەیەك بۆ ئەفراندنی ئایەندەیەکی رۆشن و بەختەوەر بۆ ئێرانی مەلازەدە و هەموو رۆژهەڵاتی ئافەت لێداویش.. کاتێ ئەم نامەیەم خوێندەوە، وردورد هەژاندمی و وای لێکردم وەریبگێڕمە سەر زمانی کوردی و بەشێك لە رۆشنبیریی کوردیی پێ دەوڵەمەند بکەم، سەرەڕای ئەوەی کە پێموایە زۆر خاڵی ئەم نامەیە، باری سیاسی و سیاسەتکارانی ئەمڕۆی وڵاتی چارەڕەشی ئێمەش دەگرێتەوە و زۆر پێویستە ئەم پەیام و هاوارە ئینسانییەی سرووش بگاتە گوێی هەندێ لە تووشبوانی سەرەڕۆیی سیاسی و دینی لە لای ئێمەش! ! !

خوێنەری هێژا، لە وەرگێڕانی ئەم نامە جوانەدا:

1_ لەهەندێ حاڵەتدا دەستەواژەیەکم لە خۆم هێناوە کە بە نیشانەی {} لە دەقی نامەکە جیام کردۆتەوە و مەبەستیشم ئەوە بووە خوێنەر جوانتر و ئاسانتر پەیامەکە وەربگرێت.

2_ هەندێ وشەم هەر وەکوو خۆیان هێناونەتەوە چونکە بەڕاستی نەمتوانیوە وشەیەکی کوردیی جوان و شایستەیان بۆ دابنێم، بۆ نموونە وەکوو: (مسجد ضرار) و (دارلضرب) و (اباحیگری) و (ثلاثة غساله) و...، بەهەرحاڵ، هیوادارم توانیبێتم ئەو پەیامە بەرزە مرۆییە بگەیەنمە

گوێی هاووڵاتیـانم و منـیش هاوکـارێکی جـەنابی سـرووش بم لـە لێـدانی تەپڵی رسوایی ئاخوندیزم و بتی گەورە و پواوی ئەمڕۆی ئێران.

(جەلیل عەباسی.. هەولێر 2009/9/23)

ئەمەش دەقی نامەکەی دکتۆر عەبدولکەریمی سرووش:...

*زەماوەندی خوێنین تەواو بوو.. زاوای درۆیین چووە پـەردەوە*

*سندوقەکان کەوتنە لەرزین.. دێوەکان لە تاریکاییدا هەڵپەڕین*

*قــــوربانییەکان بە کفنــــــی سپییەوە سەیریان کــــــرد و*

*زیندانییەکان بەدەستـی براوەوە چەپڵەیان لێدا*

*جیهانیـــانیش، چـــاوێکیان رق و چـــاوێکیان بێـــزاری، زاوایـــان بەڕێکـــــــــــرد*

*چـــاوی رۆژگـــار بـــە ئاشـــکرا گریـــا و خـــوێن لـــە ســـەر هـــەیوانی (جمهووری)یەوە رژا*

*شەیتان پێکەنی و ئیدی ئەستێرەکان کوژانـەوەو پاکـــــی، خـەوی لێکەوت*

ئاغای خامنەیی،

که این کند که تو کردی به ضعف همت و رای

ز گنج خانه شده خیمه بر خراب زده

وصال دولت بیدار ترسمت نــــــدهند

که خفته‌ای تو در أغوش بخت خوابزده

(کێهە دەیکات ئەوەی تۆ کردت بە هیممەت و بیری لاواز

لە خەزێنە دابڕاویت و خێمەت لە وێرانە هەڵداوە

دەترسێم وەسڵی دەوڵەتی بێدارت نەدەنێ
وا کە خەوتووی لە ئامێزی بەختی خەواڵوودا)

لـەم قاتوقڕییـەی شـەرەف و دادوەریـدا هـەموان لێـت نـاڕازین و مـن ڕازیم.

"زان یار دلنوازم شکری است با شکایت" (لە یـاری دڵنـەوازم هەمـە سوپاس و سکاڵایەك).

وە نەبێ منیش شکات و سکاڵام نەبێت، هەمە و زۆریشم هەیە، بەڵام هەموویانم لای خوا هەڵڕشتوون. گوێی تۆ، هێندە بە ستایش و نەوازشی لاوێنـەرەکانتان پـڕ و قـورس بوونەتـەوە، کـە جێگەیـەکیان بـۆ دەنگـی سکاڵاکار و ناڕازییان تێدا نەماوەتەوە.. بەڵام، سـەرەڕای ئـەوەش، مـن سوپاست دەکەم.. تۆ گوتت: " حورمەتی ڕێژیم ئەتك کرا و ئابڕووی بە تالاّن چوو"

بڕوات هەبێ لـە هـەموو تەمـەنی خۆمـدا هـەواڵێکی ئاوهـا خۆشـم لـە هیچکەس نەبیستبوو.. ئافەرم کە نەگبەتی و زیللـەتی ئـەو سـەرەڕۆییە دینییەت ڕاگەیاند و ددانت پێدا نا.

دڵشادم بەوەی، سەرەنجام ئاهی سەحەرخێزەکان گەیشتە گـەردوون و ئـاگری تۆڵـەی خواوەنـدی هـەڵکرد.. ئێـوە ئامـادە بـوون {و حەزتاندەکرد} ئـابڕووی خواوەنـد بچـێت بـەڵام ئـابڕووی خۆتـان، نـا.. ئامادە بوون خەڵك پشـت لـە دیانـەت و پەیامبەرایـەتی بکـەن بـەڵام لـە (وەلایـەت)ی خۆتـان، نـا.. شـەریعەت و تەریقـەت و هەقیقـەت پێشـێل بکـرێن بـەڵام عابـای سـەرۆکایەتیی خۆتـان لـۆچ نـەبێت. بـەڵام خـوا

نەیویست.. دڵە سووتاوەکان و لێوە پێکدووراوەکان و خوێنە ڕژاوەکان و دەستە بڕاوەکان و دامێنە دڕاوەکان نەیانویست و نەیانهێشت.. پاك و پارێزکار و پەیامبەران نەیانویست.. بێبەشان و ئاشتیخوازان و ستەمکێشان و (ستەم سێزان) نەیانهێشت.

(پەری ڕووداپۆشراو و دێو لە نازی جوانیدا) چیرۆکی جمهووریی (ولایی) ئێوە بوو، ئێستاش شوکر و سوپاس بۆ خوا کە پەردەی پاکیزەیی درۆیینی ئەم دێوە دڕا.. ڕازەکەی فاش کرا و دەستی قووچاوی کرایەوە و تەڕداوێنیەکەی کەوتە بەر هەتاو و جیهانیان بە ڕق و سەرسوڕمانەوە، بە ڕووتی دیتیان.

ئاغای خامنەیی...

دەزانم ڕۆژگارێکی تاڵ و سەخت تێپەڕ دەکەیت.. ئێوە تووشی هەڵە بوون.. هەڵەیەکی سەخت و گەورە.. من، دوازدە ساڵ لەمەوپێش ئەم هەڵەیەم بۆتان روونکردەوە.. گوتم: ئازادی وەکوو ڕەوشێك بەکار بەرن و خۆتان لە کێشەی (هەقبوون و شەرەف بوون)ی ببوێرن.. ئازادی بۆ گەیشتن بە حکوومەتێکی کامەران بخەنە کار.. خۆ خوازیاری ئەمەیانیت.. ئەی بۆچی زوڕناکە لە سەرە پانەکەیەوە دەژەنیت؟.. بۆچی چاودێر و ڕاپۆرتنووس و سیخوڕ دەنێریتە ناو خەڵکەوە تا ناخیانت بۆ بخوێننەوە یا بە فێڵ و تەڵەکە قسەیەکیان لە زار بکێشنەوە {و هەندێجار بە دەمیانەوە ببەستن} و ڕاپۆرتی درۆ و ناتەبا و ساختەو ناتەواوت بۆ بهێنن؟.. {گوتم}: بهێڵن با میدیا و حزب و ئەنجومەن و ڕەخنەگر و لێکۆڵەر و مامۆستا و نووسەر و... ئازاد بن تا

جەماوەر بە سەد زمان چیرۆك و باسی خۆیانت بۆ ئاشكرا بكەن و دەلاقەی هەواڵ و ڕوانین بە ڕووتدا بكەنەوە و لە تەگبیر و ڕاوێژی وڵات و ڕێكخستنی ڕێژیمدا یارمەتیت بدەن.. میدیاكان مەخنكێنە، ئەوانە (سی)یەكانی ئەم كۆمەڵگەیەن.. بەڵام، تۆ بە لاڕێدا چوویت، ئەوەیە كە ئەمڕۆ كەوتوویتە داوی تەلیسمێك و بوویتە قوربانیی ڕێژیمێكی داخراو كە دەمێكە خۆت دروستت كردووە، {سیستەمێكی داخراو} كە نە ڕەخنە تێیدا دەڕوێت و نە ڕوانین.. نە زانست و نە ئاگایی. تۆ وادەزانی بە خوێندنەوەی نووسراوی ئۆرگانە مەحرەمانەكان و بیستنی ڕاپۆرتی ڕاوێژكارە فەرمانبەرەكانتان، دەگەنە هەواڵ و دەنگوباسی دروست و هەمەلایەنە،.. بەڵام هەم هەڵبژاردنی خاتەمی و هەم هەڵبژاردنی سەوزی مووسەوی، دەبێ پیشانیدابیت كە ئەفیونی بێنیازی و ئەفسوونی سەرەڕۆیی، زیرەكی و زانایی لێ ستاندوون و نووكە بۆ قەرەبووكردنەوە {یاشاردنەوە}ی ئەو تاوانەی كە لە نەزانی و سەرەڕۆییەوە سەرچاوەی گرتووە، خەریكە دەست دەدەیتە تاوانی زۆرتر و گەورەتر و، خوێن، هەر بەخوێن دەشۆیتەوە بەو نیازەی بگەیتە تارەتێك!.. خیانەت و تەزویر كەم بوو، دەستت برد بۆ قەتڵ و كوشتاریش.. قەتڵ و كوشتار بەس نەبوون، دەسدرێژیكردنە سەر زیندانیەكانیشت پێ زیاد كرد.. قەتڵ و دەسدرێژی و تەزویریش هێشتا كەم بوون، تۆمەتی جاسووسی و نامووسیشت خستەپاڵیان.. لە دەروێش و ڕۆحانی و نووسەر و قوتابیی زانكۆش نەبوورایت و ئەوانیشت بەدەم تیغەوە دا.. سەرەنجام تاوانبارانیشت خەڵات كردن و بە ڕیشی هەموان پێكەنییت و ڕیشی

سـەربازێکی بێنـەوات ڕاکێشـا کـە: بۆچـی مەکینەیـەکی ریشتاشـینی دزیوە؟!!!

سەرم لە سەبری خواوەند سووڕ مابوو.. دەمزانی کە:

**لطف حق با تو مداراها کند　　چونکه از حد بگزرد رسوا کند**

**(لوتفی هەق لە گەڵتا مدارا دەکات　　گەر لە سنووریش تێپەڕیت، رسوا دەکات)**

دەمزانی دایکانی داخدار و باوکانی تازیەبار بە پەنهانی دەسووتێن و دەگرین و بە زمانی (حاڵ و قاڵ) بە خودا دەڵێن:

(خواوەنـدا، لـەم جـەورو سـتەمە رزگارمـان بکـە و یـاوەر و پشـتیوانێکمان بـۆ بنێـرە).. دەمزانـی کـە: چ دەسـتێك، لەدەسـتی تـۆ بـەرەو خـوا بـەرز بوونەتـەوە.. زیندانـەکان{ت} پەرسـتگە بـوون و شەوزیندەداران، بـە ڕۆژ و شـەو، لـە سـوجدەدا بـوون و بـۆ ڕووخانـدنی (ولایت)ی ستەمکار لە خوا دەپاڕانەوە و دەشپاڕێنەوە.. کاتـێ (نـەدای ئاقا سـوڵتان) کەوتـە سـەر خـاکی (شـەهادەت) و گـەرووی بـە گوللـەی ستەم کونکون کرا، من لـە دەرگـای سـوڵتانی عالـەم نالاندم کـە: ئـەی پەروەردگار، هێشـتاش هـاواری مـەخلووقاتت نابیسـتی؟!.. هـەروەکوو عیسـا بـە خاچـەوە، سـکالاّم کـرد کـە: خواوەنـدا، بۆچـی دەسـتت لێهـەڵگرتووین؟! ئـەی سـیاکار {ڕەش ئەندێشـان} نـابینی چـۆن (سـەوز)ەکانیان سـوور کـردوون؟.. ئـەی عـەبووس و گـرژ و مۆنـەکان نابینی چۆن شیرینییەکانیان تاڵ کردوون؟!.. سووتانی خەرمانی ئەمن {و ئاسایش} و کەرامەتی مرۆڤ دەبینیت و سەیری زیللەتی دانپێدانانی زیندانیان و هەیمەنـەی شـەروورانەی سـتەمگەران دەکـەیت و هێشـتاش

هەر بێباکیت؟!...

تا، ڕۆژێك کە ئەو دانپێدانانە مەجبوورانـە و مەکروهانەیـە، واتـە ئـەو سێ وشەیە (ئەتکی حورمەتی ڕێژیم)م بیست کە هەروەکوو باسی گوڵ و لالە و وەکوو (ثلالة غسالە) ڕۆحبەخش بوون*.. دەتگوت ئەوانە قسـەی ئـەو خەتیبـە نـەبوون.. ئەوانـە پـەیڤی خواوەنـد بـوون ، ڕژانـە نـاو خوتبەکـەوە.. ئیـدی زانـیم خواوەنـد گەیشـتۆتە قۆنـاغی قبـووڵکردنی پاڕانــەوەکان و فــەرمانی بــە (بــا) داوە تــا ئــاگر بخاتــە کێڵگــەی (فرووما یە)کان، هەر بۆیەش سوجدەم برد و سوپاسم بەجێهێنا کە:

أفرین ها بر تو بادا ای خدا بنده خودرا ز غم کردی جدا

أتشی زد او به کشت دیگران باد أتش را به کشت او بران

(سەدان شوکر بۆ ئیرادەت ئەی خوا کە بەندەکانی خۆتت لە خەم کردن جیا

ئاگری خستە ماڵی دیتران ئەو ئاگرەکە، تۆش بخەرە ماڵی ئەو)

ئاغای خامنەیی...

دەمەوێ پێـت بڵـێم کـە لاپـەڕەی دەفتـەری ڕۆژگـار هەڵدراوەتـەوە و بەخت لە ڕێـژیم هەڵگەڕاوەتـەوە.. ئـابڕووی بـە تـالاّن چـووە و تەشـتی رســوایی بەســەر بــانی بــەرزی مێــژووەوە داکــەوتووە.. عــەورەتی دەرکـەوتووە و خـوایش سـتاریی خـۆی لێگرتۆتـەوە و ڕووی لـە تـۆ وەرگێڕاوە.. نووکە، ئەو دلێریانەی کونجی خـەڵوەت و پشـتی پـەردەی

[2] (ثلاثة غسالة) سێ پێکی شەراب کە بەیانیان دەیخونەوە و بە هۆی شۆردنەوەی چەپەڵییەکانی لەش و سڕینەوەی خەم و خەفەتەکانی دەزانن.

ریـا و تــەزویرت ئاشــکرا بوونــە.. ئــاهی جەرگســووتاوان و کــوژراوان و دەمــدووراوان کــاری خــۆی کــرد و دامــان و بــەرۆکی تــۆی گــرت و ســووتاندی.. نــاوێرم بڵــێم کــە تەنانــەت دەرگــای تەوبــەش بــە ڕووتــدا داخراوە... ئیدی شەریعەتیش شفاعەتت ناکات، چونکە شەرعییەتت لێ تۆراوە.. ئێرانی سەوزی لەمەودوا، ئیدی ئەو ئێرانە رەش و {تاریـك و} وێرانەیــەی ئێســتا نییــە.. ســەوزی و ســپێتیی ئــەم بزووتنەوەیــە، بــە ئیرادەی خواوەند زاڵ دەبێ بەسەر رەشێتیی جەوری تۆدا.. خاك و ئـاو و ئاگر و با و مانگ و هەتاو و فەلەك لە کـاردان تـا بـە ئـەمری خواوەنـد دژی تۆ ڕاپەڕن... ساڵیانی سـاڵ خزمـان و نزیکـانی تـۆ لـەژێر چـەتری (ولایت)ی ئێوەدا وەکوو قەلی برسی کەوتنە گیـانی خـەڵك و ئاسـایش و عەدالەتیان لە جەماوەر دزی.. دەمیان بەستن.. عەزەمەتیان شکاندن.. ئاســوودەییان لێ ســتاندن.. گــەروویان گووشــین.. خوێنیــان کــردە دڵیانەوەو فرمێسکیان خسـتە چـاویان.. ژاری دڵڕەقییـان پـێ چـێژتن و وەك هۆزێکی داگیرکراو، یەخسـیریان کـردن.. مافیـان پێشـێل کـردن.. ئازادییان بەتالان برد.. حورمەتیان شکاندن.. گاڵتە و {سووکایەتییان} بــە بیروبڕوایــان کــرد.. دینەکــەیان ئــاوەژوو کردنــەوە.. کارگــەی پیرۆزیسازییان دانا و بەناوی دینەوە خورافەیان فرۆشتن.. (کام)یان تاڵ و رۆژیان لێ کردنە شەو.. دەستیان بردە ناو سـندووقی دەنگـەکانیان.. لەقــەی ســووکایەتییان لــە کەرامــەتیان دا.. زانکۆکانیـان دایـە دەسـتی نەزانەکان.. (بیت الاحزان)ێکیان بـەناوی رادیـۆ و تەلەفزیۆنـەوە لێوڕێـژ کرد لە درۆ و تۆمەت و وانەی غولامی و خەمناکییان بە جـەماوەر دادا..

نیگایـان حـەرام کـرد و خـوێنی خـەڵکیان حـەڵاڵ کـرد.. کۆڕوکۆمـەڵ و کۆبوونـەوەی درۆیـین و زلزلیـان سـاز دا و (لاف و گـەزاف)یان بـە دنیـا فرۆشت کە گوایە: هەمووان عاشقی سینەچاکی رێژیم و (ولایـت)ن.. لـە زینــدان و کوشــتارگەکاندا، بــە قــەتڵ و دەســدرێژی و ئەشــکەنجە و کوشتوبڕ، کارێکیان کرد کە مەغولەکان نەیانکردبوو.. شەرع و یاسـایان خستە ژێر پێ.. ئاڵای جەهل و دەمارگیرییان هەڵدا.. نەزانەکانیان بـەرز کردنەوەو زاناکانیان زەلیل کردن.. چێژ {وخۆشـی} یـان لـە گـەنجان و حورمەتیان لە پیرەکان گرتەوە.. ئایەتوڵلای رەنگاوڕەنگیان داتاشین و فەتوای قورسقورسیان پێ دەرکردن تـا نووسـەران و رەخنـەگرانیان بـە گوریسی وەحشیگەری بخنکێنن و بە تـەوری دڕنـدەیی سـەریان بـبڕن.. بــەهۆی (مالیخولیــا)ی دوژمنتاشــییەوە، هــەر ڕۆژەو (مەعرەکــە) و (مەهلەکە)یەکیان نایەوە و کۆمەڵێکیان خستنە داو، یەخسیریان کردن و دانپێـدانانی سـاختە و گاڵتەجاڕانـەیان بەدەمیانــەوە بەسـت و سـزای کوشندەیان بەسەردا سەپاندن.. بەکرێگیراوەکانی سەرەڕۆیی سـەربازی و دادوەری، بێـدادیان گەیانـدە چـڵەپۆپە.. دەتگـوت رێـژیم سـوێندی خواردووە، هیچی لە سەدام و حەجاج کەمتر نەبێت!!!

ئەم مەکرە ساردانە و ئـەم (رەندی)یـە ئاوەژووانـە و ئـەم زیرەکییـە گەمژەییانە و ئەم ستەمە ئاشکرا و پەنهانە و ئەم زۆر و تەزویرە گرانە و ئــەم هــەقکوژی و مرۆڤکـوژی و دەسـکاری و چەواشـەگەرییە چـڵکن و درێژخایەنانـە، ئاگرێکیـان خسـتە ویـژدانی رەعیەتـەوە کـە کاشـانەی (ولایت)ی سووتاند.. ئەو ناڕەزامەندییەی دوای هەڵبژاردن، نە "نمایشی

شەڕ" بوو نە "فیتنە" و نە " مسجد ضرار[3]" (کە _ دارالضرب_ی ئێوە هەر ڕۆژەو مۆرێکی لێدەدات)، بەڵکوو ڕابوون و ڕاپەڕینی غیرەت بوو دژی غارەت.. ویژدانە بێدارەکان، بۆ دەنگی خۆیان.. بۆ هەڵبژاردنی خۆیان.. بۆ مافی هاوڵاتیبوونی خۆیان.. بۆ ئازادیی بیروڕای خۆیان، غیرەتیان جووڵا و ئارام و مەتین، دژی تاڵانچییەکانی دەنگ و خواست و ماف و ئازادیی خۆیان ڕاپەڕین.. جەردەکان، سەرلێشێواو، کەوتنە لەرزین.. بەڵام ئێمە دەنگی پێکەنینی خواوەندمان بیست کە گێتیی هەژاند.. ئەو لێمان ڕازی بوو.. دوعای ئێمەی بیست و بکوژ و دز و تاڵانچی و تاوانبارانی رسوا کردن.. مەرگی ئاوازەکەی مووسەوی، ئاوازی مەرگی ستەم و ملهوڕی بوو.

ئاغای خامنەیی...

**زۆرجار، (حافز)ەکان، حاکمە ستەمکارەکانی سەردەمیان بە زمانی رەمز تێگەیاند و ئامۆگارییان کردن کە:**

**"با دعای شب خیزان ای شکر دهان مستیز**

**در پناه یك اسم است خاتم سلیمانی"**

**(ئەی نوقڵدەم، مەکە شەڕی نزایی شەوبێداران**

**لە پەنای ناوێکدایە خاتەمی سلێمانی)**

---

[3] یەکەم، (مسجد ضرار)، ئەو شوێنەی خەڵك تیایدا زیان بە یەکدی دەگەیەنن.. شوێنی دژایەتیکردن و تێکشکاندنی دوژمنانەی یەکدی...

دووەم، (دارالضرب): کارگەی تایبەتی دروستکردنی پارەی ئاسن، شوێنی (سکە) لێدان، خەزێنە.. ئەڵبەت مەبەستی نووسەر زۆرتر (کارگەی مۆر لێدان) بە واتای تۆمەت لێدان و درۆ بۆ هەڵبەستنە.

هەروەها گوتیان:

"مکن که کوکبه دلبری شکسته شود     چو بندگان بگریزند و چاکران بجهند"

(وامەکە بشکێ کەوکەبەی دڵبەری     بەندەکان هەڵبێن و بخرۆشن غولامان)

بەڵام گوێی ئەوان نەیانبیست و تۆ دەرەنجامی ئەوانت بیست.

بزووتنەوەی سەوز، نووکە بۆ بنیاتنانی ئێرانێکی سەوز، مەحکەم، کەوتۆتە گەڕ، وەکوو دارێکی پیرۆز کە پنجی لە زەوی و سەری لە ئاسمانە و بە ئیرادەی یەزدان بەرو بەرهەم و سەمەر دەبەخشێت.. ئەم بزووتنەوەیە، شەهیدی سەوز و شیعر و شاعیری سەوز و ئەدەب و هونەری سەوز و گوتاری سەوزی خۆی دۆزیوەتەوە.. بەرهەمی بیست ساڵ خەباتی فەرهەنگی و دەردمەندانەی رۆشنبیران و خەباتگێڕانی بواری سیاسەت و رۆشنبیرییە.. تۆ بێهوودە دەتەوێ بە سەربازیگەری و (ئەنوەری) پەروەری، بە شێوازی (سوڵتان سەنجەر) و (سوڵتان مەحموود) تێکی بشکێنیت.. مەگەر، هەر خۆت تێکبشکێنیت...

"این نه أن شیر است کز وی جان بری

یا ز پنجه قهر او ایمان بری"

(ئەمە نەك ئەو شێرەیە لێی گیان دەر بەری

یا لە پەنجەی قاری ئیمان دەر بەری)

شکانی ترسی رەعیەت و دارمانی شەرعییەتی (ولایت)، گەورەترین دەسکەوتی راپەڕینی غیرەت بوو دژی غارەت، {ئەم رابوونە} شێری نووستووی دلێری و خۆڕاگریی ڕاچڵەکاند. ئیدی، نە سەرەڕۆیی و هەڕەشەی (لەشکریان) و نە دەسدرێژیی (حەرامیان) و نە خۆڵ کردنە

ناوچاوی مروەت و نە فووکردنە قۆڵی دڕاوی دەسەڵات و نـە پشتبەسـتن بــە دڕنــدەیی و نــە هێرشــی ســەر زانســتی مرۆیــی و نــە پیاهەڵــدانی ستایشکارە بەکرێگیراوەکان و نە شیعراندنی شاعیرە شیعر فرۆشە کـەم شعوورەکان، هیچکامیان (قامەت)ی بەرخودان ناچـەمێننەوە. ملـهوڕیی دینــی، رســوای دنیــای کفــرو دیــن بــووە و لــە کێڵگــەی ســەوزی ئــەم بزووتنەوەیەدا کاتی دروێنەی گەیشتووە. ئێمە بە نزاوە ئەمەمان لە خوا ویستووە و خواش، لەگەڵ ئێمەدایە.

هەڵگەڕانەوەی بەخت و رۆژگار، شایەتێکی نییە زینـدووتر و شـیرینتر بێت لەوەی: شادییەکانت هەموو بوونەتە شـیوەن و ئـەو شـتەی رۆژێـك دەیخستیتە پێکەنین، ئەمڕۆ دەتگریەنێت و دەتلەرزێنێ.. ئەو زانکۆیەی دەتویســت بێتــە پابووســت، ئــەمڕۆ بۆتــە مۆتەکەیــەك لەســەرت.. خۆپیشــاندانەکان، کــۆڕە دینییــەکان، رەمــەزان، موحــەڕەم، حــەج و {هەموو} یادە ئاینییەکان، ئەمڕۆ بۆ تۆ بوونەتە نیشانەی نەحسی و بە زیانی تۆ دەشکێنەوە.

ئێمە جیلێکی کامەرانین.. ئێمە داڕمـانی سـەرەڕۆیی دینـی دەکەینـە جــەژن.. کۆمەڵگەیــەکی ئــەخلاقی و حکوومــەتێکی لــە دیــن جیــا، چارەنووسی رووناکی میللەتی سەوزی ئێمەیە.

ئێمە نرخی ئازادی دەزانین و رێزی لێدەگرین.. ئەو ئازادییەی کە تـۆ ستەمت لێکرد و نرخت نەزانی و ئێستاش ئەنجامـە خراپەکـەی بـەرۆکی گرتوویت.. فاشیمەشرەبەکانت وەسوەسەیان کردی کـە: ئـازادی، واتـە

هەوەسڕانی و لاساری و (اباحی)گەری[4] {کە هەموو شتێکی چەوت و خراپ بە چاك و موباح بزانرێت} و ئیدی نەتزانی شیفای نەخۆشییە کوشندەکانی ئەم رێژیمەت هەر لەم ئازادییە پیرۆزەدایە.

بێسوودە گەڕانت بەدوای گەندەڵکارە ئابوورییەکاندا (گەرچی ئەم گەڕانەشت هیچ عەزم و ئیرادەیەکی لە پشتەوە نییە!).. ئەگەر بتهێشتبا میدیاکان ئازاد بن، ئەوا گەندەڵییەکانیان ئاشکرا دەکرد و ئیدی گەندەڵکاران نەیاندەوێرا گەندەڵی بکەن.. گەر بتهێشتبا رەخنەت لێبگرن، ئەوا تۆش نەدەکەوتیتە داوی سەرەڕۆیی و تاکڕەوی و دەماربەرزی و هەیمەنە و هێزی گەندەڵەوە.. گەر بتهێشتبا ئەوان (میدیا) قسە و پەیامی راستەقینەی جەماوەرت پێ بگەیەنن، ئەوا مەستیی بێخەبەری و بێئاگایی لە سەرت دەپەڕی.. میدیاکان قوتابخانەکانی وڵاتن نەك پێگە و مۆڵگەکانی دوژمن، ئیدی چ ترس و چ باکێك لەوەدایە کە دەرکەی قوتابخانەکان هەمیشە کراوە بێت و تۆش قوتابییەك بیت تیایاندا.

ئێمە، نرخی دیانەتیش دەزانین و رێزی لێدەگرین.. هەمان ئەو دیانەتەی کە تۆ کردتە ئامرازێك بۆ یاریی بەرژەوەندخوازانەی هێز و دەسەڵاتت و لە پەنا و بەناویەوە وانەی غولامی و خەمناکیت بە جەماوەر دادا و نەتزانی، شادی و ئازادی لەگەڵ ئیمانی ڕاستەقینەدا

---

[4] (ئەباحیگەری): واتە بە حەڵاڵ زانینی هەموو حەرامەکان و بە موباح زانینی هەموو خراپەکان، بە ئامرازکردنی دین و شەرع بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی.

هاوپەیمانن و جـەوری مەلایانـەش سەربەسـتیی موئمینانـە دەکوژێت و هێزی ملهوڕی شەرعخوازانەش، هەم دەسەڵات و هەم شەرعیش تووشـی گەنـدەڵی دەکـات.. فـەخر و شـانازی، لـە حکوومـەت کـردن بەسـەر جەماوەرێکی شاد و ئازاد و ئاگا و چالاکدایە نەك رەعیەتێکی یەخسیر و {رەزیل} و خەمناك.

**

لە دڵی خۆمدا دەڵێم، ئەمانە بۆ کێ دەنووسم؟.. بۆ سیستـەمێك کـە بـەختی لێ هەڵگەڕاوەتـەوەو (ئـاو لـە تـەوقی سـەری ڕژاوە) و تینـووی تینوو، لە سـەرابدا ماوەتـەوە و خێمـەی لەسـەر وێرانـە لێـداوەو چـاوی (نەجابەت)ی داخراوە و کۆڵەگەی هەیبەتی شکاوەو لە بەرچاوی چـاك و خـراپ و (خـاس و عـام) کـەوتووەو تاسـی رسـوایی زڕاوە؟!.. ئینجـا کـەلامی یـەزدانی پـاکم بـیر دێتـەوە کـە: "لـەوانیان پرسـی: بۆچـی ئامۆژگاریی کەسانێك دەکەن کە خواوەند لەناوبردن و سزادانی (حەتمی) کردوون؟ ئامۆژگاریکارانیش گوتیان: هۆکارێکە، تا خواوەند تاوانـەکانی ئـەوان لـە ئێمـەش نـەگرێت، هـاتو ئامۆژگارییەکانیشـمان کـاری تێکردن.."(سوورەی ئەعراف، ئایەتی 164).

خواوەندا، خـۆت بەشـایەت دەگـرم، مـن، کـە تەمـەنێك خـەمی دینـم هەبووە و وانەی دینم داداوە، لـە سـتەم و بێـدادی ئـەم رێژیمـە ملـهوڕە بەریم و ئەگەر ڕۆژێـك لـە ڕۆژانـیش بـە هەڵـە یارمەتییـەکی سـتەمکارانم دابێت، پەشیمانم و داوای لێخۆشبوونت لێدەکەم.

ئـەی خواوەنـدی ئـاوەز و فەزیلـەت، بـە پـاکیی سـینەی مرۆڤـە

راستگۆیەکان و بە ئەشکی چاوی پیرە پاك و پارێزکارەکان، نزاکانی ئێمەش بخەرە پاڵ نزای سەحەرخێزان و ڕۆژوداران و چاك و پاکان و سکاڵای دەردمەندانەمان ببیستە و بەزەییت بە دڵی هەڵقرچاو و چاوی گریاوی ستەمکێشاندا بێتەوە و لەمەزیاتر بە پەرێشانی و خرۆشاویی میللەتێك ڕازی مەبە.. دۆستەکانی خۆت مەخەرە ژێرپێی دوژمنەکانت و ئاوەز و مەزنێتی لە کۆت و بەندی ئەم ناکەسانە رزگار بکە..

خواوەندا، بە با بڵێ تا خێمەی ستەم و سەرەڕۆیی لە بن هەڵکەنێت.. بە ئاگر بڵێ تا ڕیشەی ستەم و بێداد بسووتێنێ.. بە ئاو بڵێ تا فیرعەونەکان نوقم بکات.. بە خاك بڵێ تا قاروونەکان لەخۆیدا بشارێتەوە.. بە هەور و باران بڵێ با رەحمەت و داد و بەزەیی و شادی بەسەر ئەم میللەتە بێبەش و مەزلوومەدا ببارێنن و دڕکستانی خراپەکاریی ستەمکاران بکەنە گوڵستانی مەزنێتیی چاکەکاران..

أب و دریا ای خداوند أن توست     بادو أتش جمله در فرمان توست

گر تو خواهی أتش أب خوش شود ور نخواهی أب هم أتش شود

تو بزن یا ربنا أب طهور   تا شود این نار عالم جمله نور

(ئاو و دەریا ئەی خواوەند موڵکی تۆن  ئاگر و با لە ئیتاعەی ئەمری تۆن

تۆ بتەوێت ئاگر ئاوی سارد دەبێ     گەر نەشتەوێ ئاویش بە ئاگر دەبێ

ئاوی پاکی دابڕێژە ئەی خوا     تا ئاگری ئەم جیهانە بێتە نوور)

عەبدولکەریمی سرووش

شەهریوەر(گەلاوێژی) 1388ی هەتاوی (2009ی ز)/ رەمەزانی 1430ی کۆچی مانگی

*

***نامەی موحسین مەخمەڵباف بۆ خامنەیی:..***

" خامنەیی، ئەی لە یەزید پەستر

تۆ بردتەوە.. ئێستا ئیدی یەزید براوەی یەکەم نییە بۆ کوشتنی خەڵك لە عاشووردا.. تۆ لەویشت تێپەڕاند.

ئێستا زۆر لەخۆم پەستم کە لە تەمەنی حەفدەساڵیمدا دژی (شا) وەستام، ئەو، کاتێ هەستی کرد خەڵك نایانەوێت، ڕۆیشت و وڵاتی بەجێهێشت، بەڵام تۆ، وەستاوی تا هەمووان ئێران جێبهێڵن! !

خامنەیی، ئەی لە یەزید پەستر.. شێلگیرتر بە.. زۆرتر مرۆڤ بکوژە.. زۆرتر دەسدرێژی بکە.. دەتویست (ئەحمەدی نەژاد) رزگار بکەیت، خۆت لە دەستچووی.. دەتەوێ خۆت رزگار بکەیت، بنەمای (ولایت فقیه)ت رووخاند.. دەستخۆش، تکایە هەروا شێلگیرتر بە تا ئێمەش زۆرترمان دەست بکەوێت!

خامنەیی، ئەی لەیەزید پەستر.. هەمووان ئاشنای لووتبەرزی و خۆ بەزلزانیت بوون، بەڵام کەم کەس شارەزای چاوچنۆکیت بوو.. تۆ (مونتەزیری)یت کوشت و هەر خۆیشت ئێرەییت بە جەستەی شەهیدی ئەو برد بە بەرزایی دەستی جەماوەرەوە!

خامنەیی، ئەی لە (شمر) پەستر.. تۆ مونتەزیری نییت کە (نا)ی بە نێوچەوانی دەسەڵاتدا دایەوە تا وەکوو مرۆڤ بژیت و خۆشەویستی جەماوەر بێت..

تۆ (خومەینی) نییت کە شای دەرکرد و بۆ چەند ساڵێك لەناو خەڵکدا ژیا و ڕۆیشت.. تۆ، بۆ پاراستنی خۆت، تەنانەت لە ڕۆژی (تاسووعا)دا بە هۆی بەکرێگیراوەکانتەوە هێرشت کردە سەر ماڵی خومەینی!

تـۆ، شـا نییـت کـە کاتـێ زانیـی خەڵکەکـە نایانـەوێت، دەسـتی لـە پاشایەتی و وڵاتەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت بۆ ئەوەی جەماوەر تێبگات کە ڕۆژانێکی سەخت و تاڵ چاوەڕوانیان دەکەن!

تۆ، هەر تەنها (یەزید)یت، چونکە تەنها تۆ لـە (عاشـوورا)دا خـەڵکت کوشت!

خامنەیی، ئەی لە (خەوەللی) بەتر.. ئێمە، ڕاتدەکێشـینە خـوارەوە، بەو (ولایت فقیە)یەشتەوە.. (ولایت فقیـە) جلێکـی پـیس و چـڵکنە کـە تەنانەت گەر خواوەندیش لەبەری بکات، گێتی نابووت دەبێت!

خامنــەیی، ئێمــە، لــە ســەر تــەختی حکوومەتەکــەت راتدەکێشــینە خــوارەوە.. نــا.. ئێمــە بــۆ ســەرەوەت رادەکێشــین لــە نــاو چــاڵە سەدامییەکەتدا و، ڕووناکی دەگرینە ڕووت، بەڵام نەك بە لایتی دەسـتی سـەربازێکی ئـەمریکی.. ئـەم ڕووناکاییـە، لـە مەشـخەڵی قوتابییـەکی زانکــۆوە هەڵــدەکرێت تــا تــۆ لــە قــووڵایی چــاڵی ترســنۆکیتدا بکێشـێتەدەرەوە! ئـەو قوتابییـەش، ئەڵبـەت ناتکوژێـت.. ئـەو، لـە عاشوورایەکی دواتـردا لـەناو گرووپـی تازیـەبارانی (حسـێن)دا بـەرەڵڵات دەکات تا جەماوەر بە چاوی خۆیان یەزید بە تەنهایی ببینن!

خامنـەیی، ئـەی یەزیـد.. لـە هەفتـەو چـلەی ماتـەمینیی شـەهیدانی عاشوورای ئەمساڵدا تۆ لەسەر تەختەکەت رادەکێشینە خوارەوە!

خامنەیی، ئەی لە پەستی پەستر...!!!

موحسین مەخمەڵباف/ عاشوورای 1388 {دیسەمبەری 2009}.

*

**نامەیەکی تووڕە لە (عەبدولکەریم سروش)ەوە:..**

"نەحلەت و نەفرین لە کۆماری کافر پەروەری ئیسلامی"

عەبدولکەریم سروش، بیرمەندی دینی و لە رەخنەگران و نەیارانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران، لە نامەیەکی کراوەدا، باسی دەسگیرکردنی زاواکەی و ئەو گوشار و ئەشکەنجە زۆرە دەکات کە لە ماوەی گیرانیدا رووبەڕووی بۆتەوەو پاشان رێبەری کۆماری ئیسلامی و هێزە لایەنگرەکانی دەخاتە بەر توندترین پلار و رەخنەوە و دەنووسێت: "ئەوان قەتڵ و کوشتوکوشتار و غەزەب و دەسدرێژی بە ئەرکی خۆیان دەزانن و هۆکار و پاساوی شەرعیی بۆ قایل دەبن و هەر ئەمەش ئەوانی مەترسیدارتر و ترسناکتر کردووە" سروش لەم نامەیەدا هەندێ خاڵ دەوروژێنێ لەمەڕ چەواشەیی و خوێنمژی و تاوانکاریی دەستوپەیوەندییەکانی حکوومەتی ئیسلامی و ویلایەتی فەقی. ئەمەش دەقی نامە کراوەکەی سروشە کە بۆ بڵاو کردنەوە ئاراستەی (بی بی سی)ی کردووە و دواتر لەسەرجەم پێگە و ماڵپەڕە ئینتەرنێتییەکاندا بڵاو کراوەتەوە و خراوەتە بەردیدی هەموو جیهانیان:

"خوا نییە.. سوێند بە خوا، خوا نییە.. نییە..."

ئەمانە، ئەو وشانە بوون کە بە دەنگێکی دەرداوی لە گەرووی (حامید) دەڕژانە دەر و ئاویان دەڕژاندە چاوی منیشەوە. ئەو، بە جەستەیەکی وێران و رۆحێکی پەرێشانەوە ئێستا لە ئێران هەڵاتووە و لە سووچێکی ئەم دنیایەدا پەنایەکی دۆزیوەتەوە و نووکە بە تەلەفۆن، خەوش و کینە و دەردی دڵی خۆی بۆ من هەڵدەڕشت.

حامید، هیچ تاوانێکی نەبوو ئەوە نەبێ چەند ساڵێکە بۆتە ئەندامێکی بنەماڵەی ئێمە و لەگەڵ (کیمیا)ی کچمدا ژیانی هاوسەرێتیی پێکهێناوە. ئەو، گەنجێکی ئارام و سەربەژێر.. قانیع و خاکەسار.. ئەهلی سەلامەت و دروستی بوو کە نە (سەودا)ی سیاسەتی لە سەردا بوو و نە (سەفرا)ی سەرۆکایەتی.. بە پێ دەڕۆیشت و زیادەی نەدەویست و لە دەریای شەپۆلاویی ژیاندا هێندەش لە دووری لێوارەکانەوە مەلەی نەدەکرد.. کوڕی دایکوباوکێك بوو، هەردوکیان چاکەکار و پەروەردەکار.

دوو مانگ لەمەو پێش بوو کە تۆفانێکی هۆڤی کێویلە، لەناکاو ئارامشی ئەوی تێکدا. دڕندەکانی جەنگەڵی (ولایت) برسی بوون و خوێنیان دەویست. دێوەکان بە داخ و درۆشەوە رژانە سەری و ترسیان خستە گیانی و دوای چەندان پەتپەتی، دوو رێگەیان لەبەردەمی دانا: یا دەست لە گیان و ژیانی خۆی بشوات یا بچێتە (صداوسیما)کەیان و ئەو قسانە بکات ئەوان دەیانەوێن.. ئەوان دوو شتی بچووکی کەمبایەخیان لێدەویست!!!: یەکەم، بڵێت هاوسەرەکەی سوزانی و بێ ئەخلاقە و دەیەوێ تەڵاقی بدات و دووەمیش، خەزووری (عەبدولکەریم سروش) کابرایەکی سووکەسەری رەزیل و خراپەکارەو جاش و سیخوڕی بێگانەیە و حەرامخۆرە و دژی شەریعەت و تەریقەت و هەقیقەتە و...!

هۆڤەکانی (ولایت) وایاندەزانی ئاڵقەی لاوازی زەنجیرەکەیان دۆزیوەتەوەو دەتوانن زۆر بە ئاسانی بیپسێنن و راپۆرتی دڵخۆشکەر بدەنە خاوەن دێو {خامنەیی} و پاداشتی زۆری لێ وەربگرن، بەڵام کاتێ خۆڕاگریی حامید پەنجەی (قەساوەت)ی شکاندن، ئیدی بۆ

تێکشـکاندنی یـەکجارەکیی ، دەسـبەکار بـوون.. ڕۆحیـان رەنجانـد و جەستەیان ئەشکەنجە کرد.. کەمترین نموونەی ئەوە بوو کە شەوێك تـا بەیانی بە ڕووتوقووتی لەناو (سەردخانە)یەکدا لەرزانـدیان و ترسـاندیان و...!

سەرەنجام بە حاڵێکی زار و جەستەیەکی نەخۆش و لاواز هێنایانەوەو فڕێیاندایە ناو ماڵەوە.. هەندێجار لـە ژێـر گوشـاری ئـازار و دڵەڕاوکێـدا، بـەجۆرێك سـەری بـە دەرودیـواردا دەکوتـا کـە وەختـەبوو سـەریش و دیـواریش پێکـەوە بشـکێن و بـڕمێن.. ئێسـتاش کـە پـەنای بردۆتـە سووچێکی دووری ئەم دنیایەوە، هێشتاش هەر مۆتەکەی داخ و درۆشـە دەبینێت و هەموو کات و لەهەموو شوێنێکدا وا هەست دەکات کە دێـوە دڕندەکان بە دوایەوەن.

کاتێ باسـی رەنـج و ئـازار و چەرمەسـەریەکەی بـۆ دەگێڕامـەوە، لـە ڕووی شەرم و دڵدانەوەشەوە پێمگوت: "خوایان لێ ڕازی نەبێت" هێشتا قسـەکەم تـەواو نـەببوو کـە قـوڵپی قـین و تووڕەییەکـەی تەقییـەوە و هاواری بەسەردا کردم کە: "جـەنابی دکتـۆر نـاوی خـوا مـەهێنن.. خـوا نییە.. نییە.. نییە.. لەو تاریکخانەیەدا خوا لـە کـوێ بـوو کـە منـی بـێ تاوان و بێکەس ئازارم دەچێژا و دەمناڵاند و یارمەتیم لەو دەخواسـت و ئـەو دڕنـدە بێشـەرمانە بـە گاڵتـەو سـووکایەتییەوە زۆرتـر و زۆرتـر دەیاندڕاندم و دەیانچزاندم؟.. خوای تاقانەی (قهار) چیی دەکـرد کاتـێ ئەو سێ دێوە خوێنمژە، بەناوی خواوە کەوتنـە گیـانی مـن و هیلاکیـان کردم؟..."

دەیگوت و دەگریا.. بەڵام ئیدی گلەیی لەکەس نەدەکرد.. تەنانەت لە خواش کە بەلای ئەوەوە لەو کاتەدا نووستبوو یانخود مردبوو!

دەتگوت خەریکە من دەکێشـێتە گـەرداوی رووبەڕووبوونەوەیەکـەوە، منێك کە تەمەنێکی درێژ وانەی (الهیات) و فەلسەفە و عیرفـانم داداوە.. وا دەردەکەوت کە نەك هەر ئاسوودەیی و تەندروستییان لێسـەندۆتەوە، بەڵکو ویژدان و ئیمانیشیان خستۆتە لەرزە.. بە ئاشکرا شتێك لە ناخیدا جووڵابوو و تێکڕووخابوو. رووداوێکی بچووك نەبوو: ئەو هاواری لـە خـوا کردبوو کەچـی وڵامـی نـەدرابۆوە..! ئـاوابوونی (الوهیـت) و هەیمەنـەی مەرگ و بێکەسی و ئەشکەنجە و (تەزویر)ی دینی و دڵڕەقی و بێڕەحمی و هۆڤیگـەریی مـرۆڤ و شـەڕو خراپـەی رووت، هـەر هـەمووی بـە جارێـك بینیبـوون و تەجروبـەی کردبـوون.. لـە راسـتیدا ئـەوە ئـەزموونێکی ترسێنەر بووە.

او به دریا رفت و مرغابی نبود

گشت غرقه، دست گیرش ای ودود

(ئەو چووە دەریا و مراویش نەبوو   وا نوقم بوو، دەستی بگرە ئەی خودا)

مـن، گەرچـی خـۆم لـە زومـرەی سـووکبارانی لێـوار نـەبووم، ئـاوا گێژاوێکی خۆفناکم تەجروبە نەکردبوو.. دەستم بو هەموو شت و هەموو شوێنێك کورت بوو.. دیتم ئیش بە (تیۆلۆژی) ناڕواتە پێش. ورەم دایە و دڵمدایەوە کە: زۆر کەس ئاواتی ئەم رۆژەی تۆ دەخوازێت.. دڵخۆش بـە کە لە دەستی ستەمکاران رزگارت بووە. "نجوت مـن القـوم الظـالمین". کەواتـە لـەو دۆزەخـەی رابـردوو وەرە دەرێ.. مەهێڵـە بـە تێکشـکاوی

بتبینن.. هەستەوە.. بەڵا و شکستت نەویستبوو، نووکە سەرکەوتن و بەختەوەری بخوازە.. ببەرە سەرمەشقی ئەوانیتر.. یوسف ئاسا لە چاڵەگورگان وەرە دەرێ و سوڵتان بە.. هەوڵ بدە و سەرباشقەی مێرخاسانی جیهان بە. (لە بێ ئەدەبانەوە ئەدەب فێر بە).. درشتیکردنت لە گەڵ لاوازەکاندا بینی، خۆت لەگەڵ لاوازاندا درشتی مەکە.. بیر لەو دواڕۆژە بکەرەوە کە لە وڵاتی ئێمەدا هیچکەس سووکایەتی و تاوان نەبینێت.. هیچکەس ئەشکەنجە نەبینێت.. هیچکەس نەبێتە ئەشکەنجەدەر.. هیچ حەسار و هەرێمێك بەدەستی دەسدرێژکەر پێشێل نەکرێت.. هیچکەس ئاوا بە زەقی بێ کەسی و بێ خوایی تەجروبە نەکات.. هیچ ئاژەڵێك نەبێتە دیندار و دڕندەیی بە جلوبەرگی دین دانەپۆشێت و نەکەوێتە گیانی خەڵکەوە.

پێمگوت: دین وەکوو شەراب وایە.. گۆڕدراوەکان زۆرتر دەگۆڕێت: دڕندەکان دڕندەتر و مرۆڤەکانیش مرۆڤتر دەکات. ئەو ئاژەڵانە، ئەو دڕندانەی (ولایت) کە کەوتنە گیانی تۆ، دیندار بوون.. دوڕوو نەبوون و هەر ئەم دیندارییەش دڕندەییەکەیانی زۆرتر و قورستر کردووە، چونکە بەناوی خوا دەیاندڕی.. چونکە نە بە چاوی یاری و نەش بە چاوی هەق دەیانڕوانییە هەڵدڕین، بەڵکو ئەو دڕندەییەیان بە ئەرکی شەرعی دەزانی. خواجەکانی کورسیی (ولایت)یش هەر ئاوەهان.. ئەوانیش قەتڵ و غەزەب و دەسدرێژی بە ئەرکی شەرعی دەزانن و هۆکاری شەرعیی بۆ قایل دەبن و هەرئەمەش ئەوانی دڕندەتر و ترسێنەرتر کردووە.

پێمگوت: ئەگەر بەچاوی بەزەیی سەیر بکەیت، دەبینی ئەو دڕندانە

نەخۆشن.. نەخۆشی دەروونی و سووکایەتی پێ کراو و مەزەی کەرامەت نەچەشتوو. ئارەزوو بکە ئیدی هەوای ولآتمان نەخۆش پەروەر نـەبێت.. شەهید پەروەر نەبێت.. دووڕوو پەروەر نەبێت.. (ولایت) پەروەر نەبێت و بە جیاتیی ئەوانە، ئاقڵ پەروەر و پێکەنین پەروەر و دڵنەرمی پەروەر بێت.. ئارەزووش بەس نییە، هەوڵی بۆ بدە.

پێمگوت: دەرد و بەڵاکەت گرانە.. لە سەدا یەکیت بـە مـن گوتـووە و منیش لە سەدا یەکی ئەو بێشەرمییانە بۆ خەڵکیتر دەگێڕمەوە. بـە بـێ هیچ تاوانێك، خۆتیان سووتاند و کیمیای گیانتیـان گریانـد.. ژیانتانیـان شێواند.. کاروباریان لێ تێك دان و بەڵایان بەسەردا باراندن.. راوەدوویان نان بەرەو غوربەت و بەرەو ئایەندەیەکی تاریـك.. ئێسـتا بـەرگی سـەبر بپۆشە کە خۆی کیمیایەکیترە:

صد هزاران کیمیا حق افرید

کیمیایی همچو صبر ادم ندید

(سەد هەزار کیمیا هەق ئافراندی کیمیایەك وەك سەبر هیچکەس نەیدی)

لە بیرت نەچێت کە هەیمەنەی ستەم لەم ولآتـە بەڵازەدەیـەدا هێنـدە زۆرە، باسی تۆ و بەشی تۆ، وەکوو پووشێکە لە دەریادا.

سرتاسر دشت خاوران سنگی نیست

کز خون دل و دیده بر او رنگی نیست

(سەرتاسەر دەشتی رۆژهەڵات نییە بەردێك کەلە خوێنی دڵ و دیـدە نەیبێ رەنگێك)

چاوی ئەشکبار و دڵی خەمبار و گیـانی سـووتاوی خـۆت بخـەرە پـاڵ

گیانی ئەو سووتاوانە و یادی ئەو زامدارانە بکەرە مەرهەمی زامەکانی خۆت. ئەم حاکمە (حجاج) سیفەتانە، مەگەر کەم قەتڵ و دەسدرێژی و تالان و داگیرکاری و تاوان و کوشتن و دەنگ دزی و شەهید دزی و...یان کردووە؟!.. ئەی مەگەر دایکانی داخدار و باوکانی ئازیەتبار و مندالانی هەتیو و ژنانی بێ شوو و زیندانیانی زامار کراو و خێزانە شێوێنراوەکان کەمن؟!.. بیر لەوانە بکەوەو بەزەییت بەواندا بێتەوەو لەگەڵ پەیامبەر (د.خ)دا بیلێرەوە کە: "خواوەندا، ستەمکارەکانمان بەسەردا زاڵ مەکە".. هەروەکوو (یونس) لە زکی ماسیشدا هەر لە زومرەی مەدح و سەنا کاراندا بە...

کاتێ قسەم بۆ (حامیدی خوا) تەواو بوو، رووم لە (خوای حامید) کرد و گوتم:

اسوده خاطرم که تو در خاطر منی

گر تاج می فرستی و گر تیغ می زنی

از من گمان مبر که بیاید خلاف دوست

ور متفق شوند جهانی به دشمنی

(ئاسوودە خاترم کە تۆ لە خاترمدایت

گەر تاج دەنێریت و گەر شیرم لێدەنێیت

وا مەزانە من ناکۆك بم لەگەڵ دۆست

گەر گشت جیهان بۆ دوژمنیم ببنە یەك)

خواوەندا.. عاشقەکان هیچیان لە تۆ ناوێت.. عیسا و حسێن و حەللاج بخەرە کوورەی عەشقی خۆتەوە و بیانسووتێنە و خوێنیان

بڕێژە و باکت نەبێت.. ئەوان منەتباری غەمزەی خەنجەر کێشی تۆن.. بەڵام ئەی ئاقڵەکان؟، ئەی لەگەڵ دڵناخۆشیی ئەواندا چی دەکەیت؟.. ئەی مەگەر تۆ خۆت مافی ناڕەزایەتی و بەڵگە خوازیت پێ نەبەخشیون؟.. خواوەندا.. بێنیازیی مەعشووقانەت دانێ بۆ عاشقەکان.. ئاقڵەکان حیکمەت و بەڵگە و نیشانە و رەحمەتیان لە تۆ دەوێت.. من دەزانم بەڵا و ئازار و ئەشکەنجە هەندێجار پاکی و ئازایەتی دروست دەکەن، " کە بەڵای دۆست پاکبوونەوەیە".. تەنانەت هەندێجار عەشق پەروەرن و دڵ زیندوانی بەڵا کێش عاشقتریش دەکەن، بەڵام ئاوەز سووتێن و بڕوا مرنیشن: ئەگەر عاشقێك رازیتر دەکەن، ئەوا ئاقڵێك تووڕەتر دەکەن.. من دەزانم کە:

گر جملە کائنات کافر گردند

بر دامن کبریات ننشیند گرد

(گەر هەموو کاینات کافر بن تۆز ناگرێ داوێنی مەزنێتیی تۆ)

چونکە:

کفر و دین هردو در رهت پویان

وحدە لاشریك لە گویان

(کفر و دین هەردووك لە رێتدا هەردەم

وەحدەهولاشەریکە دەڵێنەوە)

وایشی نازانم کە کوفری کافرەکان خەمناك و هەرواش بڕوای ئیماندارەکان دڵشادت بکات، تۆ، کە خۆت سەرووتری لە غەم و شادی.

ئێستا کە وای لێهاتووە و، تۆ وەکوو مانگ بە ئاسمانەوە بەرزبەرز و

دووریت و "دیدار دەنوێنیت و دوورپەرێزی دەکەیت"، بە ڕادەیەك کە عارفەکانیش لەم جیاییەت کەوتوونەتە سکاڵا و، ئاوا مانگئاسا پەنهان و ئەستێرەئاسا چوویتە ژێر پەردەوە کە هیچ پەروایەکت لە کوفر و بڕوا و خەم و شادیی مەخلوفاتی خۆت نییە و، وەکو جاران دەست ناخەیتە ناو مێژووەوە و غەزەب لە ستەمکاران ناگریت و، نووکە، کە وێدەچێ (ئادەمیان)ت بە حاڵی خۆیان بەرهەڵدا کردووە و کەسیان بە نازی سەرە قامچییەك ناکەیتەوە سەر و ئاماژەیەکیشت گەیاندۆتە ئاقڵەکان کە چاوەڕوانی هیچ دەستێوەردان و ئاوڕدانەوەیەکیان لێت نەبێت، دەی بارێکی لە توانایان قورستر مەخەرە سەرشانی ئەم بەڵاکێشانە و رووی خۆت لە ئاقڵە ناڕازییەکان و ناڕازییە بێ ئیمانەکانیش گرژ مەکە و کوفرەکانیان (کەیفەر) مەدە.. کاتێ ستەمکارە خوا فرۆشەکان ناگریت، دەی ستەمکێشە بێ خوایەکانیش مەگرە.

خواوەندا، خۆت دەبینی کە "لە مەنجەنیقی گەردوونەوە ئاگری فیتنە دەبارێت" و حوکم لەدەستی زۆرزانەکاندایە و بانگەشەکارانی دینی تۆ وەکوو مار لەدەوری یەکدی ئاڵاون و کوفر پەروەری و ئیمان سۆزی دەکەن و یوسفەکان دەرخواردی گورگان دەدەن و خەڵکانێکیان یەخسیر کردوون و (شەرارەت) دەکەن، دەی هەر خۆیشت (ئینساف) بدە کە ئەگەر (حافز)ی قورئانیش زیندوو بوایە، بە سکاڵایەکی بچکۆلە رازی نەدەبوو و (شوکر و شکات)ێکی ئاوێتە نەدەکرد. ئەو بێنیازیەی تۆ کە حیکمەت و ئامانج و بەرژەوەندییەکانیش پشتگوێ دەخات، چۆن ئاوەز حەیران ناکات و زمان ناخاتە سکاڵا و دڵ ناخاتە کوفرانەوە؟!

بەڵێ.. ئێمەی بەرچاو تاریك، بە حوکمی مرۆڤایەتی، درێژایی مێژوو و

پانتایی (بوون) نـابینین و لـە ئـەنجام و ئامـانجی کارەکـان بـێ ئاگـاین، بـەڵام هـەر بـەم (نـەفس)ەی تـۆ پێـت بەخشـیوین، باسـی ڕووبەڕووبوونەوەی تۆ دەکەین و ئاوەزمان دەخەینە (گرێو) و نـەك هـەر ناترسین، بەڵکوو دڵنیاین کە بەم حاڵەشەوە لە ئاڵقەی بەندایەتیی خۆت دەرناچین.

خواوەندا.. لە (غەزالی)یەوە فێر بوومە کە نەحلەت بۆ کەس نـەنێرم، تەنانەت بۆ (یەزید)یش.. بەڵام نووکە بەوپەڕی خاکەسارییەوە ئیزن لـە خۆت دەخوازم کە نەحلەت و نەفرین بـە ڕووی کۆمـاری کـافر پـەروەری ئیسلامیی ئێراندا بدەم!

خواوەندا.. تۆ و ئیحسانت.. تۆ و نووری تابانت، مەگرە..

پەشێوحاڵانە دەڵێم کە گیان بێ تۆ پەرێشانە:

تو مستان را نمی گیری پریشان را نمی گیری

خنك أن را کە می گیری کە جانم مست ایشان است

وگر گیری ور اندازی چە غم داری چە کم داری؟

کە عاشق هر طرف اینجا بیابان در بیابان است

(ئەتۆ مەستان ناگریت و پەشێوحاڵانیش ناگریت

خۆشحاڵ ئەوەی تۆ دەیگری کە گیانی من مەستی ئەوە

گەر دەشگری و ئەگەر دەیخەی لە چی غەمتە و لە چیت کەمە؟

کە عاشق هەرکوێ بێ ئێرە، بیابان لە بیابانە)

ڕەشەمەی 1389 (شوباتی 2011)/ ڕەبیعەل ئەوەڵی 1433

*

**نامەیەکی (حەسەن مساوات/ حوجەت) بۆ سەید عەلی خامنەیی:...**

**ئا سەید عەلی، درزی دوعات ون کردووە !**

ئابلۆقــەی مــاڵ و داخســتنی هــەموو رێگــەکانی زەمــین و ئاســمــان و شەپۆل و تــەل و.. لــە ڕووی بــەڕێزان (موســەوی و کــەڕوبی)، ئــەوەمان پێدەڵێت کە تۆ لەو شتەی نابێ بترسی، دەترسێیت و لەوەش کە دەبێ لێی بترسی، بێ ئاگایت.

گوتم بێ ئاگایت، چونکە ناکرێ دەستەواژەی (ناترسیت) بۆ تۆ بەکار ببرێت.. لە ناخی تۆدا کە هیچکات لە ژیــانی لاسارانەی خۆتــدا کــارێکی دروستت ئەنجام نەداوە و هیچ سوود و چاکەیەکت نــەبووە، (نەترســی/ ئازایــەتی) ســیفەتێکی دەگمەنــە و ئێمــەش دەزانــین کــە لــەم ڕۆژانــەدا هەرچەشنە دەنگێکی بچووك لــە گوێتــدا وەکــوو تەقینەوەیــەکی گــەورە دەنگدەداتــەوە و هــەموو جەســتە و گیــانی لاوازت دەلــەرزێنێت کــە: دەورانــت کۆتــایی پــێ هــاتووە و خاوەنماڵــە راســتەقینە و هەقــدارەکان هاتوونەتە پشت دەرکە بۆ کردنە دەرەوەت، بەم پێیەش وا باشــترە بــۆ تۆ دەستەواژەی (بێ ئاگایی) بەکار بەرین.

ئــەم دوو کەســە و بەتایبــەتی (مووســەوی)، یــاری دێــرین و ســەرەك وەزیرانــی ســەردەمی ســەرۆك کۆمــاریی تــۆ بــوو.. ئەگــەر ڕۆژێــك (کــە هێندەش دوور نییە) هاتیتەوە سەر خۆت یــا جــەماوەر دەری کردیــت و کێشایتیە بەردەم مێزی مەحکەمەوە، ئەوا ئەویش (مووســەوی) هەنــدێ وڵام بەو جەماوەرە قەرزارە و بێ شك ئەویش دەخرێتە ژێر پرسیارەوە.

(کەڕوبی)یش سەردەمانێك و بۆ چەند خولێك سەرۆکی پەرلەمانەکەی لای تــۆ بــووە و وەکــوو کــارگێڕێکی خــۆت گــەڵێ ئــەمر و فــەرمان و دەســتووری (وەکــوو لادان و ســڕینەوەی پــرۆژە یاســای میــدیا)ی بــۆ

جێبەجێ کردوویت کە بۆتە پرسیارێك لەسەری و دەبێ ئەویش وڵام بداتەوە.. ئەڵبەت، لەبەر ئەوەی کە جەماوەری سەرفرازی ئێران خاوەنی ویژدان و لۆژیکی واقیعبینییە، کارە چاکەکانی ئەم دوو کەسە و بەتایبەتی (کەڕوبی) لەم دووساڵەی دواییدا رەچاو دەکات و دەیانگرێتە بەرچاو.

بەڵام تۆ خۆت.. دۆسیە (فایل)ێکت هەیە کە هەر لە تاوانەکەی (سینەما رێکس)ەوە تا تاوانەکانی (25)ی رێبەندان، بە جۆرێك لێوڕێژ بووە لە تاوان و سیاکاری و ریسوایی کە: (بە ئاوی زەمزەم و کەوسەریش پاك ناکرێتەوە).

تەنیا دوعا بکە کە لە کاتی کردنەدەرەوەتدا، گیانت لێ نەستێنن و نەتکوژن تاوەکوو بخرێیتە بەردەم دادگا ( کە زۆربەی هاوڵاتیە ئازادیخوازەکان ئاوات دەخوازن کوشتن و ئیعدامی تێدا نەمێنێت)، و هەر بە حوکمی دادگای شەرعی و جەماوەری، تۆیش و دیکەی ئاخوندە مشەخۆرەکانی لای تۆیش بخرێنە ژێر کار و رەوانەی کارگەکانی دروستکردنی رێگاوبان بکرێن تا ئەگەر چەند (سەباح)ێکیتریش زیندوو مانەوە، بۆ یەکەمینجار و لانیکەم لە بەرانبەر ئەو نانەی دەیخۆن، کارێکتان ئەنجام دابێت و سوودێکتان بۆ کۆمەڵگە هەبووبێت، کارێك کە هیچکات نەتانکردووە و نایزانن!

لە شەکرشکێنییەکانتدا دابەزیبوویتە سەر حوسنی موبارەکی دیکتاتۆری دەرکراوی میسر.. باشە، ئایا هیچ دەزانی کە هەر ئەم حوسنی موبارەکە، پێش ئەوەی بگاتە سەر تەختی حکوومەت و هێز و سامان تووشی گەندەڵیی بکات، قارەمانێکی جەماوەری و سەربازێکی جەنگاوەر و فڕۆکەوانێکی لێهاتوو بوو و لە دۆسیەی تاوانەکانەکانیدا

(دەسدرێژی کردنە سەر ژن و پیاوی دەستوپێ بەستراو و یەخسیری زیندانەکان) نابینرێت و نەنووسراوە؟.. سەرەڕای ئەو کوشتوبڕە و ئەو دزی و تاڵانەی خۆی و بنەماڵەکەی (کە دیارە تاوانبارە)، لە زۆر رووەوە لە تۆ باشترە، چونکە جەگە لەو خاڵانەی پێشوو، ئەو وەکوو تۆ خوای نەفرۆشت و یاریی بە بیروبڕوای خەڵکانی سادە نەکرد و سوودی پێچەوانەی لێ نەبرد!

ئەو دووکەسە (مووسەوی و کەڕوبی) کە تۆ لە بیری قوربانیکردیاندایت، بە داخەوە هێشتا لەوە تێنەگەیشتوونە کە حکوومەتی دینی نە بۆ وڵات سوودی هەیە و نە بۆ دینیش.. بە داخەوە هێشتاش دڵبەستەی (دەورانی زێڕین)ی ئەو کەسەن کە تۆی گەورە کرد و ئێمەی تێك ڕووخاند، واتە (خومەینی) و هێشتاش باسی یاسا بێ بنەما و دژبەر و ناتەبا و ناکۆکەکانی ئەو دەکەن و پاساوی بۆ دێننەوە!!

بەڵام، ئەو شتەی کە دەبێ تۆیش و دیکەی دەسماڵچییەکانی دەرباری پاشایەتیی تۆ لێی بترسن کەچی لێی بێ ئاگان، (و دیارە ئەم بێ ئاگاییەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی توانای شیکاری لە ناو مەلا جەماعەتدا و بەتایبەتی خودی خۆت و خزمەتکارەکانت کە زۆربەیان عەرەبن و هەرواش غەڕا بوونت بەم پلە و پێگە (با) هێنراو و ئەهریمەن پێ بەخشیوەت)، ئەمەیە:

یەکەم شت، بوونی گەلێکی ئازا و هوشیارە کە چواردە سەدەیە دژی هێرش و دەسدرێژی هاوبیرەکانی تۆ خەباتی گێڕاوە و لەم سەردەمە نوێیەشدا، ئەوە سەدەیەك بەسەر بێداری و رابوون و خەباتی ئەم گەلە بۆ گەیشتنە مافی ئازادی و خاوەندارێتیی وڵاتەکەی تێدەپەڕێت گەرچی

سەرەنجام بـە هـۆی درۆ و دووڕوویيـەکانی خومـەینی و مەنبەرنشـینانی وەکـــوو بەهەشـــتی و رەفســـەنجانی و خـــودی خـــۆت و دیکـــەی نەعرەکێشەکانی ئیسـلامپەنا و هـەرواش لـە ڕووی دڵسـافییەوە تووشـی هەڵە بوون و بوونە دیل و یەخسیری ئێوە، هەرئەمەش وای کرد ئێوە وا بزانن کە دەتوانن بە فرتوفێڵ و یاری پێکردنی بیروبڕوای ئەم جەماوەرە پاك و چاکە، بەمشێوە دیکتاتۆرانەیـەتان حکوومـەت بکـەن، کـاتێکیش جەماوەر پەیی بە ناخی ناپاکتان برد و حەیاتان کەوتـە مەترسـییەوە و ناڕەسـەنیتان بـۆ هـەموان دەرکـەوت، ویسـتتان بـە هـۆی هەڕەشـە و ترساندنەوە جەماوەری راپەڕیو بێدەنگ بکەن و درێژە بـە داگیرکـاری و دەسدرێژی و تاوانەکانی خۆتان و دارودەستەکەتان بدەن لە دژی گیـان و ســەرومالّی هاولاّتیــان و دەشــتانەوێ ئــەم دەســدرێژی و تــاوان و داگیرکارییە بۆ منالّ و نەوەکانیشتان بە میرات بهێڵنـەوە.. بـەلاّم: ئـای لەو خەیاڵە پووچە کە نە ئێرانتان ناسیوە و نە ئێرانی.

دووەم، ئا سەید عەلی، تۆ دەبێ لە (سـەید عـەلی خامنـەیی) واتـە لـە خودی خۆت بترسیت.. ئایا دەزانی خۆ بزرکردن چییە؟، واتە مـرۆڤ لـە بیری بچێتەوە توانا و ئاستی وەرگرتنی چەندە! تۆش ئـا سـەید عـەلی، تووشی ئەم نەخۆشییە بوویتە.. بەداخەوە کە ئەمەش نەخۆشییەکی بێ چارەسەر و دەردێکی بێ دەرمانە.. تۆش ناتوانی ئەو رۆژانە بهێنیتـەوە بیری خۆت کە بـۆ گریانـدنی خـەڵك لەمـەڕ رووداوەکـانی (کەربـەلا)، بـە پایسکلەوە لەم شەقامەوە دەچوویتە ئەو شەقام و لە بەرانبـەری نـازانم چەند (تمەن)ێکدا و هەندێجاریش خواردنی (پلاّو)ێکدا چ چاوچنۆکی و چ نەوسێکت هەبوو وچۆن خۆتت رادێنا کە بە چ فرۆفێڵ و شانۆیەك ئاستی ئەو رووداوە زەقتر بکەیتەوە و تێوێتیی خەڵکی سادە زۆرتـر بکـەیت تـا

خـەڵك پێـت بڵـێن: "ئافـەرم، ئـا سـەید عـەلی عەجـەب (رەوزە)یـەکی دەخوێند" و بە شـەوانیش بتـوانی دەسـتت بگاتـە (وافوور)ێك و خـۆت {سەرمەستی ئەفیون} بکەیت، ئەوەش بزانە، گەرچی تلیاکی ئەوسـات بە چاکیی ئەو تلیاکە سیناتۆرییە نییە کە ئەمڕۆ هەڵیدەلووشیت، بـەڵام بڕوا بکە ئەو ژیانەی ئەوسات، گەلێ لەم ژیانەی ئێستات خۆشتر بوو کـە ئاوا کەوتوویەتە بەر پلار و نەفرەتی ملیۆنەها مرۆڤی ئێرانـی و تەنانـەت غـەیرە ئێـرانیش. لـەو رۆژگـارە زێڕینەتـدا، بـە پێچـەوانەی سـەردەمی نەگبـەتباری ئـەمڕۆت، مۆسـیقات بـە لاوە حـەرام نـەبوو و چـاوت لـە مامۆسـتاکانی زانکـۆ سـوور نـەدەکردەوە کـە: بۆچـی وانـەی مۆسـیقا دەڵێنەوە؟، بەڵێ، لەو سەردەمەدا (جەنابتان)!!! نە ئاوازت بە حـەرام دەزانی و نە (تار)یش و هەروایش لەم تەکنەلۆژیایەی ئەمڕۆش بـێ ئاگـا بوویت تا بۆ رۆشنتر کردنەوەی رێگات گڵۆپی نیئـۆن و (led) بخەیتـە سەر پایسکلەکەت.. لەو سەردەمەدا هێشتا نەبووبوویتە نوێنەری (ئیمام زەمان) و حوکمی ئەم نوێنەراتییەت لە سندووقی (بیـت)دا نەشـاردبۆوە تا گەر هاتو کەسێك گومـانی لێ کـردی، وەکـوو بەڵگەیـەکی محکـەم بـە دەموچاویدا بدەیتەوە و بتوانی بەو بیانووەوە لـە قـەنارەی بـدەیت.!! ئەو سەردەمە، تەنانەت پایسکلەکەت مەکینەیەکی بچووکیشـی نـەبوو و تۆ دەبوو (پایدەر) لێبدەیت تا بتوانی ئـەملاولای پـێ بکـەیت و پـارەی (من بکا او ابکا، او تباکا وجبت لەالجنە) کـۆ بکەیتـەوە، لـەو کاتانـەدا، رەنگە لە کاتی ئیمزا کردن بۆ وەرگرتنی ئـەو بـڕە پـارە کەمۆکەیەشـدا ناوی خۆت بە (الاحقر) دەنووسی.!!

ئەو کاتانە دەتتوانی بە بێ هیچ ترس و وەهمێك و بە بـێ پاسـەوان و {جـەللاد} بـە شـەقامەکاندا بخولێیتـەوە و ئەگـەر کابرایـەکی سـادە و

ساویلکەش سڵاوێکی لێبکردبای، ئەوا سڵاوێکی پـاك و دوور لـە تـرس و تـەماع دەبـوو و دەنیشـتە دڵـەوە. ئـەو سـەردەمانە، رەنگـە هێشـتاش هەستت هـەبوو و دەتتـوانی دەردی خـەڵك بناسـیت و رەنگـە بتتوانیبـا تاڵیی سووکایەتیکردن بە کەسێتی هەست پێبکەیت، داخ و کەسـەر کـە ئێسـتا نازانیـت و نـاتوانی بزانیـت و تێبگـەیت ئـەو سـووکایەتییەی ئەشکەنجەکارانی لای تۆ بە خەڵکی شـەرەفمەندی ئـەم وڵاتـەی دەکـەن چەندە بێزەون و تاڵ و تێکشکێنەرە.. دەرد و هەست لە تۆدا مردووە و بوویتە ئاژەڵێك، خۆی نەبێت هیچیتر نابینێت و هیچیتر ناناسێت.

ئەمڕۆ، خۆت بە رێبەر و فەرمانڕەوای ئێرانییە یەخسیرەکان دەزانیت و (ناپیاو)ەکانی دەرباریشت نەك هەر رێبەری شیعەکانی ئێـران بـەڵکوو بـە رێبـەری جیهانیشـت دادەنـێن لـە حاڵێکـدا زۆربـەی هـەرە زۆری موسـڵمانانی جیهـان بـە موسڵمانیشـت نـازانن، چـونکە بـە داتاشـینی (امامت)، بنەماکانی ئیسلامیشت پێشێل کردن، ئەڵبەت تۆ ئـەم شـکۆ و گەورەییەی ئەمڕۆت لە چاوی ئەو (کۆسە)یەوە نازانیت کـە بـە پـیلان و خیانەتەکانی خۆی و (سەید ئەحمەد) تۆیان گەیاندە ئەم پلە و پێگەیـە بەڵکوو {بە نەزانی} وا دەزانی هەمووی بەهۆی کارامـەیی و شایسـتەیی خۆتەوەیە و وا بیر دەکەیتەوە گوایە زانست و هونـەری بەڕێوەبـەرێتیی وڵاتێکت هەیە، ئەویش وڵاتێکی وەکوو ئێـران.. بەشـێکی هۆکـاری ئـەم نەزانی و بێ ئاگاییەت ئەو تاقمـە کەمۆکـە شـیعر فـرۆش و سـەناگۆیەی دەوروبەرتن کە بۆ پارە و بۆ پاروە نانێك بەشـان و باڵتـدا هەڵـدەڵێن و پەردەیەکیان بە درۆبازییەکانی خۆیان بە چـاوتدا داوە و وایـان کـردووە تۆ خۆت نەناسیت و ئەو دەورانە خۆشەی رەوزەخوێنی و پڵاوخۆرییەت لـە بـیر بەریتـەوە و بـیر لـە داگیرکـردن و بـەخاوەنبوونی سـەرومالّی

نەتەوەیەك بکەیتەوە، ئەویش گەلی سەربەرزی ئێرانی.. بەڵام، دڵنیا بە کە بەم زووانە و هەر بە هیممەتی قارەمانانەی ئەم گەلە پێگەیشتووە، لەو خەوە خۆشەت رادەچەنرێیت و تێدەگەیت کە:

"ای مگس عرصە سیمرغ نە جولانگە توست
عرض خود می بری و زحمت ما میداری"
(ئەی مێش هەرێمی سیمرخ نـــــە جێگەی تۆیە
ئابڕووی خۆت دەبەیت و زەحمەتی ئێمە دەدەی)

دەردی ئەم گەیشتنە هەقیقەتەش ئەوەندە تاڵە کە هەر هەموو ئەو چێژانەت لێدەکاتە ژاری مار کە لەم دەسەڵات و خۆشی و هەیمەنە ئەهریمەنییەتدا چێشتووتن و ئەوکاتەش ئاوات دەخوازیت کە: (بریا لە دایك نەبووبام).

ئا سەید عەلی خان، غەفڵەتێکیترت کە ئەویش هەر لە ڕووی نەزانییەوەیە، ئەوەیە کە وەکوو مەیخۆرەکان سەرخۆش بوویت و دەوروبەرت نابینی.. ئەمانەی دەوروبەرت، وەکوو (جەننەتی) و (میسباح) و ئەو چاو دەرپۆقیوە بە پێشنوێژ کراوە، (سەید ئەحمەدی خاتەمی) کە شەرارەت لە چاوی دەبارێت، بەردەوام فووت تێدەکەن و تۆش، نازانیت و تێناگەیت کە هیچکامیان چاوی بینینی تۆیان نییە و هەر تەنیا بەرژەوەندیی خۆیان لەو با تێکردنەی تۆدا دەبینن و هەرکامیان و بەتایبەتی میسباحی تاوانبار چاوەڕێی ئەوە دەکەن تۆ نەمێنیت یا بڕۆیتەوە لای ئیمامی (رازل)ت و ئەوان جێت بگرنەوە.. ئەوان هەر ئەوەندە لە گەڵ تۆدا راستگۆن کە تۆ لەگەڵ ئایەتوڵڵا (مونتەزیری)ی مامۆستاتدا هەبوویت!!

ئەی سەید، لە خۆت بترسە کە ونبوویەکی سەرگەردانیت و لە گەلیش

بترسە و بزانە هیچ دیکتاتۆرێك نەبووە و نییە و نابێت سەر بکەوێت بەسەر خواست و ئیرادەی گەلەکەیدا..

لە (بایجان چنەکانی ناو دەوری)یەکەشت بترسە کە گەلێ لە خۆت خراپتر و ناپاکترن و رۆژی مەرگی تۆ دەکەنە جەژنێکی مەزن..

لە (گولپایەگانی)ی هاو (مەنقەل)ی ئازیزیشت بترسە کە ئەگەر پێویست بکات، هەر خۆی چەقۆکە بە سکتدا دەکات..

لە (حسێن شەریعەتمەداری) بترسە کە سڵ لە هیچ تاوانێك ناکاتەوە و گەر پێویست بکات، هەروەکچۆن (15000) کەسی کردە (50) ملیۆن کەس، هێندە رووهەڵماڵراوە کە (50) ملیۆنیش نەبینێت و بڵێت (هیچ) و تەنانەت بۆ بەرژییەوەندییەکانی خۆی خودی تۆش دەخاتە ژێر پێلەقە..

لە (ئەحمەدی نەژاد) بترسە کە خیانەتکارێکی بێنرخە، بڕوانە چۆن و بە چی وڵامی خزمەتەکانی رەفسەنجانیی دایەوە کە ئەوی لە کاری تیربارانکارییەوە گەیاندە سەرۆکایەتیی شارەوانیی تاران.. شیرین زمانییەکانی ئەم کابرایە لە کاتی سەردانەکەی هاشمی بۆ ئەردەبێڵ بخوێنەوە و سەیری کارەکانی ئێستای بکە و بزانە چی دەکات؟.. ئەم (مار)ەی دوایی، واتە ئەحمەدینەژاد، لە راستیدا تۆ بە هیچ نازانێت و لە مێشکی خۆیدا خەریکی پیلانگێڕییە بۆت.. بەتایبەتی لەمەڕ بەڵگەکانی دزیکردنەکەی کوڕەکەت و دیکەی نزیکەکانت، بە کاتی خۆی و لە رێڕەوی پیلانەکانی خۆیدا دژی تۆ و بە قازانجی خۆی کاری زۆر دەکات، هەروەکچۆن ئێستا وای لێکردووی پشتی بگریت و بە گوێی بکەیت.

لەناو هەموو ئەمانەدا، هەمان ئەو مووسەوی و کەڕووبییە بۆ تۆ باشترن چونکە لە بەراورد لەگەڵ (رادان)ەکان و (جەننەتی)یەکان و

(زارعی)ی فەرماندە مێ بازەکەت (کە لەگەڵ گرووپێك ژنی ڕووتـدا نوێـژ دەکات) و (ئەحمەدی موقەدەمی عەرەب و جانییەکان (لاریجانی)یەکان و سەرجەم ئەوانەی ناوی گڵاویانم بـرد و ئـەو هاودەسـتانەیان کـە نـاوم نەبردن و زۆربەی ئەو دووپشکە زۆرانەی ناو دەربارکەت، گەلێ بـە خـۆت و بیروبڕواکەتەوە نزیکترن.

بـەڵام ئـا سـەید، تـۆ مـەحکوومی بـە کەوتنـە خوارەوەیـەکی زۆر دەرداوی.. باشـتر وایـە لـە دەرکـەی پشـتەوەی (بیـت رهبری)یـەوە هەڵبێیت و دەستەکانت لەمە زیاتر بـە خـوێنی {رۆڵـەکانی ئـەم وڵاتـە} سوور نەکەیت و نەنگ و رسوایی خۆت زۆرتر نەکەیت.. مێژوو تاوانبارت دەکـات و هـیچ رێگایـەکیش بـۆ پێشـگیریی ئـەم مـەحکووم کردنـە نەماوەتەوە.. ئەگەر پەنا بەریتە بەر داوێنی گەل، رەنگە گەل تۆزێك لە سزاکەت سووکتر بکاتەوەو تۆش بتوانی {بەهۆی رەحمـەت و رەئفـەتی ئەم گەلەوە} کەمێ زۆرتر هەوای ئێران هەڵمژیت و گەر بـەخت یـاوەرت بێت، بە مەرگی سروشتیی خۆت بمریت.

دڵنیا بە، راستگۆترین کەس لەم وڵاتەدا هەمان ئەم جەماوەرەیـە کـە ئەویش لەناو شەقامدا ئاواتی (نابوود)یت بۆ دەخوازێت.. بە گوێی ئەوان بکە و برۆ، چونکە ئەمە بۆ تۆ باشترین شتە.

با بەس بێت، دە برۆ کە فایلەکەت زۆرزۆر رەشە ! ! !

یەکەمی رەشەمەی 1389

***

**<u>نامە ناخوێنرێتەوە</u>**



# نامە ناخوێنرێتەوە

*

# بەشی دووەم، نامەی نووسراو:...

**با ئازیزەکانم لە هەقیقەتی رووت تێبگەن:**

**دوورم لێتان...**

**بە قەدەر دووریی ویژدانی مرۆی ئەم سەردەمە لە خۆی**

**ئەوەندەی دووریی ئەوینی**

**ئەفلاتوونی و**

**هەوەسی گۆی مەمکۆڵەیەك**

**وەك شیعری شاعیرێك لە خۆی**

**وەکوو نوێژ و ڕەحمی خوا**

**وەك ئازادی لە وشەیەکدا و**

**سەربەستی**

**وەك یەکڕەنگی و**

**ژیانی بەختەوەرانە**

**وەکوو ئەهریمەن و درۆ و ڕاستی و خوا**

**وەك**

**تەمەنی پیری قەلا و**

**ساوایی پیاوانی هەولێر**

**وەك مێژووی کۆنی منارە و**

**قیژەی ئێستای سەلاحەدین**

**وەك کوردستانی ئازاد و**

**برسییەتی!**

**هەروەکوو خوێنی پێشمەرگە و**

كوردایەتی؟!
وەكوو پڕیی
دەهۆڵی مافی مرۆڤ و
یاسای (C.I.A) و
پەیكەرەی سڕی ئازادی و
(عەمۆ سام) و
ئاشتی خوازی
ئەوەندەی دووریی خۆم
لە خۆم
د
و
و
ر
م
لێتان.

هاوڕێ خۆشەویستەكانی جارانم,

وشەی سڵاو كورتتر و كەمترە لەوەی ناخی تاسەمەندی و خۆشەویستیی دوورە دەستیم بۆ ئێوەی هەمیشەییم دەر ببڕێ. كەوابوو با بێدەنگییەكی پڕ لە ـ هەرا ـ ی خنكاو، باری ئەم مەبەستە هەڵگرێ, چونكە، شاملۆ واتەنی: "سكوت سر شار از ناگفتەهاست".

تازە دەمویست ببمە بەردێك بۆ بناغەی ژیانێكی بەختیارو ئازادی

گەل و کۆمەڵ و پێکەوە بوونێکی سەربەست و ئەبەدی لە گەڵ ئێـوەدا. بەڵام ڕەشە دێوی زاڵی چارەنووس کوژ وای نەویست و بـەردی بناغەکـە بە پیکێکی قورس و ئاگراویی نەیارو ناحەز ورد و خاش کرا. من خۆم بە قەرزاری هەموان دەزانی و ئەو ماوەیەش لە سنە و کرماشـان و دوور لـە چـاوی کـوێربینی دوژمــن خــەریکی بـژاردنی بــووم و تــا ڕادەیــەکیش سـەرکەوتبووم کەچــی هـۆڤی (دیـن)ی دژە هەسـت, دڕندانــە چـیڕەی لێکردمـەوەو ــ ئـاڵ ــ ی ڕەجـم هاتـە خـەونم و ئـیتر بـە پێچـەوانەی ترسـەکەی ئێـوە: نەهاتمـەوە "خـۆم بـە دەسـتەوە بـدەم و بـزانم چـیم لێدەکەن و ڕەجم چۆنەو کێ لە کاروانی ڕەجمکاراندا بەردم تێدەگرێ"! بەڵکوو بەناچارو نابەدڵی ئێوەو هەلە ڕەخسـاوەکەو (بـەفراو)ی دڵـدار و (کـانی) و (ئەدهـەم)ی بـەنی جـەرگم بـە جـێ هێشـتن و بـاری قورسـی ئاوارەییم گرتە کۆڵ.

هــەر لــە یەکــەم هەنگاوگــەی ئاوارەییمـدا کــە جیهـانی درۆ و دێـوی دەســــەڵات پێــــی دەڵــــێن (ســــنوور)، درۆم بینــــی! پــــاش نیمچــــە حەسانەوەیەکی غەریبانە، تووله ڕێی (دیدار)؟!م بڕی و سەردانی چەند (کەڕەنا)خانەیەکم کرد, نەك لە حەزی دیتنی ئەو دەهۆڵەیان کە منـیش وەکـوو ئێـوە و هــەموو کـوردێکیتری ڕۆژهــەڵات دەنگـیم لــە دوورەوە بیستبوو و خۆش کەوتبووە بەرگوێم, نا...! من خـۆم هـەر لـە زووەوە پــەیم بـە ناحــەزیی ئـەو دەهۆڵـە بردبـوو بۆیـە کـە ڕۆیشـتمە پـاڵی, بـە دەنگێکی لە گرمەی ئەو دلێرتر و لە زمانی (حـافز)ەوە بـە هـەر هـەموو دەهۆڵ ژەنەکانم گوت:

"ما بدین در نه پی حشمت و جاه أمدهایم

از بد حادثة اینجا به پناه أمدهایم"

بەڵام هەر لە گەڵ ئەوەشدا دەنگەکە کەڕی کردم و ئازاری دام، چونکە دەهۆڵ کۆن بوو و دەهۆڵ ژەنیش توندتر و ناشیانەتر لێی دەدا. ئای... خۆزگەم بە خۆتان کە هەر لە دوورەوە بیستووتانەو بەختەوەریش ئەو کەسەیە کە هەر نەی بیستبێ!

(خۆشەویستەکانم, ئەم نامەیەم لە دواڕۆژدا دەبێتە دێڕێك لە مێژووی ڕاستەقینە و شۆڵەیەك بۆ بەر پێی ئەوانەی بە دوای ڕاستیدا دەگەڕێن، بۆیە داواتان لێدەکەم قەڵس و ماندوو مەبن و تا دوادێڕی لە گەڵما بن و دواییش بیپارێزن). بەڵێ سەرم لە کەڕەناخانە بۆگەنەکانی: (مۆتەدی بەگ) و (مەلا حەولای گۆلێ) و (نامەنسووری بێ حیکمەت) دا, (ئەوانەی کە لە بیری پووچ و تاریکی خۆیاندا خنکاون و لە دواخەونی ڕۆژانەی گیانکەنشتیاندا داوای ئاغایەتی و سەروەری و...ی کوردی بێچارەی/ چوار مەزەبە بەشبڕاو/ی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەکەن!), سەردانەکەم، نەك وەکوو بێ دەرەتان و پەنا خوازێك, (خۆتان چاك دەمناسن و باش دەزانن کێم و چیم و چۆنم), بەڵکوو وەکوو کوردێکی ڕۆشنبینی ڕۆشنبیری ڕاستگۆی ڕاستیخوازی نەترسی ڕەخنەگر و تەنیاش بۆ ئامۆژگاری و ڕاچڵەکاندنیان لە خەوی غەفڵەت و بێ خەبەری و دابڕاوی و، نەمزانی کە: "أزمودەرا أزمودن خطا است"! نەمزانی کە لای ئەوان گەلێ لە هەموو کەس و هەموو لایەك زۆرتر و زیاتر: "خطا بر بزرگان گرفتن خطا است"!! خەوی ئەوان قورستر بوو لەوەی دەنگی هەقم

ڕایان چڵەکێنێ, لە ناو بۆگەناوێکدا کە خۆیان گرتوویانەتەوە, نوقمترن لەوەی پاپۆڕی ڕزگاریدەری هەستم دەریان بهێنێ! زۆر بە داخ و کەسەرەوە، هەر بە تەواوەتی نوقمی زەلکاوی خەون و خەیاڵات بوونە! دەڵێن ((هەق تاڵە)), ئەوانیش هەر هەموویان زمان و قسە هەق و ڕەقەکانی منیان پێ تاڵ بوون, نەیانتوانی زەقیی حەقیقەت و ڕاستییەکانی زمانی من لە ناو دڵ و مێشکی بچکۆلەی خۆیاندا جێ بکەنەوە! قسەکانی من لە گەڵ فەرهەنگ و خەیاڵ و بیرۆکە کرچەکانی ئەواندا زۆر لێك جیاواز بوون و نەك هەر لێم تێنەگەیشتن، بەڵکوو بە (شەڕو ئاژاوەو سەمپاشی و ڕق و قین)یان لە قەڵەم دان و لە وڵامدا لە جێی وشە و دیالۆگ, تەنیا ددانی چیڕو تیژیان پیشان دام و لوولەی ئاگراویی دەمانچەکانیان (ئەو دەمانچانەی هەڤاڵ ـ سەدام ـ یان پێشکەشی کردوون تا لە بەرامبەری چاوی تیژ و زمانی بە بڕشتی ڕۆشنبیرانی ڕەخنەگری کورددا خۆیان و دەسەڵاتی چەوت و نانەتەوەیی خۆیانیان پێ بپارێزن!)[1] , ئەویش هۆی ئەوە بوو کە وڵامیان نەبوو بمدەنەوەو تەنانەت لەوەش تاوانبارترو فریوخواردووتر و فریوکارترو چەواشەتر بوون کە من دەمزانی و دەمدرکاند!! دەبێ بڵێم، گەنجەکانی ناو تاقمی سێیەم، تەنیا گرووپێك بوون کە قسە ڕەقەکانیان لێ بیستم و

[1] خەریکی موشاجەرە بووین لە بنکەی (حدکا)داو من ڕەخنەیەکی توندم لێگرتن و گوتم ئەوەتان قانوونی نییەو دەبێ بیگۆڕن و... تەیموور مستەفایی و وەزیر ناوێك خۆیان گیڤ کردەوەو دەمانچەیان بۆ کێشام کە بووە هۆی ترس و نیگەرانیی چەند دۆستێك و منیش گوتم: لێیان گەڕێن با بمکوژن چوونکە دەر کەوت کە ڕژێمی ئیسلامیی ئێران حەیفە مەحکوم بکرێ بەوەی کە منی کوشتووە, وا باشترە (حدکا)ی چەواشە ڕسوا ببێ بەوەی کە ڕۆژنامەوانێکی ڕۆشنبیرو شۆڕشگێڕی کوردی تیرۆر کرد!)).

بە حورمەتیشەوە وڵامیـان دامـەوە و دوایـیش خیانـەتیان پـێ نـەکردم. ڕەنگـە ئێـوە لـە دوورەوە بڵـێن: "جـەلیل تـووڕەو قسـە ڕەقـەو دڵـی ئێشـاندوون و شـەڕی پـێ فرۆشـتوون و..."؟!, بـەڵام نـا... خـۆ مـن دوژمنـی بابەکوشـتەی ئـەوان نـەبووم و بگـرە لـە چـەند لایەنێکیشـەوە دۆستیان بـووم. ئـەوە ئـەوانن کـە واتـای دۆسـتایەتی نـازانن و دوژمنـی دڵڕەقـی ڕاسـتی و ڕاسـتگۆیین! و هـەر خۆیـان دەبیـنن و بـەس! بـاڵی کۆنەپەرستانەی خـۆ پەرسـتی مـەلاکانی ئێـران دەڵـێ: "هـرکس بـا مـا نیست بر ماست"! ئایا هەر ئەوەو چەند ناتەباییەکی دیکە نـەبوون کـە ببوونـە هـۆی گێـرەو کێشـەی نێـوان ئێمـەو ئـەوان؟ بـەڵام دۆسـتانی دوورەدەسـتم, بـڕوا بکـەن ئـەمان (ئـەم دەهـۆڵ ژەنـە بـێ خەبـەرو خەوتووانـەی لای خۆمـان!!) خـراپتر لـەوان دەڵـێن و بـە کـردەوەی چەواشەش لە سـەری دەوەسـتن کـە: "هەرکـەس بـۆ ئێمـە و لـە پێنـاو ئێمـەدا نـەبێ, دوژمنمانـە"!! ورد لێـی ڕامێـنن، چـەند قـاتی ئـەوەی مەلاکان کۆنەپەرستانەو خۆ پەرستانە و کوێردڵانەیە؟! ئەوان هێرشێکی کوێریـان کـردە سـەر ئەنجومـەنی ئـەدەبی و (جمجمـك) و کوڕەکـانی مەریوان و ئـەو ڕەوتـە سیاسـییە ئاشـتیخوازانەیەی ئێمـەو...! منـیش بەرپەرچم دانەوەو ڕاستییەکانم بۆ دەرخستن و ئەوەشـم پـێ ڕاگەیانـدن کە لە ڕاستیدا ئەوان لە واقیعی ئەمڕۆی ئێـران و ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان دابڕاون و لە هەموو شت بێ خەبەرن بێجگە لـە خەونـە خەیاڵاوییـەکانی خۆیـان, تێمگەیانـدن کـە چـەك کاریگـەر نییـەو مـەنتیقی چـەك بەسـەر چووەو دەور دەوری چەکی مەنتیق و بیرو ڕای ئـازاد و ڕاوێـژ و قەڵـەم و

گفتوگۆی فەرهەنگی و سیاسی و ئینسانییەو...، بەڵام ئەوان بە کوێر ئەندێشیی خۆیانەوە ئەو ڕاستییەیان پێ تاڵ بوو, دەیانویست منیش {؟!!} کوێر کوێرانە مەدح و سەنایان بکەم و ببمە شایەری دەربariyan و کۆنە کوێرە ڕێگەکەیان بە جادەی ساف و هەموار ناوبەرم و پێیدا هەڵبڵێم!! بەڵام ئێوەش و دوژمنە واقیعبینەکانیشم چاك دەزانن کە من ناکەسێکی زمان لووسی سالووسی درۆزن نیم و لە ژیانمدا دژی درۆ و چەواشەگەری بووم و هەر دەشبم و هەر لەبەر ئەوەشە کە ئێستا قسەی قۆڕی بێ مانای هەڕەمەکیم بۆ دەر دێنن و دەیانەوێ کۆسپ بخەنە سەر ڕێگام (ڕێگایەك کە سەرەنجام دەگاتە لووتکەی سەربەستی و سەرفرازی و دوور دەبێ لە لاڕێیە پڕ کەندو لەندەکەی ئەوان!) (مزێ) ناوێکی لای مۆتەدی بەگ کە دیارە چوارچێوەی لارو گێڕو ناتەواوی کەسێتیی لە مەزاتخانەکەی (سیروس) و ناو هەرزەکارەکانی (جۆراوا)دا بزمار ڕێژ کراوە, قسەلۆکی خستۆتە شوێنم کە گوایە "پێشتر (کۆمەڵە) بووم و کاتێ گیراوین هەموو هاوڕێکانم لە لایەن ڕژێمەوە ئیعدام کراون و تەنیا من دەر چووم، کەواتە من جاشی ڕژێم بووم"؟!! زۆر توڕەهات و بێ مانایە... نا؟! ئەڵبەت من بە کورتی و کوردی وڵامی ئەو قسەلۆکەیم بە فاکت و مەدرەکەوە دایەوەو دواتریش نامەیەکی کراوەم ئاراستەی ڕای گشتی کرد و تیایدا هەقیقەتی مەسەلەکەم دەرخست و ناوبراوم شەرمسار و بێدەنگ کرد و دیاریشە ئەوان و خیانەتکارییەکانیان زۆر زۆر لەمەو لەو نامەکراوەیەش هەڵدەگرێ، بەڵام بۆ زیاتر خستنە ڕووی گەوهەری ڕاستەقینەی ئەوان بە داخەوە لەم بارو

دۆخـەدا دەم و دەسـتم بەسـتراون چـونکە بـڕوا بکـەن ئەوانـە ئەوەنـدە سووك و چەواشەو خیانـەتکارن کـە دەترسـێم هـاواری راسـتیخوازیم لـە ناخدا بخنکێنن! ( خۆ لەو کارەدا وەستای هەموو وەستاکانیشن!) بەڵام دڵنیا بن کاتێ دەرفـەت لـەبار بێـت و مـن و سـەدان گـەنجی رۆشـنبیری راستیخوازی پێشێلکراویتری کورد ئەو ترسەمان نەمێنێ, ئەوا زۆر شـتم پێیە لە سەریان بنووسم و زۆر بەڵگەم پێیە ڕسوایان بکەم! چبکەم کـە ئەمڕۆ (ئەوان سـوار و مـن پیـادە) و لـە دوو لاوە دەترسـێم: یەکـەم لـە ڕژێمە دینییە هۆڤەکەی ئەمڕۆی لای خۆمـان و دووەم ـــ و زۆرتـریش ـــ لەم کوڵە نۆکەرە خۆ فرۆشانە کە لێرە خۆیـان دۆڕانـدووەو لـە خـەون و خەیاڵاتدا پیلان دەگێڕن بۆ بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی ئـەو خەڵکـە چارە ڕەشە! و دەیانەوێ "بە تەتمیع و تەهدیـد رۆشـنبیرانی رۆژهـەڵات ناچار بکەن لە خزمەتیاندا بن و..." و " جەماوەری رۆژهەڵات پەیکەری زێڕیان بۆ دروست بکات و سەرجەم چوار ریانـەکانی شـارەکانی وڵاتیـان پێ بڕازێنێتەوە"، {میراتێکی فکری کە لـە /هـەڤاڵ سـەدام/ەوە بۆیـان ماوەتەوە} !!!

دۆستانی خۆشەویستم, حەز دەکەم بزانن کە لێـرە, (لـەو بەشـانەی کە ئەوان وەك گەلە گورگ مۆڵیان تیا داوە) دەور دەوری درۆ و فڕو فێڵ و تەڵەکەو کەری و کەڕی و کوێرییـە, زەوییەکـەیان کردۆتـە دڕکسـتانی درۆو دوو ڕوویی و هیچ تـۆوێکی ڕاسـتیی تێـدا ناڕوێـت! کامـە درۆبـازی سالووسی زمان لـووس شـك دەبـەن ڕەوانـەی ئێـرەی بکـەن تـا لـە لای ئەمانە بگاتە پلەو پایەو پووڵ و سەرمایە! کامە ڕاستگۆ و دڵسـۆز و بـە

شەرەفیش دەناسن, تکایە پێی بڵێن وشیار بێت و خۆی بەم تەنافە دارزیوە نەتاسێنێ!

ئازیزانم.. هاوسەنگەرە خەباتگێڕەکانی دوێنێم، ئەم دوو گرووپە چەکدارەی بە خۆیان دەڵێن (کۆمەڵە و دیموکرات)، نە حزبی سیاسین و نە خاوەنی بیروڕای سیاسی و ئامانج و بڕوای نەتەوەیی و نە هەستی نیشمانپەروەری.. ئەمانە، هاوشێوە و هاوجنسی هەمان ئەو (ڕێوی)یەن بەسەر پاشماوەی (شکاری شێر)ەوە دانیشتوون و هەر لێی دەخۆن و خۆیانی پێ تێر دەکەن.. ئەمانە ئەو (قەل)ەن، ڕاهاتوون بە مردار خۆری و دەشیانەوێ (هەڵۆ) سەربەرزەکان فێر و ئالوودەی (پەین و پاڵی) لای خۆیان بکەن و لەبەرزایی ئاسمان رایبکێشنە خوارەوە و تووشی زیللەت و رەزالەت و رسوایی بکەن!! نەکەن ناوی پیرۆزی (پێشمەرگە) بۆ پێناسەیان سووك بکەن و خۆشتان تووشی هەڵەی کوشندەی سادەبینی و خۆشباوەڕی ببن.. ئەمانە لە راستیدا (پێشجەردە) و (پاشمەرگە)ن و تەنیا و تەنیا چاوەڕوانی رێکەوتن و تا ئەوکاتەش، لێرە، هەرکامەیان بۆتە قوتابی و دەروێش و داردەستی لایەنێك و خۆش رای دەبوێرن و (بە ڕیشی خەباتگێڕە راستەقینەکانیش پێدەکەنن)، زۆر گرینگە لەم بارەیەوە سەرنجێکی زۆر وردتری شەهید بوونی هەردوو شۆڕشگێڕی کورد (مەنسوور هەورامی/ لە حدکا) و (تۆفێق محەمەدی/ لە کۆمەڵە) بدەن و پەی بەرن بە راستیی ئەم بۆچوونەی ئێستای من.. ئەم دوو پێشمەرگە راستەقینەیە، بوونە قوربانیی ساتوسەوداکاریی سەرکردە نەشیاو و ناڕاستگۆکانیان.

ئازیزانم، ئەمانە پێشمەرگە نین و ئێوەش، چاوی دڵتان بکەنەوە و تکایە تکایە تکایە مەهێڵن چارەنووستان بکەوێتە دەستی نائەمینیانەوە و مەهێڵن ئەو بەشەی وڵاتەکەمان ببێتە بازاڕێك بۆ بازرگانیی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیی ئەوان.. وەی لەو ڕۆژەی پێچەوانەی ئەم راسپاردەیەم بێتە ئاراوە...

با درێژەی پێنەدەم, وا دیارە تا زۆرتر بنووسم سوورتر دەبم لە لادان و دڕاندنی پەردەکان و شڵەقاندنی گۆمەکە، کەوابوو لە سەری ناڕۆم و وەك گوتم دایدەنێم بۆ کاتی خۆی! دڵنیا بن خۆم لە ژێر بارو قەرزو شەرمی کەسدا ناهێڵم و دڵنیاش بن یادو خۆشەویستیی هەمووتان هەر لە ناخی هەست و نەستمدا دەمێنێتەوە, چی بکەم جارێ لە ناو قوڕێکی خەستی قینی کوێری کوێر دڵاندا چەقیوم و:

((ئاوارەی ڕێی چارونووسی نا دیارم

لە چوارچرا ڕاو نراوم

پردی سوورم لێ ڕووخاوە

گۆلی ورمێیان خنکاندووم

شنەی ئاربەبا و ئاویەرم لێ دزراوە

زرێبارم لێ زەوت بووە

هەر چوار دەوری قەڵای خانی هەورامانم

لێ تەنراوە

ئاوارەم و

چمکێ یادی سووری مێژووم لە کۆڵایە و

**هەر ئەیگێڕم**

**هەر... ئەی... گێڕم.**

**دڵسۆزو دوورە دەستتان جەلیل عەباسی**

**دووشـــەممە 1999/12/27 ـــ 78/10/6, 2700ی**

**کوردی**

**تێبینـــــی: هەنــدێ قســـەم بیســـتبوون کــە دەمزانـــی لـــە لایـــەن گرووپەکوردییـەکانی ئێرانـەوە (ئەوانـەی ناویـان لـە نامەکـەدا هـاتووە) هەڵبەستراون و نێردراونەتەوە مەریوان و...بۆیە بە پێویستم زانـی ئـەم نامەیە بنووسم و هەندێ تاریکایی ڕووناك بکەمەوە, نامەکەم کۆپی کـرد و لە گەڵ دە نوسخەی گۆڤـاری هەڵەبجـەدا کـە بابـەتێکی دوورودرێـژی خۆمی هەر لەو پێوەندییـەدا تیـادا چـاپکرابوو ناردمـەوە بـۆ مـەریوان و سنەو تاران و کرماشـان بـۆ چـەند دۆسـتێك کـە دواتـر کاریگەرییـەکانی دەرکەوتن و تا ڕادەیـەك بەرچـاوی زۆر گـەنجی رۆژهـەڵاتی کوردسـتانی لەمـەڕ بـارودۆخی حزبـە ئـاوارە و خانخانییـەکانی رۆژهـەڵات رۆشـنتر کردەوە... ج.ع**

*

**سکالایەك لە گەڵ (ئەدهـــەم) دا:**

جگـەر گۆشـەکەم, کـوڕی شـیرینم, بـەنی دڵەکـەم, هیـوام, ئەدهـەم گیان..

شـەوێکی نووتـەك و ئەنگوستەچـاوە, مـن, تـەنیای تـەنیا, لـە گـەڵ یادەوەریی تۆی ئـازیز و ئێـوەی خۆشەویسـتا, (مەبەسـتم ـ کـانی ــ وـ بەفراوـ ە هەرە خۆشەویستەکەمن ) یادەوەرییەك کە هەر ئان و کزەیەك لە دڵی پڕ لە کوڵم هەڵدەستێنێ و موچـڕکەیەك بـە لەشـی زار و نـزاری گیان و هەست و بیر و هۆش و ویژدانی سڕ بوومدا دەهێنێ, لە ــ دونیاــ یەکدا دەژیم کە ناوی ئۆتێلـە ! , لـە وێرانەیـەکی سـارد و سـڕ و سـەهۆڵ بەستوودا کە پێی دەڵێن ژووری ژمارە 308ی نهۆمی سـێیەم و بـە 48 پلیکانەدا سەر دەکەوێ, بە دیار گلۆپێکی یەك لە هەزار ـ3ـ ئامپێرپی بە قـەرز گـیراو, لـە شـاری ـ دوو خـوا ـ و ـ هـووری ـ و ـ ئەسـکەندەر ـ و ـ داریۆش ـ دانیشتووم و کات, حەوت و چل و پێنج خولەکی ئێوارەی لای خۆمانە.. لە سەرما هەڵدەلەرزم و جگەرەیەکم بە دەستەوەیە هەر مـژە و لێی دەدەم بۆ ناخی سییە سیس بووەکانم. مژی یەکەم لە جێی نـانی نیوەڕۆ, هی دووەم لـە جێـی نـانی ئێـوارە و سـێیەم لـە جێـی چـایەکی داخی پاش نان خواردن و ئەوانی تـریش تونـد تونـد لـە داخـداریی ئـەم دوورییـە دەسـکردە و ئـەم تەنیاییـە هـەرە ترسـناکەدا. ئەوەنـدە نییـە ناڵەی تاڵی قیڕ و هۆڕی بڵندگۆ هەزار بـە هـەزارەکانی هـەر چـوار دەورم کۆتایی هاتووە و مێشکی مانـدووم سـەر سـامییەکەی لێ نـەماوە.( ئـەو

بڵندگۆ هەزار بە هەزار و فرە ڕێسانەی کە شاریان خنکاندووە و سەردەمانێکە نیشتوونەتە جێ وێرانەی هەستی جوامێری و ئازادی و ویژدانی ون بوو, یانخود لێ سەنراوی دانیشتووەکانی). ئەم لام ـ قەڵا ـ یە کە هەر تەنیا بۆنی گەنیوی خوێنی مەییوی هێرش بەرە دڕندەکانی ئەسکەندەر و سەرباز و جەنگاوەرەکانی داریۆشی لێ ماوە و دەماخی خەڵکی شاری کاس کردووە, ئەو لایشم, ئاخ... ئەولایشم ـ منارە ـ یە کە هەنووکەش سواقی مێشکی پڕاوی ئەو زەردەشتانەی پێوە دیارە کە بوونە خۆراکی ـ ماڵە ـ ی شمشێرە تیژ و دوو دەمەکانی سوپای بێ پێڵاو و کەللە بەتاڵی عەرەب بە فەرمانی یارانی محمد و عومەر و سەرکردایەتیی (سەلاحەدین)ەکان!.

کوڕم, ئەم نامەیەت لە ئاوەها حاڵێکدا بۆ دەنووسم و ناشزانم کەی دەگاتە کۆتایی (هەر ئەوەندە دەزانم دەروونی ماندووم هەزاران گرێ و گۆڵی تێدا کەڵەکە بوون و هەوی زامەکەش ئێستا سەرەتای سەر کردنیەتی) و ناشزانم ئایا هەرگیز دەتگاتێ و دەیخوێنیتەوە یا وەکوو هەزاران ئاواتی خنکاوم, ئەمیش گوم و گۆڕ و تووناوتوون دەبێ!.

کوڕی شیرینم, ئەدهەم, چوار مانگی ڕەبەقی ڕەش و بێ کۆتاییە لێتان دوور خراومەتەوە و لێک بزر کراوین. با 1378 هەزار جار خەرمانانی خەرمان دزی وشکە ساڵی 1378 خەجاڵەت بێت! ئەم دوورییە دەسکردە و ئەم کۆچە زۆرەملێیە بوو پیت و فەڕی خەرمانەکەی؟!.

چوار مانگە لێوی شەقار شەقاری حەز و تاسەم بە ماچێکی خودایی

هیچکام لە ئێوە تەڕ نوبووە, چوار مانگە لانکەی دڵم هیچکام لە ئێوەی تێدا نین و هەر بە یادەوەریتانەوە دێت و دەچێ, چوار مانگە ئامێزم بۆتە دڕکستانێکی ژاراوی, لەوەتی تۆ و کانی و بەفراوی لێ بزر بوون, چوار مانگە بیر و هەستم خولیای لە ئامێز گرتن و گوشین و ماچێکی ژیان بەخشی ئێوە لە مێشکی داوە و شێت و هاری کرووە, چوار مانگە وەکوو بزرە شەپۆلێکی بێ سەر و شوێن لە دەریایەکی بەرینی مرۆڤەکانی دەور و بەرمدا ون و غەریبم و نە کەسم لاواندووە و نە کەسیش لاواندوومی, چوار مانگە لە ناو دەیان تازە دۆست و هاو نەوع و هاو زمان و هاو ڕەگەزما( نەك هاو بیر و هاو دڵ ) هەر تەنیام و هەر سیاچەمانەی تەنیایی دەچڕم و دوایین گەڵا زەردەکانی باخچەی سیس و ژاکاوی خەیاڵم لەم وەرزە خەزانەدا هەر بە یادی ئێوەوە لەرەیان دێت و بە شنەی ئەوینی لە بن نەهاتووی ئێوە هەر ئەشنێن: ئەوینی بەفراو بە درێژایی 33 ساڵ و خۆشەویستیی تۆ پڕ بە ساتەکانی دە ساڵ و شەش مانگ و کانیش بە قەد چرکەکانی دوو ساڵ و پێنج مانگی تەواو.

من بیرم لە زۆر شت کردبۆوە و خۆم بۆ زۆر شت ئامادە و تەیار کردبوو لە ژیان لە پاڵی ئەو دێوەزمە ژیانەخرۆیەی لای خۆماندا کە 21 ساڵی ڕەبەقە بۆتە ئاڵی سەر دڵی ئەم وڵاتە زەیسانە!, لەوەتی داسەپیوە, من و هەزارانی وەك من ڕۆژی ڕووناکمان لێ بۆتە شەوی دەیجوور.

کوڕم, نەك هەر ئێستا و ئەم جارە, بەڵکوو ساڵیانێك بەر لەوەی ئێوەم هەبێت و بەر لەوەش هەر بووبێتمە دوو, باشترە بڵێم هێشتا

حەوتووی زەیسانە دایك بە سەر نەچووبوو كە ئەم ئاڵە ڕەشە 21 شەوەی ئێستا بردمی و چاوی هەڵ گڵۆفیم! هەر بۆیەش بە زۆر چەرمەسەری و ناتەبایی ڕاهاتبووم و بۆ زۆرتر لەوەش خۆم تەیار كردبوو, بەڵام قەد بیرم لەوە نەدەكردەوە كە ڕۆژێكی وەكوو ڕۆژە ڕژدەكانی خەرمانانی بێ فەڕی وشكە ساڵی 1378, ئەو ئاڵە شەو پەرستە دەیجوور نشینە كە ڕێبەندانی 1357ی كردە ڕێگە بەندانی هەمیشەیی و لەو كاتەشەوە بە درێژایی 21 ساڵی شەوە زەنگ, هەر گلاندوومی و هەر نەگلام, هەر بەزاندوومی و هەر نەبەزیم, هەر شكاندوومی و هەر نەشكام و هەر لە خوێن گەوزاندوومی و هەر نەخنكام, هەر تاساندوومی و هەر نەتاسام و هەر پێشێلی كردووم و هەر نەپلیشامەوە, (هەموو ئەمانەش تەنیا بە بیانووی ڕەش ئەندێشانەی جیاوازیی بیر و هەست و زمان و ڕەگەز و ڕەنگ و جل و ئاكار و هەناسە و خواستمان)، ئاوا لە بنی داری بێ گەڵا بدات و لە سەر بڕواش, چاوچنۆكانە چاوی خێلیم لێ بۆق بكاتەوە و بمخاتە لاڕێی ئاوارەیی و، ئێوە و هەموانیشم لێ بزر بكات, كەچی كردی و خۆ هەرچیشی نەكرد, ماڵی ئاوا! ئێستاش وا چوار مانگە بە لووتە شەقی جنانەی زوڕییەتەكانی بتی گەورەی نەفەرتستانی سەفیهانەی (ولایت فقیه) فڕێ دراومەتە كونجی تاریكی بەرزەخێك, نە ئاو نە ئاوەدانی, شەوەزەنگێكی نووتەكە بە بێ تروسكەیەك! هەرچەند بە سەر لێ شێواوی, بەڵام لەم ماوەی دوورییەدا زۆرم بیر كردۆتەوە, بە تایبەت لە ئێوە و بە تایبەتیش لە تۆ, تۆی بەنی جەرگ, تۆی گلێنەی چاو, تۆی هێزی دڵ و تینی

گیان. لە ئامادەکاریی نەمامگەکەت, لە شەتڵ وەشاندن و سەوز کردنت, لە ئاودێری و پەرژین کردنت, لە نەزانیی منی باخەوان و...لە...لە... ! و تێگەیشتم کە چەندە نابار و تاوانبارم! تاوانبار بەرانبەر بە تۆی خۆشەویستم, ئەمە, بە بێ ئەوەی بە خۆشم بزانم یان تاوانەکانم لە ڕووی مەیل و خواستمەوە بووبن... نا, بەڵکو تەنیا بە هۆی کەم ئەزموونی و نەزانیمەوە و با بڵێم لە ڕووی هەرزەییشمەوە! لێرەدا بە پێویستی دەزانم بڵێم, نامەوێ پاکانە بۆ خۆم وتاوانەکانم بکەم بەڵکوو تەنیا دەمەوێ ددان بە هەڵە و خەتاکانما بنێم و خۆم سەرزەنشت بکەم. ناشمەوێ بە زیندوو کردنەوە و زەق کردنەوەیان ڕقی تۆ لە خۆم ڕەقتر بکەم و لە خۆمت بێزار بکەم هەرچەند دڵنیام زۆر جار لێم بێزار و ماندوو بوویت و هەقیشت بووە. تەنانەت گەر ئێستاش و بۆ هەمیشەش لێم بێزار بی هەر هەقتە و ناشڵێم لێم مەگرە و بمبەخشە چونکە خۆم بە شایانی ئەو بەخشینە مەزن و پاکەی تۆ نازانم بەڵام لە ناخی هەموو وجوودمدا خۆزگە دەخوازم کە لێم بێزار نەبی! ئێستاش کە لەم تەنیاییەدا و بەم کزی و لاوازییەوە ئەم سکاڵا نامەیە دەنووسم, دڵنیا بە هی ئەوە نییە کە ماوەیەکە لێت دوورم و لە لام خۆشەویستتر بوویت. سەیرێکی ناو دڵی پاك و بێ گەردی خۆشت بکە دەزانی و تێدەگەی کە هەر خۆشەویستم بوویت و دڵم هەر هەمیشە بۆ تۆ لێی داوە و دوایین ترپەیشی هەر بۆ تۆیە... وا نییە؟...

ئەم نووسینەم لە بەر ئەوەیە کە لەم ماوەی دابڕانەمدا زۆرم بیر لە تاوانبارییەکانم وەکوو باوکێکی ڕۆژهەڵاتی بەرامبەر بە تۆ کردۆتەوە و

ڕۆژ بە ڕۆژ لە دڵی خۆمدا زەقترم کردۆتەوە و لە سەر زەین و بیر و هەست و نەستم کەڵەکەی کردووە و دەمەوێت هەر تۆزقاڵێك باری گرانی سەر دڵی خۆمی پێ سووکتر بکەمەوە و خۆم و تۆیش و کانی و بەفراویش و دیکەی باوك و دایکەکانی لای خۆشمان تەجروبەی لێ وەر بگرین. ئای... بەفراو چ دایکێکی باش بوو بۆت و منیش چ باوکێکی خراپ! بڕوا بکە زۆر جار ئیرەییم پێ بردووە, بەو ڕۆح سووکی و فیداکارییەی بەفراوی ئازیز, بەو میهرەبانییەی, بەو لە خۆبوردووییەی, بەو...!. ئاخ... کە من نەمتوانی یا نەمزانی ئاوەها بم! تۆ بڵێی هەر زاتێکی چەوت و چەتوونم بووبێت و شیاوی خاوەنداریێتیی ئەو هەموو تایبەتمەندییە مرۆڤانەیەی بەفراو نەبووبێتم؟!... چووزانم.

ئازیزەکەم, دەزانی بۆچی (نامە بە باوك)ەکەی (فرانز کافکا)م وەرگێڕا و بۆ پێکەشی تۆیشم کرد؟ چونکە زۆر شتی فرانز کافکا لە تۆ دەچوو و زۆر کردەوەی بێ نرخی ـ هیرمان کافکا ـ ی باوکیشی لە من, چونکە لە خوێندنەوەیدێڕ بە دێڕیدا تۆم لە بەر چاو بوویت و ئەو لاوازی و بێ تاوانییە پەپوولە ئاسایەت و لە هەمان حاڵدا ئەو هەموو زەبر و زەنگە ناڕەسەنانەی خۆم لە سەر تۆی پەپوولەم دەهاتەوە بەر چاو! من هیچم نەدەزانی و، نەزانی و بێ ئەزموونی کوێر و کەڕی کردبووم بەڵام ئەو کتێبە رایچڵەکاندم, ڕۆحی هەژاندم و هەست و ویژدانی وررووژاندم و تێگەیشتم چەندە دەرهەق بە تۆی جگەر گۆشەم نامەردیم کردووە! بۆیە هاتمە سەر ئەو ڕایەی وەری بگێڕم و پێشکەشی تۆیشی بکەم و دەستی خۆشم داخ کرد تا جارێکی دیکە بەرامبەر تۆ یان کانی و

بەفراو تووشی هیچ تاوان و تەنانەت هەڵەیەکیش نەبم. بۆیەش لە پێشکەشییەکەیدا هەر تەنیا ئاماژەیەکم بە مەسەلەکە کردووە چونکە دەمزانی جێی نابێتەوە و دەبێ هەرچیم لە دڵدایە بە جیا بۆتی بنووسمەوە, نەخوازەڵا لە بەر ئەوە نەبووە کە خۆم بە زل بزانم یان نەوێرم ڕاستییەکانی ژیانی باوکێتیی خۆم دەربخەم و لە سەریان بدوێم, ئەم نووسینەش شایەدمە, چونکە دەبینی ورد ورد لە سەریان دەڕۆم و بێ بەزەییانەش سەرکۆنەی خۆم دەکەم و ویژدانم دەکێشمە بەر مەحکەمە و هەر ئەوەش بە شیاوی خۆم دەزانم.

نازانم بۆ دەبێ لە کۆمەڵگەیەکی ئینسانیدا منداڵ، لە باوك و دایك بترسێت یان شەرم یانخود سڵیان لێ بکات؟ بۆ چی و لە بەر چی و لە پای چی و ئەم دۆخە داسەپیوە چ مانایەکی هەیە؟!

ئەدهەم گیان, لەم کۆمەڵگە (ئینسانییە؟!!)ماندا کەم باوك و دایکم دیتوون لە منداڵەکانیان تووڕە نەبن و بە سەریاندا نەگوڕێنن یان مرۆڤانە لێیان نەدەن و خۆیان واتەنی تەمێیان نەکەن!! کەم باوك و دایکیشم دیتوون دۆستی منداڵەکانیان بن و وەك هاوەڵ و هاوبیر و هاو دڵ لە گەڵیاندا بجووڵێنەوە و خۆشم لە هەر هەموویان خراپتر! ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند دیاردەیەك:... یەکەم, ئێمەی گەلانی خۆرەڵات بە گشتی و جیهانی سێیەم بە تایبەت, بگرە هەر لە سەرەتای بوونمانەوە ژێر چەپۆکە و ژێر دەست بووینە, هەمیشە دەستێکی باڵاتر و بە هێزتر لە خۆمان بە سەرمانەوە بووە و هەردەم لێمان بەرز بۆتەوە و بە سەرماندا دراوە, هەموو شتێکمان لە ژێر دەسەڵات و بە پێی حەز و

زەوقی ئەو دەستە باڵایە بووە و خۆمان هەر هیچ.. ئەو، هەر ئەمری پێکردووین و فەرمانی بە سەرا داوین و ئێمەش، هەر ئەبێ سەرمان داخستبێت و فەرمانبەریمان کردبێت: ((بەڵێ گەروەم))، (( بە چاوان گەورەم))، ((ڕاست دەفەرموون گەورەم))، (( فەرمایشتی خۆتانە گەورەم)) و...تاد! خۆ ئەگەر هاتبێت و بمانویستبێ سەر کێشی بکەین، دژایەتییەك یان ناڕەزامەندییەك یان تەنانەت هەر پرسیارێکیش، ئەوە بە خراپترین و هۆڤانەترین شێوە سەرکوت کراوین و خراوینەتە ژێر زەبر و زەنگ و پێلەقەوە و زنجیر کراوین و ئانوسات بیرۆکەکەمان هەر لە ناخدا خنکاوە و خراوینەتەوە پێستی خۆمان! دەسەڵات ( ئەویش دەسەڵاتێکی ناوازە و نامۆ و دژی خۆمان) هەمیشە بە سەرماندا زاڵ بووە و ناچاری کردووین هەردەم و لەهەر بارودۆخ و هەلومەرجێکدا گوێ قوڵاخ و گوێڕایەڵی ئەمرەکانی بین و چاو و گوێ بەستە ئەنجامیان بدەین و (سمعاوطاعتا)! چەشنێك لە سەدان نەوع کۆیلەتیی کوێر! هەر هەمان دەسەڵاتی ناوازە ڕای هێناوین کە ئێمەی ژێر دەستە.. ئێمەی هەمیشە (موایی) تاقمێکین: پەیڕەوی زۆر و گوشارین و یاساو ئاوەز و ئەو شتانە تێناگەین و دەبێ زۆر و هێز و دەسەڵاتێکی ترسێنەر و داپڵۆسێنەر بە سەرمانەوە بێت (چونکە، کوتەك لە بەهەشتەوە هاتووە)!!، دەنا گەر ئەو کوتەکەمان بەسەرەوە نەبێت، هیچ کارێك ناکەین بەڵکوو یاخیش دەبین! ئەم دیاردەیەش بۆتە بەشێك لە داب و دەستوور و فەرهەنگ و تەنانەت ئەخلاق و ڕەوشتی ناوەوەمان و خوومان پێوە گرتووە، لە ناو کەسایەتیماندا جێی خۆی کردۆتەوە و

سڕینەوەیشی گەلێ ئاستەمە.. ئاخر ڕەنگێك بە درێژایی چواردە سەدە ڕەنگڕێژ بووبێت و هەر تۆختر کرابێتەوە، سڕینەوەو پاککردنەوەی ئاسان نابێت.. چواردە سەدەی تەواو کار کردن لەسەر هەست و نەست و ڕاهێنان لەسەر زبری و گۆچ کردن بە شیری ژاراویی شمشێر و خوێن، لەسەر پەڕەی دڵ و ویژدانی مرۆڤ دەچەسپێت و کاریگەرییەکی بنەڕەتی دادەنێت کە سڕینەوە و تەنانەت کاڵکردنەوەشی گەر مەحاڵ نەبێت، ئەوا گەلێ ئاستەمە و تەنها بە پلان و ئیرادەی وشیارانەی گەڕانەوە بۆ سەر پنچە ڕەسەنەکان و ئەویش لە درێژخایەندا دەگۆڕدرێت و کەمڕەنگ دەبێتەوە.. ئەم کولتووری زبری و شمشێر و خوێنە، لە ناخی ئەم کۆمەڵگە موالییەدا ڕەگی داکوتاوە و ڕۆ چۆتە قووڵترین کونج و بناوانی ناخ و کەسێتیمانەوە، درەختێکی زڕ و بێ سەمەرە کە وشك کردن و هەڵکەندنی ئاسان نییە و ئیرادەیەکی جەماوەری و نەتەوەیی و ڕۆشنبیرانەی گەرەکە و ئەم ئیرادەیەش هێشتا لەناو ئێمەدا چێ نەبووە و نەجووڵاوە.. تەنیا دەتوانین هەوڵی ئامادەکارییەکی بۆ بدەین و هیوادار بین بەوەی لە ئایەندەدا و بۆ جیلەکانی دواتر ببزوێت و ڕاچەنین و ڕابوونێك بنیات بنێت.. ڕاچەنین و ڕابوونێك، چاوی ئاوەزمان بکاتەوە و لە دڕکستانی هۆڤیگەریی نێرسالارانە دەرمان بهێنێت و بمانگەڕێنێتەوە دۆخە مرۆییەکەی جاران و ئیتر ڕۆڵەکانمان نەکەونە ژێر (تەمبێ)!!ی کوێرانەی پیاوسالارانەی باوکە نەزانکارەکانیانەوە.

دووەم, فەرهەنگ و داب و نەریت و شێوازی ڕاهێنانی عەرەب کە زۆرتر لە چواردە سەدەیە بۆتە مۆتەکەی ڕاهێنەری عرووبەییانە بە

سەرمانەوە و کاری تێکردوین و هەر ئەویشە دیاردەی چەوتی (باوك سالاری)ی لە ناوماندا بڵاو کردۆتەوە. بە پێی یاسای ئەوان (باوك) وەك (پیاو) هەمووشتێکە لە ماڵدا هەر وەك چۆن لە ناو هەموو کۆمەڵیشدا!. پیاو دەیان ماف و ئازادی و دەسەڵاتی دراونەتێ و لە هەمان حاڵدا دەیان ماف و خواستی ئافرەت و منداڵ زەوت کراون و خراونەتە ژێر پێ و پشت گوێ! ئافرەت وەك (ژن) بە بێ ئەقڵ و کەم دڵ و جورئەت و ناتەوان و لانەواز و ناتەواو لە قەڵەم دراوە و تەنیا بۆ ئەوەندە حیسابی لە سەر کراوە کە بە هەموو ماناوە لە خزمەتی پیاو (مێرد)دا بێت. سەرپێچی نەکات و تەنانەت بێ ئیزنی ئەو ئاویش نەخواتەوە ئەگەر لە تینوێتیشدا قڕی کردووە و...، زۆر شتی سەیر و سەمەرە و نایاسایی تری لەو چەشنە!. بۆ منداڵیش هەر هەمان دەستوورە, منداڵ زیندەوەرێکی نەفام و لاواز و بێ ئاوەزە و دەبێ دەسەڵاتێك هەبێ بۆ بار هێنان و پێگەیاندنی. ئەو دەسەڵاتەش کە هەمان باوکە, سنوور و حدودێکی بۆ نییە و هیچ کەس و هیچ شتێك ناتوانێ ڕووبەڕووی خواست و مەیل و فەرمانەکانی بێتەوە و لە بەرامبەریدا بوەستێت! ئاخر باوك

(ولی قهر)ی منداڵە و ئەوەش خراوەتە مێشکییەوە کە (کوتەك لە بەهەشتەوە هاتووە) یا بە قەوڵی شاعیرێکی فارس: ((تا نەیخۆن بە داری تەڕ فەرمان نابەن مانگا و کەر))! یا (پیاویان پیاو گوتووە)! یا (باوك دەبێ هەیبەتی هەبێ)! یا (پیاو دەبێ دڕکی هەبێ)! یا (باوك ـ ولی نعمت ـ ی ماڵ و منداڵە)! یا (منداڵ شووڵێکە و دەبێ هەر بە

نەمامی بچەمێتەوە)! هەموو ئەو تورەهاتانە و سەدانی تـریش مێشـکی باوك و دایکی ئێمەی پێ پڕ کراوەتەوە و دیـارە ئـەوانیش هـەر بـە پێـی ئـەو یاسـایە لـە گـەڵ مـاڵ و منداڵیانـدا هەڵسـو کـەوتیان کـردووە و بـە پەیڕەویی کوێرکوێرانە لەو کولتوورە بەربەرییە جووڵاونەتـەوە، چـونکە تەنیا لەسەر ئەو شێوازە و تەنیا بەو شێوەیە پەروەردە کراون.

لە لایەکی دیکەشـەوە ژیـانی سـەردەمی منـداڵیی هـەر کەسـێك وەك تایبەتمەندییەك لـە نـاخی نەسـتیدا دەمێنێتـەوە و کاتـێ گـەورە بـوو و پێگەیشت چ بیەوێت و چ نەیەوێت, تایبەتمەندیی ئەو سەردەمە لە کردار و جووڵانەوەیدا ڕەنگ دەداتەوە و بە تەعبیرێکی تر کەسـێتیی مـرۆڤ لـە ناو خێزان و هەر لە منداڵیدا شکڵ دەگرێت و مرۆڤ بە منداڵی چۆن ژیاوە و چیی لە گەڵدا کراوە, کە گەورەش بوو هەر ئاوەها دەژی و ئاوەهایش لە گەڵ دەور و بەریـدا دەجووڵێتـەوە. ئـەمڕۆی ژیـانی مـرۆڤ، تـەنیا لـە ئاوێنەی دوێنێدا خۆی دەردەخات و بـاوکی ئـەمڕۆ هـەر لـەو ئاوێنەیـەی سەردەمی منداڵیدا خۆی دەبینێتـەوە و هـەموو رەفتـار و کردارێکیشـی رەنگدانـەوەی دەقـاودەقی ئـەو رابردووەیـە. ئێمـەی باوکـانی ئـەمڕۆش دیاردەی دزێوی باوکسالاری و زۆرداری و تووڕەیی و تەمبێ کاریمان بـە میرات لە باو باپیرانی دوێنێمان پێگەیشتووە و هەر بە منداڵی لـە گـەڵی ژیاوین و ئێستاش لە کردەوەکانماندا ڕەنگ دەداتەوە.. منـیش یـەکێکم لەو هەزاران باوکە چارە ڕەشەی کە میراتگری ئـەو دابـە هـەرە ناحـەز و دزێوەن!. هێندە هەیە من هەوڵم دا خۆم لەو داوە پواوە ڕزگـار بکـەم و خودی خۆم وەك مرۆڤێك بدۆزمەوە, هەر ئەوەشە کە توانیومە ئەم ددان

پێدانانەم بهێنمە سەر قاقەز و بۆ تۆ و بۆ هـەزاران جگـەر گۆشـەی وەك تۆی باس بکەم تاوەکوو هیچ نا, هەندێ لە باوکەکانی تریش بە خۆیاندا بێنـەوە و چـیتر بـەو شـیدەت و حیدەتـە نـەگورێنن بـە سـەر مندالّـە ناسکۆلّەکانیاندا و ئێوەی مندالّیش هەر لە ئێستاوە بگەن بە وەلاّمی ئەو هـەموو پرسـیارەی کـە لـە ناختانـدا سـەر هەلّـدەدات و سـەر کـوێر دەکرێتەوە و هەر واش پەی بەرن بە واقیعی بنەڕەتیی مەسەلەکە و ئیتر دەمێنێتەوە بۆ وەلاّم دانەوە و چۆنیەتیی ڕووبەڕوو بوونەوەی خۆتان لە گەلّیدا, ئیزنم بدە با لێرەشدا وەك هـەموو کاتێـك خـەت و نیشـانت بـۆ نەکێشم کە: چی بکەیت و چی نەکەیت.. چۆن بخۆیت و چۆن بخەوی.. چۆن بژیت و چۆن بـاوکێتی بکـەیت و چـۆن بـە پیـاوت بـزانن و...! بـا ئەمانە و ئایەندەش بدەمەوە دەستی خۆت و، تۆش هەر بە پێـی ئـاوەز و ئیرادەی خۆت، خۆت پەروەردە بکە و هانی خۆت بدە لەو بازنە هەرە بەر تەسکەدا دەر بچیت و ئەم میراتە شوومەی ڕەش ئەندێشـان بـۆ دوا ڕۆژ و سەردەمی باوکێتیت هەلّ نـەگری، واتـە هـەولّ بـدە مرۆڤایـەتی و کەرامەتی مرۆیی لێـدزراوت بدۆزیتـەوە، لـەو حالّەتـەدا دەتـوانی دنیـای نێرسالارانە و درزێوی من و باوکـانی وەك مـن بـە جـێ بهێلّیـت و بگەیتـە جیهانی فکر و هـزر و کەرامـەتی مرۆیـی و ببیتـە دۆسـت.. مامۆسـتا..، ببیتە (باوکمامۆستادۆست) تا مرۆڤایەتی بە زیوەری ئـەخلاقی ئیسـانی بنەخشێنیت و مێژوو بە لێبوردەیی ئـاهوورایی بڕازێنیتـەوە، ئەوکاتەیـە کە پەلّە ڕەشەکانی سـەردەمی بـاوکێتیی چەواشـەکراوی ئێمـەی جیلـی پێشوو دەسڕدرێنەوە و جیهانی تۆ و مندالّەکانت و هەموو باوکو دایـك و

منداڵەکانیان دەبێتە (چلچراغستان)ێکی رووناکی یەزدانی و کولتووری شمشێر و خوێن جێی خۆی دەداتە فەرهەنگی نەرمونیانی پڕ خۆشەویستی و دڵنەرمی و لێبوردەیی و بنیاتنان.

عەزیزم, هەمیشە حەزم کردووە نەك باوك و فرزەند بەڵکوو دۆست و هاورێ و هاودڵی یەکدی بین و خۆشت چاك لەوە ئاگاداری, بەڵام ئەگەر نەمتوانیوە, یان ئەگەر بە پێچەوانەی ئەو حەزە پیرۆزەم جووڵاومەتەوە, ئێستا لە تاریکستان و خەمستانی ئەم دوورییە زۆرە ملێیەدا داوای لێبوردنت لێدەکەم و هیوا دارم نەك وەك باوك و فرزەندی، بەڵکوو وەك دۆستێکی بە تەمەن بچکۆلە بەڵام لە راستیدا مەزن و بە نرخ و پڕ بایەخ و بە رێز لە سووچ و تاوانەکانم خۆش بیت و ئەم دۆستە نەزان و نەشارەزا و تاوانبارەت ببەخشیت.

ئیتر ماچێکی حەسرەتاوی لە ئاوێنەی ئەوینی ژەنگ گرتووی ڕۆحی پەڕیوەمدا و...!!!

باوکت ـ هاوڕێت: جەلیل عەباسی
هەولێر زستانی 1999

*

## نامەیەکی کراوە بۆ نێچیرڤان بارزانی

"نــە دوژمنــی و نــە دۆســتایەتیمان لەگــەڵ هــیچ کەســدا تــا ســەر و تاهــەتایی نییــە، ئــەوەی بــۆ ئێمــە تــا هەتاییــە هــەمان بەرژەوەندییــە گشتییەکانی ئەمریکان" — هێنری کیسینجەر —

هێژا و بەڕێز نیچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

وێڕای ڕێز و حورمەت و هیوای سەرکەوتن

نازانم دەرفەتی ئەوەت دەبێت چەند چرکەیەك بە تێڕامان لەگەڵ ئەم نووسراوەیەدا بەریتە سـەر یـا نـا؟! هەرچـۆن بێـت مـن بـەپێی ئاسـتی بەرپرسـیارێتی و ئـەرکی سەرشـانی خـۆم، کـورت و سـەرەقەڵەم ئاسـا دەینووسـم و وەکـو نامەیـەکی کـراوە ئاراسـتەی بـەڕێزتی دەکـەم وەك ســەرۆکی ئەنجومــەنی وەزیــران (کابینــەی چــوارەم) کــە بەشــێکی پرۆگرامەکەی خزمـەت لـە پێنـاوی (چەسـپاندنی یاسـا و وەدی هێنـانی کۆمەڵگەی مەدەنی)دایە و منیش چۆن وەکـو کوردێـك خـۆم لـە وڵات و حکومەتێکی کوردی لـە کوردسـتانی ئـازاددا بـە خـاوەن مـاف و دەنـگ دەزانم، هــەرواش وەکــو ڕۆژنامەنووســێك لــە بەرامبــەر ئاســایش و بەختیاریی گەل و وڵاتەکەمدا خۆم بە ئەرکۆمەند و لێپرسـراو دادەنـێم و دیاریشــە ئــەرکی سەرشــانی ڕۆشــنبیر و ڕۆژنامەنووسـێك دەرخســتنی ڕاستییەکان و وشیار کردنـەوەی هەمووانـە بـە مەبەسـتی دابـین کردنـی خۆشبەختی و بەختەوەریی جەماوەر و پاراسـتنی مـاف و بەرژەوەنـدی گشتی و سەروەریی گەل و وڵاتەکەی.

برای هێژا...

ئەمڕۆ، کورد خاوەنی حکومەت و کابینە و پەرلەمانێکە کە ساڵەهای ساڵ خەونی پێوە بینیوە و خۆی لە پێناویدا بەخت کردووە. ئەم حکومەتەش دروشمی سەروەری یاسای بەرز کردۆتەوە و داکۆکی دەکاتە سەر دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و سیستەمێکی دیموکرات و سەردەمیانە، کە ئەمەش جێی دڵخۆشی و هیوا و متمانەیە و خەونە بەدیهاتووەکەی ئەم گەلە سەد چەندان خۆشتر و ڕەنگین تر دەکات.

وەك دەزانین، قایل بوونی مافی دەنگ و ژیان و چارەنووس بۆ هەمووان، پاراستنی ئەو مافە ڕەوایە، دابین کردنی ئاسایش و ئەمنی کۆمەڵایەتی و ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ جەماوەر و یاسامەندکردنی هەموو کاروباری وڵات و لە هەمووشیان گرنگتر بەدیهێنان و پێگەیاندن و گەشەپێدانی هەستی یەکبوون و هاریکاری و متمانە و وەڵامدانەوەی دوولایەنەی نێوان حکومەت و جەماوەر بەشێکن لە بنەما نەگۆڕەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی ئاوا کۆمەڵگەیەکیش نەهێشتن و سڕینەوەی ترس و ڕق و تووڕەیی و وەلانانی چەك و تەقەمەنی و هەر کەرەستە و دیاردەیەکی تری نائاسایی و ترسێنەرە.

لەهەر وڵاتێکدا چەك و تەقەمەنی بەرچاو کەوت، ئەویش بە شێوەیەکی زەق و ناوازە و بەبێ هیچ داب و دەستوور و بەرنامە و چوارچێوەیەك، ئەوە دەبێ دڵنیا بین کە ئەو وڵاتە بە دەیان ساڵ لە کاروانی مەدەنییەت دوورە و بەو پێیەش ژیانی هاووڵاتیان هەردەم لە

ترس و خۆف و ڕجادایە و کەس لە ژیان و ژیاری خۆی دڵنیا نییە و بڕوا و متمانە و تەنانەت ئەشق و خۆشەویستی وڵات و هاووڵاتی نامێنێت و سیستەمی دەسەڵاتداری وڵاتەکەش هەردەم ڕووبەڕووی هەڕەشەی ئاڵۆزی و ناکۆکی و ناتەبایی و شپرزەیی دەبێتەوە کە ئەنجامی ئاوا وەزعێکیش هەمان لێکپچڕان و دابڕان و ناسەقامگیری و قەیرانی فەشەل هێنانی کۆمەڵگەیە و ئەمەش شتێکە، دڵنیام هیچ دۆستێکی ڕاستەقینەی کورد نایخوازێت و سەرەڕای ئەوەش دەبێتە هۆکارێك بۆ دەستێوەردانی ناحەزان و زوڕنا و دەهۆڵ لێدانی چەواشەی دوژمنانی ئەم گەل و وڵاتە سەربەرزەی مێژووی مرۆڤایەتی.

برای بەڕێز، لەوەتی بوومەتە میوانی ئەم بەشە ئازادکراوەی کوردستانی مەزن، هەندێ داب و دیاردەی ناحەز و ناوازە سەرنجیان ڕاکێشاوم کە لێرەدا لەگەڵ پێشنیار کردنی ڕێگاچارە دەستنیشانیان دەکەم و دڵشاد دەبم کە وەکوو ڕۆژنامەوانێك کە لە سەرەوە سەیری دۆخەکە دەکات و ورد دەبینێت و خەمی گەل و وڵاتی هەر لە دڵدایە، ئەرکی سەرشانی خۆم تاڕادەیەك بەجێهێناوە، پاشان ئەرکی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە و چارەسەری و... دەکەوێتە ئەستۆی بەڕێزتان وەکوو سەرۆکی کابینە:

أ _ باری ئەمن و ئاسایش:

1_ چەك و تەقەمەنی وەکو ئامێری تۆقێنەری شەڕ و کوشتوبڕ بەزۆری لەناو شاردا بڵاوە و بە زەقی لەبەر چاوی ترساوی هەموواندایە. هەر دەستە و تاقمێك بۆ خۆی {حزب؟!}ێکی داناوە و چەند شوێنی

گشتیی لەنێو شاردا كردۆتە مۆڵگەی چەكدارەكانی و...، بە تایبەتی تركمانەكان و ئیسلامیە توندڕۆكان!!! كەدەبێ بڵێم بەداخەوە وەكوو ڤایرۆسێكی كوشندە ڕۆ چوونەتە ناو هەموو شادەمارەكانی شار و ئاشكرایشە كە لە ناوەوە هەر خەریكی زاوزێ كردن و نەخۆش خستن و لاواز كردنی جەستەی هەرێمەكەن و پیلان دەگێڕن بۆ پتەوكردنی بناغەی بەرژەوەندی ڕەگەزپەرستانە و نامەشرووعی خۆیان كەدڵنیام لە ئایندەدا دووكەڵێكی چڕی خنكێنەر لەو ئاگرەی ژێری كای ئەوانەوە ئاسمانی وڵات دادەگرێت و دەچێتە چاوی هاوڵاتیان!

2_ هەر حزب و لایەنەێك ئالایەكی جیا لە كیانی نەتەوەیی كوردستانی بۆخۆی هەڵكردووە و خەونێكی جیاواز لە هیوای كورد دەبینێت و بەقۆستنەوەی هەلومەرجی ناسكی ئێستا و بە زەبری چەك و پارەو هێزی یارمەتیدەری ناحەزانی دەرەكی، خۆی سەپاندووەو... بەم چەشنە شێواز و ئوسلووبی كاری حزبی و واتای چالاكیی سیاسیی ئاوەژوو و پێچەوانە كردۆتەوە! كە دەڵێین وڵاتێكی دیموكراتیك و فرەحزبی، مەبەستمان ئەو نییە هەر هۆز و خێڵ و بنەماڵە و خێزانێك ببنە حزبێك و شار و وڵات بكرێنە هەزاران سەربازگە و دەیان ئاڵا و دروشمی جیاواز بەرز بكرێنەوە و كیانی میللی بشاردرێتەوە و شار بكرێتە گۆڕەپانی شەڕ و دووبەرەكی و ئاژاوە و...، بەڵكو بە پێی فەرهەنگی سیاسی، مەبەست ئەوەیە كە هەموو بیروڕایەكی سیاسی جۆراوجۆر لە كۆمەڵگەكەماندا جێی دەبێتەوە و ڕێزی لێ دەگیرێت و مافی چالاكیی سیاسی بۆ هەمووان بەبێ جیاوازی پارێزراوە. بەڵام ئەمە

بۆ حزبی سیاسییە نەك گروپی جۆراوجۆری سەربازی. سیاسەت لەگەڵ میلیشیاو وڵاتی فرە حزبیش لەگەڵ مۆڵگەیەکی میلیتاریست دا زۆر لێك جیاوازن. حزبی سیاسیش لە قامووسی سیاسەت و مەدەنییەتدا واتا و چوارچێوە و داب و دەستووری تایبەتی خۆی هەیە و دەبێ پەیڕەو بکرێت. بۆ وێنە هەرکەس و لایەنێك کە بیروڕای جیاوازی هەیە لەگەڵ حزبی دەسەڵاتداردا (ئەویش تەنیا لە بواری سیاسیدا) دەبێ ناونیشان و چوارچێوەی دیاریکراوی خۆی هەبێت و پەیڕەو و پرۆگرامی خۆی بە ئاشکرا ڕابگەیەنێت پاشان گەر لەلایەن جەماوەرەوە پەسەند کرا، هەبوون و نواندنی چالاکیی سیاسی خۆی ڕابگەیەنێت. ئەو حزبە تەنیا و تەنیا حزبێکی سیاسییە و لە ڕێگای چاپەمەنی و سیمینار و ناوەندە ڕاگەیەنەرەکانەوە دەتوانێ تێکەڵی بیر و ڕای گشتی بێت و چالاکیی سیاسی بنوێنێ ئەویش هەر تەنیا بە مەبەستی وشیار کردنەوە و رەخنە کردنی دەسەڵات بە مەبەستی بەرەو پێش بردنی وڵات و دابین کردنی سەروەریی یاسای بنەڕەتی و بەرژەوەندییە گشتییەکانی وڵات نەك لە پێناو بیر و بڕوا و خواستی تاکە کەسی و سوود و سەرمایەی شەخسیدا. ئەو حزبە بڕوای بە یاسای بنەڕەتی و بەرژەوەندییە گشتییەکانی وڵات و ئاڵا و کیانی میللی هەیە و لە ژێر ئەو چەترەدا خەریکی چالاکی و هەوڵ و تەقەلا دەبێت بۆ گۆڕینی بەرەو باشتری وەزعوبار و نەهێشتنی ناتەباییەکان و بەڕێوەبردنی باشتری وڵات، تێدەکۆشێت دەوڵەت (حزبی دەسەڵاتدار) وشیار بکاتەوە و بەر بە هەنگاوە چەوتەکانی بگرێت واتە ئەو هەنگاوانەی کە بە زیانی گەل و

وڵات دەهاوێژرێن. وەکوو حزبێکی سیاسی مافی ئەوەی هەیە چالاکانە بەشداری بکات لە هەڵسووڕاندنی کاروباری وڵاتدا و لە لایەن دەسەڵاتیشەوە پشتگیری یاسایی لێ بکرێت بەڵام مافی ئەوەی نییە چەك هەڵبگرێت و چەکدار و {پێشمەرگە؟!!} و... لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، گەر مەبەست پاراستنی ئەمنیەتی ئەو حزبە بێت ئەوە دەبێت ئەو ئەرکە بخرێتە ئەستۆی پۆلیسی ڕەسمیی حکومەت بە جل و بەرگی حکومییەوە ئەویش وەکو پاسەوانێك لەبەر دەرگادا، نەك بە حەزی خۆی دەیان میلیشیای گرژ و مۆن و تووڕە بڕژێنێتە چواردەوری مۆڵگەکەی و نێوجەرگەی شار کە ببنە هۆی ترس و دڵەڕاوکێی هاووڵاتیان و دزێو کردنی دیمەنی شار. دیارە هەر حزب و لایەنێکیش گەر لە سنووری ئەو یاسا گشتییە لا بدا ئەوە لە قامووسی حزبێکی سیاسی دەسڕێتەوە. خۆ ئەگەر پێداگری بکاتە سەر ئەو خاڵ و لایەنە سلبییانەش ئەوا دەبێتە دیاردەیەکی ناوازە و نایاسایی. کە واشبوو دەبا نەمێنێت.

3_ گەر بەراوردێك بکەین لە نێوان ئەو یاسا و نەریتەی حزبی سیاسی و باری {فرەحزبی؟!}ی ئێستای وڵاتەکەماندا، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە وڵاتی ئێمە حزبی سیاسیی تێدا نییە بەڵکوو لە لایەن چەند تاقم و گروپێکەوە کە هەلومەرجە لاواز و لەبارەکەی ئەمڕۆیان قۆستۆتەوە و لە بیری سوود و قاوانجی تاکە کەسیی خۆیاندان و لە سەرچاوەیەکی لێڵەوە ئاو دەخۆنەوە، بۆ ئەنجامدانی ئەرکی لە دەرەوە پێ سپێردراویان لە لایەن دوژمنی پیلانگێڕەوە یاخود بۆ خۆیان خەونی

میری و پاشایەتی و... دەبینن، بۆتە مۆڵگەیەکی میلیشایی درێو کە هەردەم ئەمن و ئارامی ئەم بستە خاکە دەشێوێنن و دۆخەکە ئاڵۆز و ئاڵۆزتر دەکەن! لە بەرامبەردا، ئێمەش لەسەرمانە بە هەر نرخ و قیمەتێکە کیانی میللی و بەرژەوەندییە گشتییەکانی گەل و وڵات بپارێزین کە ساڵەهایە لە پێناویدا خوێن دەدەین و ئێستاش کە گەیشتووینەتە ئەنجام، نابێت ترس و لاوازی بخەینە دڵی خۆمان و خۆمان بە لاواز و ناتەواو بزانین بەڵکو پێویستە بڕوامان بە خۆمان و جوامێری گەل و هەقانیەتی ئەزموونەکەمان هەبێت و کیانی میللی نەکەینە قوربانی هیچ کەس و لایەنێك و هیچ ساتوسەودایەکی ڤایرۆساوی.. دەبێ بە هەموو بڕوا و متمانە و توانامانەوە لە بەرامبەر هەر چەشنە هەڕەشەیەکدا بوەستین، گەر لەم بوارەشدا بکەوینە بەر لۆمە و توانج کە کاری هەمان ناڕازی و ناحەزانمانە، بۆمان گرنگ نەبێت چونکە سەرەکیترین ئەرکی سەرشانمان داڕشتنی بنەمای ڕاستەقینە و پتەوی بەختەوەری و بەختیاریی گەلەکەمانە لە داهاتوودا، ناشبێ ئەو وتە بەنرخەی (لینین)مان لەبیر بچێت کە: "بۆ دابین کردنی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیك، سەرەتا هێزێکی داسەپێنەری دیکتاتۆری پێویستە".

ب _ بواری ڕۆشنبیری:

1_ بۆ خزمەتکردن لە پێناو گەشە و نەشەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی و گەیشتن بە کاروانی بەرەوپێشی ڕۆشنبیریی جیهانی پێویستە ئاوڕێك لە بارودۆخ و چالاکییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و دیکەی

دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن بدرێتەوە و هەندێ کاری بناغەیی پێویست ئەنجام بدرێن وەکوو: پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی لەبار لە هەیکەلی تەواوی وەزارەتی ڕۆشنبیریدا و بوژاندنەوەی ئەو وەزارەتە ئەویش بە هێزێکی ئینسانی تازە و لێهاتوو و چالاکەوە بە مەبەستی ڕزگار کردنی لەم وەستانە هەرە گرانەی ئێستایدا. (ئەم ئاڵوگۆڕە ڕووبەڕووی هەموو دەزگاکانی دیکەی ڕاگەیاندنیش دەبێتەوە).

2_ بووژاندنەوەی زۆرتری کۆڕی زانیاری کورد لە بواری زمانەوانیدا بۆ پالاوتن و زیندوو کردنەوەی زمانی کوردی بە هەموو لەهجە و بن لەهجەکانیەوە و دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بەو لایەنە و یاسامەند کردنی پڕۆژە و بڕیارەکانیشی.

3_ دامەزراندنی دەزگای ڕۆشنبیری تایبەت بۆ وەرگێڕان لە زمانە جیهانیەکانەوە بۆ کوردی و بە پێچەوانەوەش. لەگەڵ گۆڤاری تایبەت بە هەردوولا بە مەبەستی ناساندنی زمان و ڕۆشنبیری کوردی بە جیهان و ناسینی زمان و ڕۆشنبیری جیهانی.

4_ بڕەو پێدانی شۆڕشی مەزنی ڕۆژنامەوانی و بەهێزتر کردنی ڕۆژنامەکان و گەشەپێدانیان بە چەشنێك کە لە بازنەی حکومەت و حزب و ناوخۆ بچنە دەر و لە بواری بیروڕای گشتیدا چالاکی بنوێنن (ئاشکرایە کە چاپەمەنیەکان دەبنە بەردی بناغەی پێکهێنانی کۆمەڵگای مەدەنی و دەبێ وەکو روکنی چوارەم لە دەسەڵاتدا سەیر بکرێن و مەودایان بدرێتێ تا بتوانن رۆڵی خۆیان بە شێوەیەکی ڕاستەقینەی ڕاستەوخۆ بگێڕن). ئەو راستییەمان لەبەر چاو بێت کە میدیای حزبی نەیتوانیوە و

ناشتوانێ پەیامی جەماوەر وەر بگرێت و بیگەیەنێت.. ناتوانێ ببێتە پردێکی پەیوەندی بۆ پێك گەیاندنی دەسەڵات و جەماوەر، ئەگەر بمانەوێ میدیای حزبی بە سەرمایەی خۆمان بزانین، ئەوا تووشی هەڵەیەکی کوشندە بووینەتەوە.

5_ دامەزراندنی دەزگایەك و لیژنەیەکی شارەزا و پسپۆڕ بۆ هەڵسەنگاندن و هاندانی زۆرتری ڕۆشنبیران و دیاریکردنی خەڵاتێك کە هەر ساڵە و لە سیمینارێکی تایبەتدا ببەخشرێت بە هەڵبژاردەی باشترین ڕۆشنبیری داهێنەر لە بوارە جیاجیاکاندا ئەویش بە پەیڕەو پرۆگرام و هەلومەرجی تایبەت و بە شێوازێکیش کە تایبەتمەندی و مۆرکی کوردیی پێوە بێت و نەبێتە لاسایی کردنەوەی نازانستیانەی خەڵکانیتر و هەرواش دوور بێت لە مۆرکی حزبی.. ئەمکارە ئاستی داهێنان و گەشەی ڕۆشنبیریمان زیاتر دەکات و گۆمی مەند و وەستاوی نووسین و بیرکردنەوەو داهێنانی مرۆیی دەشڵەقێنێت و بەرەو ڕووباری پێشکەوتن و گەشانەوە ئاراستەی دەکات.

ج _ بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی:

نەبوونی بەڕێوەبەرایەتیی پسپۆڕ و چالاك و، بەوپێیەش نەبوونی چالاکی و هەڵسوڕاندنی گەشەسەندووی کاروباری دامو دەزگاکان بە زەقی هەست پێدەکرێت بۆیە پێویستە هەر لە ئێستەوە خەمی دوارۆژ بخۆین و مەرجەکانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو رەچاو بکەین، لەم پەیوەندییەدا پێویستە هەوڵ بدرێت بۆ:

1_ دابینکردنی کەرەستە و پشتگیری و ئاسانکاری بۆ دامەزراندنی

فێرگەیەکی ئەکادیمی لە بوارە جیاجیاکاندا بۆ پێگەیاندنی کادیر و کارگێڕ و بەڕێوەبەرایەتی کارزان و کارامە.

2_ بەرێخستنی کاروانی وروژاندن و گەشە و نەشەی هەست و بیر و زانستی مەدەنی و دیموکراتیك و سەروەریی یاسا و... لە ناو جەماوەردا بۆ ئاشنا کردنیان لەگەڵ یاسامەندی و مەدەنییەت و ژیانی سەردەمیانە لەناو کۆمەڵدا.

3_ پێشگیری کردن لە کۆچی لاوەکان بەرەو هەندەران، بەشدار کردنیان لە کاروباری وڵات و هاندانی ئەوانەی لە دەرەوەن بۆ گەڕانەوە و خزمەتکردن لە ناوخۆی وڵاتدا، ئەمەش ناکرێت تا عەدالەتێکی کۆمەڵایەتی دابین نەکرێت و تا گیروگرفتی بێکاری و هەژاری و کێشەی نەبوونی متمانە بە دواڕۆژ چارەسەر نەکرێت و تا ئەمنی گیانی و ماڵی و کۆمەڵایەتی بە تەواوەتی دابین نەکرێت. لاوی ئەمڕۆ کاتێ بزانێت هیچ پاڵپشتێکی نییە، کاری پێنادرێت، تواناکانی بەهەند ناگیرێن و ڕێزی لێ ناگیرێت، متمانەی خۆی لەدەست دەدات و سەرگەردان دەبێت. هەروەها ئەوەش کە لە دەرەوەیە لە شەڕ و کوشت و بڕ و نائەمنی و ناسەقامگیری هەڵهاتووە و گەر دڵنیا نەبێت کە ئەو دیاردە دزێوانە بنبڕ کراون، گیان و ژیانی خۆی ناخاتە بەر مەترسی و لە وڵاتەکەی دڵ دەکەنێت کە ئاکامەکەشی ئەم ناتەبایی و ناتەواوییەیە کە ئێستا لە بواری کۆمەڵایەتیدا بەدی دەکرێت.

4_ سپاردنی هەر ئیش و کار و فەرمانێك بە زانا و خاوەن پسپۆڕی خۆی بەپێی یاسای شایستە سالاری. پێویستە لەم بوارەدا سەرەکیترین

مەرج هەمان لێزانی و کارامەیی و شارەزایی و شایستەیی و دڵسۆزی بێت و هەندێ لایەنی لاوازی ڕۆتینی ئێستامان وەلانێین و پێشینان واتەنی: "نان بۆ نانەوا گۆشت بۆ قەساب" دابنێین نەك ئاوا لەناو قوڕاوی خەستی (مەحسوبات و مەنسوبات)دا خۆمان و ئایەندەی وڵات و گەلیش بخنکێنین.

5_ ڕاستە کورد جوامێر و دڵفراوانە و (بارزانی)یش ڕێبەرێکی دلۆڤان و بەخشندە و خەڵك پەروەر بوو، بەڵام ئەو ڕاستیەمان لەبیر نەچێت کە هەموو کورد بە درێژایی خەبات و تێکۆشانی خۆی تووشی گەلێك قەیران و ناتەبایی مادی بووە و جاری وا بووە کە پارووە نانێك حوکمی ژیانێکی نوێی هەبووە! ئەمەش هەڕەشەیەکە کە پێم وایە تا درەنگانێك هەر ڕووبەڕووی ئێمەی کورد دەمێنێتەوە. سەرەڕای ئەوەش پێویستە بە وردی لە بەرنامەماڵییەکەی هەژاری موکریانی بڕوانین بۆ یارمەتیدانی جەماوەر کە هەم بارزانیی پێخۆشحاڵ و بەختیار کرد و هەمیش توانیی بە ئوسلوبێکی شیاو وەڵامی نیازی جەماوەر بداتەوە. بەم پێیە هەندێ (حاتەمبەخشی) هەن کە دەبێ ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و میکانیزە بکرێن.

ئەو مەسروفاتە زۆر و زەوەندەی هەندێ جار و بۆ هەندێ کەس دەکرێن چ وەك میوان چ وەك دۆست چ وەك هونەرمەند و...، زۆرجار جێی خۆی ناگرێت و بە فیڕۆ دەچێت، ئەمەش لە حاڵێکدایە کە دەکرێ نیاز و پێداویستی دەیان بنەماڵە شەهید و پێشمەرگە و هەژار و...ی پێ چارەسەر بکرێت کە بە داخەوە دەبێ بڵێم خەریکە لە هەڵدێری (فەساد) نزیك دەبنەوە. (زۆر شت لەم بارەیەوە هەیە کە بە داخەوە لەم دۆخە ناسکەدا شیاوی نووسین نین و ئەڵبەت دەسەڵاتیش لێیان

ئاگاداره کەچی خۆی لێ گێل کردووه!). بۆیه پێویسته یارمەتی و هاوکاری و بەخشش و دەسگرۆیی لەو چەشنه که ئاماژەی پێکرا یاسامەند بکرێت و گەڵاڵه و میکانیزمێکی لەباری بۆ دابنرێت، خۆ دۆستایەتی و خۆشەویستیش به دڵ و ئەشق و هەست و نەسته نەك به پاره و سامان.. دۆست و لایەنگر و پشتیوان دەبێ به پێی بڕوا و پەروەرده کردن دابین بکرێن نەك له رێگەی نامەشرووعی (تهدید و تطمیع)ەوه: شێوازێکی نەخوازراوی ناسەقامگیر که بەداخەوه ئەمڕۆ حزب و دەسەڵاتیشی پێوه دەتلێتەوه!!

6_ ئاو و کارەبا و نان، سەرەکیترین و بنەڕەتیترین نیاز و پێداویستی مرۆڤن و ئەرکی دابین کردنیان ڕاستەوخۆ لەسەر شانی حکومەتی هەر وڵاتێکه و شتێکیش نیه که بدرێته دەستی کەرتی تایبەت. به داخەوه کوردستانی ئازاد لەم بارەیەوه تووشی ئاڵۆزترین و قەیراناویترین وەزعوبار هاتووه به تایبەتی له بواری کارەبادا، شار پڕ بووه له مولیدەی ئەهلی که هەر هەموویان شتی ناشیاوی ناستانداردن و ناتوانن وەڵامی نیازی هاوڵاتیان بدەنەوه و له بەرامبەری (20/15 دینار بۆ هەر ئەمپێرێکیش به شێوازی جۆراوجۆر مافی هاوڵاتیان پێشێل دەکرێت و هیچ ئاگادارینامه و گەڵاڵه دارشتنێکیش که به داخەوه زۆربەیان ڕۆتینین چارەسەری ئەو کێشه بنەڕەتییه ناکەن، ئەمەش له حاڵێکدایه که حکومەت دەتوانێت کارەکه بگرێته ئەستۆی خۆی و هەوڵ بدات بۆ چارەسەر کردنی به شێوازێکی یاسامەند که هەم خزمەتی جەماوەر بکات و هەمیش بەر بەو قاچاغچییەتیه بگرێت که له ڕێگەی مولیده ئەهلیەکانەوه و به ئاشکرا دەکرێت!.

دواقسەم...

**بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان،**

شەڕ، ئەویش شەڕی نەحس و نەگریسی خۆکوژی، _ تاعوون _ێکی کوشندەی قڕکەرە و کەوتووەتە گیانی ئەم وڵاتەوە! دیارە تاکە هاوڵاتییەکیش حەزی لێناکات و بە پێچەوانەشەوە لێی تووڕە و ماندووە و نەفرەتی لێدەکات. دەبا جوامێری و ئاشتیخوازی و تەوازوع و لێبوردەیی لەلایەن ئەم کابینەیەوە بێت و هەنگاوی جیدی و ڕاستەقینە و تەواوکەر هەڵبگیرێت بۆ بنبڕ کردنی ئەو تاعوونە کوشندەیە و سەقامگیر کردنی ئاشتی تا هەتایی و تەبایی و خۆشەویستی و ئاوەدانی، دڵنیام مێژوو لە ئایندەدا زۆرتر لە هەموو شتێك ئاوڕ لەم لایەنە دەداتەوە و کۆتایی هێنی ئەو شەڕە دەکاتە خاوەنی ناوی چاك، خۆ: "هەر ناوی چاکیشە کە زیندوو دەمێنێتەوە".

سەرۆکی بەڕێزی حکومەتی هەرێم،

دڵنیابە کێشەی کورد هەر بە دەستی کورد و هەر لە وڵاتی کورد خۆیدا چارەسەر دەکرێت نەك پەنا بردنە بەر هێنانی هێزی بێگانە و پەیڕەویکردن لە پیلانی ئەهریمەنیانەی ناحەزانی دەرەکی.. با لە ئایەندەدا ڕۆڵەکانمان بێزمان لێ نەکەنەوەو بە وتەی شاعیری فارس بە لۆمە و توانجەوە نەڵێن:

"من از بیگانگان هرگز ننالم      که با من هرچه کرد أن أشنا کرد"

لەگەڵ ڕێزی تایبەتیمدا

جـــــەلیل عەباســـــی

2001/1/1

تێبینی: ئەم نامەیە پێشتر لە ڕێگای (سەرباز هەورامی)یەوە ئاراستەی سەرۆکی حکوومەت کراوە، ئێستاش دەخرێتە بەر دیدی گشتی، لە ڕێگەی:

1_ ڕۆژنامەی برایەتی

2_ ڕۆژنامەی میدیا

3_ ڕۆژنامەی هاوڵاتی

4_ ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان

5_ ڕۆژنامەی ڕزگاری

6_ هەفتەنامەی گوڵان.

*

**((کوردینە، جارێکی دیکەش ببنەوەمەزەی بەدمەستییەکانم))**

بۆ هەموو حزب و لایەنە رۆشنبیری و سیاسیەکوردیەکان : ...

دەڵێن ((ئەوە دوژمنە کە شێوازی شۆڕش دیاری دەکات ))، کوردیش هەر لە بەرەبەیانی سەدەی ریسوای (20) ەوە بە ناچار و وەك دوایین و تاقە رێگا ئەو شێوازەی گرتۆتە بەر کە دوژمنەکانی بە سەریاندا سەپاندووە واتە رێگای بەرەنگار بوونەوەو دژ کردەوەی چەکدارانە, بەداخەوە کە هەر ئەم تاقە ڕێیە داسەپێنراوەش لە ئاکامدا گەیشتۆتە چاڵێکی تاریکەوە و کوردی تێکەوتووە و گەر نەیپڕوکاندبێت ئەوا بەبێ یەکودوو قاچ و دەست و پەراسووی تێك شکاندووە و زەلیلی ناو جێگای

کردووە ! بزوتنەوەی چەکداریی گەلی کورد بەپێچەوانەی ڕای ناڕەوای بێگانە و ناحەزانی, زادەی حەزی کورد نەبووە, بۆ کوشتن و ڕێگری و خوێن ڕشتنی ئەم و ئەو، بەڵکوو شێوازێکی داسەپیو بووە بۆ بەرەنگار بوونەوەی دەست درێژیکار و هەر بەمەبەستی خۆپاراستن لەهەڵمەتی قڕکەرانەی دوژمن. لەراستیدا ئەم چەك هەڵگرتنەی کورد بۆ پاراستنی خۆی لەو سیاسەتە قڕکەرانەی دوژمنەکانی پێڕەوییەکی ناچاریانەی نەخشە و پیلانی ئەو دوژمنانەی بووە کە ئەویش بۆ ناو زڕاندنی ئەم نەتەوەیە بە دز و جەردە و...، و بێباکانەتر نابووت کردن و لەنێو بردن و سڕینەوەی هەمەلایەنەی داڕێژراوە. بەواتایەکیتر وەڵامی داخوازیی ڕەوا و ئاشتیخوازانەی کورد, هەر هەمیشە بەشەڕ و هەڵمەت و هێرش و سەرکوت دراوەتەوە تا ئەمیش بە ناچار لەرێسا و ڕێبازی لۆژیك دوور بکەوێتەوە, چەك هەڵبگرێت، پەنا بەرێتە بەر مەنتیقی شۆڕشی چەکدارانە, قوربانی بدات (سەر و ماڵ و ڕۆڵەکانیشی بەخت بکات) و دواییش وەکوو جەردە و خوێن خۆر و مرۆڤ کوژ بدرێتە قەڵەم تا هەم ناوی بە خراپە بزڕێت و هەمیش دوژمن بەهانەیەکی بکەوێتە دەست بۆ چڕتر کردنەوەی پەلاماردان و قەلاچۆکردنەکانی و هەمیش نووشتەیەك بێت بۆ چاوبەست و دەمبەستی هەر هەموو مرۆڤی سەر رووی زەوی لەئاستی مافی رەوا و زەوتکراوی ئەم گەلەدا. واتە دوژمن بەداسەپاندنی تاقە ڕێگای بەرەنگار بوونەوەی چەکدارانە بەسەر کورددا بەتیرێك سێ نیشانەی پێکاون و هەمیشەش پیلانە چەوتەکانی ئەو سەرکەوتوون! زۆر جار خوێنی ڕۆڵەکانی کورد بۆتە لافاوێك و کۆشکی ستەمکارانی لە

گۆشـــەیەکی ئــەم وڵاتــە لەتلــەت و داگیرکــراوەدا رووخانــدووە و ڕێگــا دڕکاوییەکەی شۆڕدۆتەوە بۆ گەیشتن بە مافی خۆی و رزگـار بـوونی لـە زەبروزەنگـی دوژمـن، کەچـی هـەرجارەو بەهێرشـێکی دڕندانـە و گەلـە گـورگ ئاسـایی هـەموو دوژمنـەکانی هەرەسـی هێنـاوە یـا بـەپیلانێکی ریاکارانە فریـوی خـواردووە و بێـدەنگ و کـپ کراوەتـەوە یـانخود...!
تەنیا لەم دەسـاڵەی رابردوودایـە کـە کـورد دەرفـەتی بـەرێوەبردنی بـۆ رەخساوە و راستەوخۆ روبەرووی هێـرش و پـەلامار و فریـو و سـەرکوت نەبۆتــەوە کــە ئــەویش چ بمانــەوێ چ نەمانــەوێ نــەك بــە هوشــیاری و لێهاتوویی خۆی، بەڵکو بەپێی خواسـت و بەرژەوەنـدیی دەسـەڵاتدارانی زلهێزی دەرەکی (ئەوانەی تا دوێنێ هەریەکەو بەشێوازێك و هەرکامەو لە مەزاتخانەیەکدا چارەنووسی ئەم گەلەیان دەکردە پێشەکی ـ بێعانـەی ـ ی مامەڵەیەك و قازانجێکی خۆیـان, بـەڵام ئـەمجارەیان هـەم روبـەرووی ئەمری واقیع بوونەوە و هەمیش رەونەقی بـازاڕی بەرژەوەندییـەکانییان وای دەخواســت کــەپاش دەیــان و ســەدانجار لــە خشــتەبردن و گاڵتــە پێکردن و کڕین و فرۆشتن,, ئـەم جارەیـان ئـاوڕی لێبدەنـەوە و پشـتی بگرن و هێشتاش بەدڵێکی رازی وسەد نارازی تووڵەڕێیەکی بەرەو نیمچە سەربەستیەك بۆ بکەنەوە!) ئەوەتە کەدەبینین کورد لەم دەساڵە خەون ئامێزەدا تۆزقاڵێك حەساوەتەوە و بەدوور لە کوشتن وبڕین و تاڵان و بڕۆ و...( بەو زەقی و توندوتیژیەی پێشـوو)، خـۆی خـۆی بـەرێوەدەبات و دەیـەوێ بەسـەر پێـی خۆیـەوە بوەسـتێت و بۆخـۆی {میللـەت} بێـت، (هەرچەند ڤایرۆسی کوشندەی سیاسەتی چـەپەڵی دوژمنـان بەدرێـژایی

سـەدەی رابـردوو بەرادەیـەك دڵ و مێشـك و جـەرگ و هـەناوی كرمـۆڵ كردووە كە لە جێی ئەوەی لەم كورتە دەرفەتەدا كوردی (ژیر) بێت و بە گورجی خۆی پێبگەیەنێت, بەبێ ئەوەی ناسكیی هەلومەرجەكە هەسـت پێبكات, هەرهەمان كوردی (ئازا)ی جاری جاران ماوەتـەوە و كەڵەشـێر ئاسابە گژی خۆیدا چوەتەوە و خۆی خۆی قڕكردووە و لە جاران زۆرتـر زیانی بـەخۆ و قازانجیشـی بەدوژمنـەكانی گەیانـدووە و خـۆی سـووك و سەرشۆڕ و ئەوانیشی دڵخۆش و شاگەشكە كردوون)!.

ئەوە ئێسـتاش گوێمـان لـە زوڕنـا ودەهـۆڵێكی دیكەیـە كـە لەلایـەن دێوەزەمـە نەگریسـەكەی تاریكـە ئەشـكەوتی (دارالخلافـە)ی جارانـەوە لێـدەدرێت و بـانگی كـورد دەكـات بـۆ سـەما و هەڵپەركێیـەكی دیكـە! سەدامی تا ناخی ئێسقان دوژمن بە نەتەوەی كورد, ئەو دێـوە دزێـوەی كە پاش بـێ سەروشـوێن كردنـی 8000 بـارزانی و ئـەنفال و كۆكـوژیی 182000 هاولاتی كورد و كیمیابارانی هەرە دڕندانەی هەڵەبجـە و... و ...، هەر سوكنایی نەهاتبوو و تا دەهـات تینویـەتی ئەژدیهائاسـای بـۆ مژینی خوێنی كورد زۆرتر دەبوو، بە گرمەگرم و كوورە دێو ئاسایەكەی كە "هنا عراق، نحن عرب..."!! دەیویست بەشالاوێك تاقە كۆرپەیەكی كـوردیش لەكوردسـتاندا نـەهێڵێت كـە مـەمكی دایكـی بمـژێ و بـژی, ئـەمجارەش كەڕەنایـەكی گرتۆتـە دەسـتەوە و تێـی دەتووڕێنـێ بـۆ فریودانێكی دیكەی دەیانجارەی كورد. ئەم داڵە دێزە لاشخۆرەی بەغـدا و عرووبە، ماوەیەكە بەبادەی خوێناوی رۆڵەی كورد سـەرخۆش نـەبووە (ئەڵبەت بە راسـتەوخۆ وەك جـاران، دەنـا دڕندایەتیەكـەی بـە كەڵبـەی

تیژەوە چ لە تەعریب و ئاوارە کردنی کوردەکانی ژێر چەپۆکی خۆی و چ بە ئاژاوە نانەوەی ناو کوردستانی ئازاد و چ بەپیلانی تیرۆر و بومب دانان و...، هەربەردەوامە!).. دەمێکە بەسەر لاشەی کەڵەکەبووی لەخوێن گەوزیوی کوڕی کوردەوە سەمای مەرگی نەکردووە بۆیە زارە ژەهراوییەکەی دەرهێناوە و بە بیر و هەستێکی کوێرانەی بە گەمژە و نەزان زانینی کورد وەك دەڵە دێوێکی برسی دەوەڕێنێ: " کوردینە، جارێکیتریش ببنەوە مەزەی بەد مەستییەکانم"! ئەم قیژ و هاوارە چەواشەیەی سەدامی تینوو بە خوێنی کورد لەراستیدا تیرێکە و بۆ دوونیشانە دەهاوێژرێت: یەکەم، لەم ماوەی دە ساڵەدا نەخۆشیی (سادیسم)ەکەی گەڕاوەتەوە و تێنویەتیی کورد قڕانێکیتر زۆری بۆهێناوە و نایەوێ ئەم ئاسکە سرکە تووکنەرمەی لە دەست دەربچێت و بۆ خۆی لە دارستانی ئازادیدا بژی. دووەم، گوریسی مارئاسای دەسەڵات و تەنانەت مانەوەی خودی ریسوایشی هێندە ناسك بووە و ڕزیوە، هاکا بپچرێت و دەیەوێ بە دەزووی کوردی بدوورێتەوە و بە کورد گرێی بداتەوە! گەر لەقسەکانی سەدام ورد بینەوە، هیچ نیشانەیەك لەئاشتی و دۆستایەتی و راستگۆیی بەدی ناکەین و بۆشمان دردەکەوێت کە دیکتاتۆری بەغدا و عرووبە سەرەڕای ئەو لاوازی و هەرەس هێنانەشی، هێشتا هەر کورد بە داردەست و کۆیلە و موالی و بندەستی خۆی دەزانێت و (ولی قهر)انە ئەمری پێدەکات:

" بێگانە پارێزەرەکانتان وەدەرنێن و وەرنەوە ژێر پێلەقەی خۆم"! واتە هێشتاش و تاهەتایشە مافی چارەنووس بۆ کورد قایل نییە و

ناتوانێ ئەم گەلە ستەمکێش و سەرکوت کراوە بەسەربەستی و ئازادی ببینێت و دیاریشە بیری لەوە کردۆتەوە کە دۆزی کورد لە قاوغی تەسك و تاساوی عاتیفی و ناوچەیی جاراندا نەماوە و وەکوو کێشەیەکی سیاسی پەلی هاوێشتۆتە ناو کۆمەڵەی نێونەتەوەیی و...، بۆیە دەیەوێت وەکوو کارتێك بۆ سووك کردنەوەی باری مەترسییەکانی ئەو چارەنووسە رەش و ریسوایەی خۆی سوودی لێ وەربگرێت.

دوابەدوای راگەیاندن و بڵاوبوونەوەی قسەکانی سەدام, جەماوەری کورد گوێبیستی بەیانی هاوبەشی هەردوو زلحیزبی کوردستان (پارتی و یەکیەتی) بوو کە لەو پێوەندییە و لە وەڵامی ئەو هاتوهاوارە هەڕەشە ئامێزەی سەدامدا بڵاویان کردەوە. پێشبینی دەکرا ئەم دو حزبە بە سیاسەتێکی حەکیمانە و بە هاودەنگیی دیکەی حزب و لایەنە کوردییەکان و بەپێی خواستی ڕەوای گەلی بەشخوراوی کورد و بە لەبەر چاوگرتن و بنەما دانانی بەرژەوەندییە گشتییە نەتەوەییەکان و بە ئیرادە و بڕوا ومتمانەیەکی پتەو و هەڵوێستێکی شیاوی دیاریکراو قسەی خۆیان بکەن و مەسەلەکە یەکلا بکەنەوە, کەچی من هەست دەکەم ئەوەیان نەکرد و تەنیا بەهێنانە گۆڕی چەند خاڵێك لەمەڕ تەعریب و ئەنفال (کەئەویش زۆرتر لەپێشنیارێك دەچوو تاپێش شەرتێك بۆ دیالۆگ!) ئامادەیی خۆیان بۆ وتو وێژ و ساتوسەودا و... دەربڕی و لەراستیدا زۆر بە پەلە پێشوازییان لەو هاتوهاوارە سەرسەرییانەی سەدامی دوژمن کرد! لەحاڵێکدا کە نەدەبوو ئەوەهای لێ بێت بەڵکوو دەبا:

1_ پەلەیان لەوەڵامدانەوە نەکردبا و گورجوبڕ و دەستوبرد بڕوایان بەو قسەڵۆکە بێ بنەمایانەی دیکتاتۆری درۆزنـی بەغـدا نـەهێنابا و ئـاوا (وەکوو ئایەتی مونەزل) بە هەندیان وەرنەگرتبان.

2_ نەك هەر کۆبوونەوەیـەك لـەحزب و لایەنـە سیاسـیەکاندا بـەڵکوو دەبا راپرسێکی جەماوەری کوردیان بکردبـا بۆدانـانی پـلان و دارڕشـتنی سیاسەتێکی حە کیمانە لەو بارەیەوە.

3_ دەبوو هەردوو زلحزب, نەك بەناوی خۆیانەوە بەڵکوو راشـکاوانە بەناوی جەماوەر و گەلی کوردەوە هەڵوێسـتیان گرتبـا (و پێویسـت بـوو هەڵوێست بگرن نـەك بەسـادە دڵـی پێشـوازی لـە فـرت و فێڵـی ژاراویـی کابرایـەکی مـرۆڤ کـوژی خـوێن مـژی وەحشـیی وەك سـەددامی دوژمـن بکەن)

4_ پێویست بوو وردتر بڕواننە هەلومـەرج و پێگـەی تایبـەتی دۆزی ئەمڕۆی کورد و بڕوای پتەویان پێ هەبووبا و بـە شـێوەیەکی گونجـاو و لەرێی نێودەوڵەتییەوە و نەك لە ئەشـکەتی دێوەکـەی بەغـداش بـەڵکوو لــەوڵاتێکی ســێیەم و بەبەشــداری و چــاودێریی فــەرمیی رێکخــراوی نەتەوەیەك گرتووەکان و مافی مرۆڤ و... باسی دیالۆگیان کردبا !

پێشتر لەوتارێکدا گەتبووم کە کێشەی کورد نەلە ئەمریکا و نەلەهیچ کـوێیتر بـەڵکوو لـە کوردسـتان و هەرلەسـەر دەسـتی خـودی کـورد و سەرکردەکانیدا چارەسـەر دەکرێـت و بـەس, ئێسـتاش دەڵـێم کـە ئـەم مەسـەلەیە نـە لـە بەغـدا و نـە ئەنقـەرە و تـاران بـەڵکوو لەئەنجومـەنی نەتــەوە یەکگرتووەکانـدا و نــەك وەکــوو کێشــەی خێڵــەکی و عــاتیفی

کەمایەتییەکی ناوخۆی عێراق بەڵکوو وەك کێشەیەکی سیاسی و نێونەتەوەیی چارەسەر دەکرێت و هەر ڕێگایەکی دیکەی غەیری ئەم ڕێگایە لە ئاییندەدا دەگاتە بنبەست و چاڵە قووڵەکەی هەمیشەی مێژووی ساویلکەیی ئەم گەلە و هەر بە نوقم کردن و خنکاندنی یەکجارەکیی ئەم گەلەش کۆتایی پێدێت!

لێرەدا بەپێی ئەو ترسە تاڵەی لە مەڕ تەسلیم بوونی هەزار جارەی کورد بەفڕ و فێڵی دوژمن هەموو ناخی داگرتووم، بەپێویستی ئەزانم چەند لایەنێك ئاگادار بکەمەوە: یەکەم، پارتی و یەکیەتی: ئەم دوو لایەنە وەکوو دوو زلحزبی کوردستان و نوێنەری چارەنووسی گەلی کورد، دەبی پێش هەموو شتێك خۆیان و ناو ماڵی کورد بە پێی حەزو ڕەزامەندیی جەماوەری کورد ڕێك بخەنەوەو ئاشتی و ئاوەدانییەکی ڕاستەقینەو هەتایی لە کوردستاندا سەقامگیر بکەن و زامی ناسۆری هەزاران ڕۆڵە و دایك و بابی ستەملێکراوی کورد بە مەرهەمی ئاشتی و برایەتی و تەبایی و خزمەتگوزاری سارێژ بکەن و بڕوا بەوە بهێنن کە سەردەمی شەڕ و ئاژاوەی شەخسی بە سەر چووە و گەلەکەیان (ئەو پاڵپشتەی کە ئەوانی گەیاندۆتە ئەمڕۆ و دەسەڵاتی ئێستای بۆ دەستەمۆ کردوون) ئەمڕۆ ئاشتی و ئاسایش و ئاوەدانیی لێدەوێن و مەشرووعییەتیش بە لایەنێك دەبڕێت کە دڵسۆزانە و ڕاستگۆیانە هەوڵ بدات بۆ دابین کردنی دڵخۆشی و بەختیاریی جەماوەرو پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەکەی, ئەوەش کە بە پێچەوانەی ئەم ڕێسایە بجووڵێتەوە مەحکوومە بە نەمان و ڕسوایی و هەرەسهێنان و توانەوە. ئەم دوو زلحزبە پاش ڕێکخستنەوەی خۆیان لە ناوخۆدا دەبێ

هەوڵ بدەن بۆ بەرەو پێشبردنی دۆزی کورد لە بواری نێودەوڵەتیدا، با ئەوەش بزانن کە سەردەم سەردەمی بڕوا بە خۆبوون و سەلماندنی داخوازی و هەڵوێستی ڕەوایە نەك دەستگوشین و لە ئامێز گرتن و دەست لەملانکردنی ئیحساسی و کوێر کوێرانەی دوژمنان!, ئەمڕۆ جیهانی سیاسەت، دۆزی ئێستا و چارەنووسی ئایندەی گەلی کورد لە جووڵانەوەو چۆنیەتی مامەڵەی ئەواندا دەبینێت و ئەوانیش دەبێ لە بیری ئەوەدا بن کە سبەینێ چۆن وڵامی لێپرسینەوەکانی ئەم گەلە ڕەنج دیدەیە بدەنەوەو بە ڕووسووری و سەر بەرزی لە ناویدا وەمێنن!.

دووهەم, حزب و لایەنە کوردیەکانی گۆڕەپانی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان: (دەڵێم حزبە کوردییەکان نەك ئەو دەستە و گروپە جۆر بەجۆرە داتاشراوانەی کە بە ناوی کورد و بەسەر سفرەی کوردەوە سیخوڕی دەکەن و خیانەت بەئامانجە پیرۆزەکانی کورد و خزمەتی دوژمنانی دێرینی کورد دەکەن!) دەبێ بزانین، لەکۆمەڵگەیەکی فرەحزبیدا هەموو حزب و لایەنێك بە پەیرەو پرۆگرامێکی تایبەت و دیاری کراو و ڕاگەیاندراوەوە دادەمەزرێت و دێتە ناو گۆرەپانی سیاسیەوە تا ببێتە هۆکار و کەرەستەیەك ( نەك هەدەف و ئامانج ) بۆ دابین کردنی ئاسایش و بەختیاریی جەماوەر و پاراستنی ئەمنی نەتەوەیی و بەرژەوەندی گشتیی نەتەوەکەی.. هەموو ڕێگاکان دەچنەوە سەر هەوارگەی بەرژەوەندی گشتیی و ئاسایش و گەشە و پێشکەوتی نەتەوەیی.. هەر حزبێك بە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە بەرنامە و شێواز و کەرەستەیەك هەڵدەبژێرێت بۆ گەیشتنە ئەو هەوارگەیە، دیارە هەر حزب و لایەنێك لە دەرەوەی ئەم ڕێسایەدا بجولێتەوە نەدڵسۆزی

گـەل و وڵاتـە و نـەش لـەناو دڵـی نەتەوەیەکـدا جێـی دەبێتـەوە. هـەر حـزبێکیش بـەبڕوا و راسـتگۆیی رێبـازی خزمـەت بـە بەرژەوەندییـە گشتییەکانی هەڵبژارد، ئەوا خۆی لەبەرامبەر چارەنووسـی نەتەوەکەیـدا بەر پرسیار دەزانێت و بۆ دابین کردنی مافی چارەنووس خەبات دەکـات و تەنانەت لە پێناویشیدا قوربانی دەدات، (بە بێ ئەوەی هیچ منەتێك بە هاوڵاتیان بفرۆشێتەوە.. وەکـوو ئـەمڕۆی کوردسـتان).. حـزب و لایەنـە سیاسیەکانی ئەمڕۆی کوردستانیش کە پێم وایە بەپێچەوانەی دوو حزبی دەسەڵاتدار (پارتی و یەکیەتی) نە ڕایان لەسەر دیالۆگی لەو چەشنەیە و نەش متمانە بە دیکتـاتۆری بەغـدا دەکـەن، لەبەرامبـەر ئـەم کێشـەیەدا ئەرکێکی قورس و گرانیان دەکەوێتە سـەر شـان کـە بـە تـەواوەتی لێـی بەرپرسیارن و بە هیچ بڕوبیانویەکیش ناتوانن لەژێری دەربچـن, ئـەویش هەڵوێستێکی یەکدڵ و یەکدەنگە کـە پێویسـتە لەمـەڕ ئـەم هاوکێشـەیە هـەیانبێت. حزبـە کوردییـەکان وەك بەشـێك لم کۆمەڵگەیـە لەسـەریانە هەندێ جیاوازی و ناتەبایی لاوەکیی نێوان خۆیان وەلانێن و یـەکانگیر و هاودڵ و هاودەنگ, ئاکامە سلبیەکانی هەرچەشـنە هەڵەیـەکی سیاسـی بەرجەسـتە بکەنـەوە و پێشـگیریی لێبکـەن. زینـدووترین نمونـە لـەم پێوەندیـەدا هـەمان بانگەشـەی ئەگـەری دیالۆگـە لەگـەڵ دیکتـاتۆری بەغـدادا کـە سـەرجەم حـزب و لایەنـە کوردییـەکان دەبـێ بەچـڕوپڕی و وردبینی و تەنانەت بە دڕدۆنگیەوە لێی بڕوانن و لێی بکۆڵنـەوە و هـەوڵ بدەن سەرەڕای بەرگری کردن لـە هـەر چەشـنە تاکڕەوییـەك، کێشـەکە بخەنە قاڵبێکی بەرفراوانی نێونەتەوەییـەوە و پاشـان هـەنگاوی لـەبار و شـیاوی بـۆ بـاوێن. تەنانـەت لەسـەریانە ئەگـەر پێویسـتی کـرد، پێشـی

هەردوو لایەنەکە (پـارتی و یەکیـەتی)، لەهـەر چەشـنە گفـت و بـەڵێن و هەڵوێسـتێکی تاکڕەوانـە بگـرن, هـەر ئـەم لێـبڕاوی و پێداگرییـە راستگۆیانەشـە کـە وڵات و ئایەنـدەی ئـەم گەلـەمان لـە هەڕەشـەی چاوچنۆکانە و هێرشی گەلە گورگانەی دوژمنان دەپارێزێت و لەم رێبازە پیرۆزەشدا گرنگ نییە ئەگەر لایەنێك ببێتە قوربانیی هەموو لایەك. حزب و لایەنـە کوردییـەکان دەبـێ بـزانن هـەر جـۆرە خەمسـاردی و خـۆ لێ گێلکردن و بێ موبالاتییەك لەم پێوەندییـە و لـەم هەلومەرجـە ناسـکەدا رووبـەرووی بـەد نـاوی و رسـواییەکی مێـژوویيان دەکاتـەوە کـە دواتـر ناتوانن لە مەحکەمەی ویژدانی گشتیدا خۆیانی لێ لابدەن.

سـێیەم، ناوەنـد و لایـەن و کـۆڕ و کۆمەڵـە رۆشـنبیریەکان: ئەگـەر بڕوامان بەوە هەبێت کە سیاسەتمەدارەکان میوانن و دێن و دەڕۆن بەڵام رۆشنبیران خـاوەنی راسـتەقینەی کۆمەڵگـەن, ئـەوا دەسـەڵات وکـارایی وکاریگەرێتیی ئەم لایەنەمان بۆدەردەکەوێت کە لە راستیدا لە سـەرووی هـەموو دسـەڵات و سـوڵتەیەکی دیکـەی سـەربازی و سیاسـییەوەیە، بەوپییێـەش دەبـی بڵـێین نوێنـەری ڕاسـتەقینەی جـەماوەر هـەمان ڕۆشـنبیرانن نـەك سیاسـەتمەداران و هێـز و دەسـەڵاتی سـەربازی. ڕۆشنبیران جێـی بـڕوا و متمانـەتر و نزیکتریشـن لـە رەنـج و مەینـەت و ئاشناتریشن بە نیاز و پێداویستییەکانی جـەماوەر و زووتـر و باشـتر لـە زمانی جەماوەر دەگـەن و ئاسـانتر و باشـتریش دەتـوانن نوێنەرایـەتیی بکەن. رۆشنبیری راسـتەقینەی ڕاسـتگۆش دەزانێـت کـە دۆزی ئـەمڕۆی کورد لە قۆناغ و بارودۆخێکی ناسك و هەرە هەستیاردایە و دەشزانێ کە هەر پلانێکی ژیرانەو سیاسـەتێکی حەکیمانـە چـەندە سـەرکەوتن و، لـە

هەمان حاڵیشدا هەر هەڵەیەك لەم هەلومەرجە ناسکەدا چەندە زیان و پەشیمانیی بەدواوە دەبێت! بەم پێودانگەش ئەرکێکی زۆر قورستر و گرانتر و پیرۆزتر لە هیی هەموان دەکەوێتە سەر شانی ڕۆشنبیران کە لە ئاستیدا بەر پرسیارن و دەبێ بە هەندی وەربگرن و بە وردبینییەوە هەنگاو بۆ بەئەنجام گەیاندی باوێن. ئەرکی سەرشانی ڕۆشنبیرانی کوردە کە هەلومەرجی ئێستا و دۆزی ئەمڕۆ و چارەنووس و ئایندەی کورد بە وردی هەڵسەنگێنن و ئەو زوڕنا و دەهۆڵەی سەدام و ئەم ولامدانەوەیەی هەر دوو حزبە دەسەلاتدارەکەمان تاو توێ بکەن و هەموو لایەن و بوارێکی ئیجابی و سلبیی لە بەر چاو بگرن و ئاکام و ئەنجامەکانی بە ڕاشکاوی دەر بخەن و جەماوەری کوردی لێ ئاگادار بکەنەوە و دواییش لە بەرامبەری کردەوەی سەرجەم حزب و لایەنە سیاسییەکاندا هەڵوێستی راشکاوانەی نەتەوایەتییان هەبێت و بە پلان و بەرنامەیەکی ڕۆشنگەرانەوە پێش بە سەرکەوتنی پیلانی دوژمن و هەڵەی لایەنە کوردییەکان و زەرەرو زیان و حەسرەتی دواتری گەلی کورد بگرن و هەوڵ بدەن کە جەماوەری کورد ئەم قۆناغە ناسکەی ئێستای بە سەرکەوتوویی تێپەڕ بکات و بگاتە ئامانجە پیرۆز و دێرینەکانی خۆی کە هەمیشەی مێژوو قوربانیی بۆ داون و ئاواتی بۆ خواستوون و خەونی خوێناویی پێوە بینیون. ئاشکرایە کە کەمترین خەمساردی و کەمتەر خەمیی ڕۆشنبیران و هەموو خێزانی دەسەلاتی چوارەم لەم مەسەلەیەدا دەبێتە هۆی ڕووخاندنی بناغەو بنەڕەتی متمانە و بڕوای جەماوەر بە ڕۆشنبیران و ئالۆزتر بوونی کێشەکە و هەرواش بە خیانەتێك دەژمێردرێت کە هەرگیز لە لایەن جەماوەرەوە

نابەخشرێت و...! لە کۆتاییدا بیری هەموو لایەکمانی دەخەمەوە کە مێژووی کورد لێوڕێژە لە سەرکوت وهێرش و هەڵمەت و شەڕو ئاشتی و فریو و لە خشتەچوون و بە پرد بوون بۆ پەڕینەوەی دوژمن و ئەوەش کە بەکورد بڕاوە هەر هەرەس هێنان و ئاوارەیی و قەلاچۆ بوون و ... بووە و هیچی دیکە!.. ئێمەی کورد بۆ تورکە سەلجوقییەکان هەڵخەڵەتاین و بوینە پلیکانەیەك بۆ سەرکەوتنیان.. بە هۆی قەجەرەکانەوە فریومان خوارد و بووینە چیلکە وشکەی گڕی سوتێنەری تەماحکارییان.. سەفەویەکان لەخشتەیان بردین و لە ژێر پێیاندا پلیشاینەوە.. بەهۆی قسەی پڕ و پووچ و بریقەداری عوسمانییەکان لە خشتە براین و خۆمان بەقوربان کردن و سەرمان خستن.. بووینە سوتەمەنیی ـ شا ـ ڕێوی سیفەتەکانی پالەوی.. مەلا سەر و ڕوو ڕەشەکانی ئێرانی ئەمڕۆ چەواشەیان کردین.. فریوی ـ ستالین ـ ی ریسوامان خوارد و بەسازە ناسازەکەی سەمامان کرد.. بەفڕوفێڵەکانی ـ ئاتاتورك ـ ی خوێنمژی سەرشۆڕ چەواشە کراین و تورکە شۆڤینییەکانمان سەرخستن و رزگارمان کردن و (شەرەف)مان پێبەخشین!.. بەریتانیا گاڵتەی پێکردین و فریوی داین.. ئەڵمانیا خیانەتی پێکردین و فەرەنسا درۆی لەگەڵ کردین.. ئەمەریکا فرۆشتینی.. روسیا بەساویلکەییمان پێکەنی.. جەمال عەبدولناسر فریوی داین.. سەرکردەکانی بەعسی فاشی هەڵیانخەڵەتاندین.. سەدامی خوێنمژ هەرهێنانی و بردینی و کردینیە قوربانیی نەخۆشییە (سادی)یانەکەی خۆی و گەمژەیی خۆمان, هەموو ئەمانەش نەك جارێك و دووجار بەڵکوو هەرکامەو دەیانجار دووبارە بوونەتەوە و ئێمەی کورد

زۆرجار لە لوتکەی دەسەڵات و ئازادیشدا هەر فریومان خواردووە, هەر رابردوومان فەرامۆش کردووە و بڕوامان هێناوە بە قسەلۆکێکی بریقەداری دوژمنان و هەر جارەش بەئاسانی دەست بەسەر کراوین و لەخوێنی خۆماندا گەوزێنراوین و هەر پەند وعیبرەت و تەجروبەشمان لێ وەر نەگرتووە, متمانەمان بەهەموو ناکەسێك کردووە, بووینەتە داردەستی هەموو ناکەسێك, بەسازی ناسازی هەموو ناکەسێك کەوتووینەتە هەلەکەسەما, لە (جام)ی هەموو ناکەسێکدا ژارمان نۆشیوە, بووینەتە بارەبەری زۆر ناکەس و سەپانی باوکی زۆر ناکەسیتر, لەم هەموو قەیرانی فریو خواردنەشماندا زۆرتر لەهەموو لایەنێك روبەڕووی فرت و فێڵ و ناکەسی و دڕندەیی دوو لایەنی تورکی کەمالی و بەعسی سەدامی بوینەتەوە, واتە خیانەتی ئەو دوولایەنە و زۆرتریش هی دیکتاتۆری بەغدا و عرووبە هەمووکات دڕندانەتر و گورچکبڕتربووە لەوانیدیکە و زۆر جاریش دووبارە و چەند بارە بووەتەوە, ئێستەش ئەم دیکتاتۆرە دڕندە خوێن مژە دەیەوێ جارێکی تریش بەسەر پلیکانەی ساویلکەیی و فەرامۆشکاریماندا سەربکەوێت و دیسانەوە مێژینەی رەشی کوشتوبڕ و قەڵاچۆ و...ی کورد دووبارە بکاتەوە, دەبا ئێمەی کوردیش ئەمجارەیان بۆ دوا جار و بۆ هەمیشە (ژیر) بین و گەمژەیی و خۆشباوەڕی وەلانێین و ژیرانە بیر لە دوارۆژی خۆمان بکەینەوە, دەبا ئێمەی کورد لەم دەرفەتە ناسکەی حەسانەوەدا سەیرێکی داخەکانی ناو هەناوی خۆمان بکەین و ئەمجارەش فریوی دوژمن نەخۆینەوە و خۆمان نەخەینەوە چاڵە قووڵەکەی خیانەت و گاڵتەجاڕیی ناحەزانەوە, کاتی ئەوە هاتووە بەئەقڵێکی سەردەمیانە و

مێشکێکی کراوە و بیرێکی تیژی دیپلۆماسیانەوە رووی دەممان لە کەڵەمێردی رۆشنبیری مێژووی هزرمان (خانی) بکەین و پێی بڵێین:((خانی, ئەی باوکی هزری نەتەوەیی کورد، ئاسوودە بنوو, چونکە ئەمڕۆ ئێمەی کورد هەم سەرکردەی ژیرمان هەنە و هەم یەك دڵ و یەکگرتووین و هەم ژیر و خاوەن تەجروبەین و لەسای ئەوانەشدا دەگەینەسەربەستی و ئازادی و وادەکەین کەدیکەی گەلانی جیهان بەهەندمان بگرن و چاومان لێبکەن و خۆزگەمان پێ بخوازن)).

هەربژی کوردی ژیر

هەولێر2001/8/15

وێنەیەك بۆ:

1ـ رۆژنامەی (برایەتی) پارتی دیموکراتی کوردستان.

2ـ رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) یەکیەتی نیشتمانی کوردستان.

3ـ رۆژنامەی (میدیا) یەکیەتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان.

4ـ رۆژنامەی (پەیامی ئاشتی) بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان.

5ـ رۆژنامەی (رزگاری) پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان.

6ـ رۆژنامەی (دەنگی میللەت) بزووتنەوەی میللی کوردستان.

7ـ رۆژنامەی (هاوڵاتی).

8ـ یەکیەتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان.

9ـ رۆژنامەی (کوردستان) حزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران ـ.

10ـ هەفتەنامەی (گوڵان).

11ـ رۆژنامەی (رۆژانەی سلێمانی).

تێبینییەکی پێویست:..

1_ ئـەم هۆشـدارینامە کراوەیـە، لای چـەند کـەس و لایـەنێکی کـەم نەبێت، هیچ رەنگدانەوە و دەنگدانەوەیەکی گشـتگیری ئـەوتۆی نـەبوو، ئەمەش پیشاندەری ئەو راستییە تاڵەیە کە خوێندنـەوەو بەدواداچـوونی ورد بۆ هاوکێشە سیاسییەکانی رۆژ لە کۆمەڵگەی کوردیدا لـە ئاسـتێکی نزم و لاوازدایە و ناتوانین هیچ هیوایەکمان پێی هەبێت!!!

2_ بـڵاو کردنـەوەی ئـەم نامەیـە راسـتیەکی تـاڵ و پشتشـکێنی بـۆ دەرخستم: زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، لە راستیدا سیاسی نـین بـەڵکوو خـەریکی ساتوسـەودا و رەواج پێـدانی (دووکان)ەکـەی خۆیانن.. نموونەی زەقی ئەم راسـتییە تاڵـە، کاردانـەوەی (حـدکا) بـوو لەمەڕ ئەم نامەیـە.. ئـەوەی دواتـر چـەند دۆسـتێکی گیرخـواردووی نـاو حدکا بۆیـان گێڕامـەوە، سـڕی کـردم و هەژانـدمی: پـاش خوێندنـەوەی نامەکە، هەندێ لە بازرگانە سیاسیبازەکانی ئەو (حزبـە؟!!!)، بـە روو گرژییەکەوە گوتبوویان: " جەلیل عەباسی دەیـەوێت بـەم نامەیـە نـانی ئێمە ببڕێت، دەنا چاك دەزانێـت کـە ئێمـە لەگـەڵ (سـەدام و بـەعس)دا هاوکاری و پەیوەندیمان هەیە و پێگەکانمان لـە ژێـر داڵـدەی ئەوانـدان، ئیدی چۆن دەیەوێت ئاوا نامە و بابەتێك بڵاو بکەینـەوەو مـاڵی خۆمـانی پێ بڕووخێنین؟ و..."!!!

*

## سکاڵایەکی دڵی شکاوی (کانــی):

بەڕێز ڕێکخراوی جیهـانیی مـافی مـرۆڤ, بـەڕێز ڕێکخـراوی جیهـانیی Pen, بەڕێز ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور, بەڕێز .......!

من، کچە کوردێکی نەشمیلی ئاشقە زانینم, کچە کوردێکی تەمەن (5) ساڵەی وڵاتی گڕ, کوردستانی پێشێل کراو. دوای سەدڕۆژ لارەملی و لـە چاوەڕوانیدا توانەوەی هەموو هاوتەمەنە ئاوارەکانم لە کەپرستانی پێش دەرکـەی بەشـە ئینسـانییەکەی(؟!) UN ودیتنـی خەمسـاردی و بـێ موبـالاتی و تـاڵتر لـەوەش زەردەخەنــەی ساتوســەودا ئــامێز و پڕلــە سووکایەتیی هاوکارە ناڕاستگۆیەکانتان لەوبەشـەی UN ی هـەولێردا, خۆم پێڕا نەگیرا و نـەمتوانی هـەموو ئـێش و ئـازارو ڕەنـج و حەسـرەتی هـاوڕێ و هاوتەمەنـە مانگرتووەکـانم لـەم دۆزەخسـتانی ئاوارەییـەدا لـە ناخی ماندوومدا کەڵەکە نەکەم و بە ناڵەیـەکی گلـەیی ئـامێز بـۆ ئێـوەی دەرنەبرم. بۆیە لێتان دەخوازم هەر تۆزقاڵێـك واتـای قـوڵی (کەرامـەتی ئینســانی) بهێننــەوە بــیرو بەرچــاوی خۆتــان و بــە دوور لــە هــەر ساتوســەودایەکی سیاســییانە{!!} بــە نموونــە و نوێنــەری هــەموو منداڵانی نەتەوەیەکی قڕ کـراوی تاسـاوی هەمیشـە ئـاوارەم بـزانن و لـە زاری منەوە گوێ لە سکاڵا و دەردەدڵی پڕ لە کـوڵی منـداڵانی هەمیشـە ئاوارەی ئەو نەتەوەیە بگرن:...

بــــەڕێزان, بــــاوکم لــــە سووچــــێکی تاریــــك و ترســــناکی زیندانەکانی{اصحاب}ی (خامەنەیی)دا هـەواڵی لـەدایکبوونمی بیسـت و

بــۆ ســاتێك ڕەنجــی ئەشــكەنجەی زینــدانی مــەلایانی لــەبیربردەوەو بەتاسەوە ناوی لێنام (كانـی), ئەویش بە هیوای ئەوەی كە گەورە بووم و بوومە دایك, كانگـای وەفـا و خۆشەویسـتی بم, سەرچـاوەی ژیـان بم, ژیانی ئینسانی, سەربەست, شەرەفمەند, ژیانی تەژی لە ئەشقی مرۆڤ و ئاشتەوایی و تەبایی و ئاوەدانی.  ناپرسن بۆچی باوكم زیندانی بوو؟!..
بـــاوكم كـــوردی بەشـــە كوردســـتانی ژێـــر چـــەپۆكی قاڵاوڕەنگـــە كۆنەپەرسـتەكانی ئێرانـە, نووسـەرە, شـاعیرە, ڕۆژنامەنووسـە, بـاوكم دۆستی قەڵەم و ئەندێشەو تێڕامانە, دۆستی ئاشـتییە, ڕقـی لـە چـەك و خوێن و پەت و هەڕەشە و ترس و تۆقاندن دەبێتەوە.

باوكم بۆ ئەو قاڵاوە ڕەشانەی دەنووسی: " چەكم بۆ مەكێشن, پەتم بۆ هەڵ مەخەن, جنێوم مەدەنێ, من مرۆڤم, نەتـەوەم, مێـژووم هەیـە, مێژووم پڕە لـە شـانازی و سـەرفرازی و ئـەوین و خزمـەتی مرۆڤایـەتی, زمانم هەیە, كولتووری دەوڵەمەندم هەیە, دڵ و مێشك و بیرو ئەندێشـەم هەیە, وەرن قسەم لە گەڵ بكـەن وەك مـرۆڤ, لەگـەڵم بـژین وەك مـرۆڤ, دۆستم بن وەك مـرۆڤ, شـەڕ بۆچـی, لـە پێنـاوی چـی؟ دوژمنایـەتی بـۆ چییە, وەرن با هەموو قەڵەمەكانمان وێكڕا بنووسن مرۆڤ پـیرۆزە, مـاف پیرۆزە, سەربەستی پیرۆزە, ئەندێشە پیرۆزە, كەرامەت پـیرۆزە و هـەر ئەویشە كە هەموو مرۆڤ پێكەوە دەبەستێتەوە"

باوكم دەینووسی:" مافی ئینسانیم بۆ قایل بن, مـەمكوژن, زیـانم بـۆ ئێوە چییە گەر بۆ خۆم و وەكوو خۆم بیر بكەمـەوە, گـەر بمـەوێ بـژیم وەك مرۆڤ, گەر جل و بەرگ لەبـەر بكـەم وەك خـۆم, گـەر قسـەی خـۆم

بکەم بە زمانی خۆم, پێم بڵێن: ئاخر کەوی کام کێوستان/ باڵندەی کام دارستان/ بەزمانی خۆی ناخوێنێ/ بۆ خۆی باڵ ناوەشێنێ/, ئەی سوودی بۆ ئێوە چییە گەر ئازارم بدەن, گەر پەتم بۆ هەڵخەن, گەر نەهێڵن بۆخۆم وەك مرۆڤ بژیم"

باوکم دەینووسی:" مەگەر لە کتێبەکەی ئێوەدا نەنووسراوە (عیسا بەدینی خۆی مووسا بەدینی خۆی)؟, مەگەر لە کتێبەکەی منیشدا نەنووسراوە (ئەی مرۆڤ با ئەندێشە و گفتە و کردەت چاك بێت), ئەی بۆچی ئێوە بە گوێی هیچکامیان ناکەن؟ بۆ ناهێڵن پێکەوە لە گەڵ هەردوکیاندا بژین, بژین پێکەوە و بۆ یەکدی؟"

باوکم دەینووسی:"وەرن سەیری ڕابردووم بکەن, کە چ نەتەوەیەکی جوامێر, ڕاستگۆ, سەرفراز, سەربەست, مرۆڤ پەروەر, ماف پارێز, بیرمەند و پێشکەوتوو بووم, ئەومێژوویەم لێ مەشێوێنن, من هەر هەمان مرۆڤی شەرەفمەندی جارانم, من مرۆڤم.. ئاژەڵ نیم, دۆستم.. دوژمن نیم, ڕاستم.. چەوت نیم, من مرۆڤایەتیم خۆشدەوێ, وەرن لەگەڵم مرۆڤانە بژین." کەچی ئەوان هەر دەهۆڵی جارانیان لێدەدا و هەربە هەمان توولە ڕێی چەواشەی هەمیشەیی خۆیاندا دەڕۆیشتن, هەر دەیانگرت و دەیانکوشت, هەر وەکوو ئاژەڵ سەیریان دەکرد, هەر سوکایەتی و بێ حورمەتییان بە کەرامەت و هەست و بیروبڕواکانی دەکردو هەر مافی ڕەوایان پێشێل دەکرد. ئەم بە قەڵەم و ئەوان بە چەك, تا دواییش پیلانی کوشتن و قڕ کردن و سووتاندن و سڕینەوەی یەکجارەکییان بۆ دارشت, باوکیشم منی ساوای لەگەڵ هەموو ئاوات و

خواستە ڕەوا و پیرۆزەکانیدا گرتە کۆڵ و ڕێگـای بزمـار ڕێـژی ئـاوارەیی گرتەبەر. ئێمە پاش بڕینی شاخ و چیا خوێناوییەکانی کوردستان, هیلاك و ماندوو کـۆڵی قورسـی ئاوارەییمـان لـە بـەر دەرکـی UNHCR لـە باشووری کوردستان (هەولێر)دا دانا, بە ئومێدی ئەوەی کە پـارێزەرانی جیهـانیی مـافی مـرۆڤ لـەو بارەگایـەدا کـە بەڕواڵـەت بـۆ ئێمـەیان دامەزراندووە, بە هانامانەوە بێن و لـە چەوساندنەوەو گـرتن و بـڕین و مەترسـی ڕزگارمـان بکـەن و لـە ژێـر تیشـکی زێڕینـی (30) بەنـدە بریقەدارەکەی جاڕی گـەردونیی مـافی مرۆڤـدا داڵـدەمان بدەن! بـەڵام بەداخەوە، دیتمان کە هیچی وا نییە و کارمەندانی بارەگای مافی مرۆڤ و هاوکارەکانی ئێوە نـەك هـەر داڵـدەیان نـەداین بـەڵکوو بـە سـووکایەتی ســەیریان کــردین و گاڵتــەیان پێکــردین و خۆیــان بــە بازرگــانێکی دەوڵەمەنـدی بـازاڕی مـافی مـرۆڤ و ئێمـەیان بـە دەرۆزەکـەرێکی بـێ خانەولانـەو قـەرەج هاتـە بەرچـاو!! لـەو کاتـەوە لەئێمـە داواکـاری و پاڕانەوە و لەوان گاڵتە و سووکایەتی, لە ئێمە وەبیر هێنانەوەی ڕێسـای مافی مرۆڤ و لەوان درۆ و چەواشەگەری. مانمان گـرت, سـوودی نـەبوو, خۆمـان دایـە دەسـتی شـەپۆلی سـەر شـێتی قـەدەر بـۆ ڕێـی قاچـاخ و دەربــازبوون, ئــەنجامی نــەبوو, شــایەد و بەڵگــەمان هێنانــەوە, کاریگەرنەبوون, ڕۆژبەڕۆژ هەر سووکتربووین و هیچی تر, لە ژێر چەتری بارەگای مافی مرۆڤیشـدا هـەر تـیرۆر کـراین, هـەر پێشـێل کـراین, هـەر چەوسێنراینەوە, هـەر بـێ حورمـەتیمان پـێ کـرا و هـەر......, بـەڵام هاوکارانی ئێوە هەر لە بیری ساتوسەودای خۆیاندابوون! بۆیە گەیشـتە

گیانمان و ـ مان ـ مانگرتەوە و ئەمجارەیان کۆڵانی بەردەرگای بارەگـای نەیرەنگسـتانی UNHCR مـان وەك هـوتێلی حەسـانەوە{؟!} هەڵبژارد, گەرمای تەمووزی ئەم دۆزەخـە سـووتاندینی و بـاری قورسـی نیگای پڕلە سووکایەتیی ئـەم و ئـەو پڕووکانـدینی و لەملاشەوەسـەهۆڵ بەندانی ویژدانی هاوکارانی مرۆڤ پارێزی ئێوە{؟!} نـاخی مرۆڤایـەتیی تەزاندین!

بـەڕێزان.. ئەگـەر ویـژدانی نووسـتووتان توانـای راچـەنین و بیسـتنی هەیە، با پێتان بڵێم: هاوکارەکانتان ڕێگای هات و چۆی بارەگای ئاغایی خۆیان گـۆڕی نـەوەك بـە دیتنـی ڕوومـەتی زەرد و لاواز و لێـوی شـەقار شەقار و چاوی کزۆڵەی ئێمەی مندالآنی ئاوارەی کورد مەستییەکەیان لە سەر بپەڕێت! ئێمەی دەرکراوی مانگرتووش لەم چوار مانگـەدا هـاواری ئینسانیی خۆمـان بـۆ لای هـەمووتان بـەرز کـردەوە و ئێـوەش گوێتـان لێبـوو, کەچـی هـەمووتان کڕتـان کـرد و کـپ مانـەوە! بۆیـە ئێمـەی دڵشـکاویش هەسـتمان بـەوە کـرد کـە لـە مامەڵەیـەکی بازرگانییانـەدا ئاڵوگۆڕمان پێ کراوە, مامەڵەیەك کە هێندەی قـازانج تێـدابووە بتوانـێ چرای جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ بکوژێنێتەوە و دڵی پەیکەرەی سڕی ئازادی لە لێـدان بخـات و چـاوی هـەموو مرۆڤایـەتی لـە ئاسـتی ئێمـەی ئاوارەی چوار پێنج هەزار کەسیدا کوێربکات! بڵێی وابێت...؟!, دەنا، ئەی بۆچی ڕێخراوی مافی مرۆڤ ئێمەی لـەم بـەرزەخی تـرس و مەرگـەدا فـەرامۆش کـردووە؟ ئـەی بۆچـی ڕێخـراوی Pen نووسـەرانی ئـاوارەی ئـازادیخوازی کـوردی لـە بـیر کـردووە؟ ئـەی بۆچـی ڕێخـراوی

ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور سنوورێکی ئەستووری ئاسنینیان لە نێوان خۆیان و ڕۆژنامەنووسانی ئازادیخوازی دەرکراوی کورددا دروست کردووە؟ بەڕێزان, لێم زیز مەبن گەر بڵێم ئێوە، هەرهەمووتان درۆزن و سەوداگەرن, هەر هەمووتان بازرگانی سیاسەتبازن, هەر هەمووتان بەسەر لاشەی مردارەوە بووی مافی مرۆڤەوە کەوتوون و خۆتان تێر دەکەن.. ئێوە نوقمی قوڕاوی خەستی نادادپەروەری بوونە و مرۆڤایەتیی خۆتان ون کردووە!

"ڕاستە گەر ناوی عەداڵەت بۆچی منداڵانی کورد

وێڵ و سەرگەردان دەگەڕێن گشت بە سەر کێوانەوە؟"

ئاخر، دەبێ دڵنیا بن کە ئەگەر وا بڕوات نە سەرچاوەی هەستی ناسکی دایکمان شیعری ژیانی لێ هەڵدەقوڵێ, نە قەڵەمی باوکمان بابەتی مرۆڤانە دەنووسێ, نە ئەندێشەی براکانمان چاك دەمێنێت و نە ئێمەی (کانی)یش دەبینە دایکی خۆشەویستی و ئاشتیی ئایندەی مرۆڤایەتی! دڵنیا بن ئەم خەتەری لە نێو چوونەش کە ئەمڕۆ هەڕەشە لە ئێمە دەکات، سبەینێ دەبێتە خاڵێکی ڕەشی شوورەیی و شەرمەزاری بە ناوچاوی ئێوەو فەلسەفەی مافی مرۆڤیشەوە و هەرگیز ناسڕێتەوە.

بەڕێزان.. من دەمەوێ سبەینێ دایکی مرۆڤایەتی بم, دەمەوێ باوکم نووسەری ئازادی بێت, دایکم شاعیری خۆشەویستی و کاکم ئەندێشەمەندی دنیای شەرەف و کەرامەت بێت. بەڵێ، منی کیژۆڵەی ئاوارەی کورد ئەوەم دەوێت و هەر ئەوەشە کە دوژمنانی شەرەف و

کەرامەتی ئینسانی دربەدەر و ئاوارەیان کردووم, دەنا نە برسی بووم و نە ڕووت و نە قەرەجی بێ خانەولانە و نە چاویشم لەم دوورەوە بە نیئۆنی شەوانی گازینۆکانی ئەورووپای ئێوە شەوارەی پێکەوتووە. ئەگەر لە وڵاتی خۆمدا بهێڵن وەك مرۆڤ بژیم, ئەگەر پێشێلم نەکەن و ئەگەر. . . , ئەوەدەڵێم ئەرووپای ڕەنگینی ئێوە هەر پێشکەشی خۆتان و زرق وبرقی کابارەکانتان هەر بۆ خۆتان چونکە منی کورد بڕوام وایە:

((بەسەربەستی ژیانی سەر حەسیرێك

بەقوربانی بێ تەخت و بەختی میرێك))

بەڵام ئەمڕۆ لەم بەرزەخی ترس و مەرگەدا هەردەبێ نەفرەت بکەم لە سینەمای مافی مرۆڤی لای ئێوە و هەر بڵێم:

(( ئەم ژیانە کەی ژیانە وەك کەوی بەندی قەفەس

ژێر چەپۆکی ڕافزی بی و ژێر دەسەی پیاوی تەرەس))

لە کۆتاییشدا, خۆزگە دێوی درۆ دەمردو گورگی ستەم دەتۆپی و کچی کوردیش دەیتوانی لەناو دیکەی هاونەوعەکانیدا خۆی ئامادەبکات بۆ ژیانی داهێنەرانەی دایکایەتیی ئایندەی, خۆزگە ـ مان ـ ی ئێمە ببایە هۆی نەمانی ستەم و پێشێلکاری و هۆی مانەوەی تا هەتایی کەرامەتی ئینسانی.

<u>کانی</u> ئەوکچە کوردە ئاوارەیەی کە دەیەوێ کانگای خۆشەویستی و دایکی مرۆڤایەتی بێت.

2001/9/15

*

**حافز دەڵێت (وەفاتان چیی لێهات):**

کاتی خۆی کەڵـە شـاعیری هەرەمـەزنی هـەزارەی پێشـوو و ئێسـتا و سەدەکانی ئایندەی ئێران (حافز شـیرازی) لەسـێبەری تاریـك و دزێـوی لانەوازی و تەنیایی و بێکەسیدا, لەژێر گوشاری پڕوکێنەری پۆلێ قـالاوە رەشەی چۆڵ پەرستی ـ پەین ـ نشینی مردار ـ خۆری دژی بیری رووناك و هەستی ناسك و ئینسانی, زمانی بەگازەندە کـردەوە و هـاواری گلـە و بناشتی دەربڕی و لەناخی گیانی نائومێد و ماندوویەوە نالاندی:

"یاری اندرکس نمی بینم یاران را چە شد

دوستی کی أخر أمد دوستداران را چە شد"

ئەم هاوارە گلەیی ئامێزە، کە نزیکـەی شـەش سـەدەی پـێش ئێسـتا دەشتی تفتـی ویژدانـە سـڕبووەکانی مرۆڤـی ئـەو سـەردەمەی لەرزانـد, هەردەڵێی لەم رۆژانە و لە ناخی گیانی ماندووی سـەدان منـداڵی سـاوای دەرکراوی کوردەوە دێتە دەر کە لە بەرەبەیانی سەدەی بیستویەکدا لە ترسی هەمان قالاوە رەشەی 700 ساڵ پێش هەڵاتوون و پەڕیوەی ئەم لاوئەولابوون و کەوتوونەتە بەر شەپۆلە هارەکانی چارەنوسێکی نادیـار. مەبەسـتم ئـەو جگەرگۆشــە کوردانــەن کــە تــەنیا و تــەنیا بــە تــاوانی نیشــتمانپەروەری و ئــازادیخوازیی دایــك و بابیــان کەوتوونەتــە بــەر هەڕەشەی قالاوە مۆدێرنە سەر و دڵ رەشەکانی ئێستای ئێران و ژیان و بیر و خواست و زێدی خۆیان لێ زەوت کراوە و لە رۆژهەڵاتی کوردسـتان هەڵکەندراون و ماوەیەکە میوان {!!!}ی باشووری وڵاتە مەزنەکـەیانن و چـاوەڕوانی بـەڕێکردنن بـۆ پەناگەیـەکی ئـەمن لـەم جیهانــە بــێ

ســـــەروبەرەیەدا كەچـــــی بـــــەرەوڕووی بڕوبیـــــانو و ساتوســـــەودای سیاسەتبازانەی دەسـەڵاتدارانی Un و بەگاڵتـە گرتنـی گیـان و ژیـان و چارەنوسـیان بوونەتـەوە و هەربۆیـەش ـ مـان ـ یـان گرتـووە و لەبـەر دەركـەی Un لـە عێنكـاوەدا بوونەتـە خـاڵێكی رەش بـۆ نێـو چـەوانی دەهۆڵ ژەنەكانی مافی مرۆڤ! و بەوپەڕی ئارامی و بـە زمـانی ئینسـانی داوای سەرەكیترین و رەواترین مافی خۆیان دەكەن كەچی تـا ئـەمڕۆش هەر تەنیا درۆیان بیستووە و ـ دووڕوویـی ـ یـان دیـوە و هیچـیتر. ئەمـە لەلایەن دەسـەڵاتدارانی خۆشـگوزەرانی Unەوە, ئـەی لـە لایـەن ئێمـە (كوردەكـانی باشـوور)وە چـیيان بـۆكراوە؟ لـەم مـاوەی 5 مانگـەدا هەرهەموومان چـارە ڕەشـی و برسـێتی و سـەرگەردانی و بـێ بڕسـتی و نیازمەندی و.......ی ئەو خۆشك و برايانەی خۆمان بە زقی بینیوە, لـە ناخی شعوورمانەوە هەستمان بەوە كردووە كە ئەوان, ئەمڕۆ نیازمەند و چـاوەڕوان و ئومێـدەواری هـاودڵی و پشـتگری و دەسـتگرۆیی ئێمـەن و دەشزانین بەزمان و قسەی رووت هیچ دەردێك چارەسەر ناكرێـت, بـەڵام ئایا ئێمە ئەركی سەرشانی خۆمان وەكوو كوردێك بـەجێ هێنـاوە؟ ئایـا لێمـــان پرســـیونەتەوە؟ ئایـــا هاودڵیـــان بـــووین و داڵـــدەمان داون؟ ئایـــا...ئایـــا...؟!, بەداخـــەوە 5 مانگـــە هـــاواری كـــپ كـــراوی ســـاوا برسییەكانیان دەبیستین و بەشخوراوی و پێشـێل كـراوی و نەخۆشـی و رەنـج و ئازارەكانیـان دەبیـنین كەچـی كـەمترین جووڵـەش نەكەوتۆتـە لەشی سڕی ویژدان و هەستی وشكبووی جوامێری و كوردایەتیمانـەوە! ئەمەش لەحاڵێكدایە كە ئەوان ساڵەهای سـاڵ لـە زێـد و مـاڵی خۆیانـدا

ورەبەخش و دڵخۆشکەر و پشتوپەنای ئێمە بوون, لە رۆژانی نەهامەتیدا دڵسـۆزانە بەدەنگمانــەوە هــاتوون و داڵــدەیان داویــن, لــە تەنگانــەدا بەسـەریان کردووینەتــەوە و پشـتیان گرتــووین, لــە ئاوارەییــدا کـونجی ژوورەکەی خۆیانبان بۆتەرخان کردووین و لە برسـێتیماندا پارووییـان لـە دەمی منداڵی خۆیان گرتۆتەوە و بە ئێمەیان بەخشیوە! با تارماییـەکی کەمڕەنگی رۆژانی نسکۆی 75و کۆڕەوەکانی 88 و91 و... بێنینـەوە بیری خۆمان: ئێمە چەندە کلۆڵ و سەرگەردان و برسی و لێقەوماو بووین و ئەوان چەندە دڵاوا و خەمخۆر و میهرەبان, چەندیان خزمەت کـردین و چۆن داڵدەیان داین و...، کەچی ئـەمڕۆ هـەموو شـتێك بەپێچـەوانەیە! ئەمڕۆ بارودۆخی نالەباری ژیانی ئەوان گەیشتۆتە رادەیەك کە بە زمـانی خۆیان داوای یارمـەتی و هاوکـاریی برایانـەمان لێدەکـەن و ئێمـە گـوێی خۆمان ئاخنیوە! هەندێکمان بە هاوخەمییەکی سەرزارەکی, هەندێك بە وەعدەیەکی هاوکـاریی بـەدرۆ, هەنـدێکمان بـە لالـوتی و تانـە و تـوانج, تەنانەت هەندێکیش بەگاڵتە پێکردن و...! ئیدی درێـغ لـە هـەنگاوێکی دڵسۆزانە, درێغ لە 100 دینار کە زۆرجار ناکاتـە سـەدا یـەکی خـەرجی بەزمێکمان!! خۆ لاشمـان روون و ئاشـکرایە کـە ئـەوان نـە خۆشـی لـە کەللـەی دابـوون و نـەش برسـێتی تـەنگی پێهەڵچـنیبوون کـە هـەڵاتن، بەڵکوو ـ حافزی شیرازی ـ دیسانەوە بەزمانی ئەوان و لە ناخی ئەوانەوە هاوار دەکات:

"ما بدین در نه پی حشمت و جاه أمدەایم

از بد حادسه اینجا بەپناه أمدەایم"

ئەم خوشك و برا ئاوارانەی ئێمە, لەم لێقەوماوی و تەنگانەیەدا و بەناچاری و دڵ شکاوی روویان لە زۆر کەسمان کرد و دەستی یارمەتییان بۆ لای زۆر کەسمان درێژ کرد بەو خەیاڵەی ئێمە هێشتاش سالانی میوانداری و خزمەت کردنەکانی ئەوانمان لە بیر مابێت و بەوەفا و خۆشەوستییەوە دەستی نیازیان رەت نەکەینەوە.. داوای یارمەتییان لێکردین کەچی ئێمە نە ئەو سالانەمان لە بیر ماون و نە وەفاشمان بۆ ئەو پشتگری و خزمەت و خەمخرییەی ئەوان هەیە, ئەمەش راستییەکی تاڵ و کوشندە پیشانی ئەوان دەدات کە ئەویش مردنی رۆحی جوامێری و کوردایەتی و ئەمەگناسییە لە دەروونی ئێمەدا! دەبا بەخۆماندا بێینەوە و ئاوڕێك لە باری ئالۆزی رابردووی خۆمان و دلاوایی ئەوان و باری ئالۆزی ئێستای ئەوان و دڵ مردوویی خۆمان بدەینەوە.. با بۆ دەسگرۆییەکی بچوك (لەرووی مادییەوە) بەلام مەزن و پڕبایەخ (لەرووی مرۆڤایەتی و جوامێرییەوە) ئەوەندە سوکایەتییان پێنەکرێت کە بگەنە ئەو قەناعەتە تاڵ و کوشندەیەی گوایە هەستی جوامێریی کورد مردووە! با بەدڵ شکاوی و نائومێدییەوە زمانی تیژی ـ حافز ـ مان لێ دەرنەکێشن و پێمان نەڵێن:

"مازیاران چشم یاری داشتیم
خود غلت بود انچه ما پنداشتیم"

هەولێر.. حەسرەت ئاوای (مان)ستانی بەردەرکی (un)
2001/10/6

*

**دەردی دڵ بۆ کێ بەیان کەم**

**(سکاڵایەك لە گەڵ بەڕێز جەمال نەبەز دا)**

مەولانا مەولەوی تاوگۆزی دەڵێت:

"ئازیز وەس بوزەم نە گێجاو خەم
وەس چوون بینایی پەنهان بەر نە چەم
ئەگەر جە وەسڵێچ هەر دڵم ڕێش بۆ
مشیۆ وەسڵ و فەسڵ فەرقشان چێش بۆ"

مامۆستای زێدە خۆشەویستم, هاودڵ و هاودەردی دوورە وڵاتم, بەڕێز د.جەمال نەبەز ئەم کاتەت باش. دەڵێن: (هاودڵی لە هاو زمانی خۆشترە).. منیش، دڵم تەنگە و دەگوشرێت, خەمزەدەیە و دەگری, غەریب و تەنهایە و وەختە بۆ سکاڵایەك و هەڵڕشتنی تۆزقاڵێك لە دەردە بێ دەرمانەکەی دەر بێت، بەڵام لەکوێ؟ لای کێ؟ دەمێکە لەم شارە خنکاوەدا, لەناو ئەو هەموو هاوزمان و هاو رەگەزەدا عەودالی هاودڵێکە و نایدۆزێتەوە ! بۆیە لەخەونە خەیاڵێکدا تۆی بەبیر هاتۆتەوە و بۆیەش بێ پرسوڕا و بێ دەربەست لە وەزع و حاڵ و کاتی تەنگەبەری تۆی هاودڵ، دەرکەی رەنج و حەسرەتی لەلات دەکاتەوە و لەم دوورەوە میوانی خوانێکی خەم و پەژارە و دەرد و کوڵت دەکات.

مامۆستام, منی کورد لەم شارە تاساوەدا گەلێ تەنیام, خەمناکم, تووڕەم, زۆریش تووڕەم.

تەنیام لەو حەشیمەتە زۆرەی چواردەورمدا, خەمناکم لە گەرمە بەزمی ئەم حەشاماتەدا و تووڕەم لە ساویلکەیی, نەزانی, گێژی, لە

سڕبوونی هەستی ئەم حەشاماتەی دەورووبەرم. تووڕەم لە ڕۆشنبیری کورد, لە نووسەری کورد, لە شاعیری کورد, تووڕەم لە پێشەنگی پاشگەڕ و چاوساغی نابینای کورد!

ئاخ مامۆستام, خۆزگەم بەخۆت, دووریت و تەمومژی کوێستانی سەهۆڵبەستووی بیری تاریکی ئەم حەشامەتە ئاوێنەی هەست و بیرت داناپۆشێت و پەڕەی ناسکی گوڵی سووری خۆشەویستیت وەك هی ئێستای من تەپ و تۆزی ڕق و بێزاریی نابارێتە سەر!

مامۆستام, تووڕەیی و بێزاریم لەوەدا دەگاتە ترۆپك و لەوەدا دەتەقێتەوە کە دەبینم ڕۆشنبیری کورد, لێرە, نایەوێ کورد بێت, نازانێ, کورد بوون چییە, تێناگات چۆن بیر بکاتەوە و چی بکات, ڕۆشنبیری کورد, لێرە, نوقمی بیرێکی قووڵ و تاریکە, بزر بووە, خۆی وون کردووە, سرگەردانی بیابانی وشکی جەهلە, چرای خۆی بە ئاگری سوتێنەر و گۆچانی خۆی بە ڕەشمار تێدەگات کەچی گڕی سووتێنەری بێگانە بەچرای ڕۆشن کەرەوە و ئەژدیهایشی بەعەسای دەستی دەزانێت، ڕۆشنبیری کورد، لێرە, دەمامکی لە خۆی بەستووە و خۆی شاردۆتەوە, هەنووکەش نازانێ چیی دەوێت و داوای چیدەکات.. مامۆسام, لێرە, ڕۆشنبیری کورد خەوتووە و تەنانەت لەو خەونەش کە دەیبینێ تێناگات.

ئەو نامەیەت لە بیرە ڕۆژی 2001\8\22 ئاراستەی (سیمیناری قاموس)ت کرد؟... مامۆستام, نامە جوانەکەت بە ناشیرینی خوێنرایەوە, بەشەل و پەتی و بزرقاوی, لەمەیاندا سووچی دەزگای

نـەیار و تێکـدەری (فـاکس) بـوو کـە نامەکـەتی ریـك و پێـك و جـوان و بەخـەتی زل و درشتتر نەنووسیبویەوە تا پیـت و وشـە پیرۆزەکـانی لـەو شەڕگەی فیز و دەمارەدا ئاوا شەهید نەکرێن!

مامۆسـتام, نامەکـەت بـە هـەمان شـەل و پـەتی گەیشـتە کۆتـایی, گەیشتە خاڵی سوور, تۆ شتێکی بڤەت نووسیبوو, چاوساغی نابینامـان بەدیتنی ئەو بڤەیە شـڵەژا, سـوورتر وەرگـەڕا, دەزانـی مامۆسـتام, لـەو حاڵەدا خوێنرێژێکی عەرەبم وەبیر هاتەوە کە لە ساڵەکانی 30 تا 80ی کۆچی دەم و چاوی خۆی بە خوێناوی رۆلەکانی ئەوسامان شۆریبێ!

مامۆسـتا ئیـزن بـدە دەقـی وڕێنـەی ئـەو چاوسـاغەی کـە کـاتی خوێندنەوەی وشە بڤە و پیرۆزەکانتـدا لـە زاری هاتـە دەر بنووسمـەوە: ((...... ئەهوورا...... ئەمـە ئـەو نووسـیویەتی...... ئەمـە قسـەی ئـەوە... ئـەوەتا بەخـەتی خـۆی بـۆ خـۆی نووسـیویەتی...... ئەمـە قسـەی مـن نییـە, هـی...... ئـەو نووسـیویەتی: {ئـاهوورا مـەزدا} پشتیوانمان بێ... ئەوە قسەی ئەو بوو...... بەڵام من دەڵێم: {خـوا} پشت و پەنامان بێت...))!!! لەمەشیاندا ئەو راستییە تاڵە جەرگبڕەم بۆ دەرکەوت کە رۆشنبیری کورد هێشتاش خـۆی ناناسـێت و هێشـتاش نایـەوێ خـۆی بدۆزێتـەوە, هـەر دەبـێ چـاو و گـوێ بەسـتە مـوالی و شـوێنکەوتووی (مـەولا)کان بێـت و هـەر بنێشـتی بزرقـاوی ئـەوان بجوێتەوە. چاوساغی نابینای ئێمە نەیدەزانی ئـەهوورا مـەزدا خوایـە و خواش ئەهوورا مەزدا, نەیدەزانی کورد نزیکەی 24 سەدە پێش عەرەب خـوای ناسـیوە و بناغـەی یـەکتا پەرسـتیی دانـاوە, نەیـدەزانی ئەگـەر

عەرەب وشەی عیبریی (ئەڵڵا)ی بۆ خوا داناوە، ئـەوا کـورد گـەلێ پـێش ئەو (ئەهوورا مـەزدا) واتـە دۆسـتی دانـا, سـەروەری ئاگـای بـۆ یـەزدان هەڵبـژاردووە, نەیـدەزانی کـە هێنـانی نـاوی پـیرۆزی مـەزدا کـوفر نییـە یانخود لەوە دەترسا کە مەلایانی مزگەوت لێی زیز بن و عەرەبی برا لێی بڕەنجێن! بۆیە رەگ و ریشەی خۆی فـەرامۆش دەکات و رەسـەنایەتی لەناخی خۆیدا دەسڕێتەوە و تەنانەت بـۆ بـانگ کردنـی یـەزدانیش هـەر پێڕەوی لە بێگانە و نەیارانی خۆی دەکات.

مامۆستام, دەزانی چـەندە تـاڵ و کوشـندەیە کـە ببینـی لـە وڵات و لـەناو مـاڵی خۆتـدا بـە ڕواڵـەت بـە سەربەسـتی و ئـازادی بـژیت کەچـی نەوێری خواستی خۆت دەر ببڕیت, نەوێری بڵێیت من دەمەوێ خۆم بم و بۆ خۆم بـژیم! بۆیـە لـە سـەرەتاوە پـەنام بـردە بـەر ئـەو هەناسـەیەی مـەولانای تـاوگۆزی, چـونکە منـیش پـێم وایـە ئەگـەر لـە ئـازادی و سەربەستیشـدا هـەر نـەتوانم هـی خـۆم و وەك خـۆم بم, ئیـدی ئـەو سەربەسـتییە چ جیاوازییـەکی لـە گـەڵ زینـدان و بەنـد و بەردەییمـدا هەیە؟!

مامۆستام, دوای کۆتایی هاتنی سیمینار باس لە بەیانی کۆتایی و دوا داخوازیی بەشداران کرا و بۆ یەکێك لـە خاڵـەکانی ئـەو بەیانـە پێشـنیار کرا: ((تاکوو دامەزراندنی زمانێکی ستانداردی کـوردی, ئەگـەر وشـە یـا تەعبیر یا دەستەواژەیەکمان بۆ مەبەستێك پێویست بـوو کـە لـە زمـانی کوردیدا نەبوو, با لە زمانی فارسی کەڵك وەر بگرین چونکە لە زمانەکەی خۆمان نزیکە و پێوەندی و هاوبەشیی دێرینەیان پێکەوە هەیـە)) بـەڵام

دیتمان کە چاوساغێکی نابینای دیکەمان لە هاوەڵان و هاوبیرانی ئەوی پێشوو هەستایەوەو بە سەرسامییەوە گوتی: "نابێ... ئێمە کوردی کوردستانی عێراقین و بە بەغدای عەرەبەوە بەستراوین... ئەی ئەگەر هاتو سبەینێ ئەوان گەڕانەوە سەرمان و ئێمە چووینەوە ئامێزی ئەوان{!!!} چی بکەین و چ وڵامێکیان بدەینەوە؟!... بۆیە هەر دەبێ پشت بە زمانی عەرەبی ببەستین..."!!! لەمەشیاندا ئیدی دەردەکەم کوشندەتر و بێزارییەکەم ڕقاویتر بوو, مامۆستام, دەبینی کە ئێستاش ڕۆشنبیری کورد خۆی نەدۆزیوەتەوە و بڕوای بە خۆی نەهێناوە, هێشتاش نازانێت و ناتوانێت و نایەوێت بگەڕێ بە دوای خودی ونبوویدا و خۆی بدۆزێتەوە!

مامۆستام, پێم بڵێ هۆی چییە کە ئەم میکرۆبی (ئێلینەیشن)ە کوشندەیە هەناوی ڕۆشنبیری ئەمڕۆی کوردی گەناندووە؟ چی بۆتە هۆی ئەم ڕق و بێز و بێزارییە نەفامانەیە لە دڵی کرمۆڵی ڕۆشنبیری ئەمڕۆی کورددا بەرامبەر بە خودی ڕەسەنی؟ کام (سوورێژە) چاوی ڕۆشنبیری ئەمڕۆی کوردی وا کت و کوێر کردووە و کامە (وەبا) ڕەگی غیرەت و هەستی مراندووە؟

مامۆستام, دڵم پڕە لە هاواری خنکاو و خەریکە لەم لاڵستانەی دەوروبەرمدا بە تەنیایی شەق بەرم! سەرچاوەی زمانم پەیڤ و هەناسەی لێدەڕژێت و لەم کەڕستانەی چواردەورمدا خەریکە دەبێتە لافاوی قوڕی خەستی شەرم و نەفرەت و بێزاری! دە پێم بڵێ چ بکەم و چ بکەین و چیمان لە دەست دێت بۆ...؟!

مامۆستام, لێم ببووره, له ترسی تیروکەوانی شـێتی هەنـدێ ڕاوچـیی کۆتره سپییەکان نەموێرا بە تەواوەتی خۆمت پێ بناسێنم بۆیە بە یادی ئەشـوو زەردەشـت و وانـە پیرۆزەکانییـەوە, لـەم نووسـینه بڤەیەمـدا (ئەشا) دەکەمە ناوی خوازیاری خۆم و... !

خۆش و بەختەوەر بژیت دوور لە بیری تـاریکی چاوسـاغە نابیناکـانی لای ئێمە.

(ئەشا) هەولێر 2001/10/15

**تێبینـــــــــــــــی:**

**کاتێ ئەم نووسراوەیەم برد بۆ ڕۆژنامەی میدیا ئەو برادەرانە سەریان لەو ترسەی من ( منی بزێوی زمان سووری قسەڕەقی بێ پەروا) سووڕ مابوو, بڕیار درا ئەگەر ئەوانیش نەیانوێرا بڵاوی بکەنەوە هەر بە فەکس ڕەوانەی لای خودی پرۆفیسۆر جەمال نەبەزی بکەن تا هیچ نەبێت ئەو بە تەنیا بیخوێنێتەوە، بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئەوانیش لەو تاقمەن کە ترسەکەی من باسیان دەکات! . پێویستە بڵـێم ئەوانـەی کـە مـن نووسیومە (لێیان دەترسێم) نە پیاوی سیاسـین و نـە دەسـەڵاتداری سەربازی و نە.....، بەڵکو تاقمێکی (لۆمپەن)ن کە بە ڕواڵەتیش خۆیان بە نووسەر و ڕۆشنبیر و.. دەزانن و... !**

**جەلیل عەباسی**

*

**وەڵامنامەیەکی کراوە بۆ (ئیلنور چێڤیك) و (فاتح ئالتایلی)**

**(دوو ژەندەرمـەی ڕۆژنامـەوانیی تـرك کـە یەکـەمیان بـە قەڵەمـە ژاراوییەکەی و دووەمیان بە زمانە نەخۆشەکەی و هەردووکیش بە فیتی ژەنەراڵە بێ مێشکەکانی سوپای دڕندەی کەمالی لە بیری خەونئاسای داپلۆسین و پلیشاندنەوەی کورددان):**

(1)

**درۆزن فەرامۆشکارە**

جەنابی (کـاك) ئیلنـور چـێڤیك خـەوت خـۆش, {ئـەم وەڵامدانەوەیـە ناچاری کردم لە بەرامبەری نەتەوەکەمدا هەست بە تاوان بکـەم و داوای لێبوردنی لێ بکەم ئەویش لەبەر بەکارهێنانی وشەی (کاك) لە جێگایەکی نەشیاودا, ئاخر وشەی (کاك) وشەیەکی پـیرۆزی کوردییـە و تـەعبیر لـە خۆشەویستی و یەکبوون و تێکەڵاوی ڕۆحـی دەکـات و دیـارە دەبـێ بـۆ شـوێنی شـیاوی خـۆی بـەکار ببرێـت بـەڵام مـن بـەم لادانـەم لـەو ڕێسـا ئەخلاقییە ویستم هەر لە سەرەتاوە مەزنایەتی و لێبوردەیی و ناخی پـڕ خۆشەویستیی نەتەوەیەکی دێرین پیشـانی کەسـێك بـدەم کـە بـە ڕق و کینە و ناڕاستگۆیی و چەواشەکاری گۆچ کراوە و ڕاهێنراوە, کەسێك کـە دەیـەوێ ئـەو گـوڵزارەی خۆشەویسـتی و لێبـوردەیی و کەرامـەتی نەتەوەیـەکی دێـرین بـە ژاراوی ڕق و نـەفرەتی کوێردڵانـە و هەسـتی نەخۆشی سـادییانە ئـالوودە بکـات و بیـژاکێنێ, بـەڵێ مـن ویسـتم بـەو تەعبیرە کوردییەی دەسپێکی نامەکەم ناخی ئاوا کەسێك لەخەوی گران و هیستریکی دەیان ساڵەی ڕاچڵەکێنم و بە ئاگای بهێنمەوە تا بتوانێ لە

ژیـانی چەواشــەیدا هــیچ نــا، بــۆ جــارێکیش بووبێــت وەکــو مرۆڤێکــی ڕاســتەقینەی ڕاســتگۆ و خــودان کەرامــەت بــیر بکاتــەوە و قەڵەمەکــەی نەکاتــە ڕەشاشــی دەســتی چــەند بووکۆکــەی ســەربازیی پــەیڕەوی ئەهریمەنی جەنگ و خوێنڕێژی} !

(کـاك) چـێڤیك, گفتوگۆیەکـەی نـاو هەفتەنامـەی کـوردیی (میـدیا)تم خوێنــدەوە کــە دوو ڕۆژنامــەوانی نەتــەوەپارێزی کــورد لەگەڵیانــدا سازدابووی, پێش هەموو شتێك دەبێ بڵێم کـە ئـەو دوو ڕۆژنامەنووسـە کوردە بە پێی ناخی خۆیـان وایـان زانیبـوو ڕۆژنامـەنووس و ڕۆشـنبیری هیچ گەلێك کەسێتی خۆی لە بازنەی تەنگ و تەسکی درۆ و دووڕوویيـدا قــەتیس ناکـات و هەمیشــە پــەیڕەو و پـارێزەری ڕاسـتی و ڕاسـتگۆییە تەنانەت گەر ئەو ڕۆژنامەنووسە (ترك)ێکیش بێت! ناڵێم ئەوان بەهەڵەدا چــووبوون چــونکە ئاشــکرایە کــە قســە و ویســت و کــردار و دیمــەنی دەرەوەی هەرکــەس دەربــڕو پیشــاندەری نــاخ و بنــەمای پــەروەردەو کەسێتی ئەو کەسەیە و وەك دەشـڵێن: (کەسـێتی هـەر کەسـێك لەسـەر پــەروەردەی ســەردەمی منــداڵی و نــاو خێزانــی ئەوکەســەدا شــکڵ دەگرێـت)! ئـەوانیش وەك دوو ڕۆشـنبیری کـورد کـە لـە قوتابخانـەی کوردانەی ڕاستی و ڕاستگۆیی و خۆشەویستی و دڵسـافی و لێبوردەییـدا پەروەردە بوون و وەك هەموو کوردێك هـیچ جێگەیـەك بـۆ کینـەو درۆ و ڕیاکاری لە دڵیاندا نابێتەوە، بە پەیڕەوی لە پەروەردە و هەرواش ناخی خۆیان, تۆیان بە چاوی مرۆڤێکی ڕاستگۆ سەیر کـرد و وایـانزانی تـۆش ناتوانی کەسێتی خۆت بە درۆ و بە کینەیەکی کوێرانە دۆڕاندبێت! بەڵام

ئایا ئەنجامی بۆچوونەکەیان ڕاست دەرهات؟ بەدڵنیایی و بەداخەوەش {نـــــــا} ! چونکە پیت بەپیتی قسەکانت کە بەداخەوە بەشێکی زۆری ئەو ڕۆژنامە خنجیلە کوردیەیان پێ (ڕەش) کرابوویەوە, لەژێر (پەچە)یەکی دێز و دزێوی درۆ و ڕیا و دووڕوویی‌دا شاردرابوونەوە و ئەوەی کە قسەکانت لێی بێ بەش بوون هەمان ڕاستگۆیی و هەقیقەت و لۆژیکی ئینسانی و گەوهەری کەرامەت بوو! لە قسەکانتدا وا دەردەکەوت کە تۆ یا زۆر زەین کوێر و فەرامۆشکاری یاخود مەوجوودێکی درۆزنی چەواشەکاریت کە بەئەنقەست و بۆ چاوبەست و فریودانی بەرانبەر ڕاستیەکان ئاوەژوو دەکاتەوە و بۆ قازانجی ناشەرعیی خۆی لە هیچ فێڵێکی نامرۆڤانە و هیچ درۆیەکی بێ شەرمانە و هیچ کردەوەیەکی ناشەرعی و نائینسانی سڵ ناکاتەوە ! (وەکوو کوردێك کە بە خۆشەویستی و ڕاستگۆیی و مرۆڤدۆستی گۆش کراوە هیوادارم کە ئەو خاڵەی دووەمیان نەبێت!). گەرچی تۆش هەقی خۆتە وابیت, چونکە پەروەردەی نەریتێکیت لەناو هۆزێکی ڕەوەند و ناسەقامگرتووی ناشارستانیدا کە پێشتر جگە لە سەرگەردانیی بیابانەکانی قەفقاز و ڕێگری و جەردەیی و تالان و بڕۆ هیچ نیشانەیەکی دیکەی نەبووە، ئەمڕۆش هەر هەمان کوشت و بڕۆ و تالان و بڕۆی جاران کە بۆتە کلتوورێکی چەندسەد ساڵەی هۆزەکەت، وای کردووە کە بەڕبەڕیەت ببێتە سەرەکیترین بەشی کەسێتی و سایکۆلۆژیای نەتەوەیی تاکی ترك! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبوایە تۆ و ئەوانەی وەك تۆش کە پەروەردە و ڕاهێنراوی ئەو کلتوورە بەڕبەڕیانەن بتانتوانیبا بیر لەوە

بکەنەوە و تێبگەن کە ئەمڕۆ جیهان و بیروڕای هەمو مرۆڤایەتی گۆڕاوە و ئیدی جێگایەك لە ناخی میللەتاندا بۆ درۆ و فرۆفیشاڵ و خەونە وەهمی ئەتاترکەکان نیە. پێم وایە ئەگەر هەر بە تەنیا ئەوەت بزانیبایە و ئەقڵیەتی وشککراوەت بڕستی دەرك پێکردنی ئەو ڕاستیەی هەبووبا، ئەوا بەو جۆرە خۆت نوقمی قوڕاوی ئەو بیرە پوواوەی پانتۆرانیزم نەدەکرد و تۆش وەك ژەنەراڵەکانتان خۆت سەرگەردانی ئەو لاڕێیە تەریك و پڕ دڕك وداڵەی پێشووتان نەدەکردەوە ! بەم حاڵەشەوە هیوادارم چرا قەنیلەی بیرت هیچ نا ئەوەندە (کوێرسوو)ی مابێت کە بتوانی چەند لاپەڕەیەکی هەرە ڕەش و شەرماویی سەردەمی زەبروزەنگی سوڵتانە ژنانیەکەتان (عەبدولحەمید) و گەنجە دڵڕەش و شەڕاشۆکەتان (مستەفا کەمال)ی بەدناو و... بخوێنیتەوە و بیریش لەوە بکەیتەوە کە:

کورد زۆرجار یارمەتیی ئێوەی سەرگەردانی داوە, گەرچی ئێوەش هەمیشە نمەك نەناس و پێنەزان بوون و پاش تێر خواردن (سفرە)کەتان دڕاندووە, بەڵام با منیش ئەمجارە یارمەتیت بدەم:

- لەبیرتە کاتێ ژەندەرمەکانتان ژنە کوردێکی سکپڕیان دەبینی چییان دەکرد؟ (لەوانەیە تۆ پشتگوێت خستبێ یا بتەوێ ئەو خاڵە ڕەشەی ناو مێژووی پڕ شەرمەزاریی هۆزەکەت بە بۆیەی درۆ بسڕیتەوە, بەڵام بزانە کە = نەنگ بەڕەنگ ناسڕدرێتەوە = و منی کورد بە پێچەوانەی تۆ لەبیرم نەکردووە), بەڵێ ئەوان وەکوو گورگی هاری دێز ئەو ژنە سکپڕەیان دەگرت و سکیان هەڵدەدڕی و منداڵەکەیان لە سکیدا

بە مردوویی دەر دێنا و پارچە پارچەیان دەکرد! لە هەمانحاڵدا دایکانی کورد بە بەزەییەوە دەیانڕوانییە ئەو ژەندەرمە خوێنمژانەی لەشەڕی ڕۆڵەکانی کورددا یەخسیر کرابوون و گوێرەوییان بۆ قاچە ڤایرۆساوییەکانیان دابین دەکرد!!!

- لەبیرتە پێش شەڕی یەکەمی جیهانی چۆن پتر لە یەك ملیۆن کوردتان ئاوارە کرد و لەو کاتەوەش تا ساڵی 1938 چۆن زیاتر لە ملیۆنێکتان لەم گەلە جوامێرە کوشت؟!
- لەبیرتە ساڵی 1922 چۆن چنگی خوێناویتان بە خوێنی سەدان هەزار مرۆڤی بێ تاوانی گریك و چەرکەس و ئاسووری و کورد سوورتر و خوێناویتر کرد؟!
- لەبیرتە پاش ساڵی 1930 ژەندەرمە ڕیسواکانتان چۆن هێرشی گەلەگورگانەیان کردە سەر جەماوەری ڕووت و قووتی کورد و بەجارێك 1123 گوندیان وێران کرد؟!
- لەبیرتە چۆن لە ناوچەی ئاگری دا 320 گوندی کوردتان خاپوور کرد و 10000 کوردی ئاوارەتان لە ناوچەی زیلان بە کۆمەڵ و بە دەسبەسەرکراوی کردنە خۆراکی تۆپ و تەیارە برسییەکانتان؟!
- ئەی لەبیرتە یاخود ئایا دڵی مردووت توانای وەبیرهێنانەوەی ئەو کارە دڕندانەیەی ژەندرمەکانتانی هەیە کە چۆن ژەنەراڵ (ئالپ دگان)ی خوێنخۆرتان 2500 ژن و منداڵی کوردی لە ئەشکەوتەکانی (کوتوزیکداغ)دا زیندانی کردن و بە تەقاندنەوەی ئەهریمەنییانەی ئەشکەوتەکان هەر 2500 کەسەکەی لە چاوتروکانێکدا کردنە

زوخاڵ؟!

- ئەی سەری بڕاوی (عەلی شێر) و (زەریفە)ی هاوسەریت لەبیرە كە بە دیاری پێشكەشی هەمان ژەنەراڵی خوێنمژی بێ كەرامەتی ئێوەی تۆرانی كرا و ئەوی سەرمەستتر كرد؟!
- ئەی ئەوەت لەبیرە كە ئەتاتركساڵی 1917 لە دیاربەكردا نمەكی كوردی كرد و بەڵێنی ڕێوی سیفەتانەی بە كورد دا بەڵام دواتر خاوەنی هەمان سفرەی بە زیندوویی سووتاند كە نانی لەسەر خواردبوو؟!
- دەزانی بۆ هێنانەدیی ئەو خەونە هیستریكەتان (دروست كردنی مێژوویەكی پرشنگداری درۆیینی بێ بناغە) خوێنی چەندین و چەند هەزار مرۆڤی كوردتان بە تایبەتی و سەرجەم غەیرە تركتان بەگشتی ڕژاند و تووشی چ تاوان و جینایەتگەلێكی دڕندانە و نامرۆڤانە بوون؟!

لێگەڕێ با زۆرتری لەسەر نەڕۆم (دەزانم كە ناخی تۆی پەروەردەی خەونە وەهمی بەڕبەڕیەت نەك هەر ناهەژێ بەڵكوو بەو بیرەوەریە جەرگبڕانە سەرمەست تریش دەبێت!). بەڵام منیش هەقی خۆمە بە قسەكانت پێبكەنم چونكە تۆی خۆنەزانكەری درۆزن ئێمەش وەك ناخی خۆت دەبینیت و ئەمرۆش بە ڕووهەڵماڵراوی دەڵێی: ((ئێمە برا كوردەكانمان دەپارێزین))! بەهەرحاڵ, ڕاستە ((كوردەكانی {باكووری كوردستان} هاوبەشن لە كۆماری تركیادا)) بەڵام ئایا ئێوە وەڵامی ئەو هاوبەشی و هاوكارییە ئینسانیەی كوردەكانی باكووری كوردستانتان بە شێوەیەكی ئینسانی دایەوە؟ دەزانی كە (نـــــــا), بەڵكو بە دڕندانەترین شێوە و بە سپڵەییانەترین شێواز خیانەتی گەورە گەورەتان

بەو نەتەوە مەزنە کرد بە ڕادەیەك کە ڕووی سەرجەم دڕندە و فاشیست و شۆڤینی و جەردە و بکوژی سەردەمە تاریکەکانی مێژووتان سپی کردەوە! ئێستاش گەرچی تۆ دەڵێی ((ئێمە نەبین ئەمریکا ناتوانێ کورد بپارێزێ))! دەبێ لە زمانی گەلی کوردیشەوە گوێت لێ بێ کە هاوار دەکات: (ئەوە ئێوەن کە بوونەتە دڕکی سەر ڕێی ئازادیی ئێمە... هاوکاری و پشتیوانی خۆتان بۆ خۆتان و بڕۆن لە بەرچاومان ون بن ئەی دوژمنە دلڕەشە هەمیشەییەکانمان!) بەڕاستی ڕوویەکی هەرە درێژ و چاوسپییانەی دەوێ تا بتوانی بڵێی ((ئێمە گەر بۆ پاراستنی کورد نەبێ هیچ مەسلەحەتێکمان لێرە {باشووری کوردستان} نییە)) بەو قسەیەت سەلماندت کە تۆش نەك ڕۆژنامە نووس و ڕۆشنبیرێکی (مرۆڤ) بەڵکوو لە ڕاستیدا ژەندرمەیەکی فاشی و دلڕەشی یاریگای ڕاگەیاندنی (ترك)یت کە دەیەوێ بە ڕۆنە خەناوییە ئێکسپایەرەکەی مستەفا کەمالی بەدناو سەری مرۆڤایەتی شیرە بماڵێت! ئێوە هێشتاش لە خەونی شێتانەی سەردەمی سوڵتانەکانتاندا ماونەتەوە و هێشتاش لای خۆتان (حاکمی ویلایەتی موسڵ) دیاری دەکەن و هێشتاش هەر چاوتان لەو سەروەت و سامانە کوردییەی کەرکوکی هەمیشە کوردستانە و تەماحی دەست بەسەرداگرتنەوەی, دووهێندەیتر چاوی سوور کردوون, بە جۆرێك کە بە هەموو فڕ و فێڵ و درۆ و دووڕووییەکانیشتانەوە ناتوانن بیشارنەوە, بەوحاڵەوەش بێ شەرمانە دەڵێی هیچ مەسلەحەتێکمان نییە؟! دەڵێی ((من ناسیۆنالیست نیم))!! بەڵام لە هەمان حاڵدا ڕەگەزپەرستانەترین قسەی ناماقووڵت بەزاردا دێت کە ئاشکرایە لە مێشکێکی نەخۆشی شۆڤینییەوە هەڵئەقوڵێن و هی مرۆڤێکی تەندروست نین: ((ئێمە

سیاسـەتی پاراسـتنی میللـەتی تـرك زمانمـان لـە سەراسـەری دنیـادا گرتووەتە بەر !... لە ترکیادا کێشەی کـورد وەکـو نەتـەوە نییـە !... دەبێ کورد بڵێن کە هاووڵاتی کۆماری ترکیـاین!... ترکیـا دیمـوکراتی ترین ولاتی ناوچەیە !... با کابرا تا ئێوارە هەر بڵـێ کـوردم, چـیمان لێ کەم دەبێتەوە))!! لە هەموو ئەوانـەش شـەرمهێنەرتر و شـۆڤینییانەتر ئەوەیـە کـە دەڵێـی ((بـڕوام بـە کوردسـتان نییـە))! ئـەو قسـەڵۆکە وڕێنەئاسایانە نـەك هـی ئـەقڵێکی سـەلیم بـەڵکوو هـی بیرێکـی تاریـك و بۆگـەنی ڕەگـەز پەرسـتانە و هـی مێشـکێکی نەخۆشـی فاشیسـتین کـە هەسـتی مرۆڤایـەتی و کەسـێتی ئینسـانی و شـعور و کەرامـەتی تـاکی (ترك)یان داگرتووە و نـوقمی ئـەو قـوڕ و چـڵپاوە گـەنیوەیان کـردووە, کەوابوو هیوادارم بۆت دەرکەوتبێ کە تۆ و هەموو هاوبیرەکانیشت دیـل و یەخسیری زەبوونی شۆڤینیترین فکر و فاشیترین ئەقڵ و نەخۆشـترین مێشـکن و دیـارە بـۆ دنیـاش و بەتایبـەتی بـۆ هەرهـەموو کـوردیش دەرکـەوتووە کـە (دەنگـی دەهۆڵەکـەتان تەنانـەت لـە دوورەوەش هـەر بێزەون و بێزارکەرە و ئەو خەنەیەش کە دەیگرنەوە ڕەنگی نەماوە!) لە بەشێکی درۆبازیەکەتدا خەریکیت (فرمێسکی تیمسـاح) دەڕێـژیت, چـاو دەنووقێنیت و دەڵێی: ((ئەگەر هێزی ترکیا لەگەڵ ئەمریکا بێت شتێکی ئاساییە بەڵام گەر بۆ گرتنی هەولێر و سلێمانی بێت ئـەوە خراپـە چـون کوردەکان لێی دەترسێن و...))!! گەرچی چاك دەزانم و دڵنیام تـۆش لە من باشتر دەزانی کە ئەو سیستەمە ئـاڵۆز و پـوواوەی ئێـوە هـەر لـە سـەرەتای بنیاتنانیـەوە تائێسـتا و دڵنیـام تـا دواڕۆژیـش نـەیتوانیوەو ناتوانێ بەسەر پێی خۆیەوە بوەستێت و هەر لـە پـەنای ئـەم و ئـەودا و

هەر بە دەرۆزەی سیاسیی تورکانـە خـۆی ڕاگرتـووە و بـەڕێوە بـراوە و ئێستاش وەك منداڵێكی لاساری شەل و شێت بەڵام بە پێی هەلومەرجـە ناسکەکە تۆزێك بەناز, بیـانوو بـە بـاوکی, نـا ببـووره بـە (بابـە پیـاره/ زڕباوکی) دەگرێت و دەیەوێ لە سێبەری ئەودا ئەمجارەش بگاتە نـان و نەوایـەك و تەنانـەت دەیـەوێ ئـەمجارەیان پـێ لـە بـەرەی دڕاوی خـۆی درێژتر بکات و بـەو بیانوویـەوە پێـی گـڵاوی بنێتـە نـاو خـاکی پـیرۆزی کوردستان!, بەڵام تۆش و هاوبیرە نەخۆشەکانیشت با بـزانن کـە کـورد هێندەش زەبوون و لاواز نییە لە چـەند ژەندرمـەی دێوسـیفەتی کـەماڵی بترسێت, کورد لەوەتی هەیە (کـە چـاکیش دەزانـی بـوونی ئـەو لەگـەڵ بوونی ئێوەی سەرگەردانی بیابانەکانی قەفقاس و تەنانەت گەلانیتریشدا بەراورد ناکرێ) هەر بەسەربەرزی و جوامێری و مرۆڤانە ژیاوە و هەر ئەو سەرفرازی و جوامێری و مەزنایەتیەشە بۆتە چقڵی چاوی نیـوە نابینـای دوژمنان و ناحەزانی, نەیار و دوژمنانی کوێردڵی نەتەوەی دێرینی کـورد هەمیشە و بۆ تاهەتایـەش خۆیـان لەبەرامبـەر مەزنایـەتی و دێرینـەیی و ڕەسەنایەتیی کورددا بە (هـیچ) زانیـوە, لەبەرامبـەر ئـەو شارسـتانیەتە دێرینەیـــەدا زەلیـــل و زەبـــوون بوونـــە و هەربۆیـــەش ویســـتوویانە بـــە تواندنـەوەو لـەنێو بردنـی کـورد, تـرس و هەسـتی هیچـێتی و زیللـەت و زەبوونیی خۆیان بشارنەوە! دەبێ بزانیت و چاکیش دەزانـی کـە کـورد زەبروزەنگـــی زۆری تەجروبـــە کـــردووە, فرۆکـــەی نـــەگریس و دزێـــوی ئەهریمەنیی زۆری دیون کە ئاگریان باراندۆتە سەری, تۆپی ڕەشی زۆر دیون کە مەرگیان بەسەردا باراندووە, کورد هەڵمەت و هێرشی دڕندانـەو قڕکەرانـەی زۆری کراونەتـە سـەر, زۆرجـار گەلـە گورگانـەی لێ کـراوە و

هەوڵی سڕینەوەو تواندنەوەی دراوە بـەڵام دەبینـی کـە هێشـتا هـەر بـە هەمان سەربەرزی و سەرفرازی ماوەتەوە و بەکوێرایی چاوی دوژمنان بە سەر پێی خۆیەوە ڕاوەستاوە. کەوابوو ترس لـە دڵـی ئـاوا نەتەوەیەکدا جێی نییە, بەتایبەتی لەبەرامبەر دوژمنێکدا کە چاکی دەناسێت و بڕوای وایە کە (گورگێکی دڕندە بەڵام ترسنۆك و بـێ جەوهـەرە)! ئـەم گەلـە جوامێرەی کورد لەم هەموو ساڵەشدا زۆرتر پێگەیشتووە و تێگەیشتووە کە چۆن لە وەها بارودۆخێکدا ناکۆکیە ناوخۆییـەکانی وەلا نێـت و یـەك بگرێـت و وەڵامـی دەسـدرێژیی دوژمنـان بداتـەوە, دیـارە واتـای ڕاستەقینەی ئەم هاوکێشەیەش بەکاتی خۆی و لە مەیداندا دەردەکەوێت بەڵام هاوبیرانی تۆ ئەوکاتە ئیـدی نـاتوانن ئـەنجامگیری بکـەن، چـونکە تـازە هەلەکـەیان لـەکیس چـووە و بـۆ پەشـیمان بوونـەوەیان درەنـگ بووە.. زۆر درەنگ! پاشان دڵنیا بە کوردی سەرفراز ئەو ئاواتـەتان پـێ دەباتە ژێرگڵ و ئیزن و مـاوەی ئەوەشـتان نـادات کـە لـە ژێـر سـێبەری چڕی بابەپیارەکەتاندا بێن و بیکەنە تەراتێن, بەم پێیەش هاتنی سوپای ژەندرمەتان لەگەڵ ئەمریکاشدا لای ئێمـە ئاسـایی نییـە و لـە ئێسـتەوە پێتان دەڵێین کە هێندە کورتبین مەبن و ئـاگر بـە داری تـەڕەوە مـەنێن چونکە دووکەڵەکەی هەر تەنیا چاوی کەم سۆمای خۆتان کوێرتر دەکات و بەس! ئەوەش ماوە پێت بڵێم کە بەناو بەرەی ترکمانی, ئەو خێڵۆکـە چەند کەسییەی کە بە ئەفیونی گرووپـی گورگـە بۆرەکـانی لای خۆتـان (PMF) خاوتـان کردوونەتـەوە و چەشـە و چەواشـەتان کـردوون، لـە ڕاستیدا بە نەزانی و ساویلکەیی, خۆیـان بەگوریسـی ئێـوە دەخنکێـنن, گەرچـی هـەر شـیاوی ئەوەشـن چـونکە ناخیـان هـەر بـە جاشـیەتی و

خۆفرۆشی و ئاژاوەگێڕی ڕاهێنراوە و تەنانەت لەوەش کەمترن کە بتوانن جاشـــایەتیەکەیان بـــە تـــەواوەتی و ڕێکـــوپێکی چ بۆئێـــوە و چ بـــۆ بەعسیەکان بەرنەسەر, بەڵام با لەمنەوە ئامۆژگاریەکی خێرخوازانە بێت بـۆ ئێـوەی نووسـتو کـە خۆتـان مەخەنـە ئـەو چـاڵەقوتەی کـە چـەند هاوجاشێکی سەنعان قەساب و جەمال شان و... هەڵیان کەندووە, ئـەو پاڕانەوە زەلیلانەیە و ئـەو زەبوونیـە دووڕووییانـەی کـە ئـەو تاقمـە بـێ ڕەگوڕیشە و بێ نرخـە لەبەرامبـەر ئێـوەی کـورت بینـدا دەری دەبـڕن، هەمان چاڵەقوتی نەنگ و نەگبەتی و ڕیسواییە و دڵنیابە کـە هـەر تـەنیا ئێوەشـی تێدەکـەون و ئەوکاتـەش دەرهێنانـەوەتان مەحاڵـە, کـەوابوو باشترە گەر لەهەموو مێژووی ڕەشتاندا بۆ جارێکیش بووە، تۆزێك ڕۆشن بین بن و بە (چخە)یەك لە خۆتانیان دووربخەنەوە و لـە بـیری خۆتـان و سیستەمە نەخۆشـەکەتاندا بـن کـە ئـەمجارەش کەرامـەتی کـەمڕەنگ و دەیانجار دۆڕاوی خۆتان نەدۆڕێننـەوە! ئـەوەی ئامـادە بـوو کەرامـەتی خۆی چەند جار بدۆڕێنێت, ئەوا یا هەر نیەتی یاخود گەر هەشـیبووبێت هێشـتا لەکەسـێتیی خۆیـدا نەیدۆزیوەتـەوە, وەك کـوردێکی جـوامێر و لێبـوردە هیـوادارم کـە ئێـوە ڕووبـەڕووی خـاڵی دووەم ببنـەوە, ئـەم هیوایەشم لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە کـوردم و کـوردیش لێبـوردە و مەزن و دلۆڤانـە و وانـەی لێبـوردەیی و جـوامێری و دڵاوایـی بـە هـەموو مرۆڤایەتی دادەدات.

( 2 )

## سەرەوخوار

– مامە فاتیح ئالتایلی ڕۆژنامەچیی ناڕۆشنبیری ترك, سووکایەتی و جنێوەکانتم بیست کە لەبەرامبەر نەتەوەی دێرینی کورددا بە دەم هەڵتڕشتبوون. گەرچی من و هەزاران کوردی وەك من ئێوە چاك دەناسن و دەزانن کە بایی چەندن و قورساییتان چەند لەسەدی میلی گرەمە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەردەڵێم چاکت کرد, تۆ هەندێ ئەرکی پێناسەی کەسێیەتی ترکیت لەکۆڵ من کردەوە و بە هەموانت ڕاگەیاند کە ئەو خێڵە ڕەوەندەتان بە چەپ و ڕاست و سەر و خوار و ڕەش و سپی و بەرز و نزمییەوە تاچەند خاوەنی مەنتق و لۆژیك و ئوسلوبی دیالۆگە و تاچەندیش شارەزا و پەیڕەوی ڕێسا ئەخلاقی و ئینسانیەکانە !

– مامە ئالتایلی, من دەمەوێ هەندێ بەشان و باڵتدا هەڵ بدەم و کەمێك بتخوێنمەوە بەڵام وا نەزانی مەبەستم تەنیا خودی خۆتی, نا... بەڵکو تۆ بە نموونەی هەرهەموو هاوبیر و هاونەوعانت دادەنێم و قسەت لەگەڵدا دەکەم, شتێکی دیکەش هەیە حەز ئەکەم بیزانی, ئەویش ئەو ناونیشانەیە کە لە سەرەتای بەشە تایبەتەکەی تۆدا نووسیومە, هیوادارم واتاکەی لەبیر نەکەیت تا دەگەیە دوایین دێڕی نووسینەکەم و ئینجا فەلسەفەی هەموو قسەکانم لەو شیعرەی کۆتاییدا بە ئاشکراتر وەربگریت. من لێرەدا وەڵامێکی دووجار پێچەوانەت دەدەمەوە, یەکەمیان ئەوەیە کە قسەکانم پێچەوانەی جنێوەکانی تۆن و دووەمیش تۆ پیت بە پیتی هەموو وشەکانم (پێچەوانە) وەربگرە:

– مامە ئالتایلی, {جەنابت ڕۆژنامەنووسێکی بیرتیژ و هەرە

ڕۆشنبیریت, مرۆڤێکی ڕاستەقینە و ڕاستگۆ, بە ئەدەب و بەشەرم و حەیا, جوامێر و بەشەرەف و کەرامەت, پیاوێکی تەواو, بە واتای ئینسانییەت ئینسانیت. ڕەنگت چەند خۆشە دەنگت دووهێندە, ناوچاوت چەند ڕۆشنە دڵت دووهێندە, ناخت چەند پاکە کەسێتیت دووهێندە, تۆ دڵاوایت, جوامێری, لێبوردەی, بەخشندەی, لێوەشاوەیت. تۆ زمانت شیرینە, قسەت خۆشە, کردەوەت چاکە, ئاسۆی ڕوانینت زۆر ڕوون و فراوانە, زۆر واقیعبین و خۆشبینیت. کەسێتی و شەرەف و کەرامەتی تۆ پاك و بێگەردە و هیچ پەڵەیەکی شەرمەزاری و سەرشۆڕیی پێوە نیە, تۆ هەرگیز دەرۆزەت نەکردووە, قەد تووشی بێناموسی نەهاتوویت, هەرگیز ناموست نەفرۆشتووە, قەد ژن و دایك و خۆشکی خۆت هەڕاج نەکردوون, هەرگیز سەری حیزت لە بەرانبەر زۆردار دانەخستووە و لە بەرامبەر لاوازتر لە خۆشتدا دەستت نەبردووە بۆ دزی و چەتەیی و ڕێگری و تاڵان و بڕۆ, قەد نەبووە تۆ سەرشۆڕی لای گەورەتر بیت و دەسدرێژی کەر بیت بۆ سەر بچووکتر, تۆ هەر لەگەڵ ئادەم و حەوادا هەبوویت و نیشتەجێی سەر زەمینی ڕەسەنی خۆت بوویت, شارستانەتێکی ڕەسەنت هەیە کە دەبێتە دایکی هەموو شارستانەتەکان, تۆ کۆچەر و ڕەوەند و سەرگەردان و بیابان پێوی برسی و هیچ نەدیو نەبوویت. ئەقڵی تۆ سەلیمە و مێشکت تەندروستە. تۆ ئەو ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیریەی کە ئێستا هەتە هەر هی خۆتە و لە نەتەوەی بندەستی خۆت نەتدزیوە, تۆ ئەگەر شارستانەت و هونەر و ئەدەب و ڕۆشنبیریی گەلانی دیکەت لێ بسەنرێتەوە, ڕووت نابیتەوە چونکە هی خۆتە و لاسایی کەس

ناکەیتــەوە, پێویســت ناکـات مێــژووی پرشـنگداری درۆیـین بـۆ خـۆت دابتاشی، چونکە خاوەنی مێژینەیەکی ڕاستەقینەیت, تۆ قەد وەك ڕێوی بە خواردنی پاشماوەی شکاری شێر خۆت نەژیاندووە, تۆ نـەبوویت کـە بــێ ئــەخلاقی و سووکەســەری و خۆفرۆشــی و فەســادی هەمەلایەنــەت خستۆتە ناو کۆمەڵگەوە, تۆ مرۆڤێکی دیموکرات و دیموکراسی خوازیت, خاوەنی پەرلەمانێکیت کە شەرعیەتی هەیە و قسەی ژەندرمە نابیسێت, چەك بەسەر هەست و نەستی تۆدا زاڵ نەبووە، تۆ شەرەف و کەرامەتی خۆت بە دۆلار نافرۆشی. تۆ تاکی ترك بە ئەفیوونی مێژووی هەڵبەسـراو خاو ناکەیتەوە و لەسەر بەڕبەڕیەت ڕای ناهێنی, لە بنەڕەتدا بەڕبـەڕیزم نەبووەتە کلتووری نەگۆڕی تۆ. تۆی ترك مرۆڤێکی ڕۆشـنبیر, ڕاسـتگۆ, بە کەرامەت و جوامێر و سەربەرز و ڕەسەن و سەرفرازیت و هیچ پەڵـە و لەکەیەکی شەرم و نەنگ و سـووکی بـە ناوچـاوتەوە نییـە و لـە هەرچـی خراپە و دزێوی و درۆ و قیزێونیە بەری و بەدووریت}.

– مامە ئالتایلی, دەترسم ناونیشانەکەی سەرەتات لـەبیر کردبێـت و بەم لایەلایە خەوت لێ بکەوێت بۆیە ناچارم کۆتایی پێ بهێـنم و کـەلامی شـیرین و فەلسـەفەیی شـاعیرێکی هەسـت ناسـکی کـوردت بـۆ دووبـارە بکەمەوە کە دەفەرمووێ:

**"ئەتۆ زەمم دەکەی مەدحت دەکەم من**

**جەزای قەولی درۆ با هەر درۆ بێ"!**

**جەلیل عەباسی...**

**2002/3/9 هەولێر**

*

نامە ناخوێنرێتەوە

## بانگ... بانگ... بانگەواز

ئەگەری هەڵمەتی سەربازی و لێدانی عێراق لـە لایـەن ئـەمریکاوە لە ئارادایە و تا دێ زەقتر و جدیتریش دەبێتـەوە, ڕاستە ئێمـەی کـورد (وەك جەماوەر) بەگەرمی چاوەڕوانی ئەو هەڵمەتەین و بەشێك لە ڕزگـار بـوونی خۆمـان لـە ڕووخـان و نـەمانی دیکتـاتۆرە ملهوڕەکـەی بەغـدادا دەبینینەوە بەڵام ئەوی ڕاستی بێت زۆر گورگ و ڕێویی کەڵبـە پـاویش هەن کە خۆیان مەڵاس داوە تـا شـکاری شـێرەکە بقۆزنـەوەو...! یـەك لەوانەش هەمان گورگە بۆرەکان (ترك)ن کە هەر لە ئێسـتاوە کەڵبـەیان بـۆ هەڵـدڕین و کـەوڵکردنی کـورد چـیڕ کردۆتـەوە. تـرك, ئـەو ڕەگـەزە ناڕەسەنەی کە دوژمنی خوێنی و دێرین و هەمیشەیی نەتەوەی کـوردە, هەموو توانای ئەهریمەنیی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ قۆستنەوەی ئەو هەلە و گـۆڕینی بارودۆخـە ناسـکەکە بـەقازانجی خـۆی, خـۆ گـەر بـە پێـی قسەلۆکە خیانەت ئامێزەکانی کەسانێکی وەك (...) و (...)یـش بێـت، ئەوا بە زووترین کات و پێش هەموان قاچی نەحسی دەخاتـە سـەر ئـەم خاکە پیرۆزە و گلاوی دەکات. با لەوەش دڵنیا بین کە ژەندەرمەی تـرك نە بۆ ڕووخاندنی سەدام و نە بۆ ڕزگارکردنی عێراق و نەش بۆ پاراستنی (کۆڵەبـەس)ە ناشـەرعییەکەی واتـە بـەناو (بـەرەی ترکمـانی) دێتـە کوردستان, بەڵکوو تەنیا و تەنیا بەمەبەسـتی داگـیر کردنـی ئـەم خاکـە پیرۆزە و کوشتوبڕی کورد و تالان و بـڕۆی سـامانی هـەرە دێرینـی ئـەم نیشـتمانە کوردییـە دێـت و وەك هەمیشـەش کوشـندەترین ژاری ڕقـی کوێرانەیمان پێدەڕژێنێ. هەرچی لە بارودۆخەکەش ورد دەبمەوە دەبینم

کە بەداخەوە لە بەرامبەری ئەو مەترسییەدا ناتوانین (وەك جەماوەری کورد) پشت بە هێزی چەکداری حزبەکانمان ببەستین و پێدەچێ کە بە تەنیا بمێنینەوە, بۆیە زۆر پێویستە کە هەر لە ئێستاوە بکەوینە خۆ و هەر خۆمان چارەیەك بۆ خۆمان بدۆزینەوە. من تەنیا یەك ڕێگە شك دەبەم بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو مەترسییە کە بتوانێ تا ڕادەیەکی هەرچەند کەمیش بێت بمانپارێزێ یاخود ورەی زیندوومانەوەو ئیمکانی بەرگریمان بداتێ, ئەویش ئەوەیە کە ژن و منداڵ و کوڕو کچی کورد (ئەوەی توانای بەپێوە وەستانی هەیە) چەك هەڵبگرێت و لەماڵەوە دای بنێت بۆ ئەو ڕۆژە تا بتوانێ لە کاتی خۆیدا لە بەرامبەر هەرچەشنە دەسدرێژی و دڕندایەتییەکی گورگەبۆرەکاندا بەرگری لە نامووس و کەسێتی و کەرامەتی خۆی و خێزان و بنەماڵەی بکات و بە زەلیلی نەکەوێتە ژێر پۆستاڵی ڕەش و چەپەڵی ئەوان و بە بەرچاویەوە نامووس و کەرامەتی پێشێل و لەکەدار نەکرێت! مەبەستی من هەڵمەتێکی خۆچەکدار کردنی جەماوەرییە بۆ ئامانجێکی پیرۆزی مرۆیی و نەتەوەیی نەك نواندنی سیناریۆیەکی حزبی, وەك پێشتریش گوتم هیچ هیوایەك بە حزبەکان نییە بۆ سەرخستنی ئەو پرۆسە ئینسانییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە حزبەکان (ئەوانەی ڕاستگۆن لە کوردایەتی و نەتەوە پارێزیدا) ئاوڕ لەو لایەنە بدەنەوەو وڵامی نیاز و داواکاریی جەماوەری کورد بدەنەوە بۆ ئەو بوارە گرینگە, چوونکە دەبینین ترکەکان خەریکی پڕچەك کردنی هێلانە سیخوڕییەکەی (P.M.F)ن و ئەوانیش خەریکی دابەشکردنی ئەو چەکانەی ترکیان بەسەر چەواشەکراوەکانی ناو بەرەی

ترکمانیـدا و دیاریشـە کـە چ پـیلان و نیـازێکی گـڵاو لـە پشـتی ئـەو هەڵمەتەوەیە! بۆیە دەڵێم حزبـە ڕاسـتگۆیەکانی کـوردیش لـە سـەریانە زۆرتـر و باشـتر ئـاوڕ لـەو لایەنـە بدەنـەوە و چـەك بدەنـە دەسـتی ئـەو هاوڵاتیانـەی کـە داوایـان لێدەکـەن, خۆزگـەش دەخـوازم کـە هـەموو حزبـەکانمان لـەم بارودۆخـەدا جێـی بـڕواو متمانـەو پشـت گـەرمیی جـەماوەری کـورد بوونایـە. بەهـەرحاڵ بارودۆخەکـە ناسـکە و مەترسییەکەش جدی و کوشندەیە و دوژمنی دێرینیش لە بۆسەماندایە و سەرەکیترین و حەیاتی ترین پێداویستیی جەماوەری کورد هـەمان خـۆ چەکدار کردنیەتی بۆ پاراستنی کەرامەتی خۆی و بەرگری لە هەرچەشنە هەڕەشـە و دەسـدرێژییەکی دوژمنـان و، گـەر واش نەکـەین ئـەوا دەبـێ پاش داگیرکردنی وڵاتەکەمان لە لایەن ژەندەرمەی ترکەوە, پرسـەیەکی هەمیشەیی بۆ شەرەف و کەرامەتمان دابنێین...!

بژی کوردی ژیر ... ... ... بژی کوردستانی ئازاد

جەلیل عەباسی هەولێر 2003/1/4

*

## نامەیەکی کراوە بۆ هێژا مەسعوود بارزانی

"دوژمنی دوێنێت بە دۆست مەزانە و پشتی پێ مەبەستە، دوژمنی دوێنێ وەکوو مار وایە و دوای سەدساڵیش هەر لەبیری پێوەدان و چزاندن دایە" (ئاڤێستای پیرۆز)

**هێژا مەسعوود بارزانی**

**سلاوێکی فرمێسکاوی و ڕاچڵەکێنەرانە**

لە مێژە دەمەوێ لەسەر هەندێ ناتەواوی و ناتەبایی سیستماتیکی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان (حزب و حکوومەت و سەرجەم دام و دەزگاکانی) بەکراوەیی قسەتان لەگەڵ بکەم و پەردە لەسەر گەلێ کێشەی سیاسی و کۆمەلایەتی و... هەڵدەمەوە کە وای بۆدەچم لە بەڕێزتان شاردراونەتەوە، بەلام بەداخەوە ئەو هەل و دەرفەتەم بۆ نەڕەخساوە! بەلام ئێستا ناچار بووم ئەم نامە کراوەیەتان ئاراستە بکەم، ئەڵبەت نەك بۆ ئەو کێشە ناوخۆییانەی کە ئاماژەم پێدان بەڵکوو بۆ کێشەیەکی گشتی و هەمەلایەنە و حەیاتیتر کە پەیوەستە بە بوون و مانی نەتەوەییمانەوە:

بەڕێز کاك مەسعوود

دوایین هەواڵ تا پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ (یەك شەمە 2003/2/23) ئەوەیە کە ئامریکا و ترکیا پێکهاتوون لەسەر هاوکاری سەربازی و هاتنی سوپای چەکداری ترکی بۆ ناو خاکی پیرۆزی کوردستان، بائەو داواکاری و پێداگریە بێ شەرمانەیەی ترکەکان لەمەڕ چەك کردنی هێزی پێشمەرگەی کورد لەجێی خۆیدا بوەستێ کە من بە سەرنجدانە

سیاســەتی پشــتی پــەردەی زلهێزەکــان ئــەو هەڵمەتــە دوژمنکارانــە و قڕکەرانەیەش بەدوور نـازانم! پێشـتر گوتوومـە کـە سـوپای داگیرکـار و دڕندەی ترکی تۆرانی تەنیا بۆ داگـیر کردنـی وڵاتەکـەمان و داپڵۆسـینی کوێرانەی گەلەکەمان دێتە ناو خاکمانەوە نەك بۆ شتێکی دیکـە، دیـارە دەمێکیشە لـە ڕێگـەی جاسوسـخانەی (P.M.F) و کوڵـە نۆکـەرەکانی بەناو بـەرەی ترکمانییـەوە ڕێگـا خـۆش دەکرێـت بـۆ ئاسـانکردنی ئـاوا هێرشێکی داگیرکارانە و هەڵمەتێکی داپڵۆسێنەرانەی ترکە شۆڤینییەکان دژ بــە ئێمــەی کــوردی هەمیشــە چەوســاوەی ڕزگــاریخواز! کەچــی ئــەم دەسەڵاتەی ئێمە نەك هەر ڕێی بەو زاوزێ کردنە ڤایرۆساوییە نـەگرتووە بەڵکوو بە جۆرێك خۆیشی لێ گێل کردووە!

بەڕێز کاك مەسعوود

ناچــارم وردە گلەییــەکتان ئاراســتە بکــەم کــە ماوەیەکــە نــاخم دەخواتەوە:

1_ کـورد دەیتـوانی لـەم دەسـاڵەی ئازادییـدا شایسـتەیی و ڕەوایـی حوکمی خۆی بسەلمێنێت و بە یەکدەنگ و یـەك دڵ داوای مـافی ڕەوا و زەوت کراوی خۆی بکات کە هەمان کیانی سەربەستە و ئاشکرایشـە کـە ڕای گشتیی جیهانییش ئامادەی بیسـتن و وەرگرتنـی ئـاوا داواکاریـەکی ئێمەی کورد بوو، کەچی ئێمە لەگوێی گادا نووستین و ڕۆژ بەڕۆژ ئیرادە و خواست و ئارەزوەکانی خۆمان بچووك و بچووکتر کردنەوە!

2_ لە کـۆنگرەی ئۆپـۆزیسـیۆن/ لەندەنـدا وەك قورسـترین وەزنـە و دیارترین و کاریگەرترین لایەنی هەموو ئۆپـۆزیسیۆنی عێراقی دەمانتوانی

دەنـگ بـەرز بکەینـەوەو زەمینـەی وەدەسـهێنانی مـافی ڕەوای خۆمـان خۆش بکەین کەچی خۆمان بـە لاواز پیشـان دا و ئـاواتی گـەلمان لـەبیر کرد و خواسـت و ئـیرادەی نەتـەوەمان بەهەنـد وەرنـەگرت، ئـەویش بـە ڕادەیەك کە چەند عەرەبێکی تا سەر ئیسك شۆڤینی، زمان دەربهێـنن و بمانکەنەوە بە (هیچ)!

3_ پـاش ئـەو کۆنگرەیـە و لـەم ماوەیـەدا دەمـانتوانی وڵامـی زۆر هێرشـی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆی دەیـان ناحـەزی وەك سـامەڕایی و مەکیـە و چـەلەبی و قەسـاب و شـان و... بدەینـەوە و جـەماوەریش ئاگادار بکەینەوە و ئامادەی بکەین بۆ هوشیاری و هەڵوێست وەرگرتنـی نەتەوەیی کەچی بە پێچەوانەوەو تەنانـەت سـوورتر لەوانـەش کـە نـاوم بردن خۆمان خەریکی عێراقچێتی کرد و ئەوانمان سوارتر کردن!

4_ لە کاتێکدا کە لـەم هەلومـەرج و بارودۆخـە هەسـتیارەدا هـەموو دوژمـن و ناحـەزانمان هەرچـی کێشـەو نـاکۆکی و جیـاوازیی ڕەگـەزی و کلتووری و مێژوویی و تەنانەت ئایدیۆلۆژییان هەبوو، وەلایان نا و خۆیان دژی ئێمەی کـورد یەکخسـت، ئێمـەی کـورد خۆمـان خافڵانـد بـە چـەند هاوکێشەیەکی هەرە بچووکی خێڵەکی و سەلیقەیی و... کە ئەمـەش لـە کێشە سەرەکیەکان و لە خودی خۆمانیشی دابڕیین!

5_ بەناو بەرەی ترکمانی بە پشتیوانیی ڕاستەوخۆی ترکیای کەمالی و بـــەهاوکاری و ڕێنـــوێنی گورگـــە بۆرەکـــانی نـــاو ســـیخوڕخانەی (P.M.F)ەوە بەکرێگیراوەکانی خۆی پڕچەکتر کرد و خۆی تـەیار کـرد بۆ ئەو ڕۆژە ناسکەی کە خەریکە دادێت بۆ هەڵمەتێکی گەلەگورگانە بە

مەبەستی تواندنـەوە و قەڵاچـۆی کـورد کەچـی ئێمـە نـە جـەماوەرمان ئاگـادار کـردەوە و نــە دژکردەوەیــەك یـاخود هەرچەشـنە بـەرگری و پێشــگرییەکمان لــەو زاوزێ کردنــە ڤایرۆســییانەیە کــرد بــەڵکوو بــە پێچــەوانەوە لـــە هەڵمـــەتێکی نەشـــیاوی ناوشـــیارانەدا بـــە ســـەدان پێشمەرگەمان چەك کرد، سەرچاوەی ژیـانی مـادیی جـەماوەرمان وشـك کــرد یــاخود لــەوەش کوشــندەتر خــاکی پـــیرۆزی وڵاتەکــەمان وەك پێشکەشـییەك لەسـەر ئـەو دوژمنـە هەمیشـەییانەی خۆمـان تـاپۆ کـرد و...!

6_ ئێمەی کورد هەرلە بەرەبەیانی مێـژووەوە تائێستاشـی لەگەڵدا بێت گەورەترین و سەخت ترین تاقیکاریی مێژووی مرۆڤایەتیمان تێپـەڕ کـردووە (بـە نموونـەی مشـتێك لـە خـەرمان دەڵـێم): بووینـە پـرد بـۆ پەڕینەوەی ترکە سەلجووقیەکان، بۆ سەفەویەکان، بـۆ عوسمانلیـەکان، بـــۆ قەجـــەرەکان و تەنانـــەت بـــۆ ئـــەتاترکی بـــەدناویش، ئـــەوانیش هەرهەموویان دوای پەڕینەوەی خۆیان بێ بەزەییانە پشتیان شـکاندین، فەرەنسا و ئەڵمانیا و بـەریتانیا و ئێـران و عێـراق و ئەلجـەزایر و تـرك و ئــەمریکای ســەردەمی کیســینجەر و هــەر هــەموو وڵاتــانی عــەرەبی و بەتایبــەتیش تیرۆریســتە فەلەســتینیەکان و... هــەرکام بەچەشــنێك خیانەتیان پێ کردین و پێشێلیان کردین کەچی هەر پەند و ئـەزموونمان وەر نەگرت و دەیانجار لە کونێکەوە مار پێوەی داین و دەیانجار فریوی ئەملاولامان خواردەوە، هەر بەخۆدا نەهاتینەوە و ئێستاش لە ناسکترین بارودۆخدا خـەریکین جـارێکی دیکـە دەبینـەوە پـرد بـۆ پەڕینەوەیـەکی

دیکەی دوژمنە دێرینەکانمان!

7_ ئێستاش کە ژەندرمە دڕندەکانی تورانی خەریکن خۆیان ئامادە دەکەن بۆ هێرشی داگیرکارانە بۆ سەر خاکمان، ئەویش لە ژێـر چـەتری زلهێزێکی درۆزنی هەمیشە ئیپریالیست دا، زوڕیەتەکانیشی لە هـەولێری پایتەختی کوردیدا خەریکی پیلان نانەوەو خۆسازدان و هاشەوهووشە و تـەراتێنن کەچـی هێشـتاش سـەرکردەیەکمان نایەتـە نـاو جـەماوەر و جـەماوەر ئاگـادار و هوشـیار ناکاتـەوە و هـیچ پلانێکـی میللیمـان بـۆ بەرەنگاری نەخستۆتە بەردەم جەماوەر!

هێژا کاك مەسعوود بارزانی

فـارس دەڵێـت: (سـخن را روی بـا صـاحب دلان اسـت)، منـیش وەك ڕۆژنامەوانێکی کورد کە بەدوور لە هەر جۆرە ئایدیۆلۆژییەکی بەرتەسکی حزبی و ئایینی، دڵی بۆ ئێستا و ئایندەی وڵات و نەتەوەکەی لێدەدات، بــەڕێزتان بــەو (ســاحیب دڵ)ە دەزانم و بەچــاوی (ســنگ صــبور)ی نەتەوەکـەم سـەیرتان دەکـەم {کـە هیـوادارم بـە هەڵـەدا نەچـووبم و پەشیمان نەبمەوە} بۆیـەش بـەم ڕاشـکاویە ئـەو گازندەیـەتان ئاراسـتە دەکــەم و ســکاڵاتان لەگــەڵ دەکــەم و دیاریشــە دەمــەوێ ســکاڵا و گازندەکەم هەژێنەر و ڕاچڵەکێنەرانە بێت.

بەڕێز کاك مەسعود...

خۆتان هەمیشە و هەردەم دەڵێن و دووپاتەی دەکەنەوە کە:

- ☐ قوتابیەکی بەوەفا و شایستەی قوتابخانەی بارزانین،
- ☐ پەروەردەی ژێر سێبەری ئاڵایـەکن کـە بۆتـە سـیمبولی پـیرۆزی

(بوون)ی نەتەوەیەكی دێرین،

 جەماوەری كورد بە (ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازی كورد)تان دەزانێت،

 ناختان لێوڕێژە لە خۆشەویستی و بڕواو متمانە و ئەشق و شانازی بە كورد و كوردستان، هەرئەوەشە كە چاوەڕوانیی زۆرترتان لێدەكرێت و دەكرێنە هەمان (سنگ صبور) و تەنانەت نیشانەی سكاڵا و گلەو گازندەی سەرجەم جەماوەری كورد. ئەگەر وایە، ئەوا زۆر پێویستە بە هەمان شێواز و ڕێبازی شۆڕشگێڕانە و پێشمەرگانە ئاوڕی زۆرتر لە خواستی دڵی جەماوەری كورد بدەنەوە، خواستی جەماوەری كوردیش لەم بارودۆخە ناسكەدا هەمان بەرەنگار بوونەوەی هەرچەشنە هێرش و هەڕەشە و مەترسیەكی دوژمنانە و هەمان پاراستنی كەرامەتی میللیی خۆیەتی لە پاڵ پاراستنی ئەم دەسكەوتە پیرۆزەدا (ئازادی و ئەزموونی خۆ بەڕێوەبردن) كە لە پێناویدا خوێنی بەخشیوە. دیارە سەركردەیەكی شایستە و ڕاستەقینەی بەو تایبەتمەندیانەی سەرەوەش پێویستە و دەبێ ئەو خواستە پیرۆزە لەبەرچاو بگرێت و پێداویستیەكانی دابین بكات.. گەر وا نەبێت، ئەوا ئەو ناوە شانازیئامێزەی پێ نابڕدرێت. !

كاك مەسعودی بەڕێز..

ئەمڕۆ لە لایەن گەلێ ناحەزەوە و بەتایبەتی لە لایەن دوژمنێكی دڕندەی مێژینەوە كە هەمان تركی كەمالییە، هەڕەشەی نەمان و تواندنەوەمان لێدەكرێت و ئێمەش دەبێ بە كردەوە بیر لە ڕێگا و شێواز

و ئیمکانیاتی بەرگری و بەرخۆدان بکەینەوه، من پێم وایە یەك لەو ڕێگاو شێوازه (کە حەیاتیترین ڕێگاشه) ئەوەیە کە کوردی ئەمڕۆ بە ڕەمەکی و ڕۆشنبیر وحزب و لایەنی سیاسی و سیاسەتمەدارەوه گەر بۆ جارێکیش بووبێت هەموو ناکۆکییە عەشیرەییەکان و ناتەباییە خێڵەکیەکان و جیاوازیە سەلیقەییەکانی ڕابردووی وەلا نێت و ڕق و کینەی خێڵایەتی فەرامۆش بکات و یەك بگرێت، هەر هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکانی کورد لە هەر گۆشەیەکی ئەم خاکە پیرۆزەدا و بە هەر مەرام و دروشم و بیروبڕوایەکەوه، بە گیانێکی برایانە و تەبا لە ژێر چەترێکی یەك مەرام و یەك دروشم و یەك ئارمان و ئامانجدا کۆ بکرێنەوه و ڕێك بخرێن، زۆر پێویستە گەر لە مێژووی ئاڵۆزی ناتەباییەکانماندا بۆ جارێکیش بێت لە جیاتی ئەوەی ڕووبەڕووی یەکدی بینەوه و خوێنی یەکدی بڕێژین و چەند نەیار و ناحەزێك بە سەر خۆمانەوه بکەینە پیاو، لوولەی چەکەکانمان پێکەوه و لەیەك مەتەرێزدا بکەینە ئەو دوژمنە دڵ ڕەق و دڕندە دێرینەیەمان کە وەکوو گورگی هار خۆی لە بۆسەماندا مەڵاس داوه و گەلە گورگانەمان دەکاتە سەر! گەر وا بێت ئەوا سەرکەوتن بۆ ئێمەیە و سەرشۆڕی و نەمان بۆ دوژمنە تورانیەکانمان، وەك ڕۆشنبیرێکی کورد کە لەگەڵ جەماوەری میللەتەکەیدا دەژیت دڵنیاتان دەکەمەوه کە گەورەو بچووك و پیرو لاو و ژن و پیاوی کورد بەوپەڕی ئەشقەوه ئامادەیە خۆی بکاتە فیدای پاراستنی ئەو ئاڵا پیرۆزەی کە خۆت شانازی بەوەوه دەکەیت لە ژێر سێبەرەکەیدا لەدایك بوویت، بۆیە بە پێویستیشی دەزانم کە ئەم جەماوەره داخ لە دڵەمان وشیار بکرێتەوه و ڕابهێنرێت لە سەر هەست و بڕوای نەتەوایەتی و فیداکاری و

گیانی یەکرپیزی و تەبایی و تەنانەت چەك و ڕێنوێنی و پێداویستیی بەرەنگار بوونەوەی بدرێتێ، خۆ ئەگەر وایش نەبێت ئەوا بە سوورایی کەڵبەی تیژی گورگە بۆرەکانی کەمالی دەبێ (فاتیحە)ی ئەم دەسکەوتە و ئایندەی گەلەکەشمان هەر لەئێستاوە بخوێنین! دەزانم کە ئەم خاڵەی دوایی پێچەوانەو دژی خواست و ئاوات و ئارمان و ئیرادەی هەموو کوردێکی ڕەسەنە بەڵام دەشزانین کە ئیرادە و ئاوات و خواست، هوشیاری و کرداری چالاکانەی دەوێت، بەکورتی ژیان و مەرگ و مان و نەمانی کورد بەستراوە بە هیمەت و ئیرادەی ژیرانە و جوامێرانەی ئەمڕۆی سەرجەم سیاسەتمەدار و سەرۆك و سەرکردەکانی کوردەوە و بەتایبەتی ئەو سەرۆکەی کە شانازی بەوە دەکات "لە ژێر سێبەری ئاڵای پیرۆزی کوردستاندا لە دایك بووە و هەردەم ئامادەیە لە پێناویدا گیانی خۆی بەخت بکات"!

هیچکات هێزی لەبن نەهاتووی جەماوەری خوێن گەرم و داخ لەدڵ و ئازادیخوازی کورد لە بیر مەکەن و بشزانن کە هەر ئەوە دەبێتە زوڵاڵترین سەرچاوەی سەربەستی و بەختەوەری.

**بژی کوردی یەکگرتوو / بژی کوردستانی ئازاد و ئاوەدان**

جەلیل عەباسی 2003/2/23 هەولێر

تێبینی: ئەم نامەیە لە ڕێگەی برای خۆشەویستم کاك (فەرەیدون جوانرۆیی)یەوە ئاراستەی بەڕێز مەسعود بارزانی کراوە و نوسخەیەکیشی بۆ: جەماوەر، گوڵان، بەیداخ و میدیا نێردراوە.

*

## حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەرەو کوێ؟!

ڕووداوە تیرۆریستیەکانی (11)ی سپتامبر بوونە هۆکارێکی زۆر جدی و کاریگەر بۆ بزواندن و خێراتر کردنی ڕەوتی گۆڕانکاریە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە جیهان بەگشتی و لە ڕۆژهەڵاتیشدا بەتایبەتی. سیاسەتی دژە تیرۆر و ڕەشەکوژی کە دەکرێ بڵێین تا ئەوکاتە تەنیا دەستەواژەیەکی تیۆری ئاسا بوو و لە بازنەی پرۆتستۆ کردن و ناڕەزایی دەربڕینی سەرزارەکیدا قەتیس مابوو، دوابەدوای (11)ی سپتامبر لەو بازنەیە دەر هێنرا و لەو قاڵبە تیۆری ئاسایەی تێپەڕی و بوو بە بەرنامەیەکی کرداری و هەڵمەتێکی پراکتیکی بۆ سڕینەوەی تیرۆر و پاوانخوازی و فەرهەنگی رسوای دیکتاتۆرییەت. هەڵمەتەکە لەو کاتەوەش جدیتر و گورجوبڕتر کرا کە دەسەڵاتداران و سیاسەتمەدارانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەستیان بەهەڕەشەیەکی جدی کرد بۆسەر بەرژەوەندیە گشتیەکانی ئەو ولاتە. سەرەتاییترین ئەنجامی هەڵمەتەکەش هەمان ڕووخاندنی ئیمپراتۆریای خەونئاسای لم لە ئەفگانستان و دوایش هەڵتەکاندنی قوتابخانەی رسوای ئەنفال و تەعریبی قادسیە لە عێراق و...بوو. ئەم هەڵمەتە لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونەکانیدا بەرەبەرە خۆی لە دوو نیشانەی دیکەش نزیک دەکاتەوە کە ئەوانیش ڕژێمی عەرەبیزمی سوریا و ئاخوندیزمی ئێرانە، دوو ڕژێم کە بەنەوعێك پێکەوە بەستراون و هەردووکیان بە میکانیزمی تایبەتی خۆیان بوونەتە پاڵپشت و دالدەدەری تیرۆریزم و شێواندنی ئاسایشی ناوچەکە و تۆقاندنی جیهانیش. لەگەڵ نزیکبوونەوەی پرشەی

شــەپۆلەکانی ئەوهەڵمەتــە گشتگیرەشــدا بــۆ ئێرانــی ئاخونــد لێــداو, پێویستە گەلانی ئێران زووتر و زۆرتر بکەونە خۆیان و هەر لـە ئێسـتاوە لــەفکری دابــین کردنــی ئاڵترناتیڤێکــدا بــن و هــەوڵ بــدەن پــێش بــە هەرچەشــنە هەڵەیــەکی سیاســی و عــاتیفی بگــرن تــا ڕووبــەڕووی ئەوشکستەی شۆڕشی 57 نەبنەوەو ئاکامی گۆڕانکاریەکانی ئەمجارەش لەلایەن چەند دەجالێکی دیکەوە نەدزرێت. پرسـیاری (چ بکـەین؟) لـەم هەلومەرجـەدا بـەزەقی خـۆی لـە مێشـکماندا دووبـارە دەکاتـەوەو گـەر وردتریش لێی بڕوانین دەبینین زۆرتر بە ئاراستەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (پارچــەی ژێــر چــەپۆکی ئێــران) بەرجەســتە دەبێتــەوە. ڕۆژهــەڵاتی کوردســتان, ئەوبەشــەی یەکــەمین چــرای ڕووناکیبەخشــی ئــازادی و حکوومەتی کوردیی تێدا داگیرسا, مێژوویـەکی هەیـە پـڕ لـە هـەوراز و نشێو, پڕ کارەسات, تەژی لە ئەزموونی تاڵ و شیرین, لێوڕێژ لە هەڵبەز و دابەز و شکست و سەرکەوتن. هاوڵاتیـانی ئـەم بەشـە لـە کوردسـتانی مەزن, هەروەك چۆن بۆ ماوەیەك چارەنووسی خۆیان بەدەستەوە گرت, ئاواش لە مێژووی پڕهەڵدێری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەیاندا نـاکۆکی و ناتــەبایی و براکــوژی و ئــاوارەیی و دەیــان چەرمەســەریی سیاســی و کۆمەڵایــەتیی دیکــەیان تەجروبــە کــرد بــەڵام دانــەڕووخان و خۆیــان نەدۆڕاند, هەر بۆیەش ئەو پرسیارە زۆرتر ڕووبەڕووی ئـەوان دەبێتـەوە. لـە ئاراسـتەی ئـەو پرسیارەشـدا بمانـەوێ نەمانـەوێ دەبـێ سـێ خـاڵ لەبەرچاو بگرین: خـاڵی یەکـەم جـەماوەری کـورد بـە واتـا گشـتیەکەی, خاڵی دووەم جیلی ڕۆشنبیری کورد و سێیەمیش حزبەکانی کوردسـتان.

خاڵی یەکەم و دووەم پێویستیان بە باسلێکردنی جیا و سەربەخۆ هەیە کە لە دەرفەتێکی دیکەدا ئاوڕیان لێدەدەینەوە و لەم باسەدا مەبەستەکەمان لەسەر خاڵی سێیەم چڕ دەکەینەوە کە حزبە کوردیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە.

ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ چەند دۆست و هاودڵێکدا خەریکی باس و تاوتوێ کردن و لێکدانەوەی ئاراستەی بیر و کرداری حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانین و باس لە گونجاندنی ئالیەت و میکانیزمێك دەکەین بۆ پێکەوە گرێدان و یەك گرتنی پراکتیکیی حزبەکان و بنیاتنانی ڕوانگە و بەیانێکی هاوبەش و یەکگرتوو بەمەبەستی چارەسەری یەکجارەکیی زۆربەی کێشە و گرفتەکان, لەم بوارەشدا لانی کەم لەلایەنە تیۆریەکەیەوە گەیشتووینەتە ئەنجامێکی دڵخۆشکەر و لێکحاڵیبوونێکی دڵخواز.

بەم دواییانەش چەند بابەتێکم خوێندنەوە لەسەر ڕێڕەوی هەمان ئەو باس و لێکدانەوەی ئاماژەم پێکرد و پێیان خۆشحاڵ بووم چونکە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن کە هەموومان (تاك بەتاکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) غەمێکی هاوبەشمان هەیە و وەك یەك هەوڵی بۆ ئەدەین و بە یەك ئیرادەوە بەرەوڕووی دەبینەوە کە ئەویش هەمان ڕزگار کردن و دابین کردنی ئاسایش و سەقامگیریی ڕاستەقینەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەتایبەتی. لای کەسمان شاراوە نییە کە حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەرلە دەسپێکی چالاکیی ئاشکرای خۆیان و بەتایبەتیش لە شەستەکانی هەتاویدا (وبەداخەوە تائێستاشی لەگەڵدا بێت) ئەزموونێکی تاڵیان پرۆڤە کرد و دەشیکەنەوە. زۆر جار

بیرهێنانــەوەی نــاوی (کۆمەڵــەودیمۆکرات) جگــە لــە شــەڕێکی خیانــەت ئــامێزی براکــوژی و تێکــدانی بــاری ئــەمن و ئــارامیی مەعنــەوی و کۆمەڵایــەتیی هاوڵاتیــان و لاوازتــر کــردن و تەنانــەت کوشــتنی هەســتی ئــازادیخوازی و شۆڕشــگێڕایەتیی جــەماوەری کــورد, هــیچ خــاڵ و یادەوەریەکی دیکە لە ناخی تاکی کورددا زیندوو ناکاتەوە !

نامەوێ زامەکان بکولێنمەوەو کای کۆن بە با بکەم, مەبەستم لە ئاماژە پێکردنی ئەو ئەزموونە تاڵە ئەوە بوو کە لەم بارودۆخە هەستیارەدا کە زۆر لە شەستەکان جیاوازە، حزبەکان بە ڕاچەنینێکەوە بە خۆدا بێنەوەو بەدوای وەڵامی (چی بکەین)دا بگەڕێن. وەکوو گوتمان ئەم قۆناغـەی ئێسـتا زۆر هەسـتیارە و خوازیـاری جووڵانـەوەی حسـێب کراوە و دەبێ بە بەرنامەوە بجوڵێنەوە. خۆ ئەزمونی دوو قوتبی (پارتی و یەکێتی)ی پـێش و پـاش ڕاپـەڕین و پـێش و پـاش پرۆسـەی ئـازادیی عێراقیشمان لەبـەر چـاوە و هێشـتا کـۆن نـەبووە. کـەوا بـوو ئێمـە لـەم قۆناغەدا پێویستمان بە بەرنامەیەکی یەك گرتوو، گوتـارێکی هاوبـەش و هەنگاوێکی شانبەشان هەیـە ئـەویش نـەك لەسـەر کاغـەزو بـە شـیعاری بۆش، بـەڵکوو بەرنامەیـەکی پراکتیکـی کـە هـەموو لایـەکمان وەك یـەك بڕوامان پێی هـەبێت و ڕەچـاوی پرەنسـیپەکانی بکـەین و ئامانجـەکانی پــەیڕەو بکــەین. ئــەمڕۆ زۆر پێویســت دەکــات کــە بــە بیرهێنانــەوەی ئەزموونــە تاڵــەکانی پێشــوی خۆمــان و هــی حزبــەکانی باشــووری کوردستانیش لە شەڕی نەگریسـی براکـوژی و خـۆ خۆریـدا، ئـەو لاڕێیـە کوتراوانەی جاران بـەر بـدەین و بـە ڕێگایـەکی تـازەدا هـەنگاو بـاوێین، دەبێ حزبەکان لـەبری ئـەوە لـە ئاوارەییشـدا هـەر لـەبیری تۆڵـە و خـۆ

سەپاندن و دابەشکردنی باکوورو باشووری ئەو پارچـەیەی وڵاتەکەمانـدا بـن، چـاوی ڕۆشـنبینی دڵیـان بکەنـەوە و پێداچـوونەوەیەکیان هـەبێت لەمەڕ کارنامەی ڕابردوویان و گەڵاڵەیەکی دروستتر وڕۆشنتر دابڕێـژن بـۆ داهاتوو، ئەم گەڵاڵەیەش نەك بە پێی لاڕێیەکـەی جـاران و نـەك بـە خـۆ موتڵەق بینی و خۆسەپاندن و لە هەمووش گـرینگتر نـەك بـە"تـەتمیع و تەهدید"ی ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکو لە ڕاستیدا خۆی لـە بەرەیەکی یەکگرتووی یەك دڵ و یەك بڕواو یـەك ئامانجـدا دەبینێتـەوە، بەرەیـەکی یـەکگرتووی ڕاسـتەقینە کـە پێکهاتبـێ لـە پێشـمەرگەی شۆڕشگێڕی ڕاستگۆ و ڕاستەقینە، ئەوەی کە لـە پێنـاو ئـازادیی وڵات و سەربەسـتیی هاووڵاتیانـدا ڕێبـازی خۆبـەخت کردنـی هەڵبـژاردبێ نـەك تاقمێکی دەجال و بازرگانی سیاسی کە حەز بکـەن "پەیکـەری زێـڕین" یان بۆ دابنرێت! ئەمڕۆ هاووڵاتیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستیان بە بەرەیەکی یەکگرتووی ئەوتۆ هەیە کە خۆی تەرخان کردبێ بـۆ ئـازادیی وڵات و خۆی گونجاندبێ لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی و ویست و خواسـتی هاوڵاتیانـدا، بـە دڵنیاییـەوە هـیچ حـەزی لـە حـزب حزبـۆکێ و یـاریی نامەشـروعی سیاسـیانە و بـیری پاوانخوازانــە نییــەو هــیچ ڕوویــەکی گەشیشی پیشان نادات بەڵکوو بە پەیڕەوی لە خواست و ئیرادەی گـەل لەدژی دەوەسـتێت و بەڕوویـدا دەتەقێتـەوە. کاتـێ دەڵـێین بەرەیـەکی یەکدڵ و یەك ئامانج, دیارە تیایـدا جێگایـەك بـۆ بازرگـانی سیاسـیانە و خۆسەپاندن و پاوانخوازی نابێتەوە و هـیچ بـیر و ئامـانجێکی تاکڕەوانـە هەڵناگرێت و دەبێ جێی بڕواو پەسەند و متمانەی جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردسـتانیش بێـت. ئـەو بەرەیـەش پێکـدێ لـە حزبـەکانی (یەکیـەتی

شۆڕشگێڕان و دیموکرات کۆمەڵـە و پـەژاك و خـەبات) و ئـەو حزبانـەش دەبـێ بەتـەواوەتی لـەناو ئـەو بەرەیـەدا وەك جەوهـەری ڕەسـەنی جـەماوەری کـورد بتوێنـەوە و نـاوی حزبێـك بـەتاك نـەبینرێت, دیـارە ئـەوانیش مـافی ڕەوای خۆیانـە لـەدەرەوەی بـەرەدا ناسـنامە و تایبەتمەنـدیی خۆیـان بپـارێزن و...، بـەڵام لـەناو بـەرەدا هاوکێشـەکە دەگۆڕدرێت و هەموویان بەیەك شێوە و یـەك ئەنـدازە بـەرپرس دەبـن و وەك بەرەش سەیر دەکرێن نەك وەکوو چـەند حزبـی جیـاوازی ناتـەبا و خۆخۆر و...!

بەمدواییانە هەندێ کەس لەپێوەندی لەگـەڵ دامەزرانـدنی بەرەیەکـدا زۆر بـەزەقی داکـۆکی دەکەنـە سـەر نـاوی (دیمـۆکرات و کۆمەڵـە), ئـەو داکۆکی کردنەش بە ئاشکرا سـات و سـەودایەکی بێزەونـی سیاسـیانەی تێدا دەبینرێت و ئەوەی تێیدا نەبێت هـەمان بەرژەوەندیـە گشـتیەکانی کوردە و لەڕاستیدا ئەو تاقمە دەیانەوێ (هەروەك کارنامـەی ڕابردوویـان پیشانمان دەدات) هەر لەئێستاوە بازارێك بنیات بنێن بۆ فرۆشـی کـاڵای خۆیـان کـە هـەر لایـق بـە بـاڵای خۆیانـە! ئـەویش بـە قوربـانی کردنـی بەرژەوەنـدی گشـتیی کـورد و پرەنسـیپە ڕاسـتەقینەکانی شۆڕشـی ڕزگاریخوازانـەی گەلەکـەمان! ئـەو تاقمـە سـەوداگەرە یـا بەئەنقەسـت یانخود بـەهۆی فەرامۆشـکاری سیاسـیی تایبەتیانـەوە ئـەوەیان لـە بـیر کـردووە کـە خـاك و خـەڵکی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان قوربانیـەکی زۆرو نەخوازراویان دا لە پێناو دوو قوتبیگـەری و خۆسـەپاندن و خۆخـۆری و شـەڕی براکـوژیی ئـەو دوو حزبـەدا و ئیـدی ئـەو ئەزموونـەش دووبـارە ناکاتەوە, ئەوان بەچاوی بەستراو بەسەر ناتەبایی و شـەڕی دەسـەڵات و

پیلانی دابەشکردنی باکوور و باشووری رۆژهەڵاتی کوردستانی (نهێنی و ژێریەژێری) ئەو دوو حزبەدا باز دەدەن و ئەو ڕاستیە دەشارنەوە یا دەرکی پێناکەن کە ئەمڕۆ باوی (تاقانەیی) نەماوە و (دوو قوتبی)یش کۆن بووە و داڕزیوە و لەوەش گرینگتر ئەمڕۆ حزبێکی گەنج و پشوودرێژی دیکەش لە گۆڕەپانی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەماندا لە دایك بووە کە لەمەودوا دەتوانێ وەکوو (چەکوشی تەعادل)ێك تاکڕەویی دیتران بڕووخێنێت و هاوکێشەکە لە بەرژەوەندیی جەماوەری کورددا بپارێزێت. هیچکەس لە ئێمە بۆی نییە و ناتوانێت هەبوونی چالاك و کارای حزبەکانیتر بشارێتەوە و زەمینەی دوو قوتبی و دووبەرەکیی پاوانخوازانە (وەك ڕابردوو) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ساز بکات!

باسکردن لە بەرەیەکی یەکگرتوو بەبێ هێنانی ناوی هەرسێ حزبەکە وێکڕا و لەپاڵ یەکدا جگە لە شانتاژێکی نەشیاوی ناحەزانە هیچی دیکە نییە و ناچێتە قۆناغی کردارییەوە و لەبەرانبەر ئاوا شانتاژ و سەمپاشیەکی سیاسیشدا ئەوە حزبەکانن کە پێش هەموو شت و هەموو کەس دەبێ بەرپەچی بدەنەوە و یەکبوونی یەك ئامانج و یەکدڵانەی خۆیان وەکوو سێکوچکەیەك بۆ بناغەی ئازادی و بەختیاریی وڵات پیشان بدەن و بەکردەوەش بیسەلمێنن, ئەگەر ڕابردوو لە بیر بەرین و لەمڕۆوە مەسەلەکان ببینین دەبێ بڵێم هەموو ئەو حزبانەی رۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆڵەی خاك و خەڵکی کوردن و هەرکام جێپەنجە و ڕۆڵی کاریگەری خۆیان دەبێت و جێی هیوا و پشتگەرمیی گەلەکەمانن لە کاروانی دوورهەواری ڕزگاریدا, بەڵام هیچکام و بەهیچ شێوە و تاکتیکێك نابنە (تابۆ) و ناشبێت ئیجازەی تاقمێکی ناحەزی گێرەشێوێن بدەن کە

بۆ مەرامی ناپاکی خۆیان بەرەو هەڵدێری مەرگاویی بەتابۆ کردنیان بەرن! هەرسێ حزبەکە دەبێ ئەوە بزانن و بڕوایان پێ هەبێت کە سەردەمی تاکڕەوی و پاوانخوازی بەسەرچووە و لاڕێی جارانیش بەرەو (ناکوجائاباد)یان دەبات و هێندەی دیکە لە جەماوەریان دادەبڕێت و دووریان دەخاتەوە, کەوابوو پێویستە بەگیانێکی پاکی شۆڕشگێڕانە و ڕۆحیەتێکی مەزنی ڕزگاریخوازانەوە ئامێز بۆ یەکدی بکەنەوەو و پشتگەرم بن بە هەست و هەناسە و ئیرادەیەکی هاوبەش و نەتەوەیی و بۆ دابین کردنی مانەوەی خۆیان لە دواڕۆژدا و پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکانی کوردیش هەر لە ئێستاوە ئەدەبیاتی پیر و پەککەوتەو تەمومژاویی حزبیی تاکڕەوانە وەلا بنێن و بەرەیەکی یەکگرتووی ڕاستەقینەی نەتەوەیی ڕابگەیەنن و دەبێ دڵنیاش بن کە ئەو بەرەیە لەلایەن تاك بەتاکی هاوڵاتیانەوە وەردەگیرێت و پشتیوانیی لێدەکرێت، لەهەمانحاڵیشدا هەر گرووپ و دەستە و تاقمێکیش لە دەرەوەی ئەوبەرەیە و جیا لە خواستە پیرۆزەکانی ئەوبەرەیەدا دەکەوێتە بەر قارو نەفرەتی گەلی ستەملێکراو بەڵام هەمیشە سەرفرازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی مەزندا.

بۆ پێشەوە بە هیمەت و ئیرادەیەکی گشتی و یەکگرتووی نەتەوەیی بۆ ڕزگاریی کوردستانی مەزن.

بژی کورد بژی کوردستان

جەلیل عەباسی 2003/6/25 _ 2703/3/16

*

**لە بەرانبەر ئیرادەی نەتەوەییدا چۆك دابدەن ...**

دوژمنانی کوێردڵی نەتەوەی کورد, هەمیشەی مێژوو بە خواردنەوەی شـەرابی ئـاڵی خـوێنی مرۆڤـی کـورد سـەرخۆش بوونـەو بەداخـەوە (مەزە)کەشیان هەر ئێسك و پرووسکی مرۆڤی کورد بـووە ئـەویش هـەر لەلایەن کوردەوە! بە واتایەکیتر خوێنی شۆڕشگێڕانی نەتەوەپەرست و ئـازادیخوازی کـورد ڕژاوەو بۆتـە شـەرابی ئـاڵ بـۆ سەرمەسـت کردنـی دوژمنـانی خوێنمـژی کـورد بـەلاّم تـاڵتر و جـەرگبڕتر لـەو, ئەوەیـە کـە ساویلکەیی و نەزانی و لێبوردەیی زەبوونانەی سیاسیکارانی کورد بۆتـە مەزەی بەدمەسـتییەکانی ئـەو دوژمنانـە و سەرمەسـتتر و بەدمەسـتتری کـردوون! ئـەو دوژمنــە کـوێردڵ و بــێ فەرهــەنگ و مێشـکانەی کــە سووکایەتیمان پێدەکەن و ئێمەش بـە زەبـوونی داوای برایـی و پێکـەوە ژیانیان لێدەکەین و ئەوانیش بـە سـادەیی و سـاویلکەیی و گەمـژەییمان پێدەکەنن, بە درێژایی مێژووی نائارامامان:

= بـە عـەرەبی ئـەنفالیان کـردین کەچـی ئێمـە بـە کـوردی ماچـمان کردن!

= بە عەرەبی خوێنیان ڕشتین کەچی ئێمە بە کـوردی پێمـان گـوتن براگەورە!

= بەعەرەبی کیمیابارانیان کردین کەچی ئێمە بـە کـوردی تەوقـەمان لەگەڵ کردن و دەستمان گوشین!

= بە عەرەبی ناموس و شەرەفیان ڕفاندین و پاش ئـەوەی لێـی تێـر بوون وەك (زەکات) و (غەنیمەی غەزوەکانی جارانیان) دابەشیان کـردە

سەر مەلهاکانی میسر و بیابانی ئالی سعوودی عەرەبیدا کەچی ئێمە بە کوردی شەرەف و کەرامەت و سەروەریمان بەوان بەخشی!

= بە عەرەبی شاروگوندیان لێ خاپوور کردین کەچی ئێمە بەکوردی تاجی گەورەیی و بەخشندەییمان لەسەر کردن!

= بە عەرەبی سەرمانیان بڕی کەچی ئێمە بەکوردی ڕێزی زۆرترمان لە شمشێرە دوودەمە زولفەقارئاسایەکانیان گرت!

= ئێستاش هەر بەعەرەبی داوی جاڵجاڵۆوکەییمان بۆ دەتەنن کەچی ئێمە بەکوردی پارووی دەمی خۆمانیان دەدەینێ!

لەملایشەوە ترکە بێ ڕەگەکان بە ترکی هێرش دەکەنە سەر نامووسمان و هەر بەترکی خۆ لەجەستەی خوشك و دایك و کچمان تێردەکەن کەچی ئێمە بە کوردی سوپاسیان دەکەین! یا بەترکی جاسووسیمان لەسەر دەکەن و ئاژاوەمان بۆ دەنێنەوە کەچی ئێمە بە کوردی داوای دۆستایەتی و هاوسێیەتیی برایانەیان لێدەکەین! کەدەڵێم (ئێمە)، دیارە مەبەستم نەك جەماوەری کورد بەڵکوو هەندێ لە سیاسیکارە کاڵفامەکانی کوردە، چونکە جەماوەری کورد چاك تێگەیشتووە و زۆریش ناخی پڕبووە لە ڕق و کینەی دێرین و ئەستووری ئەو هەموو کوشت و بڕ و زەبروزەنگ و زوڵم و ستەمەی دوژمنان و ئەو هەموو ساویلکەیی و زەبوونییەی دۆستە نەزانەکانی خۆی! جەماوەری کورد لەو ڕاستییەش ئاگادارە کە دوژمنەکانی، بێ ڕەگ و نارەسەن و بەدوی و دواکەوتوو و مەوهوومن و ئەوەش دەزانێ کە دوژمنایەتیی ئەوتاقمە مەوهوومە بێ ڕەگوڕیشەیە لەگەڵیدا پیشاندەری واقعیەتی

مێـژوویی و ڕەسـەنایەتیی ڕاسـتەقینەی (بـوون)ی خۆیـەتی و لەهـەمان کاتـدا دەربـڕی بـێ ڕەگـی و ناڕەسـەنیی خـودی دوژمنەکانیـەتی, واتـە دوژمنیی ترك و عەرەب لەگەڵ ئێمەی کـورددا هـەمان دژایـەتیی شـەوی ئەنگوستەچاوە لەگەڵ تیشکی ژیانبەخشی هەتاودا, دژایـەتیی جـەهل و وەهمە لەگەڵ هزر و ئەندێشەدا, دژایـەتیی پـووش و پـەڵاشـێکی وشـك و سووك و بێ نرخ و بایەخـە لەگـەڵ بـاخ و درەختـی چـڕ و پڕسـەمەردا و ئەمەش بەشێکە لـە سـەربڵندی و شـانازییەکانی کـوردی دێـرین! بـەڵام ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە سیاسـیکارانی سـاویلکە و ئێلینـەی کـورد هێشـتا لـەو ڕاسـتییە نەگەیشـتوون و بەچەواشـەیی وەریـان گرتـووە چونکە:

= ئـەمڕۆش سیاسـیکارێکی چەواشـەی ئێمـە بـۆ خۆشـخزمەتیی دوژمنەکانمان ئاڵای لەکـەداری بەعسـی عـەرەبی بـە ڕەسمـی و یاسـایی دادەنێت و بەرزکردنـەوەی ئـاڵای پـیرۆزی کـورد بـە گێرەشـێوێنی و... دەزانێت!

= سیاسیکارێکی چەواشەی دیکەمان بۆ هـەمان خۆشـخزمەتی ئیمـزا لەپای نووسراوێکی سەرتاپا خیانەت ئامێزدا دەکـات کـە سـوور دەزانـێ شمشێرێکی دوودەمی تازە دەمەزەرد کراوەیە بۆ لەڕەگـەوە بڕینـەوەی گەلی کورد!

= وشـــترملێکی وەك بەشـــاری ســـووری لەشـــامی ناشـــەریفەوە بەهەڵەداوان خـۆی داوێتـە ئـامێزی بۆگـەنی هـاوبیرە ناڕەسـەنەکانی لـە دامودەزگا گەنیوە کەمالییەکاندا بۆ ئەوەی ڕەواترین دەنگی کـورد هـەر

لەگەروودا بخنکێنێ کەچی داڕێژەرانی چەواشە و نەزانی دەنگوباسی تەلەفزیۆنەکانی ئێمە خۆی لێ دەشارنەوە و ناوی لێدەنێن: "سەردانێك بەمەبەستی پتەوترکردنی پەیوەندی و هاوکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی نێوان هەردوو لا"!

= چەند نەخۆشێکی درۆپیشەی وەك چەلەبی و روبەیعی و... داوەتی سەر خوانی ڕازاوەمان دەکەین تا باسی فیدراڵی و خواستی کوردیان لەگەڵدا بکرێت, ئەوانیش بە دووڕوویی و هەرلەسەر خوانەکەماندا پەسەندی دەکەن بەڵام کە بارودۆخەکەیان بۆ باشتر کرا لێی پاشگەز دەبنەوە و دژی دەوەستن کەچی ئێمە هێشتاش هەر بە دۆست و براگەورەیان دەزانین و دواتر بۆ چەندەمین جار هەمان ئەو ناحەزە درۆپیشە ناڕاستگۆیانە کە بە شیروبیری عرووبە گۆچ کراون داوەتی هەمان خوانی ڕازاوە دەکەینەوە کە ئەمجارەیان بۆ پتر فریودان و چەواشەترکردنی سیاسیکارانی کورد دەڵێن: (با ئیدارەی سێ شارە کوردیەکە _ مەبەستیان هەولێر و سلێمانی و دهۆکە _ تاکاتی داڕشتنی دەستووری عێراق لە ژێر حوکمی خۆجێیی کوردەکاندا بێت.. مەسەلەی کەرکووك دواتر باسی لێدەکرێت)!! سیاسیکارانی کاڵفامی کوردیش بە شاگەشکەییەکی چەواشەوە پەسەندی دەکەن و هەروەك چۆن میوانە فێڵباز و درۆزن و سفرەدڕەکان ویستوویانە, ئاوەها فریو دەخۆن و چەواشەتر دەکرێن و ئیدی کێشە و پرسە مەزن و قووڵ و پیرۆزەکانی کورد دەبێ ڕەشەبای فەرامۆشی بیانبات!!!

زۆر دەترسم مێژووی پڕکارەساتی گەلەکەمان ئەمجارەش بۆ دەیەمین

جـار خـۆی دووبـارە بکاتـەوە ! بـڕوام وایـە کـە کێشـەکە جیـدیتر و پڕمەترسیترە لەوەی کە سیاسیکارانی چەواشـە و نامەسـئوولمان بـیری لێدەکەنەوە.. ئەمجارەیان مەسەلەی گەڕانەوە بەرەو شاخ لە ئارادا نییە بەڵکوو مەسەلەکە هەمان پووکانەوەی کوردە وەکوو نەتەوەیەك, هەمان توانەوەی دوایین پەڵەبەفری هەتاولێداوی سەرچیاکانی هیـوا و ئامانجـە پیرۆزەکانی کوردە و دیارە ئەوەش شتێك نییە بە ئاسـانی لێـی دەربـاز بین و لەبیری بەرین! چەندین هەلی زێڕینمان بۆ ڕەخساوە کە بە نەزانیی خۆمـان (سیاسـیکارەکانمان) بـەفیڕۆمان داون, ئێسـتا ئیـدی پێویسـتە ئاوڕێکی جیدی لە ڕابردوومان بدەینەوە و جێ و پێگەی شیاوی خۆمـان لە ئێستادا بناسین و پێش بە دووبارە بوونەوەی مێژووی پڕکارەسـات و پڕچەرمەسـەریمان بگـرین کـە ئەمـەش بـەبێ وشـیارییەکی سیاسـی و مێژوویی و ئەشق و ئامانجێکی نەتەوەیی سەرتاسـەری مەیسـەر نابێـت.

بـە پێـی ئـەو حوکمـە مێژووییـەی کـە: "گـەر دەتـەوێ لـە جوگرافیـای سروشتیی سبەینێدا (وجوود)ت هەبێ, دەبـێ لـە جوگرافیـای سیاسـیی ئەمڕۆدا (حوزوور)ت هـەبێت", هـەموو گیروگرفـت و ڕەنـج و مەینـەت و ناکامییـەکانی ئێمـە دەگەڕێنـەوە سـەر حـازر و چـالاك نـەبوونمان لـە گۆڕەپانی سیاسی لەسەرجەم قۆناغەکانی ڕابردووماندا! ئەمەش شتێکە کە لەمەودوا لێمان وەرناگیرێت و بەخیانەت لەسەرمان دەنووسـرێتەوە! کـەوابوو دەبـێ چـاوێك بـە سـتراتیژیەتماندا بگێـڕین و تاکتیکـەکانمان بگۆڕین, بۆمان نییە چیدی بەچـاوی بەسـراو بکەوینـەوە نـاو لاڕێـی پـڕ کەندوکۆسپی جاران.. ئیدی بۆمان نییە بەناوی میللەتێکـەوە بـەڵام بـە

سەلیقەی ناقز و مەجازی ناتەواوی خۆمان بڕیار بدەین.. لەمەودوا ئەوە جەماوەرە کە حیسابی بۆ دەکرێت و دەخوێنرێتەوە نەك تاکە کەس.. ئەوە ئیرادە و خواستی گشتییە کە وەردەگیرێت و خۆی دەسەپێنێ نەك سەلیقە و مەجازی کەس یا گرووپێك.. بە کورتی, لەمڕۆوە ئەوە جەماوەرە قسەی کۆتایی دەکات و بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدات نەك حزب و لایەنێك.. دیارە هەرکەس و گرووپ و حزب و لایەنێکیش گەر بەهەموو بیروبڕوای خۆیەوە ئەو ڕێسایە پەیڕەو نەکات ئەوا دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی بەرینی نەتەوە و فڕێ دەدرێت.. کەواتە با حزبەکان گوێ لە خواستی جەماوەر بگرن و ببنە نوێنەری ڕاستەقینەی ئیرادەی گەل.. با بە زمانی جەماوەر بدوێن و بەچاوی جەماوەر ببینن و بە مێشکی جەماوەر بیربکەنەوە و بۆ جەماوەر و لەپێناو جەماوەر (نەتەوە)دا بن, (پێموایە وتارەکەی بەڕێز مەسعوود بارزانی _ ی ڕۆژنامەی خەبات _ هەنگاوێکە بەرەو گرتنەبەری 2003/12/19 ئەم ڕێبازە پیرۆزە), جگە لەوەش, حزبەکان لەسەریانە کە لە ڕێگەی دەسەڵات و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی خۆیانەوە جەماوەر وشیارتر بکەنەوە و تەیارو ئامادەی بکەن بۆ هەڵوێست وەرگرتن و ڕاگەیاندن و سەپاندنی خواست و ئیرادەی گشتی.. دەبێ هەموو کورد بڕوا بهێنێ بەو ڕاستییەی کە: ئەو کچە کوردەی لە باکووری کوردستاندا دەکەوێتە بەر هێرشی جانەوەرئاسای گورگەبۆرەکانی تاریکستانی کەمالی, ناموس و شەرەف و داوێن و کەرامەتی هەموو کوردە, واتە ئەوە نەك تەنیا کچە کوردێك بەڵکوو داوێن و کەرامەت و ناموس و شەرەفی تاك

بەتاکی کوردە کە لەلایەن ترکە وەحشیەکانەوە ئەتك کراوە ! ئەگەر حزبەکان بەخۆیاندا نەچنەوە و نەگەڕێنەوە ئامێزی نەتەوە, ئەوا دەبێ دڵنیا بن کە نەتەوە بەبێ هیچ ڕەحم و بەزەیی و چاوپۆشییەك ماچ و دەستگوشین و ئیمزاکردنە نەحسەکانیان دەکێشێتە پای مێزی مەحکەمە و ڕسوایان دەکات! گەلی کورد نە بە عێراقچێتی ڕازییە و نە بە فیدراڵیی پارێزگا و هەرێمیش، بەڵکوو ئیرادەی گشتیی گەلی کورد لەسەر سەربەخۆیی ڕاستەقینە و کیانی ئازاد و لانی کەم فیدراڵیی جوگرافیی نەتەوەییە.. نەتەوەی کورد حەزی لە چارەی ڕەش و نەگریسی ترکی فاشی و عەرەبی بیابانی و گورگەبۆرەکانی ( پ.م.ف ) و جاشە سووك و ڕسواکانی بەناو بەرەی ترکمانی و تیرۆریستەکانی ئاخوندیسم نییە و داوای ڕسوایی و نەمان و دەرکردنیان دەکات.. گەلی کورد لەشەڕە پەڕۆ و بەرژەوەندیی ناشەرعیی حزبی بێزارە و ئیرادەی لەسەر یەکگرتنەوەو یەکدەنگی و یەکڕەنگی و یەکڕیزیی هەتاییە.. ئەم گەلە چەوساوەیە لێوڕێژ بووە لە پلیشانەوە و ددان بەخۆدا گرتن و هەرئان نزیکتر دەبێتەوە لە تەقینەوەیەکی میللی.. تەقینەوەیەك کە خەونی عەرەب و ترك و فارس ئاڵۆزتر دەکات و دەیکاتە شەوە و مۆتەکە لێیان و ناخی بێ ڕەگ و گەنیوی گورگەبۆرەکانی (پ.م.ف) و جاشە ڕسواکانی بەناو بەرەی ترکمانی تێکدەڕووخێنێ.. تەقینەوەیەك کە تۆڵەی سەدان کەتن و ئەتکی ناموسی لە ترکی دڕەندە دەکاتەوە و دیواری لمینی عەرەب دەڕووخێنێت و پەڕۆکان دەدڕێنێت و بناغەی کیان و وڵاتێکی سەربەخۆ و سەربەستی کوردی دادەمەزرێنێت! بۆ

ئەوەی زەرپی کاریگەر و تێکشکێنەری ئەو تەقینەوە نەتەوەییە بەر حزبە کوردیەکانیش نەکوێت, پێویستە و دەبێ بە خۆیاندا بچنەوە و بە نوێنەرایەتیی نەتەوەکەیان, یەکدەنگ و یەکڕەنگ و یەکڕیز و یەك بڕوا دەنگ هەڵبڕن کە:

= یا گورگە بۆرەکانی (پ.م.ف) بۆ دەرەوە و جاشەکانی بەناو بەرەی ترکمانی کڕ دانیشن یا ڕووبەڕووی شەپۆلی تووڕە و وێرانگەری ڕقی جەماوەری کورد ببنەوە.

= عەرەب و ترك و فارس و سەرجەم دوژمنە کوێردڵەکانی کورد ئاوی گوێی کەڕی خۆیان بدەن کە یا فیدراڵیی جوگرافی نەتەوەیی یا هیچ, (ئەو _ هیچ _ ە لە فەرهەنگی میللەتدا یەکسانە بە سەربەخۆیی و پساندنی کۆتی عێراقچێتی و برایەتی بێ بنەما و ناڕەسەنی کورد و عەرەب و...).

خواستی گەلی کورد خواستێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و سەربەخۆ خوازانە و پیرۆزە... دەبێ هەموو هێز و دەسەڵات و سیاسەت و لایەنەکان لەبەرامبەر ئەو ئیرادە پیرۆز و پۆڵایینەدا چۆك دابدەن.

سڵاو لە ئیرادەی نەتەوەیی جەماوەری کورد

بژی کوردستانی یەکپارچە

جەلیل عەباسی

هەولێر 2004/1/12

لە ژمارە 65ی 2004/1/26ی جەماوەردا بڵاو کراوەتەوە.

*

**وەفاتان گەر ماوە هێشتا...**

**پێشـنیارێك بـۆ سـەرۆكی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان، رێـزدار (نێچیرڤان بارزانی)**

**بەڕێز سەرۆكی حكومەتی هەرێم...**

گەلی بەش مەینەتی كورد و رۆشنبیر و شۆڕشگێڕانی ستەم لێكراو و هەمیشەئاوارەی ئەم گەلە رزگاریخوازەمان بە ئازاد بوون و دامەزرانی پەرلەمان و دەسەلاتێكی سیاسیی كوردی لە بەشێك لەولاتەكەیدا ئۆخژنی بەبەردا هاتەوە و تۆزی نائومێدی و ئاوارەیی هەمیشەیی لە بەرۆكی خولیا و خەیاڵی خۆی تەكاند، ئەم بەشە ئازاد كراوە و ئەم حكومەتە كوردییە بوو بە شاری ئاوات و مەكۆی حەسانەوەی بێ چەوسانەوە بۆ هاولاتیانی دیكەی پارچەكان و لەئەنجامدا شۆڕشگێڕانی پەڕیوە و ئاوارەی دەستی ستەم و كوشتوبڕی داگیركارانی كوردستانی مەزن بە پشت ئەستووری و دڵ گەرمییەوە ڕوویان لەم شاری ئاوات و مەكۆی حەسانەوەیە كرد و تیایدا گیرسانەوە ئەویش بەو ئومێدەی كەلە بەشێكی دیكەی ولاتەكەیاندا بتوانن لەكەش و هەوایەكی ئارام و ئازادانەتردا درێژە بە خەباتی نەپساوەیان بدەن دژی داگیركەر و دوژمنانی دێرینی گەلی كورد، زۆرترین رێژەی ئەو كوردانەی لە بەشەكانی دیكەوە ڕوویان لە باشووری كوردستان كردووە لە ڕۆژهەلاتی كوردستانەوەیە. واتە ئەو خوشك و براو هاوڕەگەز و هاولاتیانەی كە سالانێك ببونە پشت و پەنا و هاودەنگ و خەمخۆری ئێوە (باشووری كوردستان) و لەكاتی لێقەومان و پەڕیوەییدا ئامێزی خۆشەویستییان بۆ ئاوەلاكردبوون، ئەمڕۆ ڕوویان لە ئێوە كردووەو بەهەمان چارەنوسی

ئەوسـای ئێـوە دوچـار بـوون و ئێسـتا ئـەوە ئێـوەن کـەدەبێ ئـامێزی خۆشەویستی و وەفایان بۆ بکەنەوە و دالّدەیان بدەن. کەچی بەداخەوە وا هەست دەکـرێ ئێـوە رابردووتـان فـەرامۆش کردبێـت و هـاودەنگی و هاودەردی و خەمخۆریی خوشك و برایانی رۆژهەلاّتی کوردستانتان لەیاد کردبێت! چونکە دەبینرێت بەدەیان شۆڕشـگێڕی پـەڕیوەی ڕۆژهـەلاّتی کوردسـتان لـەم بەشـە ئـازادەی ولاّتەکەیانـدا سـەرگەردانن و هـیچ حیسابێکیان بۆ ناکرێت و تەنانەت بەرادەیەك وەك بێگانە سەیر دەکرێن کە جاروبـار بـە تەوسـەوە بلّێن (ئـاوارەن)! و ئەمـەش بەڕاسـتی جێـی داخـە. بـەڵێ جێـی داخ و کەسـەرە کـە خێزانـی کوردێـك لەکوردسـتانی ئازاددا بەئاوارە سەیر بکرێت و برسی و ڕەش و ڕووت بێـت و سـەرەڕای هەموو ئەمانەش لەلایەن خاوەن خانوویەکی هەولێریەوە سوکایەتیی پی بکرێــت و هـــەر جـــارە بـــەجۆرێك دەر بکرێــت و مـــافی بخورێــت و بچەوسێنرێتەوە! ئەویش کوردێك کە خاوەنی ماڵ و حاڵ و سامان بووە و کاتی خۆی و تا ئێستاش پاڵپشتی براکانی بووبێت و لەرێبازی خەبات و نەتەوەخوازیدا سەروسامانی خۆی کردبێتـە قوربـانی. بینینـی وەزع و بـاری نالـەباری برایـانی رۆژهـەلاّتی کورسـتان لـە هـەولێری پایتـەختی کوردستانی ئازاددا ئەو خەیاڵە چەوت و ناڕەوایە دەخاتە دڵـی مرۆڤـەوە کە: (پاڵپشتی و خەمخۆریی سالاّنی رابردوویـان بـۆ شـۆڕش و ئـاوارەیی هاولاّتیانیـان (باشـووری کوردسـتان) و هـەرواش خـەبات و بـەرخودانی چـەندین سـاڵەی خۆیـان لـەدژی دوژمـن و داگیرکـارانی خاکەکـەیان بـێ سوود و بی بەرهەم بووە و ئەوان لە خـەیالّی خـاودا ژیـاون و ئاویـان لـە دنگـدا کوتـاوە)!!! وردبونـەوە لـەو وەزع و بـارە و ترسـی زاڵ بـوونی

خـەیاڵێکی ئـەوتۆ لەمێشـکی مانـدووی کـوردە ئاوارەکـانی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتاندا (کـە دەمێکـە دەمهـەژێنێ) وای لێکـردم ئـەم پێشـنیارە ئاراستەی بەڕێزتان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەم و هیواداریشـم بەهەنـدی وەر بگـرن و بـەدەردی پێشـنیار و داواکـاری و بەڵێنـەکانی پێشـوو نەچـێت بـەڵکوو ئـەمجارە بـە هـەوڵ و هیمـەتێکی جوامێرانـەی کوردییەوە جێبەجێ بکرێت:

بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم، گەر ڕێژەی هەزار ماڵ بـۆ سـەرجەم پەنابـەران لەبەرچـاو بگـرین (کـە زۆر لـەوەش کـەمترن)، دەتـوانین لـە پانتاییەکی سی (30) هەزار مەتریدا بە شێوەی بینای سێ نهۆم کۆیان بکەینــەوە. واتــە حکومــەتی هــەرێم دەتوانێــت وە دەبێــت کۆمەڵگــە (شارۆچکە)یەکی خنجیلانە بە شێوەی شوقەی چەند نهۆمی بکاتـەوە و پەنابــەرە خێزانــدارەکانی تێــدا نیشــتەجێ بکــات ئــەویش بەشــێوەی گرێبەســتی ســاڵانە و بەمەبلــەغێکی دیــاریکراو وەك کــرێ خــانوو. بەمچەشــنە هــەم ئــەو بووجەیــەی کــە حکوومــەت ســەرفی کــردووە (بەرەبەرە) بۆی دەگەڕێتەوە و هەم مافی خاوەنداریێتیی شارۆچکەکەش بۆ خۆی دەمێنێتەوە و هەمیش خێزاندارە پەنابەرەکان ڕزگاریان دەبێت لە کرێچیەتی و سەرگەردانی و خوتەوبۆڵەی نابەجێی خاوەن ماڵـەکان و دەشتوانن بە دانی ئەو کرێ خانووە مانگانەیە کە بۆیان دیاری کراوە (و دیـارە گـران و چاوچـنۆکانەش نییـە)، وەکـوو کرێچـیی حکومـەت لـە شارۆچــکەکەدا بــە ئاســوودەیی بــژین، بۆیــە پێشــنیار دەکــەم شارۆچکەیەکی شوقەیی (ئاپارتمانی) بـەو شـێوەیە بکرێتـەوە و بـەکرێ بدرێتــە پەنابــەرەکان و هــەر لەئێستاشــەوە پێشــنیار دەکــەم نــاوی

(شارۆچکەی چوارچرا)ی لێ بنرێت! پێویستە ئەوەش وەبیر بهێنمەوە کە ئەم هەنگاوەی حکومەتی هەرێم (گەر بنرێت)، لانی کەمی وەفا و پێزانینێکی جوامێرانە و ئەمەگناسانەیە کە بەڕێزتان وەك سەرۆکی حکومەتێکی کوردی لە ئاست ڕابردووی پرشنگدار و هەستی نەتەوەیی ئەم پەنابەرانەوە دەینوێنن و سەرەڕای ئەوەش هەڵوێستێکی مرۆڤانەیە و جێی دڵخۆشی و سوپاس و پێزانینی ئەو منداڵە کوردانەیە کە ئەمڕۆ لە کرێچیەتی (ئاوارەیی)دا لەدایك دەبن و دەبنە هیوا و ئومێدی داهاتوو و مرۆڤی مەزنی پاشەڕۆژی گەل و نەتەوەکەیان.

بژی کورد.. بژی کوردستانی ئازاد و یەکپارچە

تێبینی 1: لە ژمارە (103)ی 2004/11/1ی جەماوەردا بڵاو کراوەتەوە.

تێبینی 2: لە ژمارە (104)ی 2004/11/8ی جەماوەردا کوردێکی دڵسۆز بەناونیشانی (هاوڵاتیەك) وەك پشتگری و بەدەنگەوەهاتنی ئەم پێشنیارەی من پێشنیارێکی بۆ سەرۆکی حکوومەت نووسیبوو و گوتبووی کە ئامادەیە (10)دۆنم واتە (25000)مەتر زەوی لە لای گوندی (شاوەیس) ببەخشێتە حکوومەت کە ئەویش بیکاتەوە بە شارۆچکەیەك بۆ نیشتەجێکردنی ئەو پەنابەرانە.

*

**ئەوەی نەیویست من و تۆ ببینە ئێمە, ماڵی وێران**

**{بۆ هاوڕێی پێشمەرگەی بیریارم ( م, ع, ز ) و هەموو پێشمەرگەیەکی ڕاستگۆ و ڕاستەقینەی ڕێبازی ڕزگاریخوازی}:**

**هاوڕێم..** لەوەتەی خۆت ناسیوە مەشخەڵت لە دەستە و ڕێبواری نامادووی ڕێگای پڕ هەورازونشێوی ڕزگاریخوازییت.. لە تاریکستانی ستەم و چەوساندنەوەدا بەدوای تیشکی بەرخودان و تریفەی سەربەرزیدا دەگەڕێی.. دڵی ڕەشی شەوگاری جەهل و کینە شەق دەکەیت و هەر لە دۆزینەوەی ڕۆژی ڕووناکی ئەندێشە و هەتاوی برووسکاوەی خۆشەویستیدای.. ساڵەهای ساڵ پەناهەندەی شاخ و داخ و بن بەردو ئەشکەوت و شیو و دۆڵی ولاتێکی بێ ناسنامە بوویت و کڕنۆشت بۆ لووتکە سەرکەشەکانی دەبرد و نوێژی شوکرت بۆ جۆبارەکانی دەکرد و پەنات دەبردە بەر سێبەری درەختەکانی و پشتت بە تاوێرە بەردە ڕەقەکانی دەبەست و ئەوانیش بە ماندوێتی و زۆرجاریش بە نابەدڵی و ناچاری وەریان دەگرتیت و داڵدەیان دەدایت.. چوونکە زۆرجار لەژێر قورسایی تەرمی ئەو هەڵۆ شەهیدانەی کە کردبوونتە کۆڵ و دەتگەڕاندن و لە داڵە دێزە مردوو خۆرەکانت دەشاردنەوە, هەڵدەلەرزین و نەوی دەبوون.. زۆرجار دێوەزمە کوێر و نەگریسەکانی سەردەم شوێن پێیان هەڵدەگرتیت و بەمەبەستی کوژاندنەوەی کلێپەی مەشخەڵەکەی دەستت تەرزەی ڕەقی ڕقیان دەباراندە سەریان و دەیانکوتان و دایان دەتەپاندن.. ئەوان لەو هەڵ لەرزین و نەویبوونە و لەو کوتران و داتەپینە ماندوو ببون کەچی تۆ, نامادوو, ورە بەرز و دەنگ بەرز بە خۆت و مەشخەڵی دەستتەوە کە

نــەیار و نــەزان پێیــان دەگــوت (چــەك) هــەر دەگــەڕایت و هــاواری نەتەوەکەت بەرزتر هەڵدەبڕی و خـەوت لـە دڵنووسـتووەکانی سـەردەم دەتاراند.. ئەمڕۆ پاش تەمەنێکی دوورودرێـژی خـەبات و نەحەسـانەوەو ئـاوارەیی و کۆڵنــەدان, ئــەوە ئــەوانن کــە پشــتیان بــەتۆ بەســتووەو پەناهەنـدەی باغسـتانی سەرسـەوز و ڕازاوەی دڵـی تـۆن.. ئـەمڕۆ تـۆ سەربەرزیت و ئەوان کڕنـۆش بـۆ کۆڵنـەدانت دەبـەن و نوێـژی شـوکرانە ئاراستەی ناخت دەکـەن.. چـونکە بۆیـان دەرکـەوت کـە تـۆ زوو خـۆت ناسی و زووش خۆت دۆزییەوە.. تۆ.. تۆی پێشمەرگەی بیریار چەکت لە شـان بـوو بـەڵام نـەك بـۆ کوشـتنی مـرۆڤ بـەڵکوو وەك مەشـخەڵێك بـۆ دۆزینەوەی ڕێگە بـزر بووەکـان.. چـەکت لـە شـان بـوو بـەڵام (مـەنتقی چەك) گیـانی پـاوان نـەکردبووی بـەڵکوو هـەموو ناخـت لێوڕێـژ بـوو لـە (چــەکی مــەنتق).. چــەکت لەشــان بــوو و گەڕێـدەی شـاخان بوویـت و پەناهەندەی بن ئەشکەوتان بەڵام نەك بۆ ڕووخاندن و ڕووشاندنی ژیان و ژیار بەڵکوو بـۆ واتـا بەخشـین بـە ژیـانی شـار و ڕەوشـتی شارسـتانی.. چـەکی سەرشـانت سـنگی مرۆڤـی نـەدڕی بـەڵکوو بووبـە مەشـخەڵێك و تاریکاییەکانی ڕێگای ئایندەی بۆ مرۆڤ ڕووناك کردەوە.. تۆ نەك چەکدار کە ئاڵاهەڵگری ئازادی و مەشخەڵ بەدەستی ڕێبازی مرۆڤانەی یەکسانی و مامۆستای ژیانی پڕئاشتەوایی و سـیمبولی ڕەواخـوازی و مرۆڤدۆسـتی بوویت..

هاوڕێم.. ئێسـتا نـەك هـەر شـاخ و داخ و دارسـتانەکانی وڵات بـەڵکوو هەموو دایکـە جـەرگ سـووتاوەکان و باوکـە دڵ حەزینـەکان و منـداڵانی ناوبێشـکەش لـە بەرامبـەر مەزنایەتیتـدا چـۆك دادەدەن و کڕنـۆش بـۆ

لووتکەی هەرە بڵندی کەرامەتمەندی و جوامێری و مێرخاسیت دەبەن, چونکە بڕوایان بەوە هێناوە کە تۆ.. تۆی پێشمەرگەی بیریار (بەسەر بەرزی ڕات بوارد بەنان و ئاوێك, کوردایەتیت نەفرۆشت لەپێناو ناوێك و مەردایەتیت نەفرۆشت لەپێناو تاوێك), تۆ.. خۆشەویستی, تۆ.. خودی خۆشەویستییت, (مەسیح)ی خۆشەویست خۆشی دەوێی چونکە لەبەرامبەر بردنەوەکانتدا ناخی خۆت نەدۆڕاند و دا نەڕووخایت, مامۆستای هزر و ئەندێشە و سیمبوڵی ڕاستەقینەی مەزنایەتی (زەردەشت)ی کورد درووودت ئاراستە دەکات چونکە بەو مەشخەڵە بە کڵپەیەی سەردەستتەوە کە (چەك)یان پێدەگوت, دڕت بە سوپای وەحشیی شەو و تاریکی و ڕەش ئەندێشی دا و ڕۆژی ڕووناکی خۆشەویستی و جوامێریت دۆزییەوە, چونکە ئەهریمەنی ڕق و کینە و وێرانیت مراند و مەزدای پیرۆز و مەزنی خۆشەویستی و لێبوردەیی و مێرخاسیت دۆزییەوە, تۆ.. ڕەسەن و ڕاستگۆی ڕاستەقینەیت, ئەی ئەوە نییە خواکانی نسکۆت ترساندن و هاواری ئینسانیت سنگ بەسنگ لە نێوان بەمۆ و زمناکۆ و شاهۆ و داڵەهۆ و شرامدا هات و دەنگی دایەوە کە (کورد تەسلیمی نسکۆ نابێت و ڕێبازی ڕزگاریخوازانەی خۆی بە ڕەشەبای لماویی دوژمنان کوێر ناکاتەوە)؟! ئەی نازانی کە منداڵانی بەر مەمکەی دایکیش دەزانن و بڕوایان هەیە کە تۆ, نە بەنکی شارە خنکێنراوەکەمانت بڕی و نە مەچەکی پڕ بازنەی دایکە تاسێنراوەکانمانت بڕییەوە و نە هێزی بڕشتی گوللەی دۆشکات بەسەر سینگی پێشمەرگە دیلەکانی شەڕی نەگریسی براکوژییەوە تاقی کردەوە و نە دەهۆڵت بۆ سەمای مەرگی خۆکوژی لێدا و نەش بە زوڕنای

زوڕناژەنە ناپاکەکانی ئەو شەڕە هەڵپەڕییت؟..

هاوڕێم.. دەتەوێ قسەت بۆ بکەم, نامەت بۆ بنووسم, شتێکت پێ بڵێم, شتێك کە ژیانت پێ بناسێنێت! ! ! ئاااای.. چیت پێ بڵێم و چیت بۆ بنووسم؟! بڵێم خۆشەویستیت خۆشبوێ؟.. گوتم تۆ خودی خۆشەویستیت, بڵێم ئازایەتی و مەردایەتی بپارێزە؟.. گوتم تۆ سیمبولی مێرخاسی و جوامێریت, چی بنووسم؟.. گەر من وەك نووسەرێك بە ڕەنگی مەرەکەبی خامەکەم وشەی خۆشەویستی لەسەر کاغەز ڕەسم دەکەم, ئەوا تۆ تۆوی ئەو وشەیەت لە خاکی وڵاتی مرۆڤاندا چاند و بە خوێنی گەشت ئاوت دێرا و پێت گەیاند.. لە ڕاستیدا من بەرهەمی ئەو تۆوە دەدرووممەوە کە تۆ چاندووتە, خۆشەویستی, خۆنەویستی, بەزەیی, مەزنایەتی, جوامێری, مێرخاسی, کەرامەت, سەربەرزی و سەربەستی و بەکورتی سەرپاکی ژیان و ژیار بەرهەمی هێزی لە بن نەهاتووی بیروباوەڕی مرۆڤانەی تۆن کە پێم گەیشتوون, کەواتە چیت بۆ بنووسم و باسی چیت بۆبکەم هاوڕێی بیریارم؟!..

ئایەتی پاکیی تۆ لە دووتوێی کتێبی دڵەکاندا نووسراوەتەوە, پیت بەپیتی کتێبی خوانووسی شاخ و درەختی ئەم وڵاتە باسی ئەوینی یەزدانی و ناخی ئینسانیی تۆ دەکەن, تۆ.. کە پێشمەرگە بوویت نەك چەکدار, پێشمەرگەیت نەك حاکم, خەباتگێڕ بوویت نەك بازرگان, ئازادیخواز بوویت نەك پاوانخواز, ڕزگاریدەری نەك وێرانگەر, تۆ.. کە بەخشەندە و میهرەبانیت و مرۆڤایەتی لەسەر ئەو وانە پیرۆزانە ڕا دێنی, من دیتم تترووسکەیەك لە جیاتیی گوللە لە لوولەی چەکەکەتدا برووسکایەوە, تترووسکەیەك کە پووشەڵانی ناخی وشکەڵاتووی

ئەهریمەنـەکانی شـەڕی براکـوژی و ناتـەبایی نەتەوایـەتیی سـووتاند و ڕێگـای پێشـمەرگە ڕەسـەن و ڕاسـتەقینەکان (نـەك چـەکدارە چـەتە چەتوونەکان)ی ڕووناکتر کردەوە, تۆ.. بەسەربەرزی, دوێنێـت گەیانـدە ئەمڕۆ و ئەمڕۆش، بە ڕووسووری لە چوارڕێیانی سبەینێی بەختەوەریـدا وەستاوی, ڕاوەستاوی وەك شاخە ڕاوەستاوەکانی وڵاتەکەت, ئەو وڵاتـە بـێ ناسـنامەیەی کـە تـۆ نـاو و کەسـێتی و ناسـنامەت پێبەخشـی, ڕاوەسـتاویت و لەبەرامبـەر هـەموو خـوا گـەورە و بچـووکەکانی درۆ و نەیڕەنگـدا (حـەللاج) ئاسـا هـاواری (انـاالحق)ت بڵنـدە, وەسـتاویت و (ڕابیعە عەدەوی) ئاسا گۆزەیەك ئاو و شووشەیەك نەوتت بەدەستەوەیە تا گڕی سوتێنەری دۆزەخی ترس و نباوەڕی بکوژێنێتەوە و فیردەوسی وەهم و خەیاڵاتیش بسوتێنێ.. وەستاویت و لەبەردەمتا نیچە, ڤۆڵتێر, کانـت, دێکـارت, نـەهرۆ, مـائۆ تسـی تـۆنگ, مـارکس و سـەرجەم ئەسـتێرەکانی ئاسمـانی هـزری مرۆڤایـەتی ڕێـزە دەرۆن و تیشـکی سوپاسـت بـۆداوێن.. وەسـتاویت و مەسـیح دۆسـتایەتی (روح القـدس) وزەردەشت دروودی (ئەشا)ت بۆدەنێرن..

دە ڕاوەستە, هەر ڕاوەستاو بە و مەشخەڵەکەی دەستت بەکڵپەتر بکە بۆ شەق کردنـی تاریکاییـەکان و دۆزینـەوەی ڕوونـاکی, ڕاوەسـتاو بـە و بەردەوام لەئاسمانی مەزنایەتی و پیرۆزیدا تیشکی خۆشەویستی بهـاوێ و بارانی بەختەوەری ببارێنە, ڕاوەسـتاو بـە و بـەردەوام ئێشـکگری نـاو سـەنگەری پاراسـتنی شـەرەف و کەرامـەتی مـرۆڤ بـە و مەهێڵـە چـەتە چەوتە چەتوونەکان لە مرۆڤایەتیی بدزن..

هاوڕێم.. تۆ, هەر بـە منـداڵیش مـەزن بوویـت.. ئـەو کاتـەش کـە لـە

مێشکە ناسکەکەتدا رستەیەکی عەرەبیت بە وشەی کوردستان دروست کرد و مامۆستا وشکە مەلاکەت (ئەوەی لە ئەزەلەوە فێرە موالیچـێتی و خیانەت و شرەخۆری بووە و ئێستاش و تا ئەبەدیش لە سـەری دەژی)، دەفتەرەکەی دڕاندی و بەسەرتدا نەڕاندی و کوێرانە سەرکۆنەی کـردی, هەرگـەورە و مـەزن بوویـت, ئـەمڕۆ مـەزنتریت و دەبـێ ئـەو مەزنایەتیـە بپارێزی, با بچووکەکان گـەورەییت لـە خشـتە نەبـەن, سـەعدی دەڵـێ: "نەکەریمـەکان دەرهـەمیان لەدەسـتە و نەخواوەنـدەکانی دەرهـەمیش کەرەم".. دەبا دەرهەمدارەکان کـەریمیت لەخشـتە نەبـەن و قەناعـەتی شەریفانەت ئالۆز نەکەن, کارۆ دەڵێ: "لەخەونمدا سێبەری خۆشبەختیم بینی و لێی پاڕامەوە دەرکەی ماڵم لێ بکاتەوە، کەچی پێکـەنی و گـوتی تائەو شتەت لەدەستدایە کـە هەتـە، سـێبەری خۆشـبەختیت لێ دوورە, ئەو ڕۆیی و کاتێ سەیرم کرد، ویژدانی خۆم بینی لە ناو لەپی دەسـتمدا وەك ئەسـتێرەیەك دەدرەوشـایەوە".. دەبـا پـووچ و بێناخـەکان ئـەو ئەســتێرەیەت لێ نەکوژێننــەوە و عــەوداڵ و ســەرگەردانی ســێبەری خۆشـبەختیی وەهمیـت نەکـەن, بەختـەوەریی ڕاسـتەقینە لـە نـاخی زیندووی خۆتەوە هەڵدەقوڵێت..

هاوڕێم.. دەڵێن, "لەجیهاندا گریاندن ئاسانە, فرمێسکێك بسڕەوە", تۆش.. هەر وایت و هـەرواش بمێنـەوە, تـۆ گـوڵی بـاخی ژیانیـت, دەبـا دڕکەکان ناسکیی پەڕەکانت نەڕووشێنن..

هاوڕێم.. مرۆڤایەتی چـاوی لـە ڕێتـە, لـە رێبازیـدا هـەر پێشـمەرگەی بیریاری مەشـخەڵ بەدەسـتبە, ئـەو رێبـازەی تـۆ رێبـواری بویـت و ئـەو خەباتەی تۆ دەستت پێ کرد نەبڕاوەو هەتاهەتاییە و لە بازنـەی وڵات و

نەتەوەیەکیشدا بچوك ناکرێتەوە و قەتیس نامێنێ, بۆیە دەڵێم مرۆڤایەتی چاوی لەڕێتە, گیڤارای شۆڕشگێڕ دەڵێ: "من ئوقرەم نیە و پیتی ناو دەفتەری حەسانەوە نیم.. لە هەر سوچێکی جیهاندا نابەرابەری و چەوساندنەوە هەبێ, من لەوێ پێشمەرگەم", تۆش خەباتگێڕی مرۆڤایەتیت و تا سەرکەوتنی مرۆڤایەتیش ڕێگات هەر بەردەوامە و درێژەی هەیە..

هاوڕێم.. مامۆستام.. مرۆڤ ڕابهێنە تا بمرێ بۆ ژیان ــ نەژی بۆمردن, ڕامان بهێنە تا (من) و (تۆ) نەمێنین و ببێنە(ئێمە), دڵمان زیندوو بکەوە بەئەشق تا وەکو خۆت و خواجەی شیراز لە جەریدەی عالەمدا دەوام و بەردەوامیمان تۆمار بکرێت, هەست و نەستمان بهەژێنە و ناخمان بخەرە جوڵەی ئینسانی بۆ خۆ دۆزینەوە و بنیاتنان, فێرمان بکە بڵێین: "ئێمە بەوە زیندووین کە دا نەساکێین.. ئەو شەپۆلەین کە وەستانمان هەمان نەمانمانە"..

هاوڕێم.. من هیچم پێ نەگوتی, ئەوەی بیستت دەنگدانەوەی ناخی خۆت بوو.. ئەم نوسینەش ئاوێنەیەك بوو کە ناخی ڕووناکی خۆتی پیشان دەدایەوە..

درووود بۆتۆ و زیندوێتیت ئاراستە بێت و مەشخەڵی سەردەستیشت هەر بەکڵپەتر...

تێبینی: لە ژمارە (511)ی 18ی تشرینی دووەمی 2004ی گوڵاندا بڵاو کراوەتەوە.

*

**بـــەرەو گـــردەکـــە**

**{نامەیەکی کراوە لە کەشێکی داخراوەوە بۆ (نما)}:**

***" گەردی هەبوویا مـە ئیتیفاقەك***

***ڤێکرا بکرا مـــــە ئینقیادەك***

***رۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی***

***هەمیات ژ مەرا دکمر غولامـــی"***

رۆژ باش

دەڵێن: ***"گـەر ئەتـەوێ لـە جوگرافیـای سرووشـتیی سـبەینێدا _ وجـوود_ت هـەبێ، پێویسـتە لـە جوگرافیـای سیاسـیی ئـەمڕۆدا _ حوزوور_ت ببێت".***

ئەگەر لەناو لاپەڕەکانی مێژووی بزاڤی سیاسیی کورددا بەدوای ئـەم دەسـتەواژە جوانـەدا بگـەڕێین، ئـەبینین نـەك هـەر نەخوێنراوەتـەوە و نەناسراوە، بەڵکوو هەر لە بنەڕەتدا بوونی نییە، واتە کورد خاوەنی ئەو لۆژیکە نەبووە کە بە پیشاندانی بوونی پراکتیکیی خۆی لە جوگرافیـای سیاسیی (ئەمڕۆ)کاندا، هەبوونی کارای خۆی لە جوگرافیای سرووشتیی (سـبەینێ)کاندا بسـەلمێنێت و بەرجەسـتەی بکـات، ئەمـەش (بـەلای منەوە) بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کـە مرۆڤـی کـورد بێبـەش بـووە لـە بـیر و لۆژیـك و بەرنامـــەی سیاســـی، یـــانخود گـــەر راســـتتر بڵـــێم، کـــورد سیاسەتمەداری نەبووە و نەیتوانیوە هـیچ فکـر و پـرۆژە و پرۆگرامێکـی سیاسی بنیات بنێت و هیچ بزاڤێکی سیاسی بـەرپا بکـات و بیخاتـە نـاو گەمە جۆربەجۆرەکانی جیهـانی سیاسـەتەوە. بەمپێیـەش ئـەتوانم بڵـێم

ئێمـە هـیچ شۆڕشـێکی سیاسـیمان نـەبووە و خـاوەنی هـیچ فکرێکـی سیاسەتمەدارانە نەبووین بۆ گۆڕان و نوێبوونەوەو بـەڕێوەبردن، چـونکە مرۆڤـی سیاسـەتمەدارمان نـەبووە و هەرچـی هـەبووە و هەیـە، تـەنها تـاکێکی بزێـو بـووە کـە بـەجۆرێك لـە جۆرەکـان یـاخی بـووە و بەگـژ بەرامبەرەکەیدا چووەتەوە، ئەویش تەنها لەپێناو بیرکردنەوەیەکی تاکە کەسـیی بـێ بەرنامـەو، بـۆ دەسـتەبەر کردنـی خواسـتێکی بچـووك و ناوچەیی و خێڵەکیی خۆی (نەك ئارمانجێکی بەرین و گشتگیری سیاسی یا نەتەوەیی)! ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە کە لەبـەر ئـەوە کۆمەڵگەیـەکی کـراوە و پێشـکەوتوو نـەبووە، نـەیتوانیوە تـاکی رۆشـنبیر و پێشـکەوتنخواز پـەروەردە بکـات، (دیـارە وەك پێشـینان دەڵـێن: ***چـی بچـێنی هـەر ئـەوە دەدروویتـەوە***)، بـەم پێودانگـە، ***هەڵسوکەوتی نا سیاسییانە و تەرارتێنی بازرگانیی ئەم دوو زلحیزبە و چەند وردە حزبێکیتری دەسکردیش دەرەنجامی سرووشـتیی هـەمان جۆری چاندنە و میچیتر!*** ئێمە کە (سیاسەتمەدار)مان نەبووە، ئەبینی (سیاسیکار)مان زۆرن و هەریەکەش بـە زەوق و سـەلیقەیەکی ناتـەواو و نەخۆش و ناکامڵەوە جڵـەوی وڵاتیـان بـە دەسـتەوە گرتـووە و کوێرانـە بەدوای خۆیاندا و بەرەو چاڵەقووتی نەگبەتی رایدەکێشن و جەماوەریش کوێرانەتر کەوتۆتە دوایان و لە (داو)یاندا حەیرانە بە بێ ئەوەی بزانێ یا بتوانێ فرزە بکات و ***(بۆ؟) یا (چۆن؟)***ێکی تووڕەیان بە گژدا بداتەوە! پێموایە خانیی گیانشاد هەستی بە چۆنیەتیی بارودۆخی ئـەمڕۆی کـورد کـردووە و ئـەو هـاوارە رەخنـەئامێزە شـیعرییەی بـۆ ئـەمڕۆش بـەرز

کردۆتــەوە، چــونکە ئــەوی راســتی بێــت ئێمــە هیچــکات نەمانویســتووە ســەرکردەی ژێــرو کــارا و لێــزان و لێهاتوومــان هــەبێت بــەڵکوو تــەنها (تەوتەم)مان داتاشیوە و پەرەستشمان کردووە. خۆشبەختانە ئەمڕۆکە هەستدەکرێ هەندێ گۆڕانکاری لـەم بـوارەدا خەریکـە سـەرهەڵدەدات و ئــەم جــەماوەرە نووســتوەمان خەریکــە رادەچــەنێت و بــەئاگا دێتــەوە، (ئەمەش نیشانەیەکە بۆ دڵخۆشکردن و ئەمێد بەخشین بەو رۆحانەی لەو (گەنـداو)ەی پێشـوودا سـەرگەردان ببـوون). ئـەتوانم نموونەیـەکی ئـەم بــەئاگا هاتنەوەیــە لــەو ئــاڵوگۆڕو دەنگەدەنگــەی ئــەم دواییــەی نــاو یەکیەتیی نیشتمانیدا بدۆزمەوە (کە راستییەکەی پێشتر بەلامـەوە هـیچ گـرینگ نـەبوو، چـونکە بـە شـانۆیەکی چەواشـەی وەك هـەموو شـانۆ چەواشەکانی رابردووی مێژووی بزاڤی سیاسیی کـوردم دەزانـی). بـەڵام لەگــەڵ بــڵاو بوونــەوەی دەنگــۆی لیســتی جیــاواز و هــەرواش چــڕتر بوونـەوەی چـالاکییەکانی، سـەرنجم بـۆ لای جـدیبوونی ئـەم ئـاڵوگۆڕە وەرچـەرخا و ئێسـتا تـا رادەیـەك ئـەتوانم بـیری لێبکەمـەوەو بەهەنـدی وەربگرم! لـە روانگـەی منـەوە، سیاسـەتمەدارەکانی ئـەمڕۆی ئێمـە بـە پەنجەی دەست ئەژمێردرێن، ( پێشتر گوتم کـە ئێمـە سیاسـەتمەدارمان نییــە بــەڵکوو سیاســیکارمان زۆرن!)، یــەکێك لــەو سیاســەتمەدارانەش دیسـان بـەلای منـەوە (نەوشـیران مسـتەفا ئـەمین)ە، کەسـێك، تـا ئـەو رادەیـەی مـن شـارەزای مێـژووی ژیـان و رابـردووی بم، (سـەرەڕای ئـەو رەخنانەی لە ژیانی _ شەڕگە_یدا رووبـەڕووی دەبنـەوە)، ئیـدی خـۆی نەك بۆ گەمەی سیاسیکارانە و بازرگانی و خۆ تێرکردنی (نامەشـرووعی)

سیاسـی، بـەڵکوو بـۆ چـالاکی و کاریگـەریی سیاسـی و بـۆ بنیاتنـانی جوگرافیای سرووشتیی سبەینێ تەرخان کردووە، (هەر لە ئێستاوە بڕوا بەم راستییە بکە کە ئـەم قسـانە تـەنها دەربڕینـی راسـتییەکن لـە زاری نووسـەرێکی سـەربەخۆ و ئازادئەندێشـی کـوردەوە بـە بـێ هـیچ بەرژەوەندی و پلان و پیلانێکی شەخسی، چونکە خـاوەنی ئـەم قسـانە هیچکات قەڵەم و بیری خۆی نەخستۆتە خزمەتی هیچ کەس و لایـەنێکی ناشایسـت و تـەنها بـەدوای راسـتییەکاندا گـەڕاوەو لـەم پێناوەشـدا قوربانیی زۆری داوە و بە بێ ماندوو بوونیش، هەردەم لە خزمەت (بیر و زمان و کرداری چاك)ی مرۆییدایە بۆ گەشە و پێشکەوتنی راستییەکان). (ئەلبەت دەبێ ئەوەش نەشارمەوە کە کاتێ لە ژیان و ئاکاری سیاسـیت ەرد دەبمـەوە، جۆزێـف سـتالینم بـیر دێتـەوە!!! ئەمـەش هـەر لـە ئێسـتاوە بـە خەوشـێك دەبیـنم لـە رێـڕەوی سیاسـیی ئایەندەتـدا و هیواداریشم ئەو جورئەت و پاکیە سیاسییەت لـە وجـوودا هـەبێت کـە هەر لە ئێستەوە هەوڵی سڕینەوەی ئەو لێکچوونە ئاکـاری و کەسـێتییە بدەیت چونکە گەر وانەبێت ئەوا هەرزوو تەنیا دەمێنیتەوە)

بەهـەر حـاڵ، هاتنـە ئـارای ئـەم دەنگۆیـە ئومێـدواری کـردم بـەوەی ***گۆڕانکاری یا لانیکەم تەزوویەك بەڕێوەیە*** و منـیش حـەز ئەکـەم ئـەم ئەگەری گۆڕانکاری یـا تـەزووە، ئاراسـتەیەکی لـۆژیکی وەربگرێـت و بـە لاڕێدا نەبرێت و بە دەردی رووداوەکانیتری پێشوومان نەچـێت! ئـەوەت لێ ناشارمەوە (و هیوادارم وەکوو هۆشدارییەکیش لێمی وەربگریـت) کـە نیگـەرانم لـەوەی بکەویتـە ژێـر کاریگـەریی شـانتاژە سیاسـییەکانی

سـەرکردە و هاوڕێکـەی جارانـت و جـارێکیتریش بگەڕێیتـەوە سـەر ئـەو لاڕێیــەی جـاران، لاڕێیــەك، تەنهاوتــەنها کۆمەڵگــە بــەرەو پــەرتبوون و نائەمنیی فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبات! دیارە لـەم حاڵەتـەدا ئەو تۆزقاڵە ئومێد یا خۆشبینییەی لە لام دروست بووە، (وەکـوو ***ئـەو داڕووخانە ترسناکەی بـەرۆکی زۆربـەی زۆری تاکـەکانی ئـەم گەلـەی گرتــووە***) دائــەڕمێت و دەچــێتەوە ژێــر خــاڵی ســفر، جگــە لــەوەی بەرپرسیارێتییەکی مەزنی مێژوویش دەخاتە ئەستۆی بەڕێزت و دەتکاتە نیشانە بـۆ لۆمـە و سـەرکۆنەی زۆرتـری مێـژوو! (تـۆش و منـیش و زۆر کەسیتریش چاك دەزانـین کـە (حزب؟!)ەکـانی کوردسـتان نـەك حزبـی سیاسـی، کـە قافڵەیـەکی کاروانچـیی خێڵـەکین و چـەمکی (گـۆڕان) لـە قاموسیاندا نییە و هیچکاتیش تیایدا نانووسرێت، چونکە هاتنە کایـەی ئـەو چـەمکە، واتـە لەناوچـوونی ئـەوان!، بۆیـە لێـت دەخـوازم (و ***ئـەم خواستەش نەك تەنها خواستی نووسەری ئەم نامەیە بەڵکوو هی زۆربەی زۆری جەماوەری ماندووی ناڕازی و نائارامە***)، کە بەهەمان بڕوای پتەوت بـە گـۆڕان و گەشـانەوەی سیاسـی، لـە هـەمان سـەنگەری ئەمڕۆتـدا بمێنیتەوە و بێ گوێدانە هەرچەشنە ساتوسـەودا و وەعـد و بـەڵێنی بـێ بنەماو شانتاژێکی سیاسیکارانەی ئەملاولا (چ دۆست چ دوژمـن)، درێـژە بــە هــەنگاوەکانت بــدەیت، دڵنیاشــبە گــەر ئاراســتەکەت دروســت و تەندروست و شایستە بوو، ئەوا هەنگاوی زۆرتری بەدوادا دێن و هـەر لـە ئێستەوەش مژدەی هاوڕێیەتی و هاوهەنگاوی و پشتیوانیی جەماوەریت دەدەمێ (و تـەنیا مەرجیشـم هـەمان سـەربەخۆیی و تـەندروستیی فکـر و

روانگـە و رێگاکەیـە). بەسـەر ئـەم هـاودەنگی و پشـتگرییەوە حسـێبی تایبەت بکە بەڵام لەوەش دڵنیابە، ***گەر هاتوو هەرچەشنە وەرچەخانێك بەرەو دواوە لەو روانگە و لەو ئیرادەیەتدا رووی دا، ئەوا لە لایەن منیش و هەموو هاوهەنگاوەکانیشتەوە دەخرێیتە ژێر تـاڵترین پرسـیارەوە***، ئەوە دەبێتە خاڵی کۆتایی ئەو هاوفکری و هاو ئیرادەییـە کـە هیـوادارم هەرگیز شتی وا روو نەدات.

بەڕێز (نما)، ئەم رێگایـەت گـەلێ دوور و دژبـەرو جیـاوازە لـە کـوێرە ڕێیەکەی پێشووی ناو یەکیەتیت، بۆیە فکر و گەڵاڵە و پلانی جیاوازیشی گەرەکە، تـۆ مەشـخەڵەکەت هـەڵکردووە و دڵنیـاش بـە خـەڵکانێکی زۆر رووی تێدەکەن و رێچکەکەی دەگرنەبـەر، بـەڵام ئاگـادار بـە.. لەوانەیـە هەندێ لەوانە تەنیا و تـەنیا بـەدوای (دووکـان)ێکی نـوێتردا بگـەڕێن بـۆ قازانجی زۆرتر.. لەوانەیە هەندێ لەوانە تەنیاو تەنیا بەدوای پڕتر کردنی گێرفاندا بـن لـە رێگایـەیکتر و بـە شـێوازێکیتر.. نەکـەی لەبـەر خـاتری (سیایی لەشکەر) مەشخەڵەکە بدەیتە دەستی ئەو چەشـنە ناکەسـانە.. نەکەی دڵ بەو کۆلکە بازرگانە سەوداکارانە خۆش بکەیت و پشتیان پـێ ببەستی.. گەر وا بێت، ئەوا دڵنیا بە مەشـخەڵەکە دەکوژێتـەوە و تـەنها دووکەڵێکی چڕی تاسێنەری بەدوادا دێت، دووکـەڵێك کـە نـاخی تـۆش و (من)ەکانی ئەم گەلەش دەتاسێنێت و ئیتر وشەی (گەشە و گـۆڕان)یش بۆ تاهەتایـە ژاراوی دەبێـت و بـە دەردی وشـەی (پێشـمەرگە) دەچـێت لـەمرۆدا.. وشـەیەك کـە تاکبـەتاکی گـەلی کـورد بـە پـیرۆزی دەزانـی و کڕنۆشی بۆ دەبرد و پشتی پێدەبەست و دڵی پێخۆش بـوو، بـەڵام دوای

شەڕی رسوای براکوژی و دوای (دەروێش) سازییەکەی سەرانی ئـەم دوو زلحزبـە، ئـەو پیرۆزییەتـەی لەدەسـت دا و نووکـە واتـای چـەکدارێکی سەپانشێوە دەگەیەنێت و هیچیدی.. با گرووپەکەت (کـەم) بێـت بـەڵام (کەرەم) بێت.. زۆر باشـترە لـەوەی بـە لەشـکرێکەوە بنازیـت کـە نـەك پاڵپشـت بـەڵکوو ڤایرۆسـێکی کوشـندەیە.. ئاگـاداریش بـە.. هـەرکاتێ هەستت بەوە کرد کە (بەڵێ گەورەم) و ئـەو چەشـنە قسـە دەرویشـی و موالیچـێتییانە دڵخـۆش و سەرمەسـتت دەکـەن، ئـەوا دڵنیـا بـە نزیکـی خەرەند و هەڵدێری مەرگاویی گەنـدەڵی و خـۆ لـەبیر بردنـەوە بوویـت و نەمانت نزیکە.. مرۆڤی راستگۆ بە و لە ئاوەها حاڵەتێکدا هەر خۆت و بە بـێ ئـەوەی پـلارت لێبگـرن بـڕۆ و گۆڕەپـانی سیاسـەت بـەجێ بهێڵـە و ناکارایی و ناشایستەیی خۆت بۆ هەڵگرتنی بەردەوامی مەشخەڵی گۆڕان و نوێبوونــەوە رابگەیەنــە.. بــەمجۆرەش نــاوی خــۆت وەکــوو کەڵــە خەباتگێڕێکی راستیخواز تۆمار دەکەیت و بەدەردی (ئەسلاف)ی خـۆت ناڕۆیـت و خـۆت لـە رسـوایی دەپارێزیـت.. ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا چڵەپۆپە و لووتکـەی خـەباتی ئینسـانییە.. بـۆ سـەرکەوتن و سـەربەرز هاتنە دەر لەم ئەزموونەشدا زۆر زۆر پێویستە هەر لە ئێستاوە هەر سـێ چـەمکە ئـەخلاقی و ئینسـانییەکەی مامۆسـتا و پەیامبـەری مرۆڤمـان (ئەشـو زەردەشـت) بکەیتـە بـوکی مێشـك و هـزری خـۆت و بـەردەوام بیلێیتەوە و کاری پێ بکەیت، واتە زۆر پێویستە رێگـای دڵ و دەروون و هەست و ناخت بە چـرای رووناکیبەخشـی (**بـیری چـاك، زمـانی چـاك، کرداری چاك**) روونکا بکەیتەوە.

بەڕێز (نما)...

جەستەی ئەم گەل و وڵاتەمان تووشی ڤایرۆسی کوشندەی فەرامۆشکاری و خەمساردی هاتووە، پزیشکێکی کارامەی گەرەکە، ئەندامە تووشبووەکان لە بنەوە ببڕێت و نەخۆشییەکە چارەسەر و بنبڕ بکات...، با بەهەموومانەوە، دوای سەدان ساڵ و لەناو گەلە تەوتەم و تابۆیەکی دەسکرددا، ئاراستەی فکری و سیاسیی کورد بەرەو ئاسۆیەکی روونی ئینسانیی تەندروست بگۆڕین.

***"سەرەنجام، سەرکەوتن و سەربڵندی هەر بۆ راستی و دروستییە"***

جەلیل عەباسی.. هەولێر.. 2009/3/16

*

## برووسکە نامەیـەکی بەپەلـە بـۆ سـەرۆکایەتیی هـەرێم بـە بیـانووی دۆزینەوەو هێنانەوەی رووفاتی چەندین رۆڵەی کورد بۆ گەرمیان

**بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

ئــەو ئێســك و پرووســکانەی بــەناوی شــەهیدان و ئەنفالکراوانــەوە هێشـتاش لەملاولـەولا دەدۆزرێنــەوە، سـیمبول و بەڵگـە و شـایەتێکی زیندوون کە گـەلی کـورد ڕۆڵـەی خـۆی لـەپێناو ئـازادی و سەربەسـتی و ئاوەدانی و، رزگاری لـە بندەسـتی و چەوسـانەوەو پێشـێلبوون کردۆتـە قوربانی، کەچی هەندێ لەو بازرگانە سیاسیکار و (زوو مەلەوان)انەی کە لەسـای ئـەو قوربانیدانـە نەتەوەییـەوە، ئـەمڕۆ گەیشـتوونەتە کورسـیی پـۆڵایینی دەسـەڵات، رابـردووی خۆیـان و خـەباتی درێژخایـەنی ئـەم گەلـەیان لـەبیر کـردووەو لـە (بـورجی عـاج)ی خۆیانـدا وڵاتیـان نـوقمی گەنـدەڵی و چەواشـەیی و ناتەندروسـتی کـردووە و هێنـدەی نـەماوە شیرازەی وڵات و گەل بەتەواوەتی لێك بپچڕێت و گـەل و وڵات بکەوێتـە لێواری خەرەندی هەڵدێران و نەمان و توانەوە!

ئەم وەزعە پڕمەترسـییەی ئێسـتای وڵاتـی سیاسـەتزەدەی کـوردان، شۆڕشـەکانی فەرەنسـا و ئێـران و هـەرواش چارەنووسـی نالـەباری (لوویی)یـەکان و (پەهلەوی)یـەکانمان دەخاتـەوە بـیر و سەدچـەندانیتر سەرسامانمان دەکات!

دیـارە، درێـژە کێشـان و دەرەنجامـە خـراپ و نـەخوازراوەکانی ئـەم

بارودۆخەش لە مێژووی سیاسیماندا، پێش هەموو کەس و لایەنێك، راستەوخۆ بەرۆکی بەرێزتان دەگرێتەوە وەکوو سەرۆکی هەرێم، واتە مەسئوولی یەکەمی چارەنووسی وڵات و گەل و هەرواش کوڕی سەرکردەیەك کە بە وشیاری و راستگۆیی خۆیەوە توانیی ببێتە سیمبولی زیندووی ئازادیخوازیی نەتەوەیەك!

هەر بۆیە بە هەست پێکردنی مەترسییەکە و لەڕووی هەستی بەرپرسیارێتییەکی رۆشنبیری و نەتەوەیی، خۆم بەناچار زانی بۆ چەندەمینجار بێمەدەنگ و پێشنیاری هەڵگرتنی چەکێکی هەرە کاریگەرتان پێ بکەم بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی ئێستای کورد:

1_ پێویستە بەدووربینێکی جادوویی، ورد ورد بگەڕێن بەدوای شارەزایەکی ژیر و راستگۆدا کە بتوانێ بەبێ لەبەرچاو گرتنی قازانجە شەخسییەکانی خۆی یاریدەتان بدات، بشزانن کە ئەوانەی دەوربەرتان فارس واتەنی: ***" مگسانند گرد شیرینی"***.

2_ پێویستە جاروبار (بانگبێژ)ێکی ناوەخت بە نیوەشەوان بانگ هەڵبڕێت و خەو لەچاوی هەموان بزڕێنێ تا دەنگی بگاتە لای ئێوە و لە زۆر شتی شاراوەو نەخوازراو ئاگادارتان بکاتەوە.

3_ وەکوو پزیشکێکی کارامە بکەونە (جەڕاحی) کردنی ئەم جەستە نەخۆشە و، بێ بەزەییانەش هەموو بەشە تووشبووەکانی بە شێرپەنجەی خەمساردی و خیانەت، هەڵکۆڵن و ببڕنەوە تا پێش بە مەرگی یەکجارەکیی بگرن.

4_ ئەم دەسەڵاتە حزبییەی ئێستای کوردستان، کەرکووکی کردۆتە قوربانی بێسەلیقەیی و بێسەروبەرەیی و بێ بەرنامەیی و هەرواش ساتوسەودا و قازانجی ناڕەوای تاکەکەسی، من پێموایە، ئەمڕۆ پێگە و ناسنامەی کەرکووك لە (دڵ و قودس) زۆر تێپەڕیوە و لە راستیدا دەبێ بڵێم (کەرکووك شەرەفی کوردستانە)، نابێت و ناگونجێ بەڕێزتان ئاگاداری ئەو هەموو پەتپەتییانە نەبن کە هەندێ بازرگانی سیاسی بەسەر (شەرەف)ی وڵات و گەلەکەماندا دەیهێنن، هەربۆیە ئەگەر خۆت بە سەرۆکی راستەقینە و بڕوا پێ کراوی جەماوەری هەرێم دەزانیت و خۆت بەبەرپرس دەزانی لەبەرامبەر چارەنووسی گەلەکەتدا و دەتەوێ مێژوو بە سەربڵندی و رووسووری یادت بکاتەوە، زۆر پێویستە ئاوڕێکی جدیتری لێبدەیتەوەو بەهەناسە و هیمەتێکی کوردانە و بە راوێژ لەگەڵ رۆڵە کوردە رەسەن و راستگۆیەکانی خودی کەرکووکدا (ئەوانەی کە بیروبڕوای نەتەوە پەروەرانەی خۆیان لە قاوغی حزبیدا بەرتەسك نەکردۆتەوە، واتە حزبی نین بەڵام کوردی رەسەن و رۆڵەی راستگۆی ئەم گەلەن) چارەسەرێکی یەکجارەکی و شیاو بۆ ئەو کێشە هەستیارە بدۆزنەوە، تکایە.. تکایە بۆ ئەم مەبەستەش بیر لە حزبایەتی مەکەنەوە و تەنها کورد بوون و راستگۆیی و هەناسە و خواستی کوردانە بکەنە پێوەری هەموو هەڵسوکەوت و هەموو بڕیارێك، چونکە گەر وا نەبێ، بە دڵنیاییەوە کێشەکان نەك چارەسەر نابن بەڵکوو ئاڵۆزتریش دەکرێن و سەرەنجام (شەرەف)ی ئەم وڵاتەمان دەشکێت و مێژووی مێژینە و کوردانەی رەسەنی (بابەگوڕگوڕ)مان لێدەسڕێتەوە!!!

من لێرەوە پێشنیاردەکەم رۆڵـە رەسـەنەکانی کـورد لـە کەرکووکـدا (ئەوانەی دڵیان تەنها بۆ سەربڵندیی کورد لێدەدات و کەرکووك نـەك بـە دووکانێك بۆ کڕین و فرۆشتن، بەڵکوو بە شەرەفی کوردسـتان دەزانـن)، بەهیمەتی خۆیان و لـە ناوخۆیانـدا گرووپێکـی گوشـار دروسـت بکـەن و بیکەنـە هێزێکـی بـڕوا پـۆڵایینی جـەماوەری تـا بـە دوور لـە شـەرم و (مسـاوەمە و مسـامحە)ی سیاسـی و حزبایـەتی، بتـوانن رۆڵـی کـارا و کاریگـەر بگێـڕن بـۆ هاوسـەنگکردنەوەی هاوکێشـەکان و گەڕاندنـەوەو پاراسـتنی ئـەو مـاف و سـەروەرییانەی کـە حـزب و سیاسـەتی ناکـاملی کوردی لە کەرکووکدا لەدەستی داون!.

5_ شوناسی کـورد لـە قەیراندایـە و گەیشـتۆتە هەڵدێری ونبـوون.. سـەرگەردانییەك لـە بیروبـڕوای نەتەوەییـدا سـەریهەڵداوە کـە خەریکـە دەگاتە لێواری نەمان.. نامۆبوونەوەو نا وشیارییەکی نەتـەوەیی بەسـەر تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیەدا زاڵ بووە کـە خەریکـە دەمانگەیەنێتـە سـەر خەرەندی هەڵدێران و پووکانەوەی کەرامەت و کەسێتی.. و.. و..!، ئایا کۆڕەکـەی مەلامسـتەفا بـارزانی، ئـەوەی کـە پـەروەردەی کەشـوهەوای سەربەرزانەی کۆماری کوردستانە و تا رادەیەك جێ پێی باوکە هەمیشـە پێشمەرگەکەی خۆیی هەڵگرتووە و ئێستاش ئەرك و بەرپرسیارێتییەکی جـەماوەری و نەتـەوەیی لـە سەرشـانە، دەتوانـێ وەکـوو کاریزمایـەك و ئەڵبـەت بـە پشتبەسـتن بـە کـوردە رەسـەنەکان (نـەك دووکانـدارە سیاسییەکان)، مەترسـیی ئـەو ئەگەرانـە بگـۆڕێ بـە هیـوا و ئومێـدێکی سەرتاسەری و گەشـەیەکی بیروبـڕوای پتـەوی نەتـەوەیی؟!! هیـوادارم

ولآمـی ئـەم پرسـیارەم بـەدوور لـە هەرچەشـنە شـانتاژ و دروشمێكـی بریقـەدار، بـە شـێوەیەكی پراكتیكـی و لـە كـرداری وشـیارانەدا و لـە ئایندەیەكی زۆر نزیكدا بدۆزمەوە.

بژین دۆستانی راستگۆی كورد و بژی كوردستانی ئازاد و ئاوەدان

جەلیل عەباسی

هەولێر 2009/4/2

***{ تێبینی: 1_ هەروەك لە بەروارەكەیدا دەردەكەوێ، ئەم بابەتەم دەمێكە نووسیوە بەڵام بواری بڵاونەكردنەیم بۆ نەڕەخساوە، پێموانییە باسێكی مردوو بێت بەڵكوو بابەتەكە قسەی دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەی و ئایندە دوورترەكانی مێژووی سیاسیی كوردستانە، هەربۆیە نەمهێشت وەكوو زۆر نووسراویدیكەم لە بێدەنگیدا بمرێت. هیوادارم پەیامی خۆی بگەیەنێتە گوێی دڵی هەموو دڵسۆزێكی راستەقینەی ئەم وڵاتەمان***

***2_ لە ژمارە (1)ی رێكەوتی (2009/6/23)ی رۆژنامەی (قەڵای كەركوك) و هەر لەگەڵ خاڵی یەكەمی ئەم تێبینییەدا بڵاو كراوەتەوە}.***

*

## پەیامێك بۆ گەنجە سەر زیندووەکانی کەرکووکی کوردان

***" گەر دەتەوێ لە جوگرافیای سروشتیی سبەینێدا (وجوود)ت هەبێ،ئەوا دەبێ لە جوگرافیای سیاسیی ئەمڕۆدا (حـــــوزوور)ت هەبێ"***

گەنجانی هەر وڵاتێك، بناغەو کۆڵەکەیەکی سەرەکین بۆ بنیاتنانی ئایەندەی ئەو وڵاتە.. ئەوانن کە دەتوانن ئاراستەی وڵاتەکەیان بەرەو بەختەوەری و سەربەرزی بگۆڕن و هەر ئەوانیشن دەتوانن هاوکێشەکە پێچەوانە بکەنەوە.. هەموو هەوڵی سەرکردایەتیی وڵاتان بۆ تەرخانکردنی پێداویستییەکانی ژیانێکی بەختەوەر و دابینکردنی زەمینەی لەبارە بۆ گەشە و پێشکەوتی گەنجانی ئەو وڵاتە چونکە دەزانن کە چارەنووسی وڵاتەکەیان بە گەنجانەوە بەندە و هەربۆیە بە شایستەیی ئامادە دەکرێن تا لە ئایندەدا جڵەوی دەسەڵات و ڕێبەرایەتیی وڵات بگرنە ئەستۆ. بەڵام لەم وڵاتە سەرلێشێواوەی ئێمەدا هەموو هاوکێشەکان پێچەوانەن.. سەرجەم پرەنسیپەکان ئاوەژوون.. ئەوەی لای ئێمە بەهەند وەرناگیرێت، بیری نەتەوەییە.. ئەوەی هەر بیریشی لێناکرێتەوە، هێز و توانای بنیاتنەرانەی گەنجانە.. ئەوەی فەرامۆش کراوە، ئاوەدانی و سەروەریی وڵاتە.. ئەوەی کەوتۆتە سەرووی هەموو کەس و هەموو شت و هەموو بەهایەکەوە، سامان و سامان و سامانە!..

حکوومەت لای ئێمە دیوەخانێکە بۆ میوانداری و خزمەتکردنی

میوانی ناوەخت و نەشیاو.. سفرەیەکی ڕازاوەیە بۆ تێر کردنـی نەوسـی خوێنخۆرانی ئەم میللەتە.. دووکانێکە بۆ دەوڵەمەنـدکردنی یەکشـەوەی چەند چاوبرسییەك..

پەرلـەمان لای ئێمـە (خەوگە)یەکـە بـۆ وەنـەوزی نـاوادەی هەنـدێ نامانـدووی حـازر خـۆر.. هێزێکـە بـۆ سـەپاندنی وڕێنـەی چـەند پـیر و پەککەوتەیەکی فکری..

دەسـەڵات و سـەرکردایەتی لای ئێمـە (ئامێرۆکە)یەکـە بـۆ سـەودا پێکردنی بەها نیشتمانییەکان.. بۆ ناشیرینکردنی هزری نەتەوەیی.. بـۆ بڤەکردنی ویستی وڵاتپارێزی.. بۆ دۆڕاندنی خاکی وڵات.. بۆ داڕووخاندن و تێکشکاندنی کەسێتیی کوردی!.. بۆ خۆشـخزمەتیکردن و رازیکردنـی دوژمنانی مێژینەی کـورد بەسـەر سـینگی کـوردەوە و لەسـەر حیسـابی خاك و جەماوەرەکەیشی!.

کەرکووکیش، وەك بەشێك لەم کوردستانە، نموونەیەکی زیندووە لەو پرەنسـیپە ئـاوەژوو کراوانـەی سـەرەوە.. دوژمـن لـە دوولاوە چـنگی خوێنـاویی خسـتۆتە قـوڕگی ئـەم (شـاروڵات)ە ستەمکێشـە و، حـزب و دەسـەڵاتی زەبـوون و چەواشـەی کـوردییش لـەملا و لـەناوەوە تـا دێ بێهێزتری دەکات و تادێ زۆرتر جەستە و ڕۆحی دائەهێزرێنێ بۆ ئـەوەی زووتر و ئاسانتر ببێتە قوربانی.. گەرچی ئەمە وتەزایـەکی چـەندبارەیە، بەڵام ئەمـەوێ بـە داکۆکییـەوە بیڵێمـەوە کـە کـەرکووك هـەڕاج کـراوە، ناڕاستەوخۆ پێشکەش کراوە و کراوەتە قوربانیی نەوسـی پارەپەرسـتی فیرعەونەکانی ناو دەسەڵاتی زەبوون و چەواشەی کوردی! دوژمنـەکانی ناوەوەمـان خـاکی کـوردان (کـەرکووك) دەبەخشـنە بێگانـە.. گـەر

بیێگانەیـەك ڕۆڵـەكانی بكـوژێ، ئـەمان دەسخۆشـی لـە ئەربابـەكانی دەكەن.. گـەر بێگانەیـەك بكـوژرێ، ئـەمان لای ئەربابـەكانی شـینی بـۆ دەگێڕن و سـوێندی تۆڵەسـەندنەوەی دەخـۆن.. كـەركوك و ڕۆڵـەكانی دەفرۆشن و خۆیان (زەڕە شـیرین) دەكـەن لای دوژمنـی مێژینـەی ئـەم میللەتە ! ! !

ئای.. گەنجانی سەرزیندووی كەركووكی هەمیشە كوردسـتان، وشـیار بن.. وریا بن.. تەنها ئێوە دەتوانن ئەم دۆخە بگۆڕن.. تەنها ئێوە.. كە ڕۆڵەی ڕەسەنی كورد و كەركووكن.. تەنها ئێوە، كە بڕواتان بە مەزنی و پیرۆزیی بابەگوڕگوڕ هەیە دەتوانن گڕەكەی بەكڵپەتر بكەن و مەشخەڵی بەكڵپـەتری لێداگیرسـێنن و نـەهێڵن دابمركێنرێتـەوە.. تـەنها ئێـوەن دەتـوانن بـە هێـزی لـەبن نـەهاتووی جەماوەریتانـەوە پـێش بـە پێشكەشكردنی كەركووك بگرن لەلایەن هەندێ زۆڵە كوردەوە !.. تـەنها ئێوەن دەتوانن نەهێڵن خـوێنی بەناهـەق ڕژاوی ڕۆڵـەكانی كـەركووك بـە فـیڕۆ نەچـێت و تۆڵـەی چـەندین سـاڵ چەوسـاندنەوەو پێشـێلكردنی بكەنەوە.. ئاگادار بـن، كـەركووك بـە شـەرەفی خۆتـان و هـەموو كـورد بـزانن.. تـەنها ئێـوەن دەتـوانن شـەرەفی هـەموو كـورد بكڕنـەوە و بیپارێزن.. ئەمەش ئەركێكی مرۆیی و مێژووییە، ئەركێك، نە بـە سـازش بەجێـدێت و نـە بـە ساتوسـەودای سیاسـیكارانە و نەبـە شـەرمكردنی حزبیانە، بەڵكوو گوڕوتینی كوردانە و هیممەتی مەردانەی گەرەكە. بۆیە وەكوو كوردێك كە دڵی بۆ كەركووك شـكاوە، رووی دەمتـان لێدەكـەم و لێتان دەخوازم: گەر ئەتانـەوێ چـیتر نەبنـە كەرەسـتەی ساتوسـەودای سیاسیكارانی كورد، گەر ئەتانەوێ ژیانی شایستەی خۆتـان بـژین، گـەر

ئەتانەوێ تورك و عارەبی رەگەزپەرست و تاسەر ئیسقان دوژمن بە شەرەف و كەرامەتی كوردی نەتانپلیشێننەوە، گەر ئەتانەوێ سیاسیكارانی كورد نەتانكەنە پردەبازی یارییە چەوت و چەواشەكانی خۆیان و كەسێتیی كوردیتان نەسڕنەوە، گەر ئەتانەوێ كەركووكی هەمیشە كورد نەبێتە گۆڕەپانی چوارناڵی سوارەكانی عرووبە و حەمیدییە، ئەوا دەبێ رابوونێك دەسپێبكەن.. رابوونێك، ئاراستە كراو بە بیری پاكی نەتەوەیی و خۆشەویستیی نیشتیمان و خواستی پیرۆزی رزگاریی راستەقینە و ئیرادەی مەردانە بۆ گەیشتن بە سەروەری، تا ببێتە مەشخەڵێكی رووناكیبەخش بۆ وشیاركردنەوە و پاشان لافاوێك، كە هەرچی (خەس و خاشاك)ی دژە كورد و كەرامەتی كوردی هەیە رابماڵێت و خاكی پاك و پیرۆزی شارەكەی بابەگوڕگوڕ لە وجوودی نەحس و ناموبارەكی دوژمنان و نەیارانی كورد پاك بكاتەوە ! رابوونێك، كوردستانیبوونی كەركووك بە دەر لە هەر چەشنە شەرم و سازش و خۆشخزمەتییەك، بە كردەوە بسەلمێنێت و سەروەریی پێشێلكراوی بۆ بگەڕێنێتەوە، زۆر پێویستە گەنجانی چاوكراوەی كەركووك بە هەست و سۆز و بڕوا و زیاتر لەوانەش بە ئەشقێكی پیرۆزی نەتەوەییەوە بەرەو پیری ئاواتە بەدینەهاتووەكەی (خانی)ی نەمر بچن كە لەناخی دڵی شكاویەوە دەیناڵاند:

***" گەردێ هەبوویا مە ئیتیفاقەك — ڤیكرا بكرا مە ئینقیادەك***

***ڕۆم و عەجەم و عەرەب تەمامی — هەمیان ژ مەرا دكر غولامی"***

دیارە بەپیرەوە چوونی ئەو ئاواتە مەزنەش، واتە: بنیاتنانی ئەقڵ و ئیرادەیەكی جەمعی و ئاراستەكردنی سۆزە نەتەوەییەكە بەرەو ئامانجی

کۆتایی کە هەمان گەڕاندنەوەی سەربەخۆیی و سەروەرییە بۆ کورد و کوردستان، ئەویش بەهۆی رێبەرایەتییەکی گەشەکردووی پێشکەوتووی جەماوەرییەوە. گوتم ئاواتە بەدینەهاتووەکەی خانی، لە ڕاستیدا تا ئێستاش ئێمەی کورد نە ئەو (ئیتیفاق)ەمان هەبووە و نەش ئەو (ئینقیاد)ەمان کردووە کە خانی مەبەستیەتی، شۆڕشەکانمان بەدەر بوون لە پرەنسیپەکانی شۆڕشێکی راستەقینەی وشیارانەی سیاسی.. سەرکردەکانمان بێبەش بوون لە فکری گەشەسەندووی سیاسی و بیروبڕوای پتەوی نەتەوەیی.. تا ئێستاش رێبەرایەتییەکی تۆکمەمان نەبووە بتوانێ هەموو ریزەکانی ئەم گەلە رێکبخات و ئاراستەیان بکات بەرەو ئیرادەی سەربەخۆیی و سەروەری.. دیارە تا ئەم دۆخەش ئاوا بێت، کێشەی کورد نەك چارەسەر ناکرێت، بەڵکوو رۆژبەڕۆژ ئاڵۆزتر و خراپتر دەبێت و ئەنجامەکەشی هەمان توانەوەی ئەم بەشەی گەلەکەمانە لە ناو گۆمی گەنیوی موالیچێتی و پاشکۆیەتیدا.. سەرەنجامی ئەو عێراقچێتی و خزمەتی عرووبەکردنەی سیاسیکارانی دەسەڵاتداری کورد، ملکەچی و ژێردەستەیی و دیلێتیی کوردە لەبەرامبەر عرووبەدا، ئەم مەترسییەش زۆرتر ڕووبەڕووی شاری بابەگوڕگوڕ بۆتەوە و لەسەر ڕۆڵەکانی کەرکووکی کوردان چڕتر دەوەستێتەوە! . بۆیە زۆر زۆر پێویستە، دووپاتی دەکەمەوە: زۆر زۆر زەروورییە گەنجانی کەرکووك خۆیان بە پەتی ڕزیوی حزبایەتی نەخکێنن و هەر ئێستە ڕابن.. پێویستە گەنجانی پڕ شۆری کەرکووك بەبێ چاوەڕوانی لە حزبەکان و بەبێ پشتبەستن بەهیچ دروشمێکی

بریقەداری سیاسی و هەرواش بەبێ هیچ ترس و شەرم و لاوازییەك، هەستنەوە و تەنها بە پشتبەستن بە گوڕوتین و هێزی جەماوەریی خۆیان، بۆشایی نەبوونی ڕێبەرایەتیی ئیرادەی سەربەخۆخوازیی کوردی پڕ بکەنەوە و، وەکوو ڕۆڵەی ڕەسەن و سەربەست و سەرازای کورد خۆیان نیشان بدەن و بە شێوازی پراکتیکی و بە ورەیەکی بەرز و بڕوایەکی پتەوی نەتەوەیی، لەبەرامبەر دوژمنانی دەرەکی و ناوخۆییدا بوەستنەوەو پێیان بڵێن:

***" ئێمە هەین.. ئێمەش میللەتێکین.."***

ئەمەش دەبێتە یەکەم هەنگاو بەرەو سەربەستی و سەروەری.. دیارە مەبەستم ئەوە نییە بڵێم گەنجانی کەرکووك خۆیان خەریکی ڕێپێوان و ئەوچەشنە شێوازە سواوانە بکەن، بەڵکوو من پێموایە سەلماندنی ئەو دروشمە تەنها و تەنها بەهۆی هێزێکی جەماوەرییەوە مەیسەر دەبێت و بەس. هێزێکی جەماوەریی ئاراستە کراو کە بتوانێ ببێتە کارتێکی زۆر کاریگەری گوشار، کارتێك، هەردەم بتوانێ ئاراستەی یارییەکە بگۆڕێت و بتوانێ براوە دیاری بکات.. ئەمەش تیۆرێکە، تەنها بە دروستبوون و دامەزرانی خۆڕسکانە و ئازادی گرووپێکی گوشار پراکتیزە دەبێت، واتە دەبێ گەنجانی کەرکووك گرووپێکی گوشار دروست بکەن و بۆ هەر هاوکێشەیەکی پەیوەست بە چارەنووسی کەرکووکەوە، بەتوندی بەگژ دوژمن و نەیاراندا بچن و بەڕووی ئەوانەدا بتەقێنەوە کە دەیانەوێ بەهەر شێوەیەك زیان بە بوونی کورد بگەیەنن. ئاشکرایە، زمانی تۆڵە و تەمبێ و هەڕەشەی هەقخوازانە، بەشێك دەبێت لە ئەدەبیاتی سیاسی و

کۆمەڵایەتیی ئەو گرووپە، تا بەهۆیەوە بەرەنگاری هەڕەشەی نەیاران ببینەوەو پێش بە پێشڕەویی تورکتازانە و وشترسوارانەی دوژمن و پاشەکشێی هەست و سۆز و بیروبڕوای سەروەریخوازانەی کوردی بگرین.

کەرکووك کەوتۆتە نێوان بەرداشێکی سێ لایەنەوە و خەریکە دەهاڕێنرێت: لە لایەکەوە دەستێوەردانی چاوچنۆکانە و دوژمنکارانەی کەمالیستە فاشیییەکان.. لە لایەکەوە حەزی وەحشیی پاوانخوازیی عرووبە و لە لایەکیدیکەوە (کە لەهەموویان کاریگەرتر و جەرگبڕترە)، خەمساردی و بێتوانایی دەسەڵاتی کوردی.. هەموو ئەمانەش دەبنە هۆی سڕینەوەی مۆرکی کوردی و هەستی کوردی و کەسێتیی کوردی لە کەرکووکدا و، بە گوشاری پراکتیکی و بە زمانی تۆڵە و هەڕەشەش نەبێت، لە بازنەکە ناچنە دەرەوە، خۆ ناشبێ چاوەڕوانی چوونەدەرەوەیان بین، بەڵکوو دەبێ و زۆر پێویستە بە گوڕوتین و هەست و سۆزێکی پاکی کوردانە و مەردانە، وەدەریان بنێین و فڕێیان بدەینە دەری دەرەوەی بازنەکەوە. گەر وا بکەین، ئەوا دەکرێ هیوا و دڵخۆشیمان هەبێ بەوەی کە ڕێگای دوورودرێژی سەربەخۆیی و سەروەریی نەتەوەییمان چەندین هەنگاو نزیکتر بۆتەوە، بە پێچەوانەشەوە، ئەوا دەبێ هەر هەناسەی سارد هەڵبکێشین کە:

***" من بوومەتە بێگانە و بێگانە خاوەن ماڵە"***

هیوادارم جووڵەیەك لە گەنجانی کەرکووك ڕۆحم شادمان بکات و ئومێد ببەخشێتە دڵم بۆ ئایەندەی سەربەرزانەی وڵات و نەتەوەکەم،

بزاوتێکی نەتەوە خوازانە کە هەر لە ئێستاوە منیش لەگەڵی دەبم و یەکێك دەبم لە ڕێبوارە هەمیشەییەکانی.

بژی کوردستانی مەزن و سەربەخۆ

جەلیل عەباسی/ هەولێر 2009/7/21

**تێبینی: ئەم پەیامە لە ژمارەی (2)ی 2009/7/28ی ڕۆژنامەی (قەڵای کەرکوك)دا بڵاو کرایەوە و خۆشبەختانە ڕەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو و بڵاو کردنەوە و ڕاگەیاندنی (بەیاننامەی ڕاگەیاندنی گرووپی گەنجانی ئارابخا)ی بە دوادا هات کە لە ژمارە (3)ی 2009/9/27ی هەمان ڕۆژنامە (قەڵای کەرکوك)دا چاپ و بڵاو کرایەوە.**

*

**مەشخەڵێك بۆ بەردەركی سەرا:**

ڕێبــوارانی ڕێگــای هەناســە.. كــۆترە ســپییەكانی حەســرەتمەندی هێلانـــەی هـــێمن.. رســـواكەرانی درۆ و دراو.. خوازیـــارانی ئـــازادیی ئینسانی.. ڕۆژتان باش..

لەم شەوستانە تاریك و زوڵمانیەدا كە هەتاوی شادی و كامـەرانیی لـە قووڵایی زوڵمەتی سامناكی خۆیدا شاردۆتەوە، ڕۆژتان شاد..

هاودەرد و هاوبیرانم..

گەرچی بـە جەسـتە لێـدان دوورم، بـەڵام، ئـەم رابوونـە بـە شـتێكی جەستەیی نازانم بەڵكوو بـە رابـوونی ئـەقڵ و بیروهـۆش و ڕۆح و گیـانی تووڕەی مرۆڤی دەزانم، بۆیە لە یەكەمین چركەساتیەوە بـە ڕۆح و گیـان و بیروهۆش لەگەڵتان بووم و لەگەڵتانـدام و ڕۆحـم لـە سووچـێكی هـەرە تووڕەی (سەرای ئازادی)دا وەستاوە.. ئەوەش بزانن تەنیا من نیم ڕۆحم لەو سووچەدا لـە رابووندایـە، بـەڵكوو زۆر تـاكیتری ئـەم وڵاتـە نائـازادە بەڵازەدەیە هەن كە بە جەستە دوور و بە دڵ تێكەڵتان و لەگەڵتانن.

بیرمەندێكی ئینگلیز دەڵێت: " بۆ سەركەوتنی (شـەڕ) هێنـدە بەسـە كە مرۆڤی چاك بێـدەنگ بمێنێتـەوە".. ئێمـەش، دەمێكـە بێـدەنگین.. دەمێكە شیرەی گیانمان دەچۆڕێنینە ناو قوڕگی تێرنـەبووی (ئەزموونـە ساواكەمان) و هەر بێدەنگین، ئەو ئەزموونە ساوایەی بە خوێنی خۆمـان لــە دایـك بــووە و ئێســتا خەریكــە دەبێتــە مۆتەكەیـەك بەســەر دڵ و ڕۆحمانەوە. سەرەنجام بۆمان دەركـەوت كـە ئـەم (ئەزموونـە سـاوا)یە، هیچكات گەشە ناكات.. چونكە هەر بە زگماكی ئیفلیجە.. گەرچی قەبـە

دەبێت، بەڵام گەورە نابێت و هەردەم و بەردەوام دەمی بۆ مژینی شیرەی گیانی ماندوومان داچەقاندووە. هۆی ئەم رابوونەش هەمان ئەو نەخۆشییە درێژخایەن و کۆشندەیەی ئەو (ساوا)یەیە.. ئەم رابوونە، تەقینەوەی بوغز و مەراق و گرێی کوێری سەردڵی هەر هەموومانە لە رقی قەبە بوون و گەورە نەبوونی ئەم ساوایەدا بە ڕووی ئەو (بابەژن)انەی بە ئەنقەست ناهێڵن و نایانەوێ شیری ژیان بمژێت و گەورە ببێت و پێ بگات! ئەم رابوونە پیرۆزە.. روان و سەوز بوونی شەتڵە نەمامی بیروهۆشی سڕبووی جەماوەری ئەم وڵاتە درۆ لێداوەیە و زۆر پیرۆزە.

هاودەردەکانم..

هەر ئێستا کە ئەم خەمنامە تووڕەیە دەنووسم، تەنها (15) خولەك لە کاتژمێر (11)ی رۆژی رەشی (3/16) تێپەڕیوە و هێشتاش سەرچاوەی ئەو دڵۆپە فرمێسکانەی، وەکوو هەموو ساڵێك و هەموو یادێکی تاڵی ئەو رۆژە رەشەدا لە چاومدا قەتیس دەمێنن، وشك نەبۆتەوە و منیش لەگەڵ زۆربەی ئێوەی (هەمیشە وەستاو)دا بیر لە بێشەرمی و بیگانەیی (شۆڕشگێڕانی؟!!!) ئەو سەردەمەی کورد دەکەمەوە سەبارەت بە گیانی تاساوی شەهیدەکانی هەڵەبجە و لە ئاست بیروبڕوا و خواستی ئازادیخوازانەی ئەم جەماوەرە پێشێلکراوەدا!.. بیر لەو کاتە دەکەمەوە کە گیانی هاووڵاتیانمان لە ژێر گازی خەردەل و بۆنی درزێوی (سێو)دا دەخنکا و (چەکدار)انی حزبەکان خەریکی بڕینەوەی (قۆڵی پڕ بازن)ی دایکە شەهیدەکانمان بوون!.. کە

ژیان لە هەڵبجەدا دەمرد و چەکدارانی حزبەکان خـەریکی بڕینـی بـەنکی هەڵەبجە بوون!.. بیر لەوە دەکەمەوە کە لاشەی ژن و پیاوی کـورد لـە کۆڵانەکانی هەڵەبجەدا کەوتبوو و چەکدارانی حزبـەکان خـەریکی دزینـی زێـر و پـارە و کەلوپـەلی نەختینـەی نـاو ماڵـەکانیان بـوون!.. بـیر لـە خیانەت دەکەمەوە.. خیانەت.. خیانەت...! هەرگیز لە بیرم ناچـێتەوە کـە هــەردوو ســەرکردە، پــاش ئــەو کۆســتە گەورەیــە و ئــەو گــورزە کوشندەیەش، بـە دڵخۆشـی و بچـووکییەوە ڕێگـای لێـژ و پـڕ هەڵـدێری بەغدایان گرتە بەر و "بەسەر دەریایەکی خوێنـدا" پەڕینـەوە تـا شـانی ئــەژدیهاك مــاچ بکــەن و مواڵییــەتیی هەمیشــەیی خۆیــان دووپــات بکەنەوە!.. هەرگیز لە یادم ناچێت کە لە ساڵی (2002) و دوابـەدوای وڕێنە نەخۆشانەکانی دیکتاتۆری عرووبە لەمەڕ بانگێشتی سەدانجارەیان بۆ بەغدا و بۆ ئامێزی پڕ میکرۆبی خۆی، چەمکی (سەدام و بـەعس)یان بەسـەر (کیمیابـارانی هەڵەبجـە)وە سـڕییەوە و ئیـدی نەیانهێشـت هـیچ کوردێك ئاماژە بە "کیمیابـارانی هەڵەبجـە بەدەسـتی سـەدام و دوژمنـی بەعسـییەوە" بکـات!.. هـەرگیز لـە بـیری ناکـەم کـە دوای ڕووخـــانی دیکتـــاتۆری عرووبـــە و ســـەرهەڵدانی چـــەند بەچـــکە دیکتاتۆرێکیتری عەرەب و لە ساتوسەودایەکی ڕسوادا، چەمکی (ناوچـە دابڕاوەکان) لە ئەدەبیاتی کلۆڵی حزبەکانـدا سـڕایەوە و بـۆ سـەلماندنی مواڵیچێتی و برا بچووکیی خۆیان لە بەرامبەر دنیـای عرووبـەدا چـەمکی بــێ بنــەما و درۆیینــی (ناوچــە کێشــە لــە ســەرەکان)یان بـۆ (دڵ و قودس؟!!)ی کوردستان و دەوروبـەری داتاشـی!!.. زۆر شـتیتر و زۆر

تــاوانیتر و زۆر خیانــەتیتر هــەن و هــەمووشمان لێیــان ئاگــادار و لێیــان بێزارین و نامەوێ زەقتریان بکەمەوە.

هاوبیرانم...

گوتەیــەکی پێشــینان دەڵێــت" "ســتەمکارەکانی ئــەمڕۆ، هــەمان ستەمکێشەکانی دوێنێن".. ئەم تاقمەش، کە ئـەمڕۆ بوونەتـە سـیمبولی گەنـدەڵی و درۆ و دراو، پێشتر پێشـمەرگە بـوون.. خـەباتگێڕ بـوون.. ئاوارە بوون.. برسی بـوون.. شـەهید بـوون و بوونـە ڕێبـواری ڕێبازێـك، هەموو كـورد بگەیەنێتـە لووتكـەی ئـازادی و سەربەسـتی.. بـەڵام، لـەم چەند ساڵەی تەمـەنی درێـژی (ئەزموونـە سـاواکەدا) سـەدان و هـەزاران بەرانبــەر پێشــمەرگایەتی و خــەبات و ئــاوارەیی و ماندوێتییەکــەیان فرۆشــتەوە بــەم جــەماوەرە کەلەلایــە و ســەدان و هــەزاران بەرانبــەر قازانجیان کرد و سەدان و هەزاران بەرانبەر سوودمەند بوون و بـەردەوام دەشبنەوە.. ئەم جەماوەرە ماندووە، سەدان و هەزاران بەرانبـەر کرێـی پێشــمەرگایەتییەکانی داوەتــەوە و حــەی لــەو قــەرەبوو کردنەوەیەش!!!

هەموو ئەمانە وامان لێدەکەن بە هەموو خواسـت و ئیرادەمانـەوە بـە گـژی ئـەو فرۆشـیارە چاوچـنۆکانەدا بچینەوە و بڵـێین: (ئـیتر قـازانج و سوود و سەرمایە و قەرەبوو بوونەوەتان بەستە.. ئیتر کاتی ڕاچـەنین و ڕابوونــە و تەمــەنی درۆ و دراو بەســەر دەچــێت) بــەڵام، هــاوبیرانم.. لەملاشەوە شتیتر هەیە منی زامزەدەی سەدانجار چزراو نیگەران بکات و بمخاتــە ســەرگێژە:.. چــاك دەزانــن کــە هەمیشــەی مێــژوو (شــۆڕش،

یەکـەمجار رۆڵـەکانی خـۆی دەخواتـەوە).. چـاك دەزانـن لـە هـەموو رابوونێکدا، زۆرینە خۆیـان بـەدەم شـەپۆلەوە دەدەن و کەمینەیـەکیش زیرەکانە سواری شەپۆلەکە دەبن.. ئاوەکە لێڵ دەبێت و ئەوان زۆرترین ماسـی راو دەکـەن.. خـراپ نییـە بـۆ نموونـە سـەرنجێکی سـەرەتا و ئەنجامی شۆڕشی (79)ی گەلانی ئێـران بدەینـەوە تـا واتـاو مەبەسـتی نیگەرانییەکەی من رۆشنتر دەر بکەوێت.

زۆر کەس هەن خۆیان تەیار کردووە بۆ سوار بوونی شەپۆلەکە.. زۆر راوچیی نالێهاتوو هەن خۆیـان مـەڵاس داوە تـا پـاش لێڵبـوونی ئاوەکـە بـەدڵی خۆیـان ماسـی بگـرن.. زۆر بازرگـانی دینـی و سیاسـی هـەن لـە بۆسەدان بۆ قۆستنەوەی بەرەنجامی ئەو هەست و هـاوارە ئینسـانییەی ئێوەی راچەنیو.. زۆر تاقمیش هەن لە دەوروبەرەوە (قـورمیش) کـراون تـــا هاوکێشـــەکە ئـــاڵۆزتر بکـــەن و ئاراســـتەکەی لـــە بەرژەوەنـــدیی ئەریابەکانیانـــدا بشـــکێننەوە و بیگـــۆڕن.. بۆیـــە لـــەم هەلومەرجـــە هەسـتیارەدا وشـیارییەکی وردی هەمەلایەنـە پێویسـتە.. نەکـەن بـە دڵسافیی کوردانەوە فریوی قسـەی شـیرین و زمـانی لووسـی گورگـەکان بخـۆن.. نەکـەن پشـت بـە هەناسـەی نەخۆشـی دۆسـتنمایانی نادڵسـۆز ببەستن و ببنە پلیکانەیەك (هەروەکوو پیشەی هەمیشەیی رۆڵەی کورد) بـۆ هەلپەرسـتەکان: ئەوانـەی بـە (کـەو)ێکی خۆخۆرمـان دەزانـن و دەیانەوێ هەر بـە خۆمـان بکەونـە راوکردنمـان و دوایـیش بـە هەسـت و ویستە رەواکانمـان پێبکـەنن و ئـەنجامی قوربانیدانـەکانمان پێشکەشـی ئەریابەکانیان بکەن.. نەکەن (رووبەند) و (چارشێو) و (ریش) و (قسەی

زلی رواڵەتی) و (زمانی لووسی چەواشـەکاران) هـەڵتانخڕێنن و بمانخەنـە ژێـر چـەپۆکی (کالڤـەن)ێکیتر و (خومەینی)یـەکیتر و (سـەدام)ێکیتر و (ئەجەویـد)ێکیتری نابڵنـد و (بـن لادن و کرێکـار و بـاپیرو...)ێکیتر.. تکایە.. تکایە.. تکایە.. خواستی ئەقلانی و ئـیرادەی سیاسـی تێکـەڵی هەستی ساکاری عاتیفە و دڵسافی مەکـەن و مـەهێڵن بکرێنـە چـیلکەی ئاگری سووتێنەری دوژمنـان و خـۆراکی زکـی برسـیی چاوبرسـییەکان.. مەهێڵن ئەنجامی رابوونەکەتان بە دزین بچێت و سەرەنجام، ئەو کێژۆڵـە ناسکانەی ئەمڕۆ بە گێسووی خـاو و چـاوی گەشـەوە هـاوارای ئـازادی دەکەن، ناچار بکرێن چاوی گەشیان بە رووبەندی ئاخوندی بشـارنەوە و زولفی خاویان بـە چارشـێوی عـەرەبی زینـدانی بکـەن و بـە پێـی پـەتی پەلکێشـی (میحرابـەکان) بکـرێن!!.. نەکـەن، ئـەو سـازەی چـریکەی ئـازادیی لـە سـەرای ئازادیـدا دەژەنـی، حـەرام بکرێـت و بشـکێنرێت.. نەکەن... نەکەن... نەکەن...!!!

**هاودەردەکانم..**

ئەم رابوونـە تـا ئـەو کاتـە پـیرۆزە کـە لـە خزمـەتی خواسـتی رەوای جەماوەری کورددا بێت.. تا کاتێ پیرۆزە کـە لەبەرژەوەنـدیی ئـیرادەی مرۆیی کورددا بێت.. تا ئەوکاتە پیرۆزە کە هاواری رەسەنی کوردی بێت و بۆ کورد بێت. دڵنیا بن، گەر جیا لەمە بکەوێتەوە، ئەوا هەموو ئێوە و هەموو ئێمە، دەکەوینە ژێر تاڵترین پرسیار و لێپێچینەوەی مێـژوو و تـا دوا ساتی ژیانی نەوەکانیشمان ئەژنۆی خـەم و حەسـرەت و پەشـیمانی لــە ئــامێزی ســاردمان دەگــرین و لێــوی پەشــیمانی و شــەرمەزاری

دەکرۆچینەوە..!!!

هاوڕێیانم..

با گەنجانی راچەنیوی بەردەرکی سەرا خۆیان جڵەوی کاروانەکە بگرنە دەستەوە نەك کەسیتر و لایەنی سیاسیتر.. با خۆیان ئاراستەی ئیرادە هەستاوەکەیان بەرەوپێش بەرن نەك ئەوانە (لەگەڵ گورگ دەخۆن و لەگەڵ مەڕ شیوەن دەکەن).. خۆتان بن.. بۆ خۆتان و لە پێناو خۆتاندا بن.. چونکە خۆتان شیرەی گیانی ئەم گەلەن.. چونکە خۆتان خاوەنی ئەم خاکە و خاوەنی ئایەندەی ئەم وڵاتەن.. مەهێڵن ئەوانەتان لە ناودا بن کە دەیانەوێ ئەو خاوەندارییە و ئەو ئایەندەیەتان لێ بدزن و بە سادەییتان، سەرمەستانە و سەرشێتانە پێبکەن...!

سلاو بۆ ئەو خوێنەی لە پێناو ئازادیی وڵاتدا دەڕژێت..

پووچی و پووکانەوە بۆ ئەو هوتافانەی بە پەیڕەویی پیلانی دوژمنانی خاك و ئاو دەکێشرێن.

2011/3/16

**کــــــــۆتایی**



**نامە ناخوێنرێتەوە**